ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752692

# لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر

**Book** · January 2012

CITATIONS
0

READS
689

**1 author:**

Osman Hamad Dashti
Koya University

**37** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# لە بارەی بنیاتی زمان و
# شێوازی شیعر

# لە بارەی بنیاتی زمان و
# شێوازی شیعر

## ( تێکست و لێکۆڵینەوە )

د. عوسمان دەشتی

**زوبدەی مەتاعی حیکمەتە، ئەم شیعری کوردییە**
**هەرزانە بێ موبالەغە، حەرفی بەگەوهەرێ**

" شێخ ڕەزای تالەبانی"


* ناوی کتێب: لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعری.
* نووسەر: د. عوسمان دەشتی.
* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٥٧).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٤٢٨ )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

# ناوەرۆك


**ناونیشانی بابەت** **لاپەڕە**

١- **سەرەتا ........................................................... ٧**

٢- **قەسیدەی (عیتاب)ی شێخ محەمەدی خالیسی تاڵەبانی........... ٩**

٣- **بنیاتی ئاواز و شێواز لە ساقینامەی (ناڵەی جودایی).............. ٤٩**

٤- **هونەرەكانی ڕوخسارو ناوەڕۆك لەشیعری جەلال جۆبار ........ ١١٩**

٥- **بنەماكانی شیعرییەت لە تێكستی (یادگار و هیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەد دا.................................................................. ١٦٣**

٦- **لەپەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم) دا................................٢٢٣**

٧- **گۆشەیەكی تازە لە ئەزموونی شاعیری هێمن.......................٢٨١**

# سەرەتا

خوێنەری بەئەزموون کاتێك مامەڵە لەتەك هەر تێکستێکی ئەدەبیدا دەکات بە تایبەتیش تێکستی شیعر و، لەخەمی ئەوەدایە کەوا پەی بەمانا شاراوەکانی ببات و ڕەمز و ڕازەکانی هەڵبهێنێت، ئەوا پێویستە ڕاستەوخۆ پەنا بۆ زمان و شێوازەکەی ببات و دەستەوداوێنی ئەو نیشانانە و هێماگەلە بێت کەوا تەون و جەستەی دەقەکەیان پێکهێناوە، واتا مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو سیستەمە نیشانەیی و دەلالییەوە (کە سیستەمی زمانە) بەچێژ و بەها و واتاکانی دەق دەگات و هەر لەو ڕێگەیەشەوە هونەری داهێنان و چێژ و ئێستاتیکای تێکستەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت و پەی بە نهێنی و لایەنە مرۆڤایەتییەکانیش دەبات.

ئەم بۆچوونە ئەو ڕاستییەمان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە کەوا مۆرکی داهێنان و ئەدەبییەت لە ناوەوەی تێکستدا دیاری دەکرێت و تەنها ڕێگاش بۆ گەیشتن بەو نیاز و ئامانجە پەی بردنە بە کایە هونەرییەکانی زمان و شێوازی تێکستەکە.

کاتێك تێکستێکی شیعری دەبێت بە مایە و کرۆك و گەوهەری کردەوەیەکی ڕەخنەیی، بە مەبەستی یەکلا کردنەوە و هەرسکردن و تێگەیشتنی، پەنا بۆ میتۆد و ڕێباز و قوتابخانە ڕەخنەییەکان دەبرێت، تاوەکو لەنێوان خوێنەر و تێکستەکەدا پردێك بنیات بنرێت و ئەو کەلین و بۆشاییەی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا هەیە پڕ بکرێتەوە و هەردوو لایەن بەیەکەوە گرێ بدرێنەوە.

لێرەوە تێگەیشتن و تاوتوێ کردنی تێکستی شیعری دەبێتە بنەمایەك بۆ پێك گەیاندن و ئاڵوگۆڕی نێوان مرۆڤەکان، هەربۆیەش تێکست لەوە تێدەپەڕێ کە هەر بە تەنها وەکو ڕۆلان بارت دەڵێ: "جەستەیەکی زمانەوانی بێت"، بەلکو حوکمە لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیشی، لەپاڵ لایەنە زمانەوانییەکانی کەوا کلیلی ئاشنابوون بەو دیوی دەروازەکانن، لەبەرچاو بگیرێن. ئەمە وا دەکات لایەنی مەعریفی تێکست بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ڕەچاو بکرێت، بۆیە لە شیکردنەوەی تێکستەکاندا هەمیشە ئەو ڕێبازەمان لا پەسەند بووە کە لایەنی

مرۆڤایـەتی لەسـەر حیـسابی لایـەنی وشـە و ڕسـتە و داتـا و ئامارەکـانی بەتـەنها زمانناسـییەوە نـەبێت، لەگـەڵ دان پێـدانانی بـێ چـەند و چـوونمان وەکو لەپێـشەوە گوترا، بۆ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئەم لایەنە.

هـەر یـەکێك لـەم تێکـستانە بـەهۆی بەرجەسـتەکردنی ئـەو بـەها هونـەری و ستاتیکی و مرۆڤانەیەی کە لە ڕێگای کایـە زمـانی و شـێوازییەکانەوە دەریـان بڕیـوە، جۆرێك لە تاکایەتی و بەهاو نرخی تایبەتی لـە مێـژووی ئـەدەبی کوردیـدا بـۆ خـۆی مسۆگەر کردووە. واتە بوون بـە بەرهـەم و تێکستی شـیعری نـەمر و خـەللاق، بۆیـە دوای ئـەوەی لـەو چوارچـێوە مێژوویـیـەی خۆشـیاندا تـرازاون، ئـەوا نـرخ و چـێژ و بەهای خۆیان لەدەست نەداوە.

ئەنجا ناشێ تێکستەکان لەوێنەی چـەند دوورگەیـەکی دوور و لێکـدابڕاو سـەیر بکرێن، چونکێ هەر کامێکیان لە هەر چوارچێوە و فوتابخانەیەکدا پۆلێن بکرێن، جا چ کلاسیك بێت، یاخود ڕۆمانتیك و نوێ و هاوچەرخ، ئەوا لە حالەتی ژیـان و مـان و بەردەوامییـەکی موتلەقـدا شـکلگیر بـوون و تۆڕێـك لـە پەیوەنـدی و پەیوەسـتەگی تێکچرژاو بە شوێنەوارە ئەدەبییەکانی بەرودوای خۆیان گرێ دەداتەوە.

**عوسمان دەشتی**

**٢٠١٢/٤/١١**

# قەسیدەی (عیتاب)ی
# شێخ محەمەدی خالیسی تاڵەبانی

## (ڕوانگەیەکی شیکاری و شێوازگەری)

**پێشەکی/**

لە مێـژووی ئـەدەبی کوردیمـان، تێکستو شـاکاری شـیعری وا هەیـە لـە بـاری هونـەری روخـسارو ناوەڕۆکـەوە، جگـە لـە هـەلو مـەرجو بۆنـەو موناسـەبەتی گوتنەکـەی، بـە ڕادەیـەکی ئـەوتۆ شـاعیرانەو داهێنەرانـە هۆنراوەتـەوە کـە مـاکی زیندوێتیو نەمری لەگەڵ خۆیا هەڵگرتوەو زەبری زەمانە ناتوانێـت لـەناوی بـەرێت یا لێی کەم بکاتەوەو بیخاتە ژێر پەردەی فەرامۆشییەوە.

لە دنیای ئەدەبیاتی عەرەبدا شاعیرانێك هەن کە تـەنها بـەهۆی تاکـە شـاکارێکی شـیعریو ئەدەبییـەوە ناویـان دەرکـردووەو بـە زینـدوویی ماونەتـەوە، ئەوانـە لـە مێژووی ئەدەبدا بە (أصحاب الواحدة) یاخود بە ((شعراء الواحدة) ناسـراون. لـەناو گـەلی کوردیـشا خالیـسی ئـەو شـاعیرە هونەرمەنـدە بلیمەتەیـە کـە بۆتـە جێگـەی شانازی لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب تەنها لە ڕێگەی تاکە قەسیدەیەکەوە، ئـەویش قەسیدە ناودارەکەی (عیتاب)ە، کـەوا لێـرەدا لـە هـەوڵی ناسـاندنو شـیکردنەوەو شرۆڤەیەکی تێکستی ئەو قەسیدەیە داین، لە روانگەی بنیـاتو مەبەسـتو کـێشو مۆسیقاو سۆزو شێوازەوە لێی دەکۆڵینەوە. باسەکە لەپێشەکی و سـێ بـەش پێـك هاتووە، کە هەربەشێك چەند برگەو بابەت دەگرێتە خۆی، ئەنجا ئـەنجام و لیـستی سەرچاوەکان، وەکو ئەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**بەشی یەکەم**

- کورتەیەکی مێژوویی.
- شاعیر.
- بۆنەو مناسەبەتی گوتنی قەسیدەکە.
- تێکستەکانی قەسیدەی عیتاب.

**بەشی دووەم**

- راڤەو مەبەستی تێکستەکە.
- فۆرمی گشتی ویەکێتی بابەت.
- هونەری ئەندێشەو وێنەی شیعری.
- رامانێك لە هەست و سۆزی قەسیدەکە.

**بەشی سێیەم**

- زمان و شێوازی شیعری.
- کێش و ئاواز.

**ئەنجام**

**سەرچاوەکان**

# بەشی یەکەم

## کورتەیەکی مێژوویی/

دەورانی حوکمڕانی شێخ محمودی حەفید زادە لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٥ لاپەڕەیەکی مێژوویی پرشنگدارەو، بەسەرەتای ئەزموونی سیاسی – حوکمڕانی مۆدێرنی کورد دەژمێردرێت لە رووی ئیدارەو تەشکیلاتو دامەزراوەییەوە. هەرچەندە ئەو رۆژگارەی دوای کۆتا هاتنی جەنگی یەکەم، رۆژگارێکی سەختو ئاڵۆزو پڕ کارەسات بووە، کوردیش لە فەندو فێڵی سیاسەتی نێودەوڵەتیو مانۆڕی زلهێزەکانی ئەو سەردەمەی وەکو (ئینگلیزو فرانسەو عوسمانییەکان)، یاریزانێکی کارامەو لێهاتوو نەبووە[1] بۆیە تەمەنی هەردوو دەورەی ئیدارە نیمچە سەربەخۆکەی کورد لەو ساڵانەدا بە ناکامی کۆتایی هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا خودی شێخ مەحموودی حوکمدارو (مەلیک)، هەروەها دەزگاو دامەزراوەکانی ئیدارەکەشی لە هەڵەو کەمو کورتی بێبەش نەبوون، لەم رووەوە نووسەرانی مێژووی سیاسی ئەو سەردەمە دیاردییان بۆ زۆر لایەنی ئەو هەڵەو کەمو کورتیانە کردووە.[2]

شاعیران وەك بەشێك لە توێژی رووناکبیرو دەستەی منەوەرانی کوردی ئەو سەردەمە، هەمیشە لە ئاست لاریو کەچیو ناڕێکییەکاندا، بەقسە هاتوونو رەخنەو گلەیی خۆیان کردوەو تیرو توانجی خۆیان هاویشتووە. هەتا ئەگەر رەخنەو پەلارو توانجەکانیان کەسی یەکەمو شێخ مەحموودی حوکمدارو مەلیکی کوردستانیشی گرتبێتەوە.

ئەوان لەو مەیدانەدا پێشەنگو رچەشکێن بوون، لە رێگەی شیعرو هۆنراوەکانیان راستو رەوان پەردەیان لە رووی حەقیقەت لاداوە. لەو شاعیرو هونەروەرانەی لەکاتی خۆیدا بێ پێچو پەنا رەخنەی توندیان لە شێخ مەحموودو دەستەو دایەرەو ئیدارەکەی گرتووە، دەشێ ناوی مەزن شاعیرانی وەکو" پیرەمێرد، حەمدی، شوکری فەزلیو خالیسی بەرین.

**شاعیر/**

شێخ محەمەدی خالیسی تاڵەبانی کوڕی شاعیری نێوداری کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانییە (١٨٣٥ – ١٩٠٩). ساڵی (١٨٧٣ز) لە دایك بووەو لە (١٩٢٥ز) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.[٣] پیاوێکی خواناسو ئایین پەروەری زیرەكو لێهاتوو بووە، نازناوی (خالیسی) لەمەولانا عەبدولرەحمانی خالیسی تاڵەبانی (١٢٧٥ی کۆچی مردووە) باپیریەوە بۆ ماوەتەوە. مەولانا شێخ عەبدولرەحمان بە (عالیمو عاریفی ڕەبیانی)[٤] ناسراوەو، یەکێك بووە لە شێخە ناودارەکانی تەریقەتی قادریو لە شاری کەرکوك ژیاوەو خاوەنی مەقامی ئیرشادو تەکیەو بارەگای تایبەتی بووە.

لە دوای ساڵی (١٩١٨)وەو لە پاش هاتنی ئینگلیزەکان بەرەبەرە دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ناوچەکان کوردستانی خوارووداکێشاو. بەمەبەستی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانیان پەیوەندی دۆستایەتیو هامشۆیان لەگەڵ سەرەك هۆزو خێڵو شێخو گەورەو بنەماڵە ناودارەکانی کوردستان لە هەموو لایەك دامەزراندووە، کە یەکێك لەوانە بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی بوون لە ناوچەکانی کەرکوكو کفری.

ئینگلیز لە سەرەتای هاتنیان بۆ کوردستان، دانیان بە شێخ مەحموود نابوو وەکو حوکمداری کوردستانو سنووری دەسەڵاتو حوکمدارییەکەشیان بە ناوچەکانی نێوان زێی سیروانو زێی گەورە ناساندبوو.[٥] بەڵام لە ڕاستیدا لە سلێمانیو هەندێ ناوچەی دەوروبەری بترازێ، هەر خۆیان حوکمڕانی ڕاستەقینەو فیعلی بوون. تەنانەت لە ناوچە دوورە دەستەکانی وەکو کفریو هەڵەبجەو ڕانیەو کۆیەو شوێنەکانی تر، هەمیشە لە هەوڵی لاوازکردنی نفووزی شێخو پتەوکردنی پێگەو پەیوەندییەکانی خۆیان بوون، لەو پێناوەدا زۆر کەسیان لەسەرەك خێڵو هۆزو بنەماڵە بە دەسەڵاتەکانی کورد لە خۆیان نزیك دەکردەوەو پلەو پایەیان پێ دەبەخشین، یاخود مووچەو مواجیبو خەڵاتو بەراتیان بۆ دەبڕینەوە.

لە سەرو بەندی یەکەم تەشکیلاتی حوکمڕانی شێخ (١٩١٨/١١/١ – ١٩١٩/٦/١٩) کە لەژێر چاودێری ئینگلیزەکان خۆیان بووەو بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو نیازەی لە پێشەوە باسی لێوەکرا، یەکێك لە بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی دەستنیشان دەکەنو پۆستی قایمقامی ڕانیەی پێدەسپێرن، کە ئەویش شێخ محەمەدی خالیسی تاڵەبانی، شاعیری شوێن مەبەستی ئێمە دەبێت.[٦]

**بۆنەو مناسەبەتی گوتنی قەسیدەکە/**

خالیسی بە پێڕەوی لە ڕێو شوێنی شێخ رەزای تاڵەبانی، زۆر پابەندی بەندو باوی شێخایەتیو تەریقەت نەبووە.[7] زیکرو تەهلیلەو پرچو ریشی درێژو حای حووی شێخو دەروێش و موریدەکانی بە کەڵەکو فریوو دەستبڕین زانیوە، بۆیە هەمیشە دانووی لەگەڵیاندا نەکوڵاوە.[8] وەکو لە کوردستانو لەناو کۆمەڵی کوردەواریش دا باوە، شەڕە دندووکو کێبڕکێ لەنێوان دەستەو تاقمە ئاینییەکانی وەکو شێخو مەلاو سەیدەکاندا هەر هەبووە. بەڵام هەرچی سەبارەت بە خالیسیو بە شێخ رەزای تاڵەبانیش دەگوترێ ئەوەیە، کە ئەوان ڕێزو حورمەتێکی تایبەتییان بۆ بنەماڵەی شێخانی حەفیدزادەی سلێمانی هەبووە.[9]

لە ناوچەکانی پشدەرو بتوێن هەندێ خێزانو بنەماڵەی سەیدی لێ بوون کە لە کۆنەوە لەو شوێنانە نیشتەجێ بوون و بە خزمایەتیش دەگەیشتنەوە بنەماڵەی شێخ مەحموود.[10] لەو کاتەی خالیسی قایمقامی رانیە دەبێت، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەو و سەیدەکانەوە بەتایبەت شێخ ئەمینی سندۆڵان کە گەورەی بنەماڵەی سەیدەکان دەبێت لەو سەردەمەدا. سەیدەکان لای شێخ مەحموود لەسەر خالیسی دەخوێننو ئەوەندەی پێیان دەکرێ بۆی تێ دەچننو دڵی شێخی لێ کرمێ دەکەن. لە دواییدا شێخ مەحموود سەیدەکانی خزمی رادەسپێرێو هێزێکیشیان لەگەڵ دەنێرێ، تاوەکو خالیسی لەسەر کار لابەرن (عەزلی بکەن)و یەکێکیش لە سەیدەکانی خزمی لە شوێنی ئەو بە قایمقام دادەنێت. دیارە سەیدەکانو ئەو هێزەی لەگەڵیشیاندا دەبێت هەر بەوە ناوەستن کە فەرمانەکەی شێخ جێبەجێ بکەن، بەڵکو پەلاماری ماڵەکەی دەدەنو تاڵانیشی دەکەنو هەر خۆی بە تەنیا لە ماڵەکەی بە دەری دەنێنو دووچاری ئەشکەنجەو ئازاریشی دەکەن.[11]

دوابەدوای ئەو ڕووداوو بەسەرهاتە کاتێک شێخ ئاگادار دەبێتەوەو بە مەسەلەکە دەزانێت، پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێ خالیسی ئاشت بکاتەوەو دڵنەوایی بداتەوە. بۆیە بەدوایدا دەنێرێت کە بچێت بۆ سلێمانی بۆ لای، بەڵام خالیسی ناچێتو لە وەرامی شێخدا ئەم قەسیدەیە دەنووسێتو بۆی ڕەوانە دەکات.

## تێکستەکانی قەسیدەی عیتاب

ئەم قەسیدەیە لەماوەی چل ساڵی رابردوودا (١٩٦٨ – ٢٠٠٨)، لە شوێنو لە بۆنەی جیاجیادا زیاتر لە (١٠) کەرەت چاپو بڵاوکراوەتەوە، کە ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بەرزیو نەمری قەسیدەکە، لێرەدا بە پێی مێژووی بڵاوبوونەوەی سەرچاوەکان دەستنیشان دەکەین:

١. رۆژنامەی (برایی)، بەغدا، ١٩٦٨.
٢. رۆژنامەی (ژین)، ژمارە (١٢)، سلێمانی، ١٩٧١.
٣. گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژمارە (٢)، بەغدا، ١٩٧١.[١٢]
٤. گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)،ژمارە (٩)، سلێمانی،١٩٧٣.
٥. لە خەوما، جەمیل سائب، لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، بەغدا، ١٩٧٥.
٦. کوێرەوەریو بیرەوەری، محەمەد رەسوول هاوار، لەندەن، ١٩٨٤.
٧. شێخ مەحموود لە شیعری کوردی دا، لەتیف بەرزنجی، هەولێر، ١٩٩٠.
٨. شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، م.ر. هاوار، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١.
٩. گۆڤاری (خاك)، ژمارە (٢٠)، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٠. شێخ رەزای تاڵەبانی، د. مکرم تاڵەبانی، هەولێر، ٢٠٠١.
١١. شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی، دکتۆر نووری تاڵەبانی، هەولێر، ٢٠٠٣.
١٢. مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، ب٥، هەولێر، ٢٠٠٥.

ئەوەی مایەی سەرنجە دەربارەی دەقی قەسیدەکە لەم سەرچاوانەدا ئەوەیە، کەوا جیاوازی کەمو زۆر لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، هەم سەبارەت بە ژمارەی دێرەکانو هەم جێگەو شوێنی دێرەکانو (فەسڵ و وەسڵەکان و مەتلەعەکان) لە مەتنی قەسیدەکەدا، هەروەها جیاوازی هەیە سەبارەت بە ژمارەو شوێنی ئەو چەند دێرەی بە زمانی فارسی هۆنراونەتەوەو تێهەڵکێشی مەتنی تێکستەکە کراون. وەکو چۆن لە وشەو داڕشتنو دەربڕینی نێو دێرەکاندا لە نوسخەکاندا جیاوازی هەیە. بۆیە ئێمە لە دوای لێ وردبوونەوە لە نوسخە جیاوازەکان، وامان بە چاکزانی کەوا دەقە بڵاوکراوەکەی گۆڤاری

(خاك) بكەین بە بنچینە، کە بە ڕای ئێمە لە هەموو نوسخە بڵاوکراوەکان تـەواو ترو ڕێکوپێك ترە، لەگەل ئەوەشدا دەسکارییەکی کەمیشمان تێداکردووە، بـەو شێوەیەی لەبەر ڕۆشنایی نوسخە جیاوازەکاندا بە ڕاستمان زانیوە.

لێرەدا دەقی تیکستی قەسیدەکە دەخەینە پێش چاو:

## عیتـــــاب

**(١) لەپاش داوێن‌و پا ماچ کـــردن‌و عەرزی دوعا خـــوانـی**
**وەڕین دەست پێ دەکا، بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی**

**(٢) دەڵێ بۆچی دەرت کردم؟، ئەگەر پاست نەکەم بەخوا**
**هەمـــوو چەڵتـــوکەکەت دەخوا بەرازی قوتبـی ڕەببانی**

**(٣) لەپاش تاڵان‌و عـــەزل‌و لانـــەوازی‌و خانـــە وێرانــــی**
**حەواڵەی خۆت دەکەم قـوربان چلۆن بێم بۆ ســـلێمانـی**

**(٤) یەکانەو پەڵـــخ‌و مالۆســـی قەوی‌و قۆڵی گـەلـــێ زۆرە**
**بەری ملیان لە کوێ دەگـرێ پشـــیلەی کانی ئاســـکانی**

**(٥) لە ڕۆژی وا پیاوێ چاتـــرە بۆ تۆ لـە پێنج ســـەد کەس**
**هـــەزاری لیـــرەیەك ناکا دەپارەو پـــوول‌و تـــارانـــی**

**(٦) هەموویان دوشمنی تۆو دۆستی تۆن ئەو گیپە خۆرانـە**
**کە ئیمـــڕۆ تۆ (وەلیبو نیعمەت)و ئاغـــای هەمـــوویانـی**

**(٧) هەموو شێرو پڵینگن وەختی نان خواردن لە ئەترافـــت**
**سمێڵ بابڕ، کفن دڕ، کەللە خڕ، پەرچـــەم مەریـوانـــی**

**(٨) دوعات با بۆ بکەن، ئەمما بە تەدبیریان نەکەی زینهار**
**مەلاو دەروێش‌و ســـۆفی‌و شێخەکانی لوقمە باتمـــانی**

**(٩) ئەمانە گشت قسەن با بێمە سەر مەتڵەب وەکو عورفێ**
**لەســـەر ئەم مەتڵەعە لادەم بچـم بۆ مەتڵەعی ســـانی**

**(١٠) ألا أی خســـتەیی پیکانی مژگانت دل إخـــوان**
**ألا أی کشـــتەیی هجـرانی رویت پیری کنعانـــی**

(١١) تو با یاران همان کردیدکه باید کردی با دشــمن

تو با دشمن چنان کردید کی اورا رنجه نتوانـــی

(١٢) ز هر سو بودی دلخواهی تو از چشمت برون کردی

ز هر کو دشـمنی یابی اورا  برچشـــمه بنشـانی

(١٣) اگەر با جســـتوجوی توســـت إنها وای بر دلها

أگر بی آرزوی توســـــت نەبــودا إن حـکمرانـــی

(١٤) لەبەرچاوت وەکو یەک وایە بێ فەرقــن لە خـــزمــەتتا

شەهێنو حاجی لەقلەق، شێرو رێوی، مورشـــیدو جانی

(١٥) لە کوێت دۆزینەوە ئەو کوێرو قۆڕانەی لەخوا عاسـی

چلۆنت کەوتە خاتر مشـــکە کوێرەو ورچی کوێســـتانی

(١٦) کەرو گا خەرجـــی بارو جـــوتە، ئێســـتر ماڵی کاروانە

ئـــەوانە نــــابنە کــــوێخاو رەئیسو میری دیوانـــی

(١٧) بەیار کێڵانو گای لەڕ!، پیرو کچ خواستن!، ژنو تەدبیر!

سەگو جۆ، ئەسپو ئێسقان!، بۆقو سەردار!، جورجو ناوکانی

(١٨) عەباو کەر!، فێسو رێوی!، ورچو شەپقە!، مێزەرو مەیمون

حەیاو کوێر!، شەرمو دۆم!، قەحپەو وەفا!، نـامووسو سۆزانی

(١٩) لە رێ دووبارە بالادەم بچـــم بۆ مەتلەعـــی ســـالیس

بڵێم ئـــــــەی پاسەوانی میللەتو رێگەی مـــوسوڵمانی

(٢٠) وجودت فەخرە بۆ من، چونکە لای من فەخری کوردانی

نەوەی کاک ئەحمەدی،نوتفەی حوسەینی شێری یەزدانی

(٢١) جەنابی تۆ لە من دەرحـەق بەمن موشـــفیقتری ئەمما

لـــە بەختی نەحسی مــن فکرت خراپە، زۆر بــە نسیانی

(٢٢) هەتیو چیت وت!، زوبانت وەرگەڕێ خەڵتێکی گەورەت کـرد

لـــــەلای خۆت شـاعیری هێشتا قسەی پیاوانە نــــازانی

(٢٣) فەلەک مل شۆڕ ئەکا ئیمڕۆ لەژێر پای ئەسپی شێخ مەحموود

مــەلەک مەجبوور ئەکا ئیمڕۆ ئیتاعەی ئەمرو فــەرمانی

(٢٤) خراپــەی چاکەیە، زامی شــیفایە، حیددەتی حیلمـــــە

جنێوی فــــەخرە، تالآنی عـــەتایە ، عــەفوە عینوانـی

(٢٥) کـەرەم کارو وەفـادارو وەلـی خولــق‌و عەلی کــردار

تــەبیعەت چاک‌و دڵ بێ بـــاک‌و تینەت پاک‌و نوورانی

(٢٦) ئەگەر چی موفلیسـی کردم لەناو خەڵقا حەیای بـــردم

خودا ئەو خۆش بکا بـــا مـاڵ‌و ڕووحم بێ بە قوربانی

(٢٧) ئەمەندەی باری تەعنە، کەوت بە ملدا خالیسی ئیمڕۆ

دەهاتە خزمەتت قوربان وەلی زامدارە ســـەر شـــانی

**لێکدانەوەی وشەوزاراوەکان:**

١. پیری گەیلانی: مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانییە.

٢. بەرازی قوتبی رەببانی : هێمایە بۆ کەسێك

٣. عـەزل: لەسـەر کـار لابـردن / لانـەواز : ئـاوارەو دەربـەدەر / خانـەوێران : مـاڵ وێران.

٤. یەکانە: بەرازی نێرە / پەڵخ : بێچووە بەراز ( کوودەڵە ) / مالۆس : بەرازی مێ / پشیلەی کانی ئاسکانی : هێمایە بۆ شێخ مەحمود.

٥. دەپارە: پوول: تارانی : هەریەکـەیان جۆرێکـە لـە پـارەو پـوولی مەعـدەنی کـە لەکاتی خۆیا بەکار هاتوون.

٦. وەلی نیعمەت: بەوکەسە دەگوترێ کە خەڵك لەسـایەیدا دەبنـە خـاوەنی مـاڵ و سامان و لەنازو نیعمەتدا دەژین.

٧. سمێل بابڕ: سمێڵ گەورەی خەڵك ترسـێن / کفـن دڕ : بەیـەکێك دەگـوترێ کـە نەخۆشی زەفەری پێ نـەبات وبەئاسـانی نـەمرێ / کەللـە خـڕ : سـەر سـەخت، کەللە رەق.

٨. زینهار: بۆ وریا کردنەوەیە، واتا خۆت بەدوور بگرەوخۆت لێی بپارێزە.

٩. مەتلـەب: مەبەسـت وئامـانج / مەتلـەع : بـەدێری یەکـەمی شـیعر دەگـوترێ، سەرەتاودەستپێکی بابەت / عورف: نەریت وداب ودەستوور.

١٠. لە رۆژنامەی (ژین) واتای دێرە فارسیەکان بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە.

– ئەی ئەو کەسەی کە دڵی برادەران پێکراوی تیری برژانگتە، ئەی ئەو کەسەی کەوا پیری کەنعان (یەعقوب) نەخۆشی دووری رووی تۆیە.

١١. تۆ لەگەڵ دۆستانا کردەوەی وەها ئەکەی کە ئەبوایە دەربارەی ناحەزانت بکرێ، وە لەگەل دوژمنانیشا کردارت بە جۆرێکی وەها باشە کە ئیتر ناتوانی بیان رەنجێنی.

١٢. دۆستی تۆ لە هەر شوێنێك بێ لەبەرچاوتی ئەخەی، لەهەر کوێیەکیش دوژمنێکت دەسکەوێ ئەی خەیتە سەربانی چاوت.

١٣. ئەگەر ئەمانە کە وترا (باسم کرد) لەسەر خواستەو خواهیشتی خۆت بێ داخی گرانم (ئەی ماڵی وێرانم)، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەی ویستو ئارەزووی تۆ بێت، ئەوە کەی حوکمڕانی پێی ئەلێی؟.

– ژین، ژمارە (١٢)، ١٩٧١.

١٤. شەهێن : باڵندەیەکە لە تیرەی باز / مورشید : رێبەری تەریقەت / جانی : تاوانکار.

١٥. کوێر و قۆڕ : هەریەکەی هێمایە بۆ کەسێکی تایبەت / عاسسی :یاخی.

١٦. خەرجی : تەرخان وتایبەتە.

٢٠. نوتفە : رەچەڵەك، توخم / شێری یەزدان: ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە.

٢١. موشفیق : بەرەحم و بەزەیی / نەحس : رەش وشووم / نسیان : شت لەبیر چوونەوە.

٢٢. خەڵت : تێکەڵ وپێکەڵکردنی چاك وخراپ.

٢٣. ئیتاعە : گوێ رایەڵی و ژێرفەرمانی.

٢٤. حیددەت : توڕەیی، غەزەب / حیلم : سەبرو پشوو درێژی / عەتا : خەلات و بەرات، پاداشت / عەفو : بەخشین و لێبوردن.

٢٥. کەرەم کار : بەخشندەو چاکەکار / وەلی : پیاو چاك / خولق : خوو رەوشت / عەلی کردار : رەفتارو کرداری لەوێنەی ئیمامی عەلییە / تەبیعەت : سروشت / تینەت : بنەچەو رەگ و رەسەن.

٢٦. موفلیس : نەدارو هەژار.

٢٧. تەعنە : لۆمە وگلەیی.

# بەشی دووەم

**راڤەو مەبەستی تێکستەکە/**

شاعیر بە ریزو حورمەتێکی زۆرەوە، رەخنە لە شێخو دەستو پێوەندەکانیو لە دەزگاو دایەرەکەی دەگرێت. ئەوانەی شوورەیەکیان لە دەوری شێخدا چنیوەو لەسەر راوێژو بڕیارو مەشوورەتی ئەوانیش شێخ بە هەڵەدا دەبرێت. خالیسی راستگۆیانە نیشانی دەدات کە شێخ لە پرەنسیپو سەرەتاکانی راستی دەوڵەتداری لایداوە. لەکاتێکدا خوو خەسڵەتە خراپەکانی شێخ فەرامۆش ناکات، بەڵام ئەوپەڕی دڵسۆزیو رێزو حورمەتو پەرۆشی خۆی هەم بۆ شێخو هەم بۆ کوردایەتی نیشان دەدات.

مەبەستە سەرەکیەکە لەناونیشانەکەدا ئاشکرا دەبێتو وەکو تەوەرێکی بنچینەیی بریتییە لە جۆرێك لەموتوربەکردنی دوو بابەتی سەرەکی (ستایشو داشۆرین). هەموو بیرۆکە لاوەکییەکان، مەسەلەو پەندو وەسفو وێنەو لێکچواندنەکان، لە خزمەتی پەرەپێدانو قووڵکردنەوەی بیرە سەرەکیەکەدان.

قەسیدەکە خۆیشی لە بابەتی (نامەی شیعری) دایەو بە دوعاو سەلام دەستی پێکردووە.

لە (داوێنو یا ماچ کردن) پیرۆزی بنەماڵەی شێخانو لە سەروویانەوە شێخ مەحموود بەدیار دەخات. (وەڕینی بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی) ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی خالیسی و شێخ رەزای باوکی لە ئاست شێخانی تەریقەتی قادریو لە ئاست بنەماڵەی کاك ئەحمەدی شێخ بەتایبەتی،[١٣] کە لێرەدا نیشانەی ئەوپەڕی تەوازعو خاکەساری شاعیرە.

شاعیر لە ریزکردنی (تالانو عەزلو لانەوازیو خانەوێرانی) زۆر سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی بەو چەند وشەیە کرۆکی مەسەلەکە بخاتە روو، هەروەها وەڵامی پرسیارە سەرەکیەکەش بداتەوە کەوا (چلۆن بێم بۆ سلێمانی؟!). شاعیر لەدوایە بە تێپەڕین بەسەر روونکردنەوەو بەڵگەو دەلیلو شیکردنەوەو وەسفو نموونەوە باسو بابەتەکە یەکالا دەکاتەوە. کە دەشێ ئەم مەسەلانە لەژێر چەند ناونیشانێك

کۆبکرێنەوە وەکو (روونکردنەوە)و (سەلماندن)و (باسکردن)و لە دوو شوێنیشدا پەنای بۆ (گواستنەوە) بردووە، (لەسەر ئەم مەتڵەعە لادەم بچم بۆ مەتلەعی....).[١٤]

زمانی ئاخاوتنی شاعیر پاراوو رەوانە، لەسەرەتادا نەرمو بە سۆزەو دواتر وشەو قسەی زبرو موستەحەقیشی تێ دەکەوێ، لە بڕی شرۆڤەکردن، بەهێنانەوەی پەندو ئیدۆمو پرسیار مەسەلەکان یەکلا دەکاتەوەو بابەتەکەیشی پێ رازاندۆتەوە. لە کۆتاییدا هەست بە ئاوابوونێکی هێمنو لەسەرەخۆ دەکرێت.

**فۆرمی گشتیو یەکێتی بابەت/**

تێکستی قەسیدەکە لە فۆرمی گشتیدا هەموو مەرجە باوەکانی قەسیدەی رۆژهەڵاتی لە (ناونیشان – پێشەکی – ناواخن – کۆتایی) تیادا بەرجەستە بووە. بەڵام شاعیر وەکو لادانێکی ئاشکرا دوو گواستنەوەو وەرچەرخانی دروست کردووە (بچم بۆ مەتلەعی سانی.....بچم بۆ مەتلەعی سالیس)، بەمە فۆرمی گشتی تێکستەکەی پارچە پارچە کردووە، بێ ئەوەی لادانو دابڕان لە رایەڵی واتاو مەبەستو ناوەڕۆکی بابەتە بنەڕەتییەکە بەرپابێت. واتە ئەم گواستنەوەیە لە چوارچێوەی پاراستنی بنیاتی یەکێتی بابەتەکەدا ماوەتەوە.

جگە لەوە لەناو قەدی مەتنەکەدا شاعیر پەنای بۆ هونەرێکی شیعری بردووە، کە ئەویش (رازاندنەوە – تلميع)ەو هاتووە چوار دێری لەسەر هەمان کێشو ئاواز، بە هەمان مەبەستو ناواخن، بە زمانی فارسی هۆنیوەتەوەو تێهەڵکێشی تێکستەکەی کردووە. هەر لەوێش قسەی هەرە دوایی خۆی کردووە؛ (نەبودا إن حکمرانی: ئەمە پێی ناوترێت حوکمڕانی!)، کە خۆی لەخۆیدا جۆرێك لە داوەریو هەڵسەنگاندنی حەقیقیە بۆ ئیدارەکەی شێخ مەحموود.

**قەسیدە هاوچەشنەکانی (عیتاب) لە ئەدەبی کوردی/**

کەسایەتی شێخ مەحموود لە دیوانی شیعری کوردیدا جێگەیەکی تایبەتی هەیەو دەشێ وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، ئەوەی ئامانجی ئێمەیە تەنها ئەو چەند قەسیدەو هۆنراوە رەخنە ئامێزانەیە کەوا رووبەرووی شێخو لە سۆنگەی چۆنیەتی ئیدارەو حوکمڕانی کردنییەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠ — ١٩٢٥) گوتراون. یەکێکیان هۆنراوە ناودارەکەی شوکری فەزلییە (١٨٨٢—١٩٢٦)، کە لەساڵی (١٩٢٣)و لەدوای گەڕانەوەی شێخ لە دەسبەسەری گوتراوەو پێشکەشی کراوە،[١٥] سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**ئیش کە رووی ئێستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی**

**بیری دووریشی ئەوێ هەر بە دوعاو نوێژی نەکەی**

دووەم قەسیدەیەکی ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقڕانە (١٨٧٨ — ١٩٣٦) کە بەناونیشانی (بۆ ئیدارەکەی کوردستانی خواروو)ە، لەوێدا شاعیر بە ئاشکراو بەشێوەی رەخنەی گاڵتەجاری پەنچەی بۆ کەمو کوڕییەکانی ئیدارەکەی شێخ راکێشاوە.[١٦]

**باسی تەشکیلاتی سانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین**

**کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین**

سێیەم قەسیدەیەکی حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێردە (١٨٦٧ — ١٩٥٠) کە لە بەرامبەر تیرۆرکردنی (جەمال عیرفان)و (عارف سائیب)ی خوشکەزایەوە، هێرشێکی توندو تیژی کردۆتە سەر شێخ مەحموود.[١٧] ئەویش سەرەتاکەی ئەم دێرەیە:

**لە گوێم دێ دەنگی لای لایەی وەتەن دایک جگەرسووتاو**

**دەیڕژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێناویا خوێناو**

وا دیارە یەکێتی مەبەستو گوتار کە بابەتی سەرەکییە، ئەم چوار قەسیدەیە پێکەوە کۆدەکاتەوە. بەڵام بەگوێرەی بۆچوونو پشکنینی ئێمە، گرەوی دەستپێشخەریو رچەشکاندن بۆ خالیسیو قەسیدەکەیەتی. شاعیرانی کۆن زیاتر خەریکی ستایشو پەسنی میرو مەزنەکانی کوردبوونو کەمتر وا هەبووە دوو

قسەی حەقیان لە روویانـدا کردبێـت. هـەر ئـەم بـوێریو چـاو قایمییـەی خالیـسی بووە، وای کردووە شاعیری دیکـەش لـە دوای ئـەو زاتـی ئـەوە بکـەنو رەخنـە لـە شێخو لە حکومەتو ئیدارەکەشی بگرن. (١٨)

**هونەری ئەندێشەو وێنەی شیعری/**

لەکاتێکـدا شـیعرو هـۆنراوە بـەوە دەناسـرێت کـە هونـەرێکی زمانییـە، ئـەوا ئەندێشە دەبێتە نەخشو نیگاری ئەو هونەرە. شاعیران دەستەو داوێنی ئەندێشەو خەیاڵ دەبن بـۆ خـستنە رووی بـیرو هەسـتو سـۆزەکانیان، بـەواتا (خـەیاڵکردنی شـاعیران وێنەکێـشانە بـە وشـەو بێـژەو زاراوەکـانی زمـان). (١٩) لـە قۆنـاغی پـێش رۆمانسیزم، شیعری کوردی وێنە (هونەری — ئەدەبی)یەکانی زیـاتر بـەلای وێنـەی رەوانبێژی دادەشکێنەوە، بەو هۆیەی (هونـەرەکانی رەوانبێـژی) یـەکێك لـە بنـەما سەرەکییەکانی شیعری کوردی ئەو قۆناغە پێك دەهێنێت. لەپاڵ ئەوەشدا (وێنەی وەسفی) راستەوخۆشمان هەیـە کـە شـاعیر وێنـەو دیمـەنو مەبەسـتەکانی بـەهۆی باسو وەسفکردنەوە بە زمانو بە تەعبیر دەخاتەروو.

خالیسی بەمەبەستی خستنەرووی مەبەستو بیرو نیازو خوازەکـانی پـەنای بـۆ خەیاڵکردنو وێنەکێشان بردووە. وێنەکانی هەر لـەو مەڵبەنـدو دەورە هـەڵێنجاون، تـاوەکو روونو پەسـنو لەبـەر دڵان بـن، واش بـووە شـاعیر بـۆ خـۆ بـواردن لـە راسـتەوخۆیی پـەنای بـۆ زمـانی هێمـاو ئیمـاژو رازاندنـەوە بـردووە. هـەر لـە دەستپێکەوە شاعیر زەمینەسازی دەکـا بـۆ ئـەو مەسـەلەیە" (وەڕیـن دەسـت پـێ دەکـا بەچکەی گـەماڵی پـیری گـەیلانی)، ئەمـەو وێنەیـەکی خـوازەییو درامییـە، شاعیر لە واقیعـی کۆمەڵایـەتی خـۆی هـەڵیهێنجاوە. پێویـستە پـەرژینێك لـە گـوڵ دروست بکەین ئەنجا بڵێین، خالیـسی (بەچـکە — گوجیلـە)ی ئـەو پـیرە سـەگەیە (شـێخ رەزا — گـەماڵ)، بۆیـە ئـەو گوتـارەش کـە ئاراسـتەی شـێخی دەکـات لـە سروشتی (وەڕین) دایە، لەگـەل ئـەوەی کـە جـۆرە گونجـانێکی بـەرزو نایـاب لـەو فرێزەدا (وەڕینی گوجیلەی گەماڵ) کۆکراوەتەوە، بەڵام ئەمـە لادانێکـە لـە یاسـای ئاسـایی زمـان (مـرۆڤ دەئاخڤـێو سـەگ دەوەڕێ)، بـەڵام ئـەم وێنەیـە لـە دوا

شیکردنەوەدا لـە خزمـەتی تـەواوکردنی سـتراتیژیەتی هۆنراوەکـە دایـە.[٢٠] لێـرەدا پاشخانی رۆشنبیری فریای وەرگر دەکەوێو گرێ کوێرەکـەی بـۆ دەکاتـەوە. هـەر لەم وێنەیەدا هونەری پۆشین هەیە، خوێنـەری بلیمـەت دەبـێ تێبگـات کـە شـاعیر مەبەستی مانـا دوورەکەیـەتی، کـە لـە پـەراوێزێکی پێـشوودا روونمـان کردۆتـەوە، وێنــەکانی دواتــریش تەواوکــەری ئــەم وێنــەی یەکــەمن (ئەگــەر پاســت نەکــەم بەخوا....) شاعیر لە رێگای هێنانە بەرزەینی ژیانی جوتیارانو لادێ مەبەستەکەی روون دەکاتەوە، (بەرازی قوتبی رەبیـانی)یـش درکەیـەو مەبەسـت لێـی کەسـێکە، دووریش نییـە هێمـا بێـت بـۆ ئـەو کەسـەی لـە شـوێنی ئـەودا کـراوە بـە قایمقـام، شــیکردنەوەیەکی جــوان لــە رێگــەی هونــەری (جــوانی بــایس) لــەم دێــرەدا هێنراوەتەوە. لە هێنانەی (تالآن)و (عەزل)و (لانەوازەی)و (خانەوێرانی) کە وێنەی وەسفی راستەوخۆن تەواوی تراژیدیاو کارەساتی شاعیر بەرجەسـتە دەبێـت. لێـرە کە تاقە یەك (بەراز) هەیەو سیپاڵی (قـوتبی رەبیـانی) پۆشـیوە، بـەڵام لـە (کـانی ئاسکان)ی بارەگای شێخ ئەوە بـەراز بـەڕەوە هەیـەو دەوریـان تـەنیوە، (یەکانـەو پەڵخو مالۆس)ەکان وێنەی درکەیینو مەبەست لێیان ئەو موریدو مەحسوبانەیە کە دەوری شـێخیان تـەنیوە. لـە (پـشیلەی کـانی ئاسـکان)یـش مەبەسـت شـێخی نەمرە،چونکێ شاعیر ئاماژە بەبارەگای شێخ دەکـات لـە (کـانی ئاسـکان)و واشـی داوەتە قەڵەم کەوەکو گیانلەبەرێکی دەستە مـۆ بەدەسـت ئـەو گیانلەبـەرە کێویـە قۆڵێ و قەویانەوە گیری خواردووە.

ئەمجارە شـاعیر دوو وێنـەی بەرێگایـەکی مـەنتیقی هاوسـەنگ دەکـات، یـەك (لیرە) لە بازاڕدا بەهای زیاترە لە هەزار (دەپارە)و (پـوول)و (تـارانی)، کـەوا بێـت پیاوێکی پیاوانەی رۆژی تەنگانە، لە پێـنچ سـەد پیـاوی بوودەڵـە باشـترە. لێـرەدا وێنەی هاوسەنگیو وەك یەکی (معادلة) هەیە.[٢١] ئەگەر چیش لـەباری شـعرییەوە وێنەکـە کـەمرەنگ دێتـە بەرچـاو بـەڵام لـە رووی ژیـری و لۆژیکییـەوە رایـەڵی گێڕانــــەوەی قەســــیدەکەی بــــەهێزکردووە. شــــاعیر لــــە هێنانــــەوەی (هەموویانو...هەموو) زۆر پێـی لـێ هـەڵبڕیوە چـونکێ لەمانـەدا گشتاندن هەیـەو دیـارە زیـادە رۆییەکەشـی بەمەبەسـتی جـەختکردنی دەلالەتـە. ئـەم دەلالەتـەی

(هەموو —گشت) لەیەك كاتداو (دوژمنایەتیو دۆستایەتی)یە كە دژیەكنو دەدرێتـە پاڵ هەر یەكێك لەوانەی دەوری شێخیان داوە، لێـرەدا ناكۆكییـەكی مـەنتیقی پێـك دێت، چۆن دەشێ كەسێك لەهـەمان كاتـدا دوژمـنو دۆسـتیش بێـت. پێویـستە لـە كایەی (پرۆزمانەوانیدا) بەدوای واتای قووڵی نیوە دێرەكەدا بگەڕێینو بە هاوكـاری نیوە دێرەكەی تر (كە ئیمڕۆ تۆ وەلییو نیعمەتو ئاغـای هـەموویانی)، كێـشەكەمان بـۆ یـەكلایی دەبێتـەوە، شـاعیر دەڵـێ دەوروبەرەكـەت لـە حەقیقـەتو جەوهـەردا دوژمنی تۆن، بەڵام لە هەمان كاتدا دۆستی ئەو نازو نیعمەتەن كە لە سایەی تـۆوە پێیان دەگات یا چـنگیان دەكـەوێت، بۆیـە كاتـێ لـە دەورت كۆدەبنـەوەو خۆیـان راپێش دەكەن، ئەوە بۆ گیپە خواردنەو (ئەوان دۆستی گیپەكەنو دوژمنـی تـۆن)، لێرەدا ئەزموونی ژیانو راستیو هەقیقەت، دەبن بە حیكمەتی شـیعر كـە خالیـسی لەو وێنانەدا نیشانی داون. (شێرو پڵنگ) دوو ناوی گونجاون لەگەڵ یـەكتری وەكـو ناوی خواستراو بەكارهاتوون، لە جۆری خواستنی گاڵتەجارییە( استعارة تهكمیـة)، چونكێ ئەمانە شێرو پڵنگی هەڵمەتە كاسەن نەوەك بۆ مەیدانداری.[٢٢]

لە هێنانەوەی (سمێڵ بـابڕ، كفـن دڕ، كەڵلـە خـڕ...) كـە سـەرجەمیان گرێـی ناویو وێنـەی خوازەییـان هەیـەو هاوسەرواشـن، شـاعیر بـۆ رازاندنـەوەی گوتـاری شیعری جۆرێك لە (تنـسیق الـصفات)ی لەنێوانیانـدا پێكهێنـاون، ئـەو مەبەسـتیەتی بڵێ شێرو پڵنگی سمێڵ بابڕو كەڵلە خڕو كفن دڕی سەر سفرەو خـوانن بـە تـەنهاو، لە حەقیقەتـدا بـەم سـەرو سورەتەشـیانەوە شـێرە فـشەن، شـاعیر ئەندێـشەیەكی پتەوو بـە بڕشـتی بـە خەرجداوە تـاوەكو ئـەم دیمەنـە سەرسـوڕهێنەرو بـەهێزەی نەخشاندووە. لە هێنانەوەی (ئەمما بە تـەدبیریان نەكـەی زینهـار)دا شـاعیر لـەپاڵ تەوكیـدو نەرێییەكـەی (ئــەمما...نەكـەی) (زینهـار)یـشی بەدوایـدا هێنـاوە كـە بەمەبەستی (تەحزیر)و هۆشیاركردنەوەیە.

(مەلاو دەروێشو سۆفیو شێخەكان) هەموویانی لە یەك بۆتەدا كۆكردۆتەوە، ئـەنجا بـە سـیفەتێكی دیارخـەر (لوقمـە باتمـانی) وەسـفی كـردوون، كـە ئەمـەیان زیادەڕۆییەكی ناماقووڵ و پێ لێ هەڵبڕینێكی بێ ئامانە لەلایەن شاعیرەوە، رەنگە لاشی وابێـت هێـشتا حـەقی خـۆی نەداونـەتێ، ئـەم وێنەیەشـی لـە دەوروبـەرو لـە

واقیعی حاڵەوە هەڵێنجاوە. (وەکو یەك وایە بێ فەرقن) ئەم پاتەکردنەوەیە بۆ تەئکیدی واتایە کە گەیاندنی یەکسانیو وەك یەکییە، لەهەر یەکێك لەمانەش (شەهێنو حاجی لەقلەق)، (شێرو ڕێوی)، (مورشیدو جانی) دژ یەکی لەنێوانا هەیەو کۆکردنەوەیان لە تای تەرازووی بەرامبەریدا مانای غەرابەتو سەرسوڕمان دەگەیەنێ، هەمیسان جۆرێك لە پێچانو کردنەوەی ڕێك لەنێوان (شەهێن — شێر — مورشید) لەبەرابەر (حاجی لەقلەق — ڕێوی — جانی)دا پێکدێت.

(کوێرو قۆڕ) پۆشینی تێدا هەیەو واتا نزیکەکەیان خەڵکە کەچ بینو ناڕێکەکەی دەوری شێخن، واتاو مەبەستە دوورەکەشیان دوو پیاوی نزیکی شێخ بوون کە سەرچاوەکان ناویان بردوون. (مشکە کوێرەو ورچی کوێستانی)یش هەروا، ئەو کەسانەن کەلەبەر چاوان ونن، یا دوور کەوتەو لاتەریکن کە شاعیر خوێشی بە یەکێك لەوان دادەنێت.

خەیاڵی بەپێزی شاعیر بەدوای شتە ناڕێكو نەگونجاوەکاندا دەگەڕێو لە ئەنجامدا دەستگیریان دەکات، (کەرو گاو ئێستر) دەدۆزێتەوە لەبەرابەر (کوێخاو رەئیسو میری دیوان) ریزیان دەکات، ئەنجا ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە لە مەبەستی شاعیر تێبگەینو هەر یەکێکیان لەگەڵ بەرامبەرەکەی جووت بکەین" (کەر — کوێخا)، (گا — رەئیس)، (ئێستر — میری دیوان)، ئەمە پێچانو کردنەوەی ڕێکە، ئاخۆ شاعیر دەبێ چەند خەیاڵبازی کردبێو مێشکی خۆی گوشی بێ تا بەم هاوکێشە داهێنەرانەیە گەیشتبێت!.

لە دوو دێرەکەی دواتر:

**بەیار کێڵانو گای لەڕ، پیرو کچ خواستن، ژنو تەدبیر**
**سەگو جۆ، ئەسپو ئێسقان، بۆقو سەردار، جورجو ناو کانی**
**عەباو کەر، فێسو ڕێوی، ورچو شەپقە، مێزەرو مەیمون**
**حەیاو کوێر، شەرمو دۆم، قەحپەو وەفا، ناموسو سۆزانی**

کۆکردنەوەی ئەم هەموو جووتمانە ناتەباو دژیەکانە سەرسووڕمان لە دەوڵەمەندیو فراوانی فەرهەنگی بیرو خەیاڵی شاعیر لای خوێنەر دەوروژێنێ، ئاخۆ چۆن ئەمانەی هەموو دۆزیونەتەوەو لەکوێی هێناون.

ئەمانە هەموو (تەوس)ن‌و لە بەرگی پرسیارو سەرسووڕمان‌و بە کورتبڕی وەکو پێویستییەکی شیعری‌و هونەری دەربڕاون. مەبەستیش نەفی کردنی پەیوەندی نێوان هەر دووانەیەکە لەمانە. کە ناشێ هەرگیز باوەڕ بە گونجان‌و جێبەجێ بوونیان بەیەکەوە بهێنرێت، هات‌و باوەڕێکی واش لە ئارادا هەبێت، ئەوا شاعیر لە بنەڕەتەوە ریسوایان دەکات‌و هوشداری بە (خاوەن دەسەڵات)یش دەدات، کە واز لەو رەفتارو کردارە خۆش باوەڕیانە بهێنی.[٢٣]

دوای ئەوە زمانی قەسیدەکە ئاڕاستەیەکی تازە بە خۆیەوە دەگرێت، لە زمانی رەخنەو پرسیارو گاڵتەجاری‌و سەرزەنشتەوە بۆ زمانی وەسف‌و ستایش‌و پیاهەڵدان وەردەگەڕێ. شاعیر راستەوخۆ مەبەستەکانی دەدرکێنێ.
لە پاتەکردنەوەی (فەخرە بۆ من)و (فەخری کوردانی) مەبەست پێداگرتن‌و جەختکردنە. هەر سێ گرێی نیوە دێرەکەی تر هاو واتان" واتە تۆ سەید، یا بەرزنجەیی، یا نەوەی پێغەمبەریت:

نەوەی کاك ئەحمەدی
نوتفەی حوسەینی = بەرزنجەیی
شێری یەزدانی

خستنە پاڵ‌و بەدوا یەکتر داهاتنیان، پێداگرتنە لەسەر پیرۆزی‌و پایەبەرزی شێخ مەحموود.

لە دێرەکەی دواتر (جەنابی) وشەیەکە بۆ (تۆ) زیادکراوە، هەم بۆ هاوسەنگ کردنی کێش‌و هەم بۆ تەئکیدی گوزارە، ئەمەی دوایی بۆ نەهێشتن‌و رەواندنەوەی هەر جۆرە شك‌و گومانێکە.[٢٤] (لەمن دەرحەق بەمن) دووبارەبوونەوەی (من) بۆ جەختکردنەو جۆرێك لە تایبەتکردن (تخصیص)ی تێدایە، (موشفیقتری) پلەی بەراوردی دووهەمەو سەبارەت بە جێناوی (من) تەئکیدە. (ئەمما) بۆ تێهەڵچوونەوەیە لە مەبەستێکی تر، ئەوە دەگەیەنێ: (ئەمما فکرت خراپەو زۆر بە نسیانی) بە رستەیەکی ئیعتیرازی (لە بەختی نەحسی من) لێك جیاکراونەتەوە.

له دیالۆگی (من — تۆ)، لەم دوو دێڕەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێی کرد، ئەم دوو جێنــاوە بــە یــاوەری جێنــاوی لکــاوی (ی)، بــە شــێوەی جیاجیــا دووبــارە بوونەتەوە، جۆرێك لە فەنتازیای زمان و بێ ئۆقرەییو ناجێگیرییــان پێـوە دیـارە. تا لە دواییـدا بـەلای (گوتـار ئاراسـتەکراودا — واتـا شـێخ) دا دەکـەوێت و بـە (زۆر بەنـسیانی) دەبڕێتــەوە، بــە مــەعنای(تــۆ زۆر بــە نــسیانی)، لێـرەدا ئاوەڵکـاری چەندایەتی (زۆر) لەباری سیمانتیکییەوە قورەکـەی خەسـتترکردۆتەوە، هـەر بۆیـە شاعیر لە پڕ بە کەتنەکەی خۆی دەزانێتو دەکەوێتە خۆسەرزەنشتکردن، ئـەمجار دیالۆگی نێوان زمانی باوەڕو زمانی شیعر دێتە گـۆڕێ. گوتـاری شـیعری خـۆی بـە گوتارێکی گەوجو تێکەڵاو دەداتە قەڵەم لەبەرابەر گوتاری شاعیرو پیاوانە.

دوو دێڕەکەی دواتر وێنەی وەسفی جوانو پیرۆزییان لێ دەتکێ، بەشێوەیەکی (ئینشائی) دەربڕاون کە بەردەوامی لێ دەخوێندرێتەوە لە جووتە ریزکراوەکانی:

**خراپەی چاکەیە، زامی شیفایە، حیددەتی حیلمە**

**جنێوی فەخرە، تاڵانی عەتایە، عەفوە عینوانی**

لەهـەر یـەکێکیان دژیەکییـەکی گونجـاو، کـورتبڕیو وێنـەی لێکـچواندنی رەوانو تەوکید هەیە، لەباری زانستی مەنتقیـشەوە شـوێن گۆرکێیـان پـێ کـراوە، خراپـە شوێنی هاودژەکەی (چاکە)ی گرتۆتەوە، ئەوانی تریش هەروان، زام بووە بە شیفا، تورەیش بـووە بـە سـەبر، هاوسـەروایيش لـە نێوانیانـدا هەیـە کـە بـاری ئـاوازەیی کەرتەکانی بەرزکردۆتەوە.

لە (عەفوە عینوانی)دا تایبەتکردن هەیە، واتا چاوپۆشینو بەخـشینو لێبـوردن تایبەتن بە شێخو لای خـەڵکی تـر نییـە، (کـەرەمکار)، (وەفـادار)، (وەلی خولـق)، (عەلی کـردار)، (تەبیعـەت چـاك)، (دڵ بـێ بـاك)، (تینـەت پـاكو نـوورانی) ئەمانـە (سیفەتی تەشبیهی)ین، سیفەتی تەشبیهی کاتێك سـاز دەبێـت کـە (دوو نـاو، یـان ناوێـكو پاشـگرێکی تەشـبیهی وەکـو (لێـچوو — لەوچـوو) پێکهاتەیـەکی وێنــەی لێکچواندن دەنوێنن(٢٥) لەباری زمانەوانیشەوە دەبن بە (دیارخراو + دیارخەر).

لـە دوو دێـری کۆتـایی قەسـیدەکەدا شـاعیر پوختـەی سـەربووردەکە بـە چـڕی دەخاتەوە یادو، وەکو نەریتێکی باویش لەدوا دێردا نازناو (تەخـەلوس)ی خویـشی جێگیر دەکات. ئەم نازناوی خۆ هێنانەوەیە لەدوا دێردا شوێنی پەنجەمۆرو واژووی خاوەن گوتار دەگرێتەوە.

**رامانێك له هەستو سۆزی قەسیدەکە/**

سۆز یەکێکە لە رەگەزەکانی کاری ئـەدەبیو هـەر ئەویـشە نـەمری بـە ئـەدەب دەبەخشێتو، لەمێـژوو یـا لـە هـەر زانـستێکی تـری جیادەکاتـەوە، کـە پـشت بـە هۆشو بە ژێری دەبەستن.[٢٦]

نەمری بەو مانایە دێت کـە مـرۆڤ لەگـەڵ رابـووردنی زەمـانیش لـە چـێژ وەرگـرتنو خوێندنەوەی کاری ئەدەبی وەرەز نابێتو کۆڵ نادات. ئـەم هـەموو بڵاوکردنـەوەی ئـەم قەسـیدەیە لـەم چـل سـاڵەدا، لـەکاتو شـوێنی جیاجیـا، روونتریـن بەڵگـەو بڕوانامەیە کە تایبەتکراوە بەو کارە ئەدەبییە. ئەنجا هەر ئەو شـەپۆلی هەڵچوونە دەروونییەیە، لە تـامو چـێژو خۆشـیو جـوانیو هونـەری، کـەوا وەکـو موگنـاتیس خوێنەری کورد پەلکێش دەکات بۆ دەور کردنەوەی جار لە دوای جار.

شاعیر بە زمانێکی سادەو ڕەوانو دڵگیر دێتە گوتار، رەخنە دەگـرێو گازانـدە هەڵدەڕێژێ، پەندو ئامۆژگاری دادەدا، هەڵدەچـێو تـوانجو تـەوسو تانـەو تەشـەر دەگرێ، هەموو کەفـو کوڵی دەروونی لە رێبازی سۆزێکی راستگۆیانەو راستەقینەو دڵسۆزییەکی پـاکو بێگـەرد دەخاتـەروو. ئەوەنـدە بێگـەرد، رەوانو راسـتگۆیانە دەدوێ، کەوا نیازو خواستو مەبەستەکانی لە گیـانێکی حەسـرەتبارەوە دەرژێتـە ناخی دەروونی خوێنەرەوەوە. بە جۆرێك وا هەست دەکەیت کەوا ئەوە موعانـاتو خەمو ئێشو ژانەکانی خودی خوێنەر خۆیەتی.

هەسـتو سـۆزەکانی خالیـسی لـە کۆمەڵگـەی کـشتوکاڵی کـوردەواری ئاینـدارو داوێنپاکەوە هەڵێنجراون، کە پابەندی بەهاکانی کاری هەقو خێرو چاکەو جوانییە. لەولاشـەوە پەردەیـەکی خـەماویو تارایـەکی حەسـرەتبار (وەکـو رەگـەزێکی رۆمانسی)، قەدو باڵای تێکستەکەی داپۆشیوە.

شاعیر لە ئاسـت ناپـاکو گەندەڵکارانیـشدا هەسـتێکی رقـاوی کینەرێـژی نییـە، زمانی حاڵی شاعیر دەبێتە زمانحاڵی هەموو خوێنەرێکی خاوەن ویژدانو هەقخوازو بە پەرۆش بۆ مەسەلەکانی میللەتو بۆ نیشتمان.

شـاعیر بـە زەوقو سـەلیقەیەکی وەسـتایانەی هونـەری، رەچـاوی گونجـانی نێـوان زمانو هەستو سۆزو ئەندێشەکانی کردووە، لەسەرەتاوە تاوەکو دوا دێر لەنگەری پارسەنگەکەی لەنێوانیانـدا راگرتـووە. بەمـەش مەبەسـتی بـەرودوای تێکـستەکەی پاراستووە.

# بەشی سێیەم

**زمان و شێوازی شیعری/**

شـێواز بریتییــە لــە ڕێگــاو چــۆنییەتی دەربڕینــی بــیرو مەبەسـتەکان بــەهۆی زمانەوە.[٢٧] شاعیر بۆ گەیاندنی بیرو مەبەستو هەڵڕشتنی سۆزو ئەندێشەکانی بۆ خوێنەر پەنا بۆ زمانو شێوازێکی گونجاو دەبات.

خالیسی شاعیری ماوەی باسەکەی ئێمە، لەو قەسیدەیەدا شـێوازێکی مامناوەنـدی پاراوو شیرینی هەڵبژاردووە کە لە دەوروبەرو کۆمەڵگەکەی خـۆی کارایـەو بـەدەرد دەخورێت، شـاعیر نـە ئـەو زمـانو شـێوازە شـیعرییەی هەڵبـژاردووە کـە پێـچراوو سەختو ئاڵۆزەو تێگەیشتنی دژوارە، نە ئەوەندەش سادەو سـاکار هاتۆتـە گفتـار کەوا هەستو مەبەستەکانی کاڵو کرچ بێنە بەرچاو.

لە درێژەی تێکستەکەدا گەلێ دیاردەو ئاکاری زمانەوانیو شێوازگەری سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت کە بنیاتو پەیکەری قەسیدەکەیان پێکهێنـاوە، لێـرە پەنجـە بۆ ئەو دیاردە زمانیو شێوازگەریانە رادەکێشین:

رازاندنــەوە (تلمیــع)، لەپێـشەوە ئامـاژەی بـۆکراوە، ئەمـە هونـەرێکی روخـساری شعرییە بەڵام وەکو دیاردەیـەکی شـێوازگەریو زمـانی شـیعریش سـەیر دەکرێـت. شاعیر ناو قەدی تێکستەکەی بە چوار دێرە شیعر بە زمانی فارسی رازاندۆتەوە کە لەباری کێشو مۆسیقاو سۆزو مەبەستەوە هەست بە هیچ جـۆرە پـچڕانو دابڕانێـك ناکەین لە سیاقی تێکستەکەدا تەنها ئەوەندە نەبێت کە زمانەکەی گۆڕاوە.

لــە پــەنابردن بــۆ وشــەو پێکهاتــەو زاراوەی بێگانــەش شــاعیر زمـانێکی پــەتیو خۆماڵی یەکدەستی بەکارهێناوە، بەڕێژەیەکی زۆر کەم وشەو زاراوەی بیانی بەکار بردووە. بەشێکیش لەو وشەو پێکهاتە زمانییە بیانیانەی کە شاعیر بەکاری هێناون لە بنەڕەتدا وشەی فارسی یا عەرەبین، بەڵام لە کوردەواریدا ئەوەنـدە بـاوو بـڵاون کە مۆرکی وشەی کوردیان وەرگرتووە.

سەر لەبەری وشە عەرەبییەکانی تێکستەکە بە باوو نا باویانەوە ئەمانەن:

(عەرز، دوعا، قوتب، رەببانی، قـەوی، وەلییـو نیعمـەت، ئـەتراف، دوعـا، تـەدبیر، صوفی، شێخ، لوقمە، مەتلەب، عـورف، مەتلـەع، سـانی، عـەزل، حەوالـە، فـەرق، مورشید، جانی، عاسسی، خـاتر، خـەرج، رەئـیس، دیـوان، عـەبا، قەحپـە، وەفـا، ناموس، سالیس، وجود، فەخر، نوتفە، موشفیق، نەحس، فکـر، نـسیان، خـەڵت، فەلـەك، مەلـەك، ئیتاعـە، ئـەمر، شـیفا، حیـدەت، حـیلم، عـەتا، عـەفو، عینـوان، کەرەم، وەلی، خولق، تەبیعەت، تینـەت، نـوورانی، مـوفلیس، خـەلق، حـەیا، روح، تەعنە، جناب).

هەندێ وشەو تەرکیباتی فارسیش لە تێکستەکەدا بەدی دەکرێن وەکو:
(دوعـا خـوانی، زینهـار، خانـەوێرانی، سـۆزانی، پـا)، لەمـەر زاراوەو پێکهاتـە زمانەوانیەکانی تێکستەکە کە وەکو لایەنێکی شێوازگەری سەیردەکرێت ئاماژە بـۆ چەند دیاردەیەك دەکەین:

أ. **گرێی وەسفی:** شاعیر لە کۆتایی نیوە دێرەکانی دووەمدا لە زۆر شوێن پەنای بۆ بـردووە. گرێـی وەسـفی پێکهاتەیـەکی زمانییـە لـە (دیـارخراو + دیارخـەر)ێـك پێکهاتووە بە هاوکاری ئامرازی (ی) بەیەکەوە گرێدراون، ئەمە خـۆی لـە بنەڕەتـدا لە (ناو +ی+ئاوەڵناو)ێك پێکدێت، وەك لەم نموونانەدا:

- پەرچەم مەریوانی — میری دیوانی
- مەتلەعی سانی — ڕێگەی موسولمانی
- پیری کەنعانی — شێری یەزدانی
- ورچی کوێستانی

بەشێکی تر لەم گرێ وەسفیانە بەدی دەکرێن کە بەبێ یارمەتی ئامراز پێکهاتوون:

- دوعا خوانی — تەبیعەت چاك
- سمێڵ بابڕ — دڵ بێباك
- کفن دڕ — تینەت پاك
- کەللە خڕ — خانەوێرانی

ژمارەیەکیش لەم گرێ وەسفیانە (دیارخەر)ەکان خۆیان لە دوو وشـەی خراوەپـاڵ یەك بە یارمەتی ئامرازی (ی) پێك هاتوون بەم شێوەیە:

دیارخراو + ئامراز + دیارخەر

دیارخراو + ئامراز + (دیارخراو + ئامراز + دیارخەر)

ناو + ی + ( ناو + ی + ئاوەڵناو )

ـ گەماڵی پیری گەیلانی

ـ بەرازی قوتبی رەببانی

ـ پشیلەی کانی ئاسکانی

ـ شێخەکانی لوقمە باتمانی

ب. **جووتە وشە:** ئەمە وەکو دیاردەیەك هەستی پێ دەکرێت، شاعیر تا توانیویەتی سوودی لەم قالبی جووتە وشانە وەرگرتووە، ئەویش بە شێوازی جۆراوجۆر کە ئەم دۆخانەی لێ بەدی دەکرێت:

– دوشمن و دۆست
– مورشید و جانی
– کوێر و قۆڕ

هاوڕەسەنی: زیندوو + مرۆڤ
دژیەکی: لە واتادا

– خراپە و چاکە
– زام و شیفا
– حیدەت و حیلم
– جنێو و فەخر
– تالآن و عەتا

هاونەژادی: ئاوەڵناو + ئاوەڵناو
دژیەکی : لەواتادا

– شێر و پڵنگ
– شێر و ڕێوی

هاوڕەسەن: زیندوو + گیانلەبەر
هاوواتایی: دڕندە

– شەهێن و حاجی لەقلەق

هاوڕەسەن: زیندوو + باڵدار
دژیەکی: لە سیفەتدا

– کەر و گا

هاوڕەسەن: زیندوو + ئاژەڵ
هاوواتا: لە سیفەتدا

جۆرێکی دیکە لە جووتە وشەی بەرامبەر لە تێکستەکەدا بەدی دەکرێت. کە لە شێوەی (ئیدیەم) لە ئاخاوتنی کوردەواریدا بۆ نەگونجانو ناتەبایی دەگوترێنـەوە، وەکو:

| | |
|---|---|
| – ژن و تەدبیر | – عەبا و کەر |
| – سەگ و جۆ | – فێس و رێوی |
| – ئەسپ و ئێسقان | – ورچ و شەپقە |
| – بۆق و سەردار | – مێزەر و مەیمون |
| – جورج و ناو کانی | – حەیا و کوێر |
| – شەرم و دۆم | – قەحپە و وەفا |

– نامووس و سۆزانی

ئەمانە لەشێوەی فرێز یاخود گرێی ناوینو لە (ناو + ئامراز + ناو) پێکهاتوون.

لە دوو شوێندا فرێزەکان بە هاوکاری (چاوگ) سازبوون:

– بەیار کێلان و گای لەڕ

– پیر و کچ  خواستن

**ج. کۆکردنەوەو ریزکردنی چەند وشەیەك:** بەدوای یەکتردا کـە هاوواتـایی، یـا هـاو واتا ئاسایی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، هاو واتا ئاسا ئەو وشانەن کە واتاکانیان لـە یەکتر نزیکەو لەیەك کێڵگەو چوارچێوەی واتاییدا کۆدەبنەوە[٢٨]

– یەکانە، پەلخ، مالۆس

– دەپارە، پوول، تارانی

– مەلا، دەروێش، سۆفی، شێخ

– تالان، عەزل، لانەوازی، خانەوێرانی

– کوێخا، رەئیس، میر

هەر لەسـەر ئاسـتی وشەسـازی دەکـرێ ئامـاژە بـە رۆڵـی جێنـاوە کەسـییەکان بکەین، شاعیر لەسەرەتادا لـە رێگـەی بـەکاربردنی جێنـاوی کەسـی سـێیەم (ئـەو) گوتارێکی ناراستەوخۆی بەرپاکردووە:

- وەڕین دەست پێ دەکا
- دەڵێ بۆچی دەرت کردم ئەو (شاعیر)
- بەری ملیان لە کوێ دەگرێ

لە بەشی دووەمی قەسیدەکە بەلای گوتاری راستەوخۆ روو وەردەگێڕێ:

- با بێمە سەر مەتلەب
- لەسەر ئەم مەتڵەعە لادەم
- بچم بۆ مەتلەعی سانی من (شاعیر)
- بچم بۆ مەتلەعی سالیس
- چلۆن بێم بۆ سلێمانی

لە بەشی دوایی قەسیدەکە جێناو شوێنگۆڕکێی پێکراوە لە بڕی تۆ/بۆ پەیام ئاراستەکراو ئەو/ بەکار براوە

- خراپەی چاکەیە ..........
- کەرەمکارو.................. ئەو (شێخ مەحموود)

لە دوو دێری کۆتایی بۆ چۆنیەتی دەربڕینی مەبەست شاعیر یاری بە جێناوەکان دەکات:

- ئەگەرچی موفلیسی کردم، لەناو خەلقا حەیای برد ←―― من (شاعیر)
- ئەمەندەی باری تەعنە، کەوت بە ملدا...دەهاتە خزمەتت ←―― ئەو (شاعیر)

**لە ئاستی رستەدا/** شاعیر لەسەر شێوازی دیالۆگو گێڕانەوە، کەشو هەوای گوتارێکی شیعری دڵنەوازی بەرپا کردووە، بۆ ئەم مەبەستە پەنا بۆ شێوازە جۆراوجۆرەکانی رستەسازی براوە، لە سازکردنی رستەی هەواڵ، دارشتن، پرس، سەرسووڕمان، رستەی مەرجو وەلامی مەرج، گوتارو مەبەست لە رستەی کورتو سفتو بەیەکەوە بەستراو لە دوو توێی نیوە دێرەکاندا دەربڕاون، یا لە سیاقی یەك دێر واتاکەی تەواو دەبێت، هیچ رستەیەك بەدی ناکرێت بۆ تەواو بوونی واتاکەی پەڕیبێتەوە بۆ دێری دواتر، بەمە یەکێتی واتایی بەیت پارێزراوە، لەگەڵ ئەوەشدا تارمایی هێڵێکی واتایی وەکو زنجیرە دێرەکان بەیەکەوە گرێ دەداتەوەو بەمە

تەوەری یەکێتی گشتی واتا لە قەسیدەکە لەبەرچاو گیراوە. زۆربەی مەبەست بە رستەی کورت لەنیو دێردا دەبڕاوە، وەکو:

| | |
|---|---|
| – دەڵێ بۆچی دەرت کردم؟ | رستەی پرس |
| – لە رۆژی وا پیاوێ چاترە بۆ تۆ لە پێنج سەد کەس. | رستەی هەوال |
| – هەزاری لیرەیەك ناکا دەپارەو پوولو تارانی. | رستەی هەوال |
| – هەموویان دوشمنی تۆو دۆستی تۆن ئەو گیپە خۆرانە. | رستەی هەوال |
| – هەموو شێرو پڵنگن وەختی نان خواردن لە ئەترافت. | رستەی هەوال |
| – دوعات با بۆبکەن ئەمما بە تەدبیریان نەکەی. | رستەی داڕشتنی نەرێ |
| – لە کوێت دۆزینەوە ئەو کوێرو قۆڕانەی لە خواعاسی؟ | رستەی پرس |
| – کەروگا خەرجی باروجوتە – ئێستر ماڵی کاروانە. | رستەی هەوال |
| – وجودت فەخرە بۆ من. | رستەی داڕشتن |
| – جەنابی تۆ لە من دەرحەق بە من موشفیقتری | رستەی داڕشتن |

کۆمەڵێك رستەی سەرسووڕمانی کورت لەم دوو دێرەدا هاتوون:

– بەیار کێڵاتو گای لەڕ !.   – پیرو کچ خواستن.   – ژن و تەدبیر!.
– سەگ و جۆ.   – ئەسپ و ئێسقان!.   – بۆق و سەردار!.
– جورج و ناوکانی!.   – عەبا و کەر!.   – فێس و رێوی!. . تاد

لە هەندێ شوێن رستەکان واتاکانیان لەنیو دێری دووهەم بە ئامانج دەگات:

– ئەگەر پاست نەکەم بەخوا، هەموو چەڵتووکەکەت دەخوا بەرازی قوتبی رەببانی.

– بە تەدبریان نەکەی زینهار، مەلاو دەروێشو سۆفیو شێخەکانی لوقمە باتمانی.

– لەبەر چاوت وەکو یەك وایە بێ فەرقن لەخزمەتتا، شەهێنو حاجی لەقلەق، شێرو رێوی مورشیدو جانی.

رستەی (هەواڵ – خەبەر)، بە کورتی بە چڕو پڕی لە دوو وشەدا بەدوای یەکتردا رێزکراون:

– خراپەی چاکەیە.   – زامی شیفایە.

- عەفوە عینوانی (ئەم رستەی دوایی بۆ زەرووڕەتـی شـیعری گوزارەکـەی پـێش خراوەو لە بنەڕەتدا وەکو ئەوانی ترەو: عینوانی عەفوە)یە.

کۆمـەڵێك رسـتەی تـر هـەر بـەو شـێوەی سـەرەوەن بـەڵام بـەهۆی (و) پەیوەنـدی خراوەنەتە شوێن یەك:

**کەرەم کار و وەفادار و وەلی خوڵق و عـــەلی کـــردار**

**تەبیعەت چاك و دڵ بێ باك و تینەت پاك و نوورانی**

کە لە بنەڕاتدا لە ئاستی رستە سازیدا بەم رەنگەن:

- کەرەمکارە . - وەفادارە. - وەلی خولقە. ........ تا دەگاتە : - تینـەت پاكو نوورانییە.

ئەم دوو کۆمەڵەی دوایی هەر رستەیەك لە (نیهاد + گوزارە+ کاری بێ هێـزی بوون) پێکهاتوون.


شاعیر بە زۆری وشەو لکسیکیۆنی سادەی (دوو بڕگەییو سێ بڕگەیی) بەکار بردووە. رستەو فرێزو پاڕستەکان لە مەڵبەندی ژیـانی شـاعیر هـەڵێنجراون. وشـەو پەرەگرافی پڕ بە پێـستی مەبەسـت هـاتوون دوور لـە (حەشـۆ)و زێـدەرۆیی. یـادو سۆزو بیرەوەری لـە دڵـی خوێنـەردا دەووروژێنـێ، چـێژێکی گـەرمو بـە جـۆش بـە دەروون دەبەخشێت. بەمە رەنگـی گیـانی شـاعیر لەگـەل گیـانی خوێنـەر تێکـەڵاو دەبێت.[٢٩]

## کێش و ئاواز/

پێکهاتەو رەگەزە بنەڕەتییەکانی هەر تێکستێکی شـیعری بریتییـە لـە زمـانو ئاوازو وێنە، بۆیە زۆرجاران وەکو راستییەکی حاشا هەڵنەگر دەگوترێت کەوا شیعر لـە هەقیقەتـدا ئـاوازی وشــەو بێژەکانـە.[٣٠] ئـاواز یـاخود مۆسـیقای شـیعر لـەم سەرچاوانەوە هەڵدەقوڵێ:

- ئاوازی دەرەوە.
- ئاوازی ناوەوە.
- ئاوازی لاتەنیشت.[٣١]

**ئـاوازی دەرەوەی شـیعر** لـە سیـستەمی کێشی شـیعرەوە بـەرپا دەبـێ، واتـە لـە چۆنیەکیو ریزبوونو بە دوای یـەکتری داهـاتنی (هـەنگاوەکان — تەفعیلـەکان) لـە کێشی دێرە شیعری عەرووزی. کاتێك هەنگاوەکان لە هەردوو نیوە دێردا یەکسانو هاوسەنگ دەبن، دوو رەگەزی چێژوو جوانکاری بە شیعر دەبەخشن کە بـریتین لـە هاوتاییو هاوسەنگی:




فەعوولون مەفاعیلون فەعوولون مەفاعیلون

فەعوولون مەفاعیلون فەعوولون مەفاعیلون

ئـەم سیـستەمو رێکخـستنە ئـاوازێکی جـوانو پەسـەند بـە شـیعری عـەرووزی دەبەخشێ، کە لـە بنـەمای هەسـتکردن بـەو گونجـاوی هاوئاهەنگیەوەیـە کـە لـەم هاوتاییو هاوسەنگیەوە هەڵدەقوڵێو پەیدا دەبێ. [٣٢]
شـیکردنەوەیەکی بڕگـەیی دێـری یەکـەمو (مەتلـەع)ی تێکـستی قەسـیدەکە، کـە دەبێتە کلیلی رێبەری کێشی شیعرەکە، ئەوە نیشان دەدات کە قەسیدەکە لەسـەر کێشی، (هەزەجی هەشت هەنگاوی سالیم) هۆنراوەتەوە.

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە | پاش | دا | وێ | نو | پا | ماچ | کر | د | نو | عەر | زی | دو | عا | خوا | نی |
| وە | ڕین | دەست | پێ | دە | کا | بەچ | کەی | گە | ما | ڵی | پی | ری | گەی | لا | نی |
| ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – | – |
| مە | فا | عیـ | لون | مە | فا | عیـ | لون | مە | فا | عیـ | لون | مە | فا | عیـ | لون |

کێشی هەزەج لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا پلـەی بەرچـاوو یەکـەمینی هەیە.[٣٣] بە پـەیوەندیش لـەنێوان بابـەتو هەڵبـژاردنی کێـشی شـیعر، بـە شـتێکی رەوای دەبینین کەوا خالیسی شـاعیر لای لـە (هـەزەج) کردۆتـەوە لـە هۆنینـەوەی قەسیدەکەیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی ئەم کێشە بۆ ئەم بۆنەیە بـێ حیکمـەت

نییە، بەو هۆیە کەوا ئەم قاڵبە کێشەی (هەشت هەنگاوی سالیم)، کێشێکی نەرمو سووكو پشوو درێژی ئاوازەدارەو مەودای خەیاڵکردنو دەربڕین لەبەردەم هۆنەردا دەکاتەوە، وەك ئەوەی چۆن لەم قەسیدەیەدا بیرو هەڵوێستی شاعیر لە تەك سیاقی گشتی مۆسیقای کێشکەکە یەکانگیر بووەو کەشو هەوایەکی قووڵی لە بیرو سۆزو ناڵە بە تێکستەکە بەخشیوە. لە سۆنگەی ئەوەوەش کە بڕگەکان لە هەنگاوەکاندا کورتو سوكو ئاهەنگدارن بۆیە کێشەکە (بە پێڕەوی لەویش قەسیدەکە)، لە سروشتی ئاخاوتنی ئاسایی نزیك دەبێتەوە لەباری مەبەستو بابەتیشەوە لەگەڵ زمانی سکاڵاو گلەییو گازاندەو رازی دەروون گونجاو دەبێت.[٣٤] چوار دێرە فارسییەکەش بەر هەمان حوکمی تێکستەکە دەکەونو لێیان لانادەن. واتە یەکێتی کێش وەکو بنەمایەکی گرینگی شیعری کلاسیکی لە تێکستەکەدا پارێزراوە.

**ئاوازی لا تەنیشت** لە ئاستی ئاسۆیی دێرەکاندا کار دەکات، کە سەرواو پاش سەرواو سەروای ناوەوە رۆڵی تێدا دەگێڕنو لە ئاوازەکەیدا رەنگ دەداتەوە. سەروا خۆی سازو ئاهەنگێکی تایبەتی بە شیعر دەبەخشێت، خوێنەر بۆ بیستنەوەی لە مۆسیقای شیعردا، گوێ قولاغو لە دووبارەبوونەوەیدا چێژی لێ دەبینێت.[٣٥]

لە (عیتاب)دا ئەوەی بایەخی ئاوازەیی زیادی هەیە، تەنیا هێشوە دەنگی (انی) نییە کە سەرواکانی سەر لە بەری قەسیدەکەی لەسەر دامەزراوە، بەڵکو فرێزو گرێی سەرواکانە، کە هەر یەکەیان لە (دیارخراو + دیارخەر)ێك پێکهاتوون. ئەم گرێ سەروایانە ئاوازی کۆتایی دێرەکانیان دوو چەندان کردۆتەوە. کە خۆشیان بریتین لە گوڵبژێرێك لە وشەو پێکهاتەی زمانی نایابو بە بڕشتی هاوسەنگو ئاهەنگدار، وەکو گەردانەی مرواری بە کۆتایی نیوە دێرەکانی دووایدا هاتوونەتە خوارەوەو بوون بە زەنگۆڵە ئاواز. کاتێك سەیری دەوری گرێ سەرواکانی وەکو (پیری گەیلانی، قوتبی رەببانی، کانی ئاسکانی، پوول وتارانی.....) کە لە دوایە زیاتر پەرە دەسێننو ریزەکانی بە بڕشت تر دەبن، (بچم بۆ مەتلەعی سانی، چلۆن بێم بۆ سلێمانی، رەئیسو میری دیوانی، حوسەینی شێری یەزدانی....) دەکەین،

تێدەگەین کە تا چ رادەیەك ئامانجدارو دەست بژێرن، کە نەك تەنها وشـە سـەروای ئاسایی نین، بەڵکو لە باری کێشو ئاوازو دەلالەتو چێژی ئێستاتیکییەوە، گیـانی گوتارو هونەری شیعری خالیسییان بەرجەستە کردووەو ماکی نەمرییان بالا پۆشی تێکستەکە کردووە.

جگە لـەوە لـە هەنـدێ شـوێن شـاعیر رازاندنـەوەی دەرەوەی گوتـاری شـیعری بـەکارهێناوە لـە (سـەرواداری)دا، کـە بۆتـە مایـەی بـرەو پێـدانی ئـاوازی ئاسـۆیی دێرەکان،[٣٦] وەکو لەم شوێنانە:

– سمێڵ بابڕ/ کفن دڕ/ کەللە خڕ/

– خراپەی چاکەیە/ زامی شیفایە/ حیددەتی حیلمە/

جنێوی فەخرە/ تالانی عەتایە/ عەفوە عینوانی/

– کەرمکارو/ وەفادارو/ وەلی خولقو/ عەلی کردار/

تەبیعەت چاکو/ دڵ بێ باکو/ تینەت پاکو/ نوورانی/

ئینجا سەبارەت بە ریتمو ئاوازی ناوەوەی تێکستەکەش، پێویستە دیـاردی بـۆ ئەو راستییە بکەین کـەوا ریتمـی شـیعر (جوولەیـەکی زینـدووە لـە تاقیکردنـەوەی شیعرییەوە هەڵدەقوڵێو لـە ئاسـتی جوولـەی نـاوەوەی تـەرکیبی شـیعردا گەلاڵـە دەبێو لـە ئاسـتی دەنگـی دەرەوەدا رەنـگ دەداتـەوە.)[٣٧] واتـە ژانو هـەژانێکی دەروونو ناوەوەیەو بە رێگای شێوازی دەنگو وشەو رستەو دەستەواژەکان خـۆی دەنوێنێو کە لەگەڵ ئاستی کێشدا یەکانگیردەبن جۆرە ئاهەنگو ئاوازێکی تایبەت بە دێرەکان دەبەخشن.[٣٨]

بـەو پێیـە ئەگـەر شـەنو کـەوێکی ئاسـتی دەنگسازی لـە دێرەکانـدا بکـەین پێویستە مەسـەلەکانی فـۆنیمو نـافۆنیم، دەنگـدارو بـێ دەنـگ، دەنگـداری درێـژو کورت، بێ دەنگی نەرمو کپو گڕو... رەچاوبکەین کەوا دەبـن بـە سـازگەی ریـتمو ئاوازی ناوەوەی وشەو پێکهاتەکان.

چەندی دەنگەکان بە گـشتی لـە دارشـتنی پێکهاتـەو وشـەکاندا لـە پـاڵ یـەکتر تەباو رێكو گونجاو بن ئەوەندە سازو ئاهەنگی وشەکان لە بارتر دەبـن. ئـەم پێیـە

که هاتو له نەخشەی دەنگەکانی دوو دێری یەکەمی قەسیدەکە بکۆڵینەوە چەند سەرنجێکمان لەلا دروست دەبێت:

(ە :٢١، ی : ١٦، آ: ١٤، و : ٩، ر:٩، د:٨، ن:٧، ب: ٧، ك:٧، ت:٦، ل:٦، م:٥، پ: ٥، چ:٤، خ:٣، گ:٣، ز– س– ع: ٢، ش – ق: ١، ج – ح – ژ – غ – ف:٠).

لەمەوە ئەو راستییە روون دەبێتەوە کە دەنگە نەرمو ئاوازەدارو کشاوەکانی وەکو (ی، آ، و) رێژەی زۆربە پێکدەهێنن لە چاو ئەوانی تر، لەپاڵ دەنگە نەرمەکانی وەکو (ە، ر، د، ن، ب، ك، ت، ل، م) کەوا رێژەیەکی بەرچاویان هەیە.

له دەنگسازیدا دەنگە نەرمەکانی وەکو (ی، ە، و، م، ل، ن، ر) لە مەسەلەی یەکگرتنو رێژەو دووبارەبوونەوەیان لە چوارچێوەی وشەدا لەناوخۆیانا زۆر تەبانو زیاتریش لە شیعردا لە تەك مەبەستەکانی وەکو وەسفو غەزەلو لاوانندنەوە دەگونجێن.[٣٩] کە قەسیدەی (عیتاب)یش لەم کایانەوە نزیکەو دیارە کوردیش واتەنی مشتی نموونەی خەروارێکە، خشتەی دەنگسازی سەر لەبەری تێکستەکە لە ئاقاری دوو دێرەکەی بەراییدا دەخولێتەوە، هەر بۆیەش هەوای ریتمو ئاهەنگێکی کشاوی نەرمو دڵرفێن ئاسمانو فەزای تێکستەکەی پێکهێناوە.

له لایەنی وشەسازی تێکستەکەوە، لە برگەی زمانو شێوازی شیعریدا تارادەیەك تیشکمان خستۆتە سەری، دەمێنێ بزانین کە ئەم فەنتازیای وشەو پێکهاتە زمانەوانیانەی تێکستەکە تا چەند لە خزمەتی ئاوازی ناوەوەی قەسیدەکەدایە.

ئەوەی پەیوەندی بەم ئاستەوە هەبێت بریتییە لە پێکهاتەی برگەیی وشەکان، ئاخۆ (١ : ٢ : ٣) برگەیی یا زیاترن، ئەنجا رادەی وشەی سادەو لێکدراو، رادەی سازانو تەناسوقی پێکهاتە ریزمانیەکان تا کوێ برِ دەکەن، هەروەها رازاندنەوەو جوانکاری لە بێژەکان، لە بابەتی کەرتکردنو جۆرەکانی سەرواداریو رەگەزدۆزی و پاتەبوونەوە، کە هەموو لە خزمەتی ئاهەنگی ناوەوەدان.[٤٠]

روونکردنەوەی چەند دێرێکی تێکستەکە وەکو نموونە، لە ئاستی وشەسازیدا چەند دیاردەیەکمان بۆ روون دەکاتەوە:

| دێرەکان: | ژمارەی وشەی: | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | برگەیی: |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | – | |
| ٢ | | ١ | ٩ | ٢ | ٢ | – | |
| ٣ | | ٥ | ٤ | ٢ | ٢ | ١ | |
| ٤ | | – | ٩ | ٣ | – | ١ | |
| ٥ | | ٤ | ٤ | ٦ | – | – | |
| | | ١٢ | ٣٠ | ١٧ | ٧ | ٢ | |

بەچاو پۆشین لە پێشبەندی (لە) کە لە ریزی وشەی یەك برگـەیی ژمێـردراوە، ئەوا رێژەی وشەی یەك برگەیش وەك وشەی (چوار) برگەیی لیٚ دێت.

کەوا بێت رێژەی وشە (٢، ٣) برگەییەکان پشکی شێریان وەبەردەکەوێتو ئەم دیاردەی کەڵەکەبوونی وشەی سادە (٢، ٣)برگەیی لە تێکستەکەدا، بە پەیوەنـدی لەگەڵ خاسیەتی برگەیی کێشی (هەزەج) کە لە پێشەوە قسەی لێوەکرا، یەکانگیر دەبێتو ماکی ئاهەنگو ئاوازو خرۆشانێکی دەروونی ناسك پێك دەهێنێـت، کـە لـە قـازانجی زیـادبوونی بـڕەوی ئاهــەنگو دلگـیری تێکـستەکەدایە. ئــەنجا رواڵــەتی هاوواتایی دوو یا زیـاتری وشـەکان لـەنیوە دێرەکانـدا لـە وێنـەی (یەکانـەو پـەڵخو مالۆس، دەپارەو پوولو تارانی، شێرو پڵینگ، مەلاو دەرویێشو سۆفیو شێخەکان، شەهێنو حاجی لەقلەق، شێرو رێوی، کەرو گا، مورشیدو جانی....تـاد) سـەرباری دەلالــەتی سـیمانتیکی، رسـتەی مۆسـیقایی نـاوەکی پێـك دەهێـنن کـە پایـەی پەسەندی ریتمو ئاهـەنگی نیـوە دێرەکـان لـە نـاخی وەرگـردا قـووڵتر دەکاتـەوە. جووتە وشە عاجباتییەکانیش هـەر بـەو پێیـە، (عـەباو کـەر، فـێسو رێـوی، ورچو شەپقە،....تاد) هەمان رۆڵیان دەبێت لەسازگەی ریتمو ئاهەنگی دێرەکاندا.

ئاسـتی رستەسـازی، کـەوا ئاسـتی پێکـەوە گونجـانی وشـەکانە لـەپاڵ یـەکتر، هاوپەیوەندە بە ئاوازو ریتمـی نـاوەوەی گوتـاری شـیعری. ئەمـە جـۆرو چۆنیەتی سازبوونی رستەو فرێزەکان دەگرێتەوەو لایەنێکی ئاوازیـشی لـیٚ دەکەوێتـەوە. لـە برگەی زمـانو شـێوازدا روونمـان کردۆتـەوە. لـە شـوێنی خۆیـدا ئامـاژە بـۆ رۆڵـی

ئاوازەیی فرێزە سەرواکان کرا، لێرەدا دیاردەی کەرتکردنو هاوسەروایی فرێزە سەرواکان رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە خولّقاندنی مۆسیقای ناوەوە:

/ گەماڵی / پیری/ گەیلانی/

/ بەرازی/ قوتبی/ رەببانی/

/ پشیلەی / کانی / ئاسکانی/

/ دەپارەو / پوولو / تارانی/

ئەمانە لە چەند رووەوە یەك دەگرنەوە:

١. جۆری خستنەپاڵ لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە.

٢. جۆری کەرتکردن و هاوسەروایی.

٣. هاوتەریبوون (موازنە)، کاتێك سەیردەکەین کەرتە بەرامبەر بە یەکەکان لە هەموو فرێزەکاندا هاوکێشن.[٤١]

بەم شێوەیە لە دەقی تێکستەکەدا ئەوەمان بۆ رەچاو دەبێت کە لە باری زمانەوانییەوە لەسەر ئاستی (دەنگو وشەو رستە)دا دەقێکی بە بڕشتو دەوڵەمەندو ئامانجدارە. بە تانوپۆیەکی سفتو ئاهەنگدار چندراوە، تاوەکو تێنوێتی چاوەڕوانکراوی خوێنەر تێردەکات.

**ئه نجام/**

خالیسی بەهۆی تاکە قەسیدەکەیەوە، شوێنێکی شیاوی بۆ خۆی لە مێژووی ئەدەبی کوردی داگیرکردووە. ئەو لە بواری رەخنەگرتنی رووبەروو لە گەورەو سەرکردەی کورد دەست پێشخەرو پێشەنگ بووە.

لە قەسیدەکەدا چەند مەبەست پێکەوە گونجێندراون وەکو (داشۆرینو سەرزەنشتو وەسفو ستایش) کە لە دەسەڵاتی شاعیرێکی هونەرمەندا نەبێت نایەت. لە هونەرەکانی روخسارو ناوەرۆکدا لەگەڵ گەلێ لایەنی هونەری نایاب رووبەروو دەبینەوە. لەوانەیە بە هێزیو بە پێزی ئەندێشەو وێنەی هونەری لە تێکستەکەدا، راستگۆیی لە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی، دەوڵەمەندیو کارامەیی لە زمانو شێوازی دەربڕیندا، لەگەڵ گەلێ لایەنی تر، ئەم قەسیدەیە وەکو شاکارێکی شیعری لە ئەدەبی کوردی سەیر دەکرێت لە هونەرو داهێناندا.

## پەڕاوێزەکان

(١) بیرەوەری، محەمەد رەسوول هاوار: ٧٦.

(٢) بڕوانە:

- یاداشت، رەفیق حلمی، ب١، ٦٧-٧١.
- یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، لیژنەی ئامادەکاری: ٣٢٣-٣٢٨.
- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، م.ر.هاوار، ب١: ٥٤٨-٥٦٠.

(٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، علاالدین سجادی: ٥٩٥.

- سەبارەت بە مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شاعیر، هەورەها رێکەوتی دانانی قەسیدەکەش سەرچاوەکان مێژووی جیا جیایان هێناوەتەوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیە ئێمە پشتمان بەو مێژووە بەستووە کە لەو سەرچاوەی پێشەوەدا هاتووە.

(٤) تاریخ مشاهیر کرد، بابا مردوخ روحانی (شیوا)، ج١: ١٩٦٩.

(٥) حکومەتی کوردستان، سدیق سالح: ١١.

(٦) گۆڤاری خاك، ژمارە (٢٠) : ٦٥.

- دیارە خالیسی بەر لەوەش و لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، چەندجارێك ئەو پۆستەی لەشوێنی دیکەدا وەرگرتووە، تا سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم ئەوسا دەگەڕێتەوە کەرکوك. بڕوانە:
- گۆڤاری دەنگی مامۆستا، ژمارە (٩) : ١٧.

(٧) شێخ رەزای تاڵەبانی، د. مکرم تاڵەبانی: ٢٧.

(٨) رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (٥٠): ١.

خالیسی لەم ژمارەیەی رۆژنامەکەدا پارچەیەکی (٧) دێری لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکردۆتەوە کەوا هەمیسان هێرشی بردۆتە سەر دابو دەستووری شێخایەتیو موریدو مەحسوبەکانیان، کە ئەمە لە کاتی خۆیدا هەرایەك دەخوڵقێنێو، لە رۆژنامەکەدا دوو سێ کەس بە شیعر وەڵامیان داوەتەوە، بۆیە لە ئاکامدا خالیسی رادەکات بۆ کفریو بۆی دەردەچێ.

(٩) شێخ رەزای تاڵەبانی لە دوو بۆنەدا بۆ تەوازعو خاکەساریو نواندنی دڵسۆزیو پیشاندانی پیرۆزی شێخانی تەریقەتی قادری، خۆی بە (سەگ) چواندووە. لە چوارینێکی فارسیدا کە لەسەر کێڵی گۆڕەکەیو لەسەر دەرگای مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا نووسرابوو هاتووە:

**یا رسول اللّٰه چه باشد چون سگ اصحاب کهف**
**داخل جنت شـــوم در زمـــرهء اصحـــاب تو**
**او رود در جنت من در جهنـــم کی رواســـت**
**او سـگ اصحاب کهف و من ســگ اصحاب تو**

لێرەدا خۆی بە سەگی بەر ئاستانەی شێخ عەبدولقادر (پیری گەیلانی) داوەتە قەڵەم کـە ئەو لەلای شاعیر لـە ریـزی یـارانی پێغەمبـەرە. هـەوەرها لـە ئاسـت کـاك ئەحمـەدی شێخیشدا گوتویەتی:

**مـــەرڕبووتە حەیاتم بە ســولەیمانی و خاکـــی**
**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی**

ئەنجا لە سۆنگەی ئەمەوەیە کاتێ خالیسی دەکەوێتـە دوان دەڵـێ: وەڕیـن دەسـت پێ دەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی.

هەورەها خالیسیش هەر لەسەر رێو شوێنی شێخ رەزادا دڵسۆزو وەفاداری شـێخانی بەرزنجە بووە، ئەوەتا لە رووداوی شەهید بوونی شێخ سەعیدی حەفیـد لـە سـاڵی ١٩٠٨ لە شاری موسڵ، قەسیدەیەکی لاواندنەوەی بە زمانی فارسی بۆ گوتوە کە سەرەتاکەی بەمجۆرەیە:

**جهـــان بی مـروت را کجا باکس صفا باشـــد**
**مکن باور که گردون را به جز جورو جفا باشد**
**نه گردون را بەکام بندەای بو دەاست گردانی**
**نه زال چرخ را در دیده ازرم و حیا باشـد**

– تاریخ مشاهیر کرد، ج٢: ١٦٩.

هەروەها خالیسی چوارینێکی رەنگینیشی هەیە کە بۆ شێخ مەحموودی گوتوە:

**سەرکە بێ مشکیو کلاو بێ سەرفرازیم بۆ چییە**
**دڵ وەکو شووشەی شکاو بێ دڵنەوازیم بۆ چییە**
**پێت عەتاکردم بە راستی حەققی خۆمو باوکم**
**تۆ کە مەحموودێکی وابی من ئایازم بۆ چییە**

– مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥: ٥٣.

(١٠) بنەماڵەی سەیدەکانی پشدەرو بتوێن لە دێی (سندۆلان)ی سەر زێی بچووك کە دەکەوێتە خوارووی قەلادزێو هەردوو دێی (سەیداوا)و (بۆسکێن)ی رۆژهەلاتی رانیە لە کۆنەوە نیشتەجێ بوون، سەیداوا بە هۆی گەورەبوونی شارەکەوە ئێستا بۆتە بەشێك لە رانیە، لە پیاوە ناودارەکانیان لە کۆندا (شێخ ئەمینی سندۆڵان) بووەو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش (شێخ حوسێنی بۆسکێن) بووە، ئێستاش هەندێ خێزانیان لە قەڵادزێو سەنگەسەرو رانیە دەژین.

(١١) د. نوری تاڵەبانی دەڵێ: دەوری ماڵەکەی دەگرنو تەقەی لێ دەکەن، ئەویش بەرگری لە خۆی دەکات، تا گولله بەرشانی دەکەوێتو زامدار دەبێت.

– شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی: ٦٨.

(١٢) لەو کورتە پێشکەییەدا کە بۆ قەسیدەکە نووسراوە، لە گۆڤارەکەدا هاتووە: ((ئەم قەسیدەیە بۆ یەکەمجار لە رۆژنامەی (برایی) لە بەغدا لە (١٩٦٨) بلاوبۆتەوە)). بەداخەوە ئێمە لەگەڵ هەولو پشکنینی زۆرمان بە هۆی دەستنەکەوتنی رۆژنامەکە نەمان توانی ئەو دەقەی قەسیدەکە ببینین.

(١٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، ب٥: ٥٠.

(١٤) درباره أدبيات ونقد أدبى: ٥٥٥.

(١٥) گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣):٤١.

(١٦) دیوانی حەمدی، ١٩٨٤: ١٢٧.

(١٧) شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، م.ر. هاوار، ب٢: ٨٤٣.

(١٨) وەنەبێ شاعیران هەر تەنیا رەخنەیان لە شێخ گرتبێت، بەڵکو ئەوان لەچاو شاعیرانێك کە ستایشی شێخیان کردووە کەمایەتینو ئەمە پێویستی بە باسێکی سەربەخۆ هەیە.

(١٩) صور خيال در شعر فارسى: ٢٨٠.

(٢٠) بنية اللغة الشعرية: ١٠٩.

(٢١) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب١: ٥٤.

(٢٢) درباره ادبيات ونقد ادبى: ٤٥١.

(٢٣) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب٢: ١٠٢.

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ب١: ٩٥.

(٢٥) درباره ادبيات ونقد ادبى: ٤١٣.

(٢٦) النقد الادبي الحديث، احمد امين: ٣٩.

(٢٧) الاسلوب والاسلوبية، د. منذر عياشي: ٦.
(٢٨) زمانناسیو هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، سەلام ناوخۆش: ٢٥.
(٢٩) رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب٣: ١٠ — ١٢.
(٣٠) موسيقى شيعر: ٤٤.
(٣١) لە هەندێ لێکۆڵینەوە رەخنەییە تازەکان، لە پاڵ ئاوازی دەرەوەوئاوازی ناوەوەی شیعر، لەنگەری بایەخ خراوەتە سەر مۆسیقای لاتەنیشت (الموسيقى الجانبيه)ی شعر، وەکو لایەنی سێیەمی ئاوازی شیعری، کە ئەویش لە رۆڵی (سەروا، کەرتکردنو هاوسەروایی، پاش سەروا) لە بەرەپاکردنی ئەمجۆرە ئاوازە دەکۆڵێتەوە. بڕوانە : مۆسیقی شعر : ٦٥.
(٣٢) تحليل النص الادبي، محمد عبدالغني المصري: ٤٧.
(٣٣) کێشو ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، د. محەمەد بەکر: ١٩٧.
(٣٤) كليات سبك شناسی: ٢١٧.
(٣٥) موسيقى شعر: ٦٥.
(٣٦) زيباشناسی سخن فارسی، ٣: ٤٣.
(٣٧) کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی: ٧٧.
(٣٨) کێشو ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی: ٥٨.
(٣٩) تحليل النص الادبی: ٥١.
(٤٠) كليات سبك شناسی: ٢١٦.
(٤١) درباره ادبيات و نقد ادبی: ٣٩١.

# سەرچاوەکان

**أ. کوردی/**


١. بیرەوەری، محەمەد رەسوول هاوار، ئامادەکردنی: سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢. پێشکەوتن — یەکەمین رۆژنامەی سلێمانی، عەلی ناجی کاکە حەمە — سیروان بەکر سامی، هەولێر، ١٩٩٨.
٣. دیوانی حەمدی، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، سلێمانی، ١٩٨٤.
٤. حکومەتی کوردستان ١٩١٨ — ١٩٢٤، سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥. رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، ب١ — ب٢ — ب٣، هەولێر، ١٩٧٥.
٦. زمانناسیو هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، سەلام ناوخۆش بەکر، هەولێر، ٢٠٠٤.
٧. شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی، دکتۆر نووری تاڵەبانی، هەولێر، ٢٠٠٣.
٨. شێخ رەزای تاڵەبانی، د. مکرم تاڵەبانی، هەولێر، ٢٠٠١.
٩. شێخ مەحموود لە شیعری کوردیدا، لەتیف بەرزنجی، هەولێر، ١٩٩٠.
١٠. شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، م. ر. هاوار، دوو بەرگ، لەندەن، ١٩٩١..
١١. کوێرەوەریو بیرەوەری، محەمەد رەسوول هاوار، لەندەن، ١٩٨٤.
١٢. کێشو ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، د. محەمەد بەکر، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٣. کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، هەولێر، ١٩٩٩.
١٤. لە خەوما، جەمیل سائب، لێکۆڵنەوەی: جەمال بابان، بەغدا، ١٩٧٥.
١٥. مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، چاپی دووەم،بەغدا،١٩٧١.
١٦. مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، ب٥، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٧. یاداشت، رفیق حلمی، ب١، هەولێر، ١٩٨٨.
١٨. یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، لیژنەی ئامادەکردن، سلێمانی، ٢٠٠٦.


**ب. عەرەبی/**


١٩. الاسلوب والاسلوبية، بيير جيرو، ترجمة: د. منذر عياشي، مركز الانماء القومي، سنة؟.
٢٠. بنية اللغة الشعرية، جان كوهن، ترجمة: محمد الولي ومجهد العمري، الدار البيضاء، ١٩٨٦.
٢١٢. تحليل النص الادبي، محمد عبدالغني المصري، الاردن، ٢٠٠٢.
٢٢. النقد الادبي، احمد امين، لبنان، ١٩٦٧.

ج. فارسی/

٢٣. تاریخ مشاهیر کرد، بابا مردوخ روحانی (شیوا)، ج١ — ج٢، تهران، ٢٠٠٣.

٢٤. دربارهء ادبیات و نقد ادبی، دکتر خسرو فرشید ورد، ج٢، تهران، ١٣٧٨.

٢٥. زیباشناسی سخن فارسی/٣، میر جلال الدین گزازی، تهران، ١٣٨١.

٢٦. صور خیال در شعر فارسی، دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی، تهران، ١٣٨٠.

٢٧. کلیات سبك شناسی، دکتر سیروس شمیسا، تهران، ١٣٨٤.

٢٨. موسیقی شعر، دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی، تهران، ١٣٧٩.

**رۆژنامەو گۆڤارەکان/**

٢٩. رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٢)، ١٩٧١.

٣٠. گۆڤاری خاك، ژمارە (٢٠)، ١٩٩٩.

٣١. گۆڤاری دەنگی مامۆستا، ژمارە (٩)، سالّی سێیەم،١٩٧٣.

٣٢. گۆڤاری رۆشنبری نوێ، ژمارە (١٣)، ١٩٩٣.

٣٣. گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٢)، ١٩٧١.

# بنیاتی ئاواز و شێواز
# لە ساقینامەی (ناڵەی جودایی)

**پێشەکی:**

ساقینامە جۆرێکی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییە، هێمن لەسەرتای حەفتاکان دا بەپێڕەوی لە ئەدەبی فارسی، تێکستێکی درێژی لەو بابەتە هۆنیوەتەوە کە لە ئەدەبی کوردیدا پێشینەی نییە. ئەم تێکستە زۆر لایەنی جوانکاری ئەدەبی و هونەری و زمانی تێدایە کە مایەی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەن. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر چەند لایەنێکی ئەو تێکستە، بەتایبەت لە ڕوانگەی واتا و بابەتی ئەدەبی و هونەرەکانی کێش و ئاواز و بنیاتی زمان و شێوازەوە. باسەکە بە گشتی بەسەر ئەم بەش و بڕگانەدا دابەش دەبێت:

**بەشی یەکەم/ کورتە باسێکی مێژوویی**

(أ) شاعیر
(ب) تێکستەکە
(ج) واتا و بابەت

**بەشی دووەم/ بنیاتی ئاواز**

(أ) ئاوازی دەرەوە
(ب) ئاوازی لایەکان
(ج) ئاوازی ناوەوە

**بەشی سێیەم/ بنیاتی شێواز**

(أ) ئاستی دەنگ
(ب) ئاستی وشە
(ج) ئاستی ڕێزمان

- **ئەنجام**
- **لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان**

## بەشی یەکەم

# کورتە باسێکی مێژوویی

**(أ) شاعیر:**

هـێمن (سـەید محەمـەد ئـەمینی شێخەلئیـسلامی مـوکری، ١٩٢١ ـ ١٩٨٦)، ماوەیـەکی درێـژ (١٩٦٧ تـا ١٩٧٩) لـە ئـاوارەیی و دەربەدەریـدا ژیـان بەسـەر دەبات[1]. لەو ماوەیەدا دووری لە خاك و زێد و نیشتیمان و، دابڕانی لە ژن و ماڵ و منداڵ و یاران و خۆشەویستان و، تەریکی لە دۆست و هاوڕێ و هاوەڵەکانی، تـینی بـۆ دێـنێ و دەیخاتـە ژێـر بـاری غـەم و کـوڵ و غوربـەت و سـووتانەوە، لەئاکامـدا لەهاوین و پایزی ساڵی ١٩٧٤دا، هۆنراوە درێژەکەی ساقینامەی (ناڵـەی جـودایی) دەهۆنێتەوە و هەر لەو ساڵەشدا بڵاوی دەکاتەوە[2].

**(ب) تێکستەکە:**

(ناڵەی جودایی) لەبارەی جۆری ئەدەبییەوە[3] (ساقینامە) یە، ساقینامە خـۆی تێکستێکی لیریکە، لەباری تەکنیکەوە لەسەر قالبی جووت سەروا (مەسنەوی)[4] و بەزۆری لەسەر کێشی (موتەقاریب)دا دادەمەزرێت.

لەساقینامەدا شاعیر ڕووی گوتاری لە (موتریب و ساقی)یـە، لەوێنـەی (سـەنگی سەبوور)[5] دەیان دوێنی و دەردی دڵی خۆی بۆیـان هەڵدەڕێـژێ، بـانگ لـە سـاقی ڕادێڵێ" کەوا مەی بگێڕێ و لەتاو نا پایەداری ژیان و جەفای ڕۆژگار و بێ شـەرت و بەقایی دونیا، بـەجامی بـادە مەسـت و سەرخۆشـی بکـا. شـاعیر دەیـەوێ هـەڵ و دەرفەت وەربگرێت و کات بە فیڕۆ نەچێت، سوود لە هەموو دەم و کات و سـاتێکی ژیان وەربگرێت[6].

بەو پێیەش ساقینامەکەی حافزی شـیرازی و پێـشەکی شـوێنەوارە ناودارەکـەی مـەولانا جەلالـەدینی ڕۆمـی، (مەسـنوی مەعنـەوی)، دوو پارچـەن لـە ناسـکترین و سۆزدارترین تێکستی ئەدەبی فارسـی، بۆیـە لـەژێر کاریگـەری ئـەو دوو تێکـستەدا بـووە کـەوا هـێمن پەرژاوەتـە سـەر هۆنینـەوەی تێکـستە ناوازەکـەی (ناڵـەی جودایی)[7].

**نووسخەی بنەڕەتی:**

ناڵـەی جـودایی لـەنێوان شـەش مـانگی نێـوان بـەهار و پـایزی سـاڵی ١٩٧٤ دا نووسراوە. هەوەڵین دەرفەتی چاپ و بڵاو بوونەوەشی هەر لە کۆتایی ئـەو سـاڵەدا بووە. هەر ئەو تێکستە شاعیر بە دەنگی خۆی خوێندوویەتییەوە و لەسەر کاسێت تۆماری کردووە[٨]. ئینجا بۆ جاری دووهەم لەبەهاری ساڵی ١٩٧٩دا، لـەپاڵ چـەند پارچە و تێکستی دیکە و چیرۆکێکی شیعری، لە نامیلکەیەکی قەبارە بچووک (١١٠) لاپەڕەییدا، بە هەمان ناونیشانی (ناڵەی جودایی) چاپ و بڵاو کراوەتەوە[٩].

لەنێوان هەردوو تێکستدا کەم و زۆر، جیاوازی بـەدی دەکرێـت، وەکـو لەمـەودوا ڕوونی دەکەینەوە:

| بەندی | لە گۆڤاری بەیان | لە نامیلکەی ناڵەی جودایی |
|---|---|---|
| ١ | ٩ دێرە | ٢٠ دێرە |
| ٢ | ١١ دێرە | ٧ دێرە |
| ٣ | ٨ دێرە | ٦ دێرە |
| ٤ | ٨ دێرە | ٩ دێرە |
| ٥ | ٩ دێرە | ٦ دێرە |
| ٦ | ٦ دێرە | ٢٠ دێرە |
| ٧ | ٢٠ دێرە | ١٦ دێرە |
| ٨ | ١٦ دێرە | ٤ دێرە |
| ٩ | ٤ دێرە | ٢١ دێرە |
| ١٠ | ٢٢ دێرە | -------- |
| هەمووی | ١١٣ دێرە | ١٠٩ دێرە |

١ـ لـە گۆڤـاری بـەیان دا تێکـستەکە بەسـەر (١٠) بەنـد دا دابەشـکراوە، لـە نامیلکەکەدا کراوەتە (٩) بەند.

٢ ـ سەرجەمی ژمارەی دێرەکانی تێکستەکە لـە گۆڤـاری بـەیان دا (١١٤) دێـرە هۆنراوەیە، کەچی لە نامیلکەکەدا (١٠٩) دێرە.

٣ – دێرێك هەیە کە بەم جۆرەیە:

**ژین لەنێو بێگانەدا تەنگانەیە روو لەهەر لایێ دەکەم بێگانەیە**

لەهەردوو تێکستدا نـەهاتووەو لەبـەر هۆکـاری سیاسـی و تایبـەتی کرتێنـدراوە، بەمەڕا تێکستەکە دەبێتە ١١٤ دێر.

٣ ـ دێری یەکـەم و دووەمـی بەنـدی (٢) لـە نامیلکەکـەدا کـە سـەرەتای بەنـدی (٣)ن لە دەقەکەی گۆڤاری بەیان، پاش و پێش کراون، واتا جێگۆڕکێیان پێکراوە، لە شوێنێکی تریش دوو نیوەی دێرێك لە نامیلکەکە پاش و پێش کراون.

٤ ـ کۆمەڵێك جیاوازی لەنێوان هەردوو تێکستەکە لەسەر ئاسـتی" وشـە، ئـامراز، بڕگە و دەنگ، بەدی دەکرێت لێرەدا چەند لایەنێکی دەخەینە ڕوو:

| لەتێکستەکەی گۆڤاری بەیان | لەتێکستەکەی ناڵەی جودایی |
|---|---|
| ـ ئەو شەرابە تاڵە... | ـ ئەم شەرابە... |
| ـ ئەو شەرابە ئاڵە... | ـ ئەم شەرابە... |
| ـ حەیفە لێی بخواتەوە | ـ بۆچی لێی... |
| ـ نیری ئێخسیری | ـ نیری یەخسیری |
| ـ لەبن سێبەر کەوت | ـ ... لەبن سێبەر ڕما |
| ـ ... لەماڵی دەرکەوت | ـ ... لەماڵی خۆی نەما |
| ـ ... بگاتە دەستی یار | ـ ... بگاتە گەردنی یار |
| ـ کوڵمی تاس و لووس | ـ کۆڵمەی... |
| ـ زوڵمە یەك قەترە | ـ کوفرە... |
| ـ خەمی ئێخسیر و | ـ خەمی یەخسیر و |
| ـ نەرم و نۆڵی ناسکێك | ـ ... ناسکێ |
| ـ سەرینیش باسکێك | ـ ... باسکێ |
| ـ ڕوو لەخوارێ کە | ـ ڕوو لەلای من کە |
| ـ تۆش لەڕاست ئەم مل هوڕانە | ـ تۆش لەبەر ئەو مل هوڕانە |
| ـ ... گرووی یەکسانییە | ـ گرۆی یەکسانییە |
| ـ ڕۆژگار هاڕیمی | ـ ڕۆژگار هاڕیومی |
| ـ دەکا گاڵتان بەمن | ـ دەکا گاڵتەی بەمن |
| ـ دێم بەرە و خیز و | ـ دێم بەرە و زیخ و |
| ـ وردە ماچ بن نامێنێ... | ـ ماچی شیرین نایەڵێ |

ئێمە لەلای خۆمانەوە خوێندنەوەی خودی شاعیر بۆ تێکستەکە، کە لەگەڵ ئەوەی لە گۆڤاری بەیاندا بۆ یەکەمجار بڵاو کراوەتەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بە تێکستی ڕاست و بنەڕەتی دەزانین و لێرەدا دەقەکەی دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران[١٠].

(١)

ساقیا! وا بادەوە! وابادەوە!
ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە
موشتەری وەك من لە مەیخانێ کەمن
زوربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن
مەی حەرامە بۆ سە هەندە[١] و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟
ئەو شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەو شەڕابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە
لێ ی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوەنێ
بۆچی مل هوڕ لێرە بینی پێوەنێ؟
بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە
بێ خەمێك بیخواتەوە زۆرداریيە
بۆ کەسێکە مەی دڵی پڕبێ لەداخ
حەیفە لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ
ئەو کەسەی بێ کەس نییە و خانە خەراب
دەك بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب

(٢)

ئەو کەسـەی نـەی چێـشتوە دەردی ژیـان
ئەو کەسەی نەیدیوە ئـێش و بـرک و ژان
ئەو کەسەی نەکرا نیـشانەی تـیری خـەم
شــانی دانــەخزی لــەبن بــاری ســتەم
ئەو کەسەی هەستی بـە زۆرداری نـەکرد
تیخـــی زۆرداری، برینـــداری نـــەکرد
ئەو کەسەی دەستی لـە ئـەوکی[٣] بـەردرا
ئــەو کەســەی دژمــن لــە مــاڵی دەرکــرا
ئــەو کەســەی نــەی بــینی هــاتی دژمــنی
نــیری ئێخــسیری لــە ئەســتۆ دارنــی!
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زویـر و زگـار[٤]
وا نەکەوتــە بـــەر چـــەپۆکی ڕۆژگـــار
ئەو کەسـەی نـەیهاڕی بەرداشـی زەمـان
ئەو کەسەی "زیـڕەی نەگەییـە ئاسمـان"
ئــەو کەســەی دووری عــەزیزانی نــەدی
تــیر و تانــەی بــێ تــەمیزانی نــەدی
تۆزی بەدبەختی لەسـەر شـانی نەنیـشت
لێی نەگیرا دەور و پشت و چـوار تەنیـشت
ئەو کەسەی خواردی و لەبن سێبەر کەوت
شــەو لــەبۆ کــەیفێ لــەماڵی دەرکــەوت:
بــۆ دەبــێ بێــت و بکــا مەیخانــە تــەنگ
شوێنی دیکـە زۆرە بـۆ گاڵتـە و جەفـەنگ

(٣)

ئــەو کەســەی ڕاوی نــەنێن لێــرە و لــەوێ
ئــەو کــوڕەی ماچــی کــچانی دەس کــەوێ

ئـەو کـوڕەی هێـشتا لـە ژوانـێ ڕێـی هەیـە
سەیرە، زۆر سـەیرە کـە ئـالوودەی مەیـە؟
ئـەو کـوڕەی دۆی[٣] داوەتـێ دەسـتی دەنـێ
بێتــە ئێــرە، چــۆنە هــەی دێــی ناکــەنێ؟
ئەو کەسەی "دەستی لە مەمکان گـیر ببـێ"
ئـەو کەسـەی "تفڵـی دڵـی بـۆ ژێـر ببـێ"
ئەو کوڕەی کیژێك بەرە و ڕووی پـێ کـەنێ
ئەو کەسـەی هـەر سـووکە ئـاورێکی دەنـێ
ئـەو کەسـەی پەنجۆڵـە بوگـشێ جـار و بـار
ئـەو کەسـەی دەسـتی بگاتـە دەسـتی یـار
ئەو کەسەی ڕامووسێ[٥] کوڵمی تاس و لووس
ئـەو کەسـەی تێـی هەڵنـەدابێ چـارەنووس
ئـەو کەسـەی بمـژێ خونـاوەی[٦] گـەردەنێ
زوڵمــە یــەك قــەترە شــەرابی گــەردەنێ

(٤)

ئەو کەسـەی ئاسـوودەو و خـۆش ڕابـوارد
قـەت خـەمی ئێخـسیر و کـۆیلانی نـەخوارد
شــەو لــە ئــامێزی گەرمــدا وەرکــەوت
ڕۆژ بــەهیوای دیــتنی یــار دەرکــەوت
یــەك لــەماڵێ چــاوەڕێ بــوو بێتــەوە
دەرکــی نێــو مــاڵێکی لــێ بکرێتــەوە
خــەم ڕەوێنێــك گــوێ بداتــە ڕازی ئــەو
نازەنینێــك بــێ بکێــشێ نــازی ئــەو
ســەر وەســەر ڕانــی وەفادارێــك بکــا
دەست لە ئەسـتۆی ناسـك و نازدارێـك بکـا

بگــریٚ پەنجــەی نــەرم و نــۆڵی ناســکێک
بــۆی کــرا بێتــە ســەرینیش باســکێک
هەیبیٚ هێـز و گـورد و[7] تـاو و تـین و گـوڕ
ڕۆژگــاری ڕەش نــەبیٚ و بــەختی مکــوڕ[8]
ئــەو کەســە جێگــای لــە مەیخانــە نییــە
ئــەو کەســە بــادە و شــەرابی بــۆ چــییە؟

(5)

ســــاقیا! وا وەرگـــــەڕیٚ، وا وەرگـــــەڕیٚ
ڕوو لە خـواریٚ کـە، مەچـۆ بـۆ سـەر پـەڕیٚ
لەنگـــەریٚ بگـــرە مەبـــە وا بـــەرزە فـــڕ
بێنــە بــۆ مــن، بێنــە بــۆمن، جــامی پــڕ
مـــەی حەڵاڵـــە بـــۆ مـــنی وێرانـــە مـــاڵ
بـۆ مـنی سەرگەشـتەو و ڕووت و ڕەجـاڵ
بــــۆ مــــنی بابردەڵــــەی گردەنــــشین
بــۆمنی دڵ پــڕ لــە ناســـۆر و بـــرین
بــــۆ مــــنی ئــــاوارەو و دووره وەتــــەن
بلبلــی بــیٚ بــەش لــە گــوڵزار و چــەمەن
پــەڕ وەریــوی، بــاڵ شـکاوی، دەنــگ بــڕاو
بــیٚ بــــژیوی، بەشــــخوراوی، دەرکــــراو
پــیری، زورهــانی[8]، کەنــەفتی دەر بــەدەر
دیدە سـووری دڵ مـەکۆی دەرد و کەسـەر
داتــەپیوی، بــیٚ پەســیوی، بــیٚ قــەرار
بــیٚ کەســی، دەستەشــکاوی، کۆڵــەوار
لێــو بــــەباری، دەردەداری، ڕەنجــــەڕۆ
شــاعیری جــوانی پەرســتی، دڵ بەســۆ

(٦)

ساقیا بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی!
تۆش لەراس ئەم ملهوڕانە مل کەچی؟
تۆش بەڕەنگ و ڕووی ئەوان خواردت فریو
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟
زێڕ بەلایە بێوەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند
"چڵکی دەستە ماڵی دنیا"، وەك دەڵێن
ماڵپەرست، پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست
جوان پەرستە، پیری خاوەن زەوق و هەست

(٧)

نا، مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ
ئەو هەوەسبازانە، جێی متمانە نین
هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین
وا وەرە، دەی، وا وەرە نێزیك بە، لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی، تا دەڵێم:
"مست مستم ساقیا دەستم بگیر"
تا نیوفتادم زپا دستم بگیر"[٩]
جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم: ئەو شیعرە بەرزەی "مەولەوی":
"بشنو از نی چون حکایت میکند"

"وز جـــــدایيها شـــــکایت میکنـــــد"[١٠]
گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیـت و قـۆز
تـــا بنـــاڵێنم وەکـــو بلـــوێر بەســـۆز
نــابێ قــەت ناڵــەی جــودایی بــێ ئەســەر
جــا چ نــەی بیکــا چ پیــاوی دەر بــەدەر
بۆیـــە ناڵـــەم تێکـــەڵی نـــەی کـــردووە
شـــیوەنێکم پێیـــە نـــەی نـــەیکردووە
لـێم گـەڕێ بـا دەربـڕم سـۆزی دەروون
لـێم گـەڕێ تـا هـەڵوەرێنم ئەشـکی ڕوون
شـــیوەنی مـــن شـــیوەنی ئینـــسانییە
بـــانگی ئـــازادی و گـــرووی یەکـــسانییە
شـیوەنی مـن شـینی کـوردی بـێ بەشـە
ئـەو گەلـەی حاشـا دەکـەن لێـو هەشـە
بـا لـــەزارم بێتـــە دەر پـــشکۆی شـــیعر
بـــا فـــراوانتر بکـــەم ئاســـۆی شـــیعر
پارچـــە گۆشـــتێکە دڵـــی مـــن ڕوو[١١] نییـــە
ناڵـــە ناڵـــەی مـــن درەنگـــە زوو نییـــە
دەردی دووری دەردی دووری کوشـــــتمی
دەردی وشـــیاری و ســـەبووری کوشـــتمی
یـــــادی یـــــاران و ولاتم ڕۆژ و شـــــەو
لێ ی حەرام کـردوم قـەرار و خـورد و خـەو
خـەم ڕەوێنێـک لێـرە مـن ناکـەم بـەدی
چـون پـەنا بـۆ مـەی نەبـەم ساقی ئـەدی؟
نـــابینم ناســـیاو و دۆســـت و یـــاری خـــۆم
نـــابینم خـــاک و ولات و شـــاری خـــۆم

ڕوو لـــه هــــەرلایێ دەکـــەم بێگانەیـــە
ژیـــــن لــــەنێو بێگانـــــەدا تەنگانەیـــــە(*)
ڕوو لــه هەرلایــەک دەکــەم نامۆیــە بــۆم
نـــابینم جــێ ژوان و کەونـــە لانـــی خـــۆم
شــەو دەکێـشم شــەو نخــونی و بــێ خــەوی
ڕۆژ دەچـــێژم دەرد و داخـــی بـــێ ئـــەوی

(٨)

چــۆن نــەناڵێ ئــەو دڵــەی پــڕ هەسـتی مـن؟
چــۆن لــه ئــەژنۆ بینــەوە دوو دەسـتی مـن؟
چـــۆن نـــەناڵێ ئـــەو دڵـــە ئەنگاوتەیـــە؟
بــەرد لــه بــەردی بێتــەوە دەنگــی هەیــە
ژانـــی ناســـۆری جـــودابیم چێـــشتووە
هەرچــی خۆشــم ویـستووە جـێم هێـشتووە
هــــەڵبڕاوم مــــن لــــه یــــاری نــــازەنین
دەرکـــراوم مـــن لـــه خـــاکی دڵ نـــشین
بوومـــه ئـــاوارە و پــــەڕیوەی دوور وڵات
کەوتمـــە نێـــو وردە داوی ڕێـــی نـــەجات
بــەکرە شــۆفارە ئــەوەی مووخــەی چــنیم
زی مــــەم و زینـــان وڵاتـــی لـــێ تـــەنیم
کەوتمــە نێــو چــاڵی دیلــی وەک (مــەمێ)
(یایــە زیــن) لەکوێیــە هــاواری کــەمێ؟

---

(*) ئەم دێرە لە هیچ کام لە تێکستەکاندا نییە و لابراوە، شاعیر هۆکاری لابرانەکەشی بۆ مەسەلەی سانسۆر دەگێڕێتەوە. بڕوانە:
- چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز: ١٧٩.

کوا قەرە تاژدێن (چەکۆ) و (عرفـۆ) لـەکوێن؟
بێنــە هانــام وەک پڵنگــی چــەنگ بــەخوێن
(لاســە شــۆڕاێــک بــووم غــەنیمی دوژمنــان
ئیـــــستە ئـــــەنگواوم بـــــەتیری چـــــڵکنان
وا بەتـــــەنیایی لـــــەنێو خوێنـــــدا شـــــەلاڵ
کـوانێ عێـل؟ و کـوانێ (خـانزاد) و (خـەزاڵ)؟
زۆر لەمێــژە نــارە[12] نــاری مــنی نەبیــست
هەروەک (شەمزین) شەمیلەی خۆشەویــست
وەک (ســیامەندێ) لــە چــۆل و بەنــدەنێ
جــەرگی لــەت کــردم پــەلی دارە بــەنێ
شــەتڵی جوانــاوم[13] مــنی ســاردە بــرین
کوا (خـەج)م؟ تـا بـۆم بگێـڕێ گەرمـە شـین
مــانگی کــانوونێ بــە چــلوان[14] دەرکــرام
وەک بـــــرایم لـــــەو ولاتـــــە ڕاو نـــــرام
کــوا پــەریخان بەنــد و بــاوم بــۆ بڵــێ
بۆ نەسووتێم نەبمـە پۆلـووی[15] سـەر کڵـێ؟
ئـەو لـە زۆزان[16] مـن لـە ئـارانی[17] دەژیـم
کـێ دەڵـێ ئـەمنیش (وەلـی دێوانـە) نـیم؟

**(9)**

کـــوردەواری ئـــەی ولاتـــە جوانەکـــەم!
ڕۆڵەکـــــەم، خێزانەکـــــەم، باوانەکـــــەم!
ئـــەی ئەوانـــەی قـــەت لـــەبیرم ناچـــنەوە
ئێـــستا بمبیـــنن ئـــەرێ دەمناســـنەوە؟
ڕۆژگـــار هـــاڕیمی وەک ئەســـپۆنی ورد
هێــز و توانــای لــێ بڕیــوم دەردە کــورد
بوومــە گــەپ جـاڕ و دەکـا گاڵتـان بـەمن
ئەو ڕمووزنـەی[18] زەنـدەقی چـووبوو لـەمن

(١٠)

ئـــەی ڕەفیقـــان ئـــەی عـــەزیزانی وڵات!
ئەی برای هاوسـەنگەری جەرگـەی خـەبات!
گـەر دەنـاڵێنم ئـەمن پـەك كەوتـە نـیم
تــیٚ دەكۆشــم بــۆ وەســڵ تــاكو بــژیم
كۆشـــــشی مــــن زۆر بەجێیـــــە زۆر ڕەوا
چــــونكە قــــانوونی تەبیعــــەت وایــــە وا
(هـر كـس كـو دور مانـد از اصـل خـویش)
(بــاز جویــد روزگــار وصــل خــویش[١٩])
ڕێگــــە دەبــــڕم كــــوانیٚ هــــەنگاوم شــــلە
ڕاســتە بــیٚ هێــزم دەكــەم ئــەمما ملــە[٢٠]
هەر دەپێوم كێـو و شـاخ و چـۆڵ و دەشـت
دێم بەرە و كوێستان بەرەو باخی بەهەشـت
دێـم بـەرەو خیـز و چـەو و كانیـاوی خـۆم
چــۆن لەوانــە وەردەگێــڕم چــاوی خــۆم؟
دێـم بـەرەو ئـەو دار و بـەرد و بەندەنـە
دێـم بـەرەو ئـەو بـاخ و مێـرگ و چـیمەنە
دێم بەرەو زورگ و[٢١] تەلان و كەند و لەنـد
دێــم بــەرەو بــژوێن و زنــوێر و زەمەنــد
دێـم بـەرەو هـەوراز و پانـاوك[٢٢] و نـشیو
دێم بەرە و ئەشكەوت و زەنـدۆڵ[٢٣] پەسـیو
دێم بـەرەو بـەفر و چـلوورە و بەسـتەڵەك
دێم بەرەو شیخاڵ[٢٤] و ڕێچكە و ڕەشـبەڵەك
دێـم بـەرەو لێـڕو چـڕو بەسـتێن و[٢٥] چـۆم
دێم بـەرەو هەڵـدێر و گێـژو بەنـد و گـۆم
دێــم بــەرەو هۆبــە و هــەواری و باســەفا

دێم بەرەو لادێ بەرەو کانگەی وەفا
دێم ببینم نیشتیمان و زێدەکەم[٢٦]
دێم ببینم خزم و کاك و دێدەکەم[٢٧]
دێم و دەگرم بازی بێریی شۆخ و شەنگ
دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم و گوێم بۆ بەیت و لاوك هەڵدەخەم
گوێم لەوانە بێتەوە من کەڵ دەخەم
دێم گراوی خۆم لەباوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم
دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەو ڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
وردە ماچ بن نامێنێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی
هەر پەری سەرکەوت و دیوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەمبێ برست و بیر و هۆش
گەر گلاشم کوردەواری ئێوە خۆش

**لێكدانەوەی وشە و زاراوەكانی تێكستەكە:**

(١) سەهەندە: چەقاوەسوو

(٢) دۆ: ئەو كچەی لە ڕەشبەڵەكدا دەستی پیاو دەگرێ.

(٣) ئەوك: قوڕگ.

(٤) زگار: هاوتای زویرە.

(٥) رامووس: ماچكردن.

(٦) خوناو: وردە ئارەق.

(٧) گورد: هێز.

(٨) زورهانی: پەك كەوتە.

(٩) مەست مەستم ساقی دەستم بگرە
تا بەلادا نەكەوتووم دەستم بگرە

(١٠)گوێ لە شمشاڵ بگرە چۆن حیكایەتی خۆی دەكا و سكاڵا لەدەست جیابوونەوەی خۆی دەكات.

(١١) ڕوو: سەخت، ڕەق.

(١٢) نارە نار: بەستەی نەرم و بەسۆز.

(١٣) جواناو: ئارەقی سەرەمەرگ.

(١٤) چلوان: هەردوو چلەی زستانە.

(١٥) پۆلوو: پشكۆ.

(١٦) زۆزان: كوێستان.

(١٧) ئاران: گەرمیان.

(١٨) رمووزن: ئەهریمەن.

(١٩) هەركەسێك لە ئەسڵی خۆی دوور كەوتەوە دەیەوێ بگات بە ڕۆژگاری خۆی

(٢٠) ملە: كێشە، مل ملانێ.

(٢١) زوورگ: رەقەن.

(٢٢) پاناوك: گۆڕاییەك لەبەرزیدا.

(٢٣) زندۆل: قڵشە بەردێ لە ئەشكەوت بچووك تر بێ.

(٢٤) شیخاڵ: بەفرێك ئەم دیوە و دیوی ڕەش بێت.

(٢٥) بەستێن: كەناری ڕووبار و دەریا.

(٢٦) زێدەكەم: نیشتیمانەكەم.

(٢٧) دێدەكەم: خوشكە گەورەكەم، دادەكەم.

**(ج) بنیاتی بابەت**

**(١) واتا و بیرۆکە:**

بابەتی تێکستی ناڵەی جودایی دەچێتە خانەی شیعری ویژدانی و لیریك، ئەم چەشنە هۆنراوەیە لە دڵ و دەروون و ویژدانی شاعرەوە هەڵدەقووڵێ و بەسۆزێکی خەست و خۆڵەوە لەچوارچێوەی باسەکانی خۆشەویستی و ڕەنج و دەرد و مەینەتیدا دەردەبڕدرێت.

شاعیر لە شیعری ویژدانیدا (لە پەنای ڕاناوی "من" دا قسە ئەکات و هەست و نەستە پەنگ خواردووەکانی تاو ئەدا و دەرد و مەینەتییەکانی دەر دەبڕێت، هەستکردن بە شاعیریش یەکسەر لەو دیو وشەکانەوە ڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکرێ و دەبیندرێ، خودییەت "الذاتية" لێرەدا خۆ ویستی یا نەرجسییەتی شاعیر پێشان نادا، بەڵکو هەڵچونێکی ڕاستەوخۆی ویژدانی شاعیرە کە لە کلاو ڕۆژنەی وشەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، زۆر جاریش لەڕێگەی ئەم خودیەتە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵ و تاکێتی ئەتوێتەوە و بزر دەبێ و دەبێتە بەشێك لە گشت)[11]. ئەگەر لەم تێڕوانینە گشتی و تێورییەوە تێبپەڕین و ئاوڕێك لە پارچە و پێکهاتەکانی نەخشەی واتا و دەلالەتی تێکستەکە بدەینەوە، چەند تەوەر و کێڵگەیەکی واتایی دیاریکراومان بۆ بەدیار دەکەوێت کە هەریەکە لەو کێڵگە و کایە واتاییانە لەڕێگەی کۆمەڵێك گوتە و بێژە و پێکهاتەی زمانی لەیەکتر نزیك و پێکەوە گونجاوەوە بەرجەستە دەبێت، لەئاکامیشدا هەموو لایەکان لە پێکهێنانی بنیات و واتای گشتی تێکستەکەدا یەك دەگرنەوە. لێرەدا لە هەوڵی ناساندنی ئەو تەوەر و کێڵگە و کایە واتاییانەدا دەبین کە لە بنیات و سیاقی تێکستەکە دا بەدی دەکرێن:

١/ أ/ **تەوەری مەینۆشی**: کایەی واتایی یەکەم و زاڵی تێکستەکەیە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەقەکەوە بەهۆی کۆمەڵێك (ئامراز و کەرەستە)، لە گوتە و بێژە و پێکهاتەی زمانی تایبەت بەو بوارەوە خۆی دەنوێنێ، لەوێنەی (ساقی، جامی بادە، موشتەری، مەیخانە، شاد و بەکەیف و بێ خەم، مەی، شەرابی تاڵ، شەرابی ئاڵ، دەرمانی خەم، بادە و شەراب، گاڵتە و جەفەنگ، خۆش ڕایبوارد، لەنگرێ بگرە، جامی پڕ، هەوەسباز، گوڵ چنین و بەی ڕنین، ئاڵودەی مەی،

مەستی مەستم، نەواو دەنگی نەی، دیدە مەست، سۆزی بلوێر، گۆزە، تامی شەراب، قەترە شەراب...)

١/ ب/ **تەوەری دڵداری**: کایەی دەلالی و واتایی ئەم بوارەش لەهێما و نیشانەکانی تایبەت بەم چەمکە بەدیار دەکەوێت لەوێنەی (ماچ، کچ، ژوان، دۆ، داوەت، دەستی لە مەمکانی گیر ببێ، تفلی دڵی بۆ ژێر ببێ، کیژێك بەرەو رووی پێکەنێ، سووکە ئاور، پەنجۆڵە بکوشێ، دەستی یار، رامووسان، کوڵمی تاس و لوس، بمژێ خوناوەی گەردەنێ، ئامێز، خەمرەوێن، راز، ناز، سەر ران، وەفادار، ناسکونازدار، پەنجەی نەرم و نۆڵ، سەرین، باسك...)

١/ جـ/ **خەم و مەینەت و ناکامی**: ئامراز و هێما و کەرستەکانی تایبەت بە کایەی دەلالی ئەو تەوەرە باڵیان بەسەر تەواوی تێکستەکەدا کێشاوە و سێبەرێکی واتایی چڕیان پێکهێناوە. کە لە رێگەی کۆمەڵێ زاراوە و پێکهاتەی زمانی تایبەت بەم لایەنەوە دەر براون، لە وێنەی (دەردی کارییە، دڵی پڕبێ لەداخ، بێکەس، خانە خەراب، دەردی ژیان، ئێش و برك و ژان، نیشانەی تیری خەم، شانی دانەخزی، باری ستەم، تیخی زۆرداری، بریندار، هاتی دوژمنی، نیری ئێخسیری، زوێر و زگار، ژێر چەپۆکی رۆژگار، هارپینی بەرداشی زەمان، زیرەی نەگەییە ئاسمان، تیر و تانەی بێ تەمیزان، تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت، راوی نەنێن لێرە و لەوێ، غەمی کۆیلان، بابردەڵە، گردە نشین، دڵ پڕ لەناسۆر، بلبلی بێ بەش، پەڕوەریو، باڵ شکاو، دەنگ براو، بێ بژیو، پیری زورهانی کەنەفت، داتەپیو، بێ پەسیو، ناڵە ناڵ، شێوەن، ئەنگاوتە، رۆژگار هارپومی، هێز و توانای لێ بڕیوم، لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو، لێو بەبار، دەردەدار، ڕەنجەرۆ، دڵ بەسۆ...)

١/ د/ **سۆزی غوربەت**: ئەم تەوەرە کرۆك و بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی تێکستەکە پێك دەهێنێت، بەڕەنێگ کەوا تەوەر و کایە دەلالیەکانی دیکەش وەکو پاشکۆ و تەواوکەری واتایی ئەم تەوەرەن، ئەمەشیان خۆی لە بڕێکی زۆر لە کەرەستە و ئامرازی گوتاری شیعری شاعیردا دەنوێنێت، وەکو: (دووری عەزیزان، سەرگەشتە، ئاوارە، دوورە وەتەن، بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن، دەرکراو، جودایی، شکایەت، ناڵین، شیوەن و سۆزی دەروون، دەردی دووری، یادی یاران و وڵات، نامۆ، شەونخوونی، دابڕاو، دەستەو ئەژنۆ، ژانی ناسۆری جودایی، هەڵبڕاوم من لەیاری نازەنین، دەرکراوم من لەخاکی دڵ نشین، ئاوارە و پەڕیوەی دوور

وڵات، کەوتوومە نێو داو، نارە نار، ڕاونرام، عەزیزانی وڵات، تێدەکۆشم بۆ وەسڵ، ڕێگە دەبڕم، دەپێوم کێو و شاخ، هەنگاوم شلە، دێم و دێم...)

لێرەدا ڕۆڵی ناونیشانەکە (ناڵەی جودایی)، کە بەرجەستەکردنی کرۆك و مەبەست و ناوەرۆکی تێکستەکەیە، هەرگیز نابێت فەرامۆش بکرێت.

**١/ هـ/ دەکرێ کێڵگە و تەوەری واتایی دیکەش،** لەڕێگەی کەرەستە و ئامراز گەلی تایبەت بە بوارەکانی خۆیانەوە لە سیاقی تێکستەکەدا بناسرێنەوە و دەستنیشان بکرێن، لەوانە، تەوەری دەلالەتی وەسف و جوانی نیشتیمان، تەوەری خەبات و خۆشەویستی گەل و وڵات، تەوەرەی پەند و حیکمەت و فەلسەفەی ژیان... تاد، کە بە هەموویان هاوکاری دەکەن، لە چنینی تان و پۆ و پێکهاتنی تەونی واتایی و بنیاتی بابەتی گشتی لە تێکستەکەدا.

ناڵەی جودایی خۆی لە شێوەی شیعری گێڕانەوەیی یاخود (ڕیوایی) هۆنراوەتەوە، بەو مانایەی کەوا مەبەست و بابەت و ناوەرۆکەکەی لەدرێژەی پەیوەندی مانایی، نێوان تەوەرەکان و کایە دەلالیەکان ڕێکخراوە و پەرەی پێدراوە، بەزمانێکی سادە و ئاسانیش دەربڕاوە، بۆیە خوێنەر زۆر بە ئاسانی بەمانا دەگات.

**(٢) وێنە و ئەندێشە:**

لە تێکستی شیعریدا بیرۆکە بە شێوازێکی تایبەت پێشکەش دەکرێت، تاوەکو خوێنەر بوروژێنێ و شەپۆلەکانی هەست و هەڵچوونی تیادا بێنێتە جۆش و خرۆش، ئەمە بە هاوکاری هەستەکانەوە بەدوو ڕێگاوە ئەنجام دەدرێت: یا ئەوەتا لەڕێگەی بەکار بردنی زمانی وەسفی ڕاستەوخۆوە لەهەوڵی بەرجەستەکردنی واتا و چەمك و وێنەکێشان و بە تابلۆکردنی مەبەستەوە دەبێت[١٢]، یا ئەوەتا وێنەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێن بەهۆی لادان (الانزیاح) لەشێوازی زمانی ئاسایی و، پەنابردن بۆ زمانی (ئیماو ـ هێما) و خوازە و مەجاز و لێکچواندنەوە.

لە تێکستی ناڵەی جوداییدا شاعیر لەسازکردنی بنیاتی وێنەکانیدا لەزمانی ڕۆژانە دوور نەکەوتۆتەوە، دەیەوێ بە پێڕەوی لە ڕێبازی وەسفی ڕاستەوخۆ وێنەکێشانی فۆتۆگرافیانەوە، شتەکان (بەخۆشی و ناخۆشی و جوانی و ناشیرنی)

یانەوە وەکو خۆیان پێشکەش بکات، هەر ئەمەش وایکردووە جۆرێك لـە واقیعـەتی زمـان و شـێواز و وێنـە لـە تێکستەکەدا خـۆی بنـوێنێ و بـە ئەندازەیـەکی زۆر لـە هونەرەکانی وێنە بەلاغەت خۆی بەدوور بگرێت[١٣].

لە دەقەکەدا ئەزموونی ژیان و بەهرەی شیعری هـێمن یـەکانگیر بـوون و بـەهۆی وێنە گەلێکی خۆماڵی جوان و ناسك و دڵنەواز دەربڕاون کە هەردوو ئاسـتی واتـایی و دەروونی پێکەوە گرێ داونەتـەوە، ئەمـەش بـۆ خەسـڵەتی بنـەڕەتی تێکستەکە دەگەڕێتـەوە، کـە دەقێکـی ویـژدانی، ڕۆمانـسیانەیە و ئەندێـشە و سـۆز، دوو لـە ڕەگەزە سەرەکییە پێکهێنەرەکانییەتی[١٤]. ئینجا لێرەدا لەسـەر هـەمان پێـڕەوی بابەت بەندی تەوەر و کێڵگە واتایی و دەلالییەکانی تێکستەکە، دەشێ زنجیرەیـەك کێڵگەی وێنەیی (سـەرەکی و لێکـدراو)، لـەڕێگای بـە یـەکتر بەسـتنەوەی ئـامراز و کەرەستەکانی تایبەت بەو بوارەوە بهێنینەوە، کە هەر ئامراز و کەرەستەیەك (لەم حاڵەتەدا بریتی دەبێت لە: ناوێك یا ئاوڵناوێك یا فرێز و ڕستەیەك) کە دەلالـەت بـۆ (وێنەیـەکی سـادە) دەکـات و بەهــەموو کەرەسـتەکانەوە هاوکـاری دەکـەن لــە نەخــشاندنی وێنەیــەکی لێکــدراوی ســەرەکیدا و، کــۆی ئــەم وێنــە لێکــدراوە سەرەکیانەش وێنەی گشتی تێکستەکە پێك دەهێنن، هەر بۆ نموونە دەگوترێ:

٢/ أ/ مەی و مەیخانە وێنەیەکی سەرەکییە و لەڕێگای کۆمەڵێ پێکهاتە و ئـامراز و کەرەستەی تایبەت بەو بوارەوە بەرجەستە کراوە.

٢/ ب/ وێنەی ژوان و شەوڕاو و دڵداری بەکۆمەڵێ دەستەواژە و وێنەی وەسفی و واتایی لەو بارەوە نیشان دراون.

٢/ جـ/ ئاوارەبوون و غەریبی، لەڕێگـەی کۆمـەڵێ وەسـف و گرێـی ئاوڵناوییـەوە خراوەتە ڕوو.

٢/ د/ وێنەی جوانی سروشتی وڵاتی کوردەواری، لەچەند ڕوانگەیەکـەوە وێنـەی گیراوە و لەرێی کەرەستە و ئامرازی تایبەت بەو بوارەوە نیشان دراوە.

٢/ هـ/ وێنـەی پێـداگری و موکـوڕ بـوون لەسـەر گەڕانـەوە بـۆ ئـامێزی یـاران و خۆشەویستان لەچەند لایەنێکەوە وێنەی گیراوە و خراوەتە بەرچاو.

بــەم شــێوەیە لــەکۆی زنجــیرەی وێنــە و دیمــەن و گرتــە جۆراوجۆرەکــان، پانۆرامایێکی وێنەییمان بۆ پێك دێت کە دەرهاوێشتەی سەر لەبەری تێکستەکەیە.

(٣) تەوژمی سۆز:

لە پێشەوە گوتمان، ناڵەی جودایی پارچەیەکی لیریکی ویژدانی ڕۆمانسیانیەیە، بۆیە تەوژمی سۆز تیایدا ڕەگەزێکی بنچینەییە، هەر ئەمەشە کەوا مۆرکی نەمری و مانەوە و بەردەوامی بەم تێکستە بەخشیوە، ئەویش بەو هۆیەی کەوا:

٣/ أ/ سەر ڕێژ و لێوان لێوە لە سۆزێکی ڕاستەقینەی مرۆڤانە، کەوا (جوانی، چێژ، خۆشی، بەهرە و ناسکی و سەرسوڕمان) لە تۆخمە پێکهێنەرەکانیەتی.

٣/ ب/ سۆزەکەی جۆرێکی ڕوون و بەهێز و زیندووە، کە شەپۆلێك لە هەڵچوون و وروژاندن لە هەست و مێشك و دەمارەکانی مرۆڤ بەرپا دەکا و ناخی خوێنەر دەهەژێنێ و دێنێتە جۆش، دیارە ئەمەش بەشێکی لە سەلیقە و سروشتی بەهێزی شاعیرەوە هەڵقوڵاوە و بەشێکیشی لە وێنە و خەیاڵ و زمان و شێوازی شیعری شاعیرەوە بەرپا بووە[١٥].

٣/ جـ/ سۆزێکی پایەدار و بەردەوامە، لەسەرتاوە چەکەرە دەکا و تا دێ ڕەگ دادەکوتێ و پەرە دەسێنێ تا لە کۆتاییەکەدا بە لوتکە دەگات، ئەم پرۆسەیە هاوکات هەست و هۆشی خوێنەر دادەگیرسێنێ و تا لەئاکامدا هەموو هەست و نەستی داگیر دەکات.سەرەڕای ئەوەش تا ماوەیێك بەزیندوویی لە زەین و بیر و هۆشی خوێنەردا شوێنەواری دەمێنێتەوە.

٣/ د/ شاعیر خاوەنی ئەندێشە و خەیاڵێکی بەپێت و دەوڵەمەند و ڕەنگاو ڕەنگە، کە لە ژیان و ئەزموونی ئەدەبی و شاعیرەییەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و باڵاپۆشی تێکستەکەی دەبێت، شەپۆلی ئەو خەیاڵ و سۆزە بەپێز و برشتە، نەوەك بەتەنها ڕەنگدانەوەی حەز و خەم و خولیاکانی شاعیر خۆیەتی و بەس، بەڵکو دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئاوات و حەز و خولیای هەر خوێنەرێکیش، بۆیە کا لێرەدا تێکستی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ڕۆڵی ئاوێنە دەبینێت و خوێنەرەوەیان هەست و حەز و خەم و خولیاکانی خۆیانی تیادا دەدۆزنەوە[١٦].

بەم پێیە لەسەر لەبەری تێکستەکەدا دڵی ئاوەدانی خاوەنەکەی بەدی دەکرێت، کە تەژیە لە سۆز و هەستی ئینسانی سەر ڕێژ، لە خۆشەویستییەکی بەهێز لە ئاست ژن و خەڵك و خاك و نیشتیمانەکەی، کە لە هەندێ باردا بۆ ئاستی سروشتێکی ئەفسووناوی بەرز دەبێتەوە.

## بەشی دووەم

# بنیاتی ئاواز

لەنێوان شیعر و ئاوازدا پەیوەستێکی پتەو هەیە و زۆر جاران دەگوترێت (کەوا شیعر لە هەقیقەتدا بریتییە لە ئاوازی وشە و بێژەکان)[١٧]، ئەوە هەر تەنها شیعریشە کە بەهۆی ئاهەنگ و ئاوازەوە بە گۆرانی دەگوترێت و دەخوێندرێت.


ئینجا لەپێناو هاوسەنگبوونی مۆسیقا و ئاوازی شیعرەوە پەنا بۆ کێش" واتە هاوسەنگی چەندایەتی دەنگ و بڕگە (یاخود وشە و بێژەکان) دەبەین. بەم شێوەیە کێش و پێوانەی دەنگ، دەبنە بنەما بۆ بەرپا بوونی جۆری یەکەمی ئاوازی شیعری کە بە (ئاوازی دەرەوە ـ الموسیقی الخارجیة) دەناسرێت، ئەم جۆرە ئاوازەش تایبەت دەبێت بە شیعری کێشراو یاخود کێشدار، جا چ عەرووزی بێت، یاخود بڕگەیی و خۆماڵی.

جۆری دووەمی ئاوازی شیعری لە هەماهەنگی و جۆر و چۆنیەتی ڕێزبوونی کەرەستەکانی زمانەوە: (دەنگ و بڕگە و وشە و پێکهاتەکان) بەرپا دەبێت و خۆی لە ڕادەی بەرزی و نزمی و جووڵە و شەپۆڵ و ئاوازی دەنگەکانەوە نیشان دەدات ئەم جۆری دووەمەی ئاوازی شیعری بە (ڕیتم) یاخود (ئاوازی ناوەوە ـ الموسیقی الداخلیة) دەناسرێت.

سەبارەت بە (سەروا ـ قافیة)ش، کەوا گۆشەیەك لە ئاوازی شیعری، لەتەك ئاوازی کێش و ئاوازی ناوەخۆی وشەکان پێك دەهێنێت، لە تێورییە ڕەخنەییە کۆنەکان وەکو یەکێك لە دەرکەوتەکانی کێش، یا تەواوکەری کێش حیسابی بۆ کراوە[١٨]، بەڵام لە ڕەخنەی تازەدا و لەسۆنگەی ئەو ڕۆڵە ئاوازەییە گرنگەی کە هونەرەکانی سەروا، لەوێنەی (سەروا، پاش سەروا، هاو سەروا) لەهۆنراوەدا دەیگێڕن، بۆیە وەکو بەرپاکەری جۆری سێیەمی ئاوازی شیعری، (ئاوازی لایەکان ـ الموسیقی الجانبیة) دەناسرێت، کە لەسەر تەوەری هاونشینی (ئاسۆیی) دێری شیعر کار دەکات. لێرەوە ئاوڕێك لە لایەنەکانی ئاوازی شیعری لە تێکستی نالەی جودایی دەدەینەوە:

(أ) **ئاوازی دەرەوە (الموسيقى الخارجيه):**

لەپێشەوە ئەوە گوترا کە ئاوازی دەرەوەی شیعر لە سیستەمی کێشەوە بەرپا دەبێت، لە شیعری عەرووزیدا سیستەمی کێش یەکسانی و هاوسەنگییە لە نێوان هەنگاوەکان (تەفعیلەکان)ی هەردوو نیوە دێری شیعر، ئەنجامی ئەم یەکسانییەی هەنگاوەکانی کێش و هاوتایی لە دەنگ و ئاوازەکانیان لە هەردوو نیوە دێری (باڵی ڕاست و باڵی چەپ) دەبێتە باعیسی بەرپابوونی دوو ڕەگەزی جوانکاری لە شیعردا کە بریتین لە هاوتایی و هاوتەریبی (التناظر والتوازي). ئەم دوو ڕەگەزە جوانییەکی ئاوازەیی دڵگیر بە شیعر دەبەخشن و لە ئاکامی هەستکردن بەو گونجان و هاو ئاهەنگییەوە دێت کە لە دەروونی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت و هەرکاتێکیش ئەو یاسا جوانکارییە شێوا ئەوا خودی ئاهەنگ و جوانییەکەش تێ دەچێت، وەکو لەم وێنە هێڵکارییەدا بەدیار دەکەوێت:



ب　　　　　　أ

هەستی جوانکاری لە وێنەی (أ)دا بۆ هەردوو ڕەگەزی (هاوتایی و هاوتەریبی)یەکە دەگەڕێتەوە، کە لە وێنەی (ب)داو بەهۆی لەبەین چوونی ڕەگەزەکانییەوە ئەو هەستە بەدی ناکرێت[١٩].

سیستەمی ڕێکخستن و ڕێزبوونی هەنگاوەکان، ئاوازێکی پەسەند و دڵگیر بەشیعری عەرووزی دەبەخشێ کە لە بنەماوە لە هەستکردن بە گونجاوی و تەبایی و هاوئاهەنگی سیستەمەکەوە دێت. لێرەدا دێری یەکەم و دەستپێکی تێکستی (ناڵەی جودایی)شی دەکەینەوە، تاوەکو کلیلێك بۆ خوێنەر ببێتە ڕێبەری شیکردنەوەی تەواوی تێکستەکە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سا | قی | یا | وا |
| ڕوو | لە | لای | من |
| — | ∪ | — | — |
| فا | عیـ | لا | تون |

فاعیلاتون

| | | | |
|---|---|---|---|
| با | دە | وە | وا |
| کە | بە | جا | می |
| — | ∪ | — | — |
| فا | عیـ | لا | تون |

فاعیلاتون

| | | |
|---|---|---|
| با | دە | وە |
| با | دە | وە |
| — | ∪ | — |
| فا | عیـ | لون |

فاعیلون

بەگوێرەی ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کەوا تێکستی (ناڵەی جودایی) لەسەر کێشی (رەمەلی شەش هەنگاوی مەحزووف)، کە یەکێکە لە کێشە فەرعییەکانی دەریای (رەمەل)، دامەزراوە و هۆنراوەتەوە[٢٠].

لێرەدا ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کەوا هەڵبژاردنی کێش زۆر جار لە دەسەڵات و ئیختیاری شاعیردا نییە، ئەوە حوکمی بابەت و ناوەرۆکە کە دەسەڵاتی شاعیر ڕووە و هەڵبژاردنی کێشێکی گونجاو ڕاپێچ دەکات، واتە ئەوە سروشت و مۆرك و مەبەستی بابەتەکەیە کەوا لە کێشێکی تایبەتیدا دەمەیێت. لێرەدا لەنێوان کێش و ئاواز و بابەتی شیعریش پەیوەندییەکی پتەو هەیە. هێمنی شاعیر خۆیشی پەی بەو ڕاستییە بردووە و دەڵێ (من وەختێکی خەیاڵێکی شاعیرانە بەر بینگم پێ دەگرێ شیعر ئازاد دەکەم بۆ خۆی قالب بۆ خۆی بدۆزێتەوە)[٢١].

لێرەوە پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە درێژ دەکەین کەوا (هەزەج و ڕەمەل) دوو لە باوترین کێشەکانی شیعری کلاسیکی کوردی پێك دەهێنن و لەگەڵ ئەوەی کە (هەزەج) پشکی شێری داگیر کردووە، بەڵام (رەمەل)یش کەوا زۆر پەسەند کراوی شاعیرانی کورد بووە بە پلەی دووهەم دێت و ڕێژەی (٣٥,٩٪)ی شیعری کلاسیکی کوردی پێکهێناوە و (١٩) قالبی شیعریشی لێ بۆتەوە[٢٢].

رەمەل کێشێکی خوشرەوی ئاوازەداری سووکە، بەتایبەت قالبی (شەش هەنگاوی مەحزووف)ەکەی، کە ناڵەی جودایی لەسەر دامەزراوە، دەشگوترێ (رەمەل خۆی جۆرێکە لە گۆرانی و ئەم سیستەمی کێشەش بۆیە ناونراوە رەمەل چونکێ بە گۆرانی دەگوترێ)[٢٣]. وەکو عەزیز گەردیش دەڵێ: رەمەلی شەشی مەحزووف قالبە کێشێکی سووك و سوارە و بۆ بابەتی درێژی وەکو چیرۆك گێڕانەوە و مەولوود نامەکان بەکار هاتووە[٢٤]. ئینجا پابەند بوون و پاراستنی بنەماکانی یەکێتی کێش هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی تێکستەکە جۆرێك لە ساز و ئاوازی یەکدەستی خوێندنەوە، بە تێکەڵبوون دەگەڵ ئاهەنگ و ناڵەیەکی بەسۆز و خەماوی، بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ کە لەگەڵ ناوەرۆکی خودی بابەتی تێکستەکە یەکانگیر دەبێ و، کەش و هەوایەکی بەچێژ و تام و بۆیەکی حەسرەتبار و سەرنج کێش، لە فەزا و لە دەوری دەقەکە دەخولقێ.

(ب) ئاوازی لایەکان (**الموسیقی الجانبیة**):

ئەم لایەنەی ئاواز و ئاهەنگی شیعری لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی نیوە دێر و دێرەکاندا کاردەکات، ئەو کارەکتەرانەش کە ڕۆڵی گرنگی تیادا دەگێڕن و کاریگەریان بەسەر ئاوازی شیعرییەوە دەبێت، بریتین لە هەریەك لە: سەروا، پاش سەروا (ڕەدیف)، هاوسەروا (سەروای ناوەوە). سەروا خۆی ساز و ئاهەنگێکی تایبەت بۆ شیعر دەخولقێنێ و خاوەنی کتێبی (موسیقی شیعر)، (١٥) خاڵی ڕێزکردوون سەبارەت بەو بەهرە و کۆمەکانەی کە سەروا بە تێکستی شیعری دەیبەخشێت، لەوانەش کاریگەری ئاوازی مۆسیقایی کە لە پێشەوەی هەمووانەوە دێت[٢٥]. ئەوەی لە قالبە کێشی (مەسنەوی)دا بەشێوەیەکی گشتی و ناڵەی جوداییش وەکو پێڕەوێك لەو قالبە، وەکو خەوش حیسابی بۆ دەکرێت، پابەند نەبوونی ئەم جۆرەی قالبی شیعرییە بە بنەماکانی پاراستنی یەکێتی سەروا لە تەواوی تێکستەکەدا، بەو هۆیەی سیستەمی سەروا لەپارچەی مەسنەویدا لەسەر ئەوە دادەمەزرێت کە سەرواکان جوت جوت بەدوای یەکتری لە دێرەکاندا ڕێز دەبن و دەگۆڕێن. جا ئەم ئاڵوگۆڕەی سەروا لەدێرەکاندا دەرەتانێك بۆ پاراستنی یەکێتی ئاواز و مۆسیقای سەروا لەتێکستدا ناهێڵێتەوە و، ئەو چێژ و لەزەتەی خوێنەر لەبەدوای یەکتریدا هاتنی سەرواکان دا پەی پێ دەبات لێرەدا بەدی ناکرێت[٢٦]. ئینجا لەپێناوی قەرەبوو کردنەوە و زێدەکردنی شەپۆلی ئاهەنگ و ئاوازی شیعرەکە، تا ئەوەی هەست و هۆشی خوێنەریش بەدەقەکەوە بەند بکات، پەنا بۆ چەند هونەرێکی بەدیل دەبردرێت وەکوئەمانەی کە هەندێکیان لێ باس دەکەین کە لە تێکستی ناڵەی جودایی هێمنی شاعیردا ڕوون و بەرچاون:

**ب/ ١/** کەرتکردنی نیوەی دێرەکان و ڕازاندنەوەی دیوی دەرەوەی گوتاری شیعری بە پەنابردن بۆ (سەرواداری)، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبێتە بنەمای ڕازاندنەوەی ئەسکلێت و پەیکەری گوتاری شیعری و بڕەو پێدانی ئاوازی ئاسۆیی لە نیوەدێر و دێرەکاندا[٢٧]:

**/ پەڕ وەریوی/ باڵ شکاوی/ دەنگ بڕاو/    / بێ بژیوی/ بەش خوراوی/ دەرکراو/**

* * *

**/لێو بەباری/ دەردەداری/ ڕەنجەڕۆ/    / شاعیری/ جوانی پەرستی/ دڵ بەسۆ/**

* * *

**/زێڕ بەلایە/ بێ وەفایە/ دەوڵەمەند/    / هەر هونەر/ نەمرە هونەر وەر/ مەرد و ڕەند/**

لەو لاشەوە سوود وەرگرتن لە پاتە بوونەوەی فرێزەکان (/وا بادەوە/–/ وابادەوە/)، (/وا وەرگەڕێ/–/ وا وەرگەڕێ/)کە یەکسانی و هاوسەنگی پێکهاتە زمانییەکانیان، بێ گومان لە خزمەتی بالاَبردنی ئاواز و ڕازاندنەوەی واتایی دێر و نیوە دێرەکاندا دەبێت:

**/ساقیا/ وا بادەوە/ وا بادەوە/ / ڕوو لە لای من کە/ بەجامێ بادەوە/**
**/ساقیا/ وا وەرگەڕێ/ وا وەرگەڕێ/ / ڕوو لە خوارێ کە/ مەچۆ بۆ سەرپەڕێ/**
**/ساقیا/ بۆ کوێ دەچی/ بۆ کوێ دەچی/ / تۆش لەڕاس ئەم مل هوڕانە مل کەچی/**
**/نامەچۆ/ جوانێ مەچۆ/ واوە مەچۆ/ / تۆ فریوی/ زێڕ و زیوی/ وان مەخۆ/**

وەکو شتێکی سەرباریش بۆ نموونە ئەگەر سەیری نەخشەی دابەشبوونی (ڤاول) و (کۆنسنانت)ەکان بکەین لەنیوە دێرەکانی (باڵی ڕاست) و (باڵی چەپ)ی ئەم دوو دێرە:

**س ا ق ی ی ا و ا ب ا د ە و ە و ا ب ا د ە و ە** (۱۱ V)
**ر وو ل ە ل ا ی م ا ن ک ە ب ە ج ا م ی ب ا د ە و ە** (۱۱ V)

* * *

**س ا ق ی ی ا و ا و ە ر گ ە ڕ ێ و ا و ە ر گ ە ڕ ێ** (۱۱ V)
**ر وو ل ە خ و ا ر ێ ک ە م ە چ ۆ ب ۆ س ە ر پ ە ڕ ێ** (۱۱ V)

دەبینین کە ژمارەی (ڤاوڵەکان) لە نیوە دێرە بەرامبەرەکان دا یەکسانن و (ڤاوڵە کشاوەکانیش زۆربە پێك دەهێنن)، دیارە ئەمەش جۆرێکە لە هاوسەنگی دەنگی نێوان نیوە دێرەکان، کە لە خزمەتی ئاوازەیی شیعرەکە دایە و لەکاتی خوێندنەوەدا بەرزی و نزمی دەنگ و خوێندنەوە یەکسان دەبێت. با لێرەدا چەند نموونەیەکی تر لە هاوسەروایی دێرەکانی نالەی جودایی نیشان بدەین و تێبینی ئەوە بکەین کە سەروای ناوەوە چ ڕۆڵێکی ئاوازەیی هەیە لە دێر و نیوە دێرەکاندا:

**/ساقیا/ بۆ کوێ دەچی/ بۆ کوێ دەچی/ تۆش لەڕاس ئەم مل هوڕانە/ مل کەچی/**
**/زێڕ بەلاَیە/ بێ وەفایە/ دەوڵەمەند/ / هەر هونەر/ نەمرە هونەر وەر/ مەردو ڕەند**

/نامەچۆ/ جوانێ مەچۆ/ واوە مەچۆ/ / تۆ فریوی/ زێڕ و زیوی/ وان مەخۆ/
/ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین / /هەر دەزانن/ گوڵ چنین/ و بەی ڕنین/
/وا وەرە/ دەی وا وەرە/ نێزیک بە لێم / بمدەیە مەی/ بمدەیە مەی/ تا دەڵێم
/دەردی دووری/ دەردی دووری/ کوشتمی/ / دەردی وشیاری و سەبووری/ کوشتمی/
/کوردەواری ئەی ولاتە/ جوانەکەم/ / ڕۆڵەکەم/ خێزانەکەم/ باوانەکەم/
/ئەی ڕەفیقان/ ئەی عەزیزان/ ی ولات /ئەی برای/ هاوسەنگەری/ جەرگەی/ خەبات

جۆرەکانی دووبارە کردنەوەی (ئاسۆیی و ستوونی) دەنگ و وشەکانیش (واتە ڕەگەز دۆزیەکان) هەر هەموو لە خزمەت پەرەپێدان و بەرە و پێشەوە بردنی ئاوازی لایەکانن لە دێرەکاندا، کاتێ هاتینە سەر هونەرەکانی زمان و شێوازی شیعری بە درێژی پەنجەیان بۆ ڕادەکێشین و باسیان دەکەین.

ب/ ٢/ زیادکردن و بەرەوپێش بردنی هێشووە دەنگی سەرواکان، لە وشەی کۆتایی (وشە سەروا)ی نیوە دێرەکان دا، وەکو دەزاندرێ سەروا لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە هاودەنگی دوا دەنگی وشە سەرواکان لە کۆتایی نیوە دێرەکاندا، وەلێ شاعیر بۆ برەو پێدان و زیدەکردنی کاریگەری مۆسیقای سەروا، ئەوەندەی لە دەسەلاتی دا هەبێت، پەنا بۆ بەرز کردنەوەی ڕادە و ڕێژەی هاودەنگی نێوان وشە سەرواکان دەبات، واتا لە دەنگێکەوە بۆ هەورازتر، بۆ (٢، ٣، ٤، ٥، ٦ ...) دەنگ لەوێنەی هێشوە دەنگی یەکسان، تا هارمۆنیایەکی ئاوازەییان لێ پێك بێت و زیاتر لەباری ئاوازەوە برازێنەوە، وەك لەم نموونانەی ناڵەی جوداییدا دەبینین کەوا هێشووە دەنگی سەرواکان چۆن بەرە بەرە هەڵکشان و لە (٢) دەنگەوە گەیوەتە (٩) دەنگ:

ئەو کەسەی نەی بینی هاتی دژمنی نیرەی ئێخسیری لە ئەستۆ داڕنی (٢ دەنگ)

* * *

ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرەو لەوێ ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەس کەوێ (٣دەنگ)

* * *

ئەو کەسەی ئاسوودەوو خۆش ڕاببوارد قەت خەمی ئیخسیرو کۆیلانی نەخوارد
(٤ دەنگ)

* * *

بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە   بێ خــەمێک بیخواتەوە زۆر دارییە   (٥ دەنگ)

* * *

ساقیا وا بادەوە وا بــا دە وە   روو لە لای من کە بەجامی با دە وە   (٦ دەنگ)

* * *

ئەو شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە   لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
(٨ دەنگ)

* * *

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی   دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی (٩ دەنگ)

ب/ ٣/ جاری واش هەیە شاعیر پەنا بۆ هێنانەوەی پاش سەروا (رەدیف) دەبات، کەئەمیش هونەرێکی سەروا دارییە و لە خزمەت پەرەپێدانی مۆسیقا و ئاهەنگ و کاریگەری سەروا دایە، وەك لەم چەند نموونەیەدا روونە:

ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد   تیخی زۆرداری برینداری نەکرد

* * *

ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی   تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی

* * *

ئەو کەسەی دەستی لەمەمکان گیربێ   ئەو کەسەی تفلی دڵی بۆ ژیر بێ

* * *

بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوەنێ   بۆچی ملێ هوڕ لێرە بینی پێوەنێ

* * *

بالەزارم بێتەدەر پشکۆی شیعر   با فراوانتر بکەم ئاسۆی شیعر

* * *

پارچە گۆشتێکە دڵی من ڕوو نییە   ناڵە ناڵەی من درەنگە زوو نییە

* * *

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من   چۆن لەئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من

* * *

دێم بەرە و خیز و چەو و کانیاوی خۆم   چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم

* * *

دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد      دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
* * *
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب      وردە ماچ بن نامێنێ تامی شەراب

ئەم دوو هونەرەی (سەرواداری و پاش سەروا) وەنەبێ شاعیران هەر لەکاتی هۆنینەوەی پارچەی مەسنەویدا پەنای بۆ بەرن، بەڵکو لە دەسەڵاتی شاعیر دایە و بەشێکە لە هونەری سەروا، زۆرتریش لە غەزەل و قەسیدەدا بەکار دەبرێت، ئەوەندە هەیە لەپارچەی مەسنەویدا بەهۆی پابەند نەبوون بە یەکێتی سەرواوە، سەرواداری و ڕەدیف بایەخێکی تایبەت وەردەگرن.

**ب/ ٤/ ڕۆڵی سەروا لە بەرجەستە کردنی واتا و گەیاندنی وێنەدا:**

لە ڕەخنەی تازە لەنگەری بایەخ خراوەتە سەر ئەم لایەنەی سەروا، کەوا لەڕێگەی ئەو ئاهەنگ و ساز و ئاوازەی لێی بەرپا دەبێ ڕۆڵێکی دەروونی و هۆشەکی گرنگ دەگێڕێ لە گەیاندن و بەجەستە کردنی وێنە و واتادا لە شیعر، لەمبارەوە گوتەیەکی (نیما)ی ڕابەری نوێکردنەوە لە شیعری فارسیدا دەهێننەوە کە دەڵێ: (سەروا خواستی شاعیر دەچەسپێنێ)(٢٨)، و دیارە هەر کاتێکیش لە هەرشوێنێکدا مەبەستی شاعیر گۆڕا ئەو سەرواش دەگۆڕێت و بەمە سەروا جۆرێك لە تەبایی و هەماهەنگی (هاوڕمۆنی) لەنێوان هۆش و واتادا پەیدا دەکات. ڕەنگە ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو دەڤەرێکدا و لەقەد و باڵای هەر تێکستێکیشدا بەدی نەکرێت، بەڵام لەناڵەی جوداییدا دەشێ لەزۆر شوێنی نیوە دێر و دێرەکاندا پەی پێ ببردرێت، وەکو لەم نموونانەدا:

– سەرەتا با ئەم دوو دێرە دەور بکەینەوە:

**ســاقیا وا بــادەوە وا بادەوە      ڕوو لە لای من کە، بەجامی بادەوە**
* * *
**ساقیا وا وەرگەڕێ وا وەرگەڕێ      ڕوو لەخوارێ کە مەچۆ بۆ سەرپەڕێ**

ئینجا سەیر دەکەین لەو سیاق و ڕێکەوەندانەدا ڕاستەوخۆ وێنەی ساقی و بادە گێڕی مەیخانەمان لەبیر و هۆشدا بەرجەستە دەبێت، کە لەبەر خاتری ڕجا و تکاو

خواست و ئارەزووی مەیخۆرەوەی پیر (هێمن)، بەرەو دوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆشەیەی کەوا شاعیر تیادا کڕوزان و نالان هەڵکوڕماوە و هەموومان گوێمان لە هەناسە و ئاهو ناڵەیەتی کە دەڵێ" نامەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ، هەر لێرەوەشە کەوا ڕێك هەست بەلالانەوە و پاڕانەوەی شاعیر دەکەین(٢٩).

ئینجا دوای ئەوەی خوێنەر سەفەرێکی درێژ لە هاوڕێیەتی تێکستەکەدا دەبێت و تا دێت هۆش و هەستەکانی زیاتر دەوروژێن و، تا ئەو ئاستەی بەناوەڕاستی تێکستەکە دەگا و بەسەر ئەم دوو سێ دێرەدا هەڵدەکەوێ:

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من　　چۆن لە ئەژنۆ بینەوە دوو دەستی من

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی ئەنگاوتەیە　　بەرد لەبەردی بێتەوە دەنگی هەیە

ژانی ناسۆری جودابیم (چێشتووە　　هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە)

کاتێ وشە و بێژەکانی (چێشتووە.. خۆشم ویستووە.. جێم هێشتووە) بەر پەردەی گوچکەمان دەکەوێ و لەپاشانیش لە هەست و هۆشمان" ڕێك مەودا و بارست و کەلێنی جودایی و لێکدابڕانی شاعیر لە هەست و هۆشی خوێنەردا بەرجەستە دەبێ و لەناخەوەش هەست بە ئێش و ژان و دڵشکانی شاعیر دەکا، ڕەنگە ئەم هەستپێکردنەی خوێنەر بە شێکی بۆ سازگەی دەنگ و واتای وشە و بێژەکان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە هەر سۆز و ئاهەنگی سەروایە لە (چێشتووە.. خۆشم ویستووە.. جێم هێشتووە) کە واتا گەلی بێژەکانی لە ڕەوتی سیاقەکەدا بەیەکە شەتەك داوە و فەزایەکی تایبەتی پێك هێناوە، کە خوێنەریش تەبای شاعیر خۆی، ڕادەپێچێتە نێو ئەو گەرداوەوە:

لەنگەرێ بگرە مەبە وا بەرزە فڕ　　بێنە بۆ من، بێنە بۆ من، جامی پڕ

من وای دەبینم کاتێ خوێنەر دەگاتە بێژەی (فڕ) ئەوا بە گوێی دڵ گوێبیستی شەقەی باڵی باڵداری بەرزە فڕ و، کاتی دەگاتە (جامی پڕ) ئەوا جامی پڕاو پڕو لێوان لێوی لەمێشکدا بەرجەستە دەبێت. ئینجا کە هات و خوێنەر بەسەر ئەم دێرە ڕابورد:

ئەو کەسەی نەیهاڕێ بەرداشی زەمان　　ئەو کەسەی "زیڕەی نەگەییە ئاسمان"

ئەوا بێگومان لە دڵەوە گوێی لە بانگ و هاواری مرۆڤێکی کلۆڵی (وەکو هـێمنی) پلیـشاوەی ژێـر بەرداشـی زەمانـە دەبێـت! . ڕەنگـە ئـەو مەسـەلانە زۆرتـریش هەڵبگرێت و ورد بوونەوە و قوڵبوونەوەی زیاتریش بخوازێت، کـە لێـرەدا لـەکورتی دەیبڕینەوە.

**(ج) ئاوازی ناوەوە** (ریتم):

سـەبارەت بـە ڕیـتم و ئـاوازی نـاوەوە دەگـوترێ کـە (جوڵەیـەکی زینـدووە لـە تاقیکردنـەوەی شـیعرییەوە هەڵـدەقوڵێ و لەئاسـتی جولـەی نـاوەوەی تـەرکیبی شیعردا گەلاڵە دەبێ و لە ئاستی دەنگی دەرەوە دا ڕەنگ دەداتەوە)[٣٠]. واتـە ژان و هــەژانی نــاخی شــاعیرە و بــەرێگای زمــان و شــێوازی شــیعری، بەتایبــەت (هاوئاهەنگی و وەکیەکی و دژیەکی) کە لە ئاستەکانی دەنـگ و وشـە و پێکهاتـە و ڕستە و دەستەواژەکاندا خۆی دەنوێنێ و لەتەك ئاستی کێش و سەروا دا یەکانگیر دەبن و جۆرە ئاهەنگ و ئاوازێکی تایبەت بە شیعر دەبەخشن. لە مەسـەلەی ڕۆڵـی (دەنـگ ـ پیـت) لـە بـەرپا کردنـی ئـاوازی نـاوەکی، کورتـە هەڵوەسـتەیەك لەسـەر ئەندازەی دابەشبوونی دەنگی تـاك فـۆنیمی (ڤـاول و کۆنـسنانتەکان) لەسـەر یـەك دوو دێری سەرەتای تێکستەکە دەکەین، بەمەبەستی نیشاندانی ڕۆڵی (ڕێکـەوتن و دووبارەبوونەوە)ی مۆسیقایی دێرەکان:

(١)

سا قی یا وا | با دە وە وا | با دە وە
vc vc vc vc | vc vc vc vc | vc vc vc

روو لە | لای مِن کا | بە جا می | با دە وە
vc vc | cvc cvc vc | vc vc vc | vc vc vc

(٢)

موش تە ری وەك | مِن لە مەی خا | نێ کە مِن
vc cvc vc cvc | vc cvc vc vc | cvc vc vc

زور بە یان شا | دو بە کەی فو | بێ خە مِن
vc cvc vc cvc | vc cvc vc vc | cvc vc vc

لێرەدا تێڕامانێکی ورد لە نەخشەی ئەندازەیی دابەشبوونی ڤاوڵەکان (پیتە دەنگدارەکان ‑V‑) لەم دوو دێرەدا بەرە و چەند ڕاستییەك ڕێنماییمان دەکات:

دێری(١): باڵی ڕاست + باڵی چەپ

- ١١ ڤاوڵی درێژ: (٩ ‑ آ، ١ ‑ وو، ١ ‑ ی).
- ١١ ڤاوڵی کورت: (٩ ‑ ە، ٢ ‑ ی).
- بەشی هەرەزۆری بڕگەکان کورتن (VC).
- هەردوو ڤاوڵی (آ ‑ ە) لە ڕێژەی ٨٢٪ ناوك و کۆتایی بڕگەکان پێك دەهێنێنن. (آ) ڤاوڵێکی درێژ و کشاوە، (ە) ڤاوڵێکی نەرم و سووکە، هەردوو لا لە بڕگەکەدا بەرە و بەرزی دەڕۆن (↑ ↑) و وەکو چۆن لوتکەی بەشی هەرەزۆری بڕگەکانیان لەهەردوو باڵەکەدا پێکهێناوە، واتا هەر خۆیان دووبارە و چەند بارە بوونەتەوە، ئینجا (لە دووبارە کردنەوەی ڤاولی دا کاتێ لوتکەی بڕگە، کە خاوەنی مۆسیقایەکی بەهێزە، دووبارە دەبێتەوە، ئەوا مۆسیقاکەشی پەرە دەسێنێت و هەرچەندی لوتکە دووبارە کراوەکان پتربن ئەوا مۆسیقاکەش پتر دەبێت)[٣١].

لەگەڵ ئەوەشدا کە ڤاوڵە کورت و درێژەکان لە ژمارەدا یەکسانن، بەلام ڤاوڵە درێژەکان بەپێی سروشتی تایبەتی خۆیان لە بەرامبەرەکانیان (ڤاولە کورتەکان) بەهێزتر و کشاوترن، بۆیە دەنگ و ئاوازی ئەوان زاڵ دەبێت و لەئاکامدا ڕیتم و ئاهەنگی خوێندنەوەی شیعرەکە خاو و لەسەرخۆ دەبێت.

بە حوکمی کێشەکە، (ڕەمەل)، ژمارەی بڕگە کورتەکان لەهەردوو باڵی ڕاست و چەپ (٨ + ٨)ەو بڕگە درێژەکان (٣ + ٣)یە، گوتمان هەردوو دەنگی (آ، ە) ناوك و کۆتایی بەشی هەرە زۆری بڕگەکان (بەکورت ودرێژیانەوە) پێك دەهێنن، ئینجا ئەمە وا دەکات شەپۆڵی دەنگ بە سانایی و سووکی و لووسی (بێ گرفت) بەسەر بڕگەکاندا تێدەپەڕێت و لەساتی خوێندنەوەدا ئاهەنگێکی شەپۆلاوی بەرز و نزمی ڕێك دروست بێت:

دێری (٢): هەروو باڵی ڕاست و چەپ:

- ١٥ ڤاولی کورت: (٩ ‑ ە، ٣ ‑ و، ٣‑ی)
- ٧ ڤاولی درێژ: (٣ ‑ آ، ٣ ‑ ی، ١ ‑ و)
- بڕگە کورتەکان لە هەردوو باڵدا وەك یەکن (٦ + ٦).

– بەڵام برگە درێـژەکان لـەم دێـرەدا، جیـا لـە دێـری یەکـەم کـە زۆربـەیان دوو فۆنیمی بوون، لەم دێرەدا برگەی درێژی دوو فۆنیمی و سێ فۆنیمی هاوسەنگن (٨ : ٨)، هەر بۆیەشە کەڵەکە بوونی دەنگ لـەم دێـرەدا زیـاترە و خوێنـەر بەناچـاری دەبێ لە خوێندنەوەیدا خێراتر هەنگاو هەڵگەڕێ، تا فریای کاتی پێوانەیی کێشەکە بکەوێت.

لەدواجاردا هـەر لـەم گۆشـەنیگایەی ڕۆڵـی دەنگسازی لـە بـەرپاکردنی ڕیـتم و مۆسـیقای نـاوەوە، ئـاوڕێکیش لـە دووبـارە بوونـەوەی دەنگـی کۆتـایی وشـە دەدەینەوە، (دووبارە بوونەوەی فۆنیمی) کە ئەویش ڕۆڵێکی هەیە لە بـەرپاکردنی ساز و ئاواز، با پێکەوە ئەم چەند دێرە دەور بکەینەوە:

**ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکێ بەردرا　　ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا**
**ئەو کەسەی نەی بینـی هاتی دوژمنـی　　نیری ئێخسـیری لە ئەسـتۆ داڕنی**
**ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان　　ئەو کەسەی زیرەی نەگەییە ئاسمان**

لێرەدا چەند بارە بوونەوەی ڤاوڵی (ی) لە کۆتایی زۆر لـە وشـەکانی نیـوە دێـرە بەرامبەر بە یەکەکان (کە خۆی دەنگێکـی کـشاوی ئـاوازداری درێـژە)، جۆرێـك لـە سـەروای نـاوەکی پێکهێنـاوە کـە ئاهـەنگ و ئـاوازێکی تایبـەت بـە دێرەکـان دەبەخشێت و کاریگەریان بەسەر هەست و هۆشی خوێنەرەوە دەبێت.

ئینجا هات و لەسەر ئەم پێوانەیـە پێـدا بـچین ئـەوا پـەی بـەزۆر لایـەنی دیکـەی دیاردەی دووبارە بوونەوەی تاك فۆنیمی و جووت فۆنیمی و چەند فـۆنیمی (ڕێـك و ناڕێك) دەبەین، ئینجا هی ڤاوڵەکان یاخود هی کۆنسنتەکان بێت، کـە ڕۆڵیـان لـە مەسەلەکانی ڕیتمی شیعری دا هەیە و ئەم دیـاردە دەنگیانـە ئەگـەر بـەوردی و بـە درێـژی لێیـان بکۆڵرێتـەوە، دەتوانێـت تیـشك بخاتـە سـەر زۆر لایـەنی کاریگـەری ئاوازەیی تێکستی ناڵەی جودایی.

سـەبارەت بـە بـواری وشەسـازی و ڕۆڵـی دیاردەکـانی سـادەیی و ناسـادەیی، دووبارە بوونەوە و جیناسەکان لە بەرپا کردنی مۆسیقای شیعری ئـەوە لـە بەشـی داهـاتوودا و لـە مەسـەلەکانی تایبـەت بـە بنیـاتی شـێوازی شـیعری باسـیان لێـوە دەکەین.

## بەشی سێیەم
## بنیاتی شێواز

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە ئاوڕ لە شیعر بدەینەوە کە پێی وایە (شیعر ڕووداوێکە لە زمان دا)[٣٢]، ئەوا خۆی دەتواندرێ هۆکارێکی باش و گونجاو بێت تا لەڕووی زمانەوانی واتە (زانستی زمان) وە لە شیعر بکۆڵدرێتەوە. بەو پێیە زمان تان و پۆی دروستبوونی ئەدەبە، جا لێکۆڵینەوە لە هونەرە زمانییەکان ئەو ڕاستیانەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە ئەدەب، بەتایبەتیش شیعر، چۆن دروست بووە. لەم بوارەدا یاکۆبسن (شیعر بە بەرهەمی جوانکاری لە زمان)[٣٣] دەداتە قەڵەم و بەمەش (زمانی شیعر) لە زمانی (ئاسایی ـ ڕۆژانە) هەڵاوێر دەکا.

شاعیر لەپێناو گەیاندنی پەیام و ڕازەکانی دەستە و داوێنی شێوە یاخود شێوازێکی تایبەتی زمان و دەربڕین دەبێت و بەم هەوڵەی چوارچێوەیەك بۆ بنیاتی شێوازی تێکستی شیعری دادەڕێژێ و، لەدوایین شیکردنەوەدا ئەوە هەر لایەنەکانی هونەری و جوانکاری ئەو شێوازەیە کە دەبنە مۆرك و هەوێن و کاریگەری دەقی شیعری پێك دەهێنن.

ئینجا بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و شێوازی هەر تێکستێکی شیعری پێویستە ئاوڕ لە ئاستەکانی زمانەکەی بدرێتەوە: واتە (ئاستی دەنگ و وشە و ڕستە).

### (أ) ئاستی دەنگسازی/

لەکاتی شیکردنەوەی مەسەلەکانی پەیوەست بە ئاوازی لایەکان و ریتم و ئاواز ناوەوە، تا ئەندازەیەك ئاوڕمان لە هەندێ لایەنی دەنگسازی تێکستەکە دایەوە کە لە خزمەت ڕوونکردنەوە و ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری دابێت، ئەوەش کە پەیوەندی بە شێوازی شیعریەوە هەبێت لەم ئاستەدا و وەکو دیاردەیەکی بەرچاویش لەتێکستی ناڵەی جوداییدا خۆی بنوێنێت لێرەدا تاوتوێی دەکەین.

أ/ ١/ دووباره بوونەوەی دەنگ لەسەر تەوەرەی هاونشینی، کە پەرە بە ئـاوازی ڕیتمی ناوخۆیی نیوە دێر و دێرەکان دەدات و ڕاوێژی خوێندنەوە ڕەوان و خۆش و بەتامتر دەکات.

| | |
|---|---|
| موشتەری وەك من لەمەیخانە کەمــن<br>مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان<br>مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخــەمان | دووباره بوونەوەی دەنگی (م) |

* * *

| | |
|---|---|
| - هەر کەسێ بێ کەس نییە و خانە خەراب<br>دەك بـەژاری مـاری بـێ بادە و شـەراب | دووباره بوونەوەی (ب) |

* * *

| | |
|---|---|
| - ئەو کەسەی هەستی بەزۆرداری نەکرد<br>تـیـخـی زۆرداری بریــنـداری نـەکـرد | دووباره بوونەوەی (ر) |

* * *

| | |
|---|---|
| - خەم ڕەوێنێك گوێ بداتە ڕازی ئەو<br>نازەنـیـنـێـك بێ بـکـێشێ نازی ئەو | دووباره بوونەوەی (ز) |

* * *

| | |
|---|---|
| - ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمی تاس و لووس<br>ئەو کـەسەی تێی هـەڵـنەدابـێ چـارەنووس | (س) |

* * *

| | |
|---|---|
| - شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە<br>ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە | (ش) |

* * *

| | |
|---|---|
| - مــەی حــەڵــاڵـە بۆ منی وێرانە ماڵ<br>بۆ منی سەرگەشتەوو ڕووت و ڕەجاڵ | (ڵ) |

* * *

| | |
|---|---|
| - ئەو هــەوەســبـازانە جێی مـتمانە نیـن<br>هــەر دەزانن گـــوڵ چنیـن و بەی ڕنیـن | دەنگی (ن) لەم دێرەدا<br>١٠ جاران دووبارە بۆتەوە |

- دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبـووری کـوشتمی
(وو — د)

* * *

- وا وەرە دەی واوەرە نێزیك بە لێم
بمدەیە مەی بمدەیە مەی تا دەڵێم
دەنگی (ە)
١٣ جار دووبارە بۆتەوە

* * *

- یەك لەماڵیٚ چاوەڕیٚ بوویێتەوە
دەرکی نێو ماڵێکی لیٚ بکرێتەوە
(یٚ)

بـەم پێیـە دەتـوانین بەدوایـدا بـڕۆین و پەنجـە لەسـەر زۆری دیکـەی مەسـەلەی پاتەبوونەوەی دانگ دا بنێین، کە ئەم دیاردانە خۆی لە خۆیدا بیٚ حیکمەت نین.

أ/ ٢/ ڕواڵەتێکی دیکەی دووبـارە بوونـەوەی دەنـگ، مەسـەلەی هـاتنی (جووتـە دەنگ)ە لە هەر دوو پارچەی وشە و پێکهاتە زمانییە لێکدراوەکان (ناو و ئاوڵنـاوی لێکدراو، گرێی وەسفی و گرێی ئیزافی). ئەم دیاردەیە لە تێکستی ناڵـەی جودایـیدا لەسەر تەوەری هاونشینی زۆر بەرچاو و چالاك خۆی دەنوێنیٚ: (ڕەنگ زەرد، خانـە خەراب، بادە و شەراب، نیری ئێخسیری، زویر و زگار، تانـەی بـیٚ تـەمیزان، تـۆزی بەدبەختی، لێرە و لەویٚ، ماچی کچان، دۆی داوەتـیٚ، جـار و بـار، تـاس و لـووس، ناسك و نازدارێك، نەرم و نۆڵی، تاو و تین، ڕووت و ڕەجاڵ، با بردەڵـە، بـیٚ بـەش، دەر بەدەر، کەسەر، دەردە دار، ڕەنگو ڕوو، زێر و زیو، هونەر وەر، مەرد و ڕەنـد، قیت و قۆز، ناڵە ناڵ، یادی یاران، خورد و خەو، دەرد و داخ، وردە داو، زی مەم و زینان، خانزاد و خەزاڵ، نارە نار، شەمزین و شـەمیلە، سـاردە بـرین، بەنـد و بـاو، پووڵوی سەرکڵ، زۆزان، ئاران، دەردە کورد، پەك کەوتە، ئەمما ملـە، دار و بـەرد، زەنوێر و زەمەند، ڕێچکە و ڕەشبەڵەك، هۆبە و هەوار، بـازی بێـری، دەسـتی دۆی، بەرهەڵست و بەرگر). دەشیٚ ئەم جووتە دەنگانـە بـەپێی جـۆری ڕونانـە زمانیەکـە یاخود بەگوێرەی شوێنی هاتنیان لە (سـەرەتا، ناوەنـد، کۆتـایی) وشـە و پارچـەو پێکهاتەکان پۆلین بکرێن و لێك بدرێنەوە کـە ئەمەشـیان دەتـوانی پـەردە لـەڕووی چەند نهێنی و دیاردەی جوانکاری هەڵبداتەوە.

أ/ ٣/ دەشێ لەسەر مەسەلەی هاتن و دابەشبوون و پاتە بوونەوەی کۆنسنانتەکانیش لە وشە پێکهاتەکاندا قسە بکرێت و نموونەی لەچەند لایەنێکی تێکستەدا شی بکرێتەوە، کە ئەمەشیان دیاردەیەکی دیکەی شێوازگەری لەسەر ئاستی دەنگ و فۆنیم لە دێر و نیوەدێرەکانی تێکستەکە دا پێك دەهێنێ.

وەکو چۆن لەسەر ئاستی دەنگ دەکرێ قسە و باس لەسەر چەند لایەنێکی دیکەش بکرێت وەکو مەسەلەی هێزوئاوازە (سترێس) و شوێن و چۆنیەتی هەڵکەوتنی لە وشەکاندا، مەسەلەی لادانی فۆنیمی بە (زێدە کردن و کرتاندنی) فۆنیم، ئینجا بەرجەستە کردن و هاوسەنگی دەنگی چۆنایەتی و چەندایەتی[٣٤].

**(ب) ئاستی وشەسازی/**

وشە بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، کە دەکرێ لەڕووی ئەرکەوە یاخود واتاوە ڕۆلێك لە زماندا بگێڕێت[٣٥]. ئەوەی بۆ ئێمە مەبەستە زیاتر لایەنی دووەمە، واتا لایەنی واتاداری وشەیە. بۆیە پێویستە سەرەتا ئاوڕێك لە کر و ئاکاری ڕۆنانی وشەیی تێکستەکە لەڕووی (سادەیی و لێکدراوی)یەوە بدەینەوە. ئینجا بەلای ڕۆلی هونەری دووبارە بوونەوە (تیکرار)ی وشە و پێکهاتەکانەوە، لەسەر هەردوو تەوەری هاونشینی و جێ نشینی تێکستەکەوە بچین، ئینجا لەدوا بەش ڕادە و جۆر و چۆنیەتی وشە و پێکهاتە زمانییەکان ڕوون بکەینەوە، ئەوسا هەوڵ دەدەین ڕۆڵ و کاریگەری هەموو ئەمانە لەسەر گوتار و داهێنانی شیعری لەسەر تێکستەکەدا نیشان بدەین کە مەبەستی بەر و دوای ئێمەیە.

ب/ ١/ لەباری سادەیی و ناسادەیی وشە و بێژەکانی تێکستی ناڵەی جودایی واچاکە بەندێك لە دەقەکە بخەینە ڕوو و شیی بکەینەوە، ئەنجا لەژێر ڕۆشنایی دەرکەوتەکانی سەرنج و تێبینیەکانمان نیشان بدەین:

٣ ١ ١ ٢ ١ ١ ٢ ١ ١ ١ ١ ٤ ٣

ساقیا بۆ کویٚ دەچی بۆ کویٚ دەچی    تۆش لە راس ئەم مل هوڕانە مل کەچی

١ ١ ٢ ١ ٢ ٢ ٢ ٢ ٢ ٤ ٢ ١

تۆش بە ڕەنگ و ڕووی ئەوان خواردت فریو    چاوی تۆشی هەڵ فریواند زێڕ و زیو

١ ٤ ٢ ٢ ٢ ٢ ٢ ٢ ٢ ٣

تۆش دەگۆڕیەوە دەگەل گەوهەر هونەر     کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر

١ ٣ ٤ ٣ ١ ٢ ٢ ٣ ٢ ١

زێڕ بەلاّیە بێوەفایە دەوڵەمەند     هەر هونەر نەمرە هونەروەر مەرد و ڕەند

٢ ٢ ٢ ٢ ١ ٢ ٣ ٥ ١ ٢

چڵکی دەستە ماڵی دنیا وەک دەڵێن     ماڵ پەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن

٢ ٢ ١ ٣ ٣ ٤ ٢ ٢ ٢ ١

قەدری جوانی کوا دەزانی ماڵپەرست     جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست

| دێڕەکان | وشەی: ١ بڕگەیی | وشەی: ٢ بڕگەیی | وشەی: ٣ بڕگەیی | وشەی: ٤ بڕگەیی | وشەی: ٥ بڕگەیی | وشەی: ٦ بڕگەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٨ | ٢ | ٢ | ١ | - | - |
| ٢ | ٤ | ٧ | - | ١ | - | - |
| ٣ | ١ | ٧ | ١ | ١ | - | - |
| ٤ | ٣ | ٣ | ٣ | ١ | - | - |
| ٥ | ٢ | ٦ | ١ | - | ١ | - |
| ٦ | ٢ | ٥ | ٢ | ١ | - | - |
| کۆ | ٢٠ | ٣٠ | ٩ | ٥ | ١ | سفر |

ئەم نەخشەیە کە بە نموونەی مشتێ لە خەرواریێ سەیری بکەین، ئەوەمان پێ دەڵێ کەوا بەشی زۆری کەرەستە و زمانی شیعر تێکستەکە لە وشەی سادەی (٢) بڕگەیی پێك هاتووە، بەو ئیعتیبارەی وشە سادە (١) بڕگەییەکان زۆربەیان لە ئامرازەکانی (بە، لە، بۆ..) یاخود جێناوەکانن. بەمەڕا بەدیار دەکەوێ کە زمانی

تێکستەکە، زمانێکی سادە و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵە و خۆی لە وشە و پێکهاتەی لێکدراو و ئاڵۆز بەدوور گرتووە.

ئینجا ئەگەر لەڕووی پاکی و بێ گەردی زمانی تێکستەکە و خۆ بواردنی شاعیر لە دەکارکردنی وشە و زاراوەی غەوارە و بێگانەشەوە بڕوانین، دەبینین شاعیر زمانێکی پەتی و یەك ڕەنگ و سادەی بەکار بردووە و خۆی لە وشە و زاراوە و پێکهاتەی بیانی (فارسی و عەرەبی و تورکی) پاراستووە، تەنانەت هاتنی چەند وشە و زاراوە گەلێك لەوێنەی (ساقی، موشتەری، حەرام، شەراب، حەیف، خەراب، عەزیز، وەتەن، قەرار، شاعیر، ئەسەر، ئینسان، حاشا، وەسل، قانوون، تەبیعەت، سەفا، وەفا،...) هیچ کاری نەکردۆتە سەر کرو ئاکار و تەونی زمانی تێکستەکە، چونکێ خوێنەری ئاسایی کورد هەست بە نامۆیی ئەو وشە و بێژانە ناکات کە تام بۆییێکی کوردەواریان وەرگرتووە و هەر لە زووەوە جێگای خۆیان لەناو زمانەکەمان دا کردۆتەوە.


هەر سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی وشە و زاراوەکانی تێکستەکە پێویستە پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەین کە شاعیر چەند زمانزان و شارەزا و خۆماڵیانە دواوە و چۆن ئەو هەموو وشە هاوواتا و هاوچەشنە ڕەسەن و جوان و خۆوڵاتیانەی (بەنموونە بۆ وەسفی سروشتی جوگرافی زێدەکەی) دۆزیونەتەوە، کە ئەمەیان تایبەتمەندییەکی زمان و فەرهەنگی شیعری شاعیر پێك دەهێنێ لەسەر لەبەری بەرهەمەکانیدا:

| | |
|---|---|
| دێم بەرە و ئەو دار و بەرد و بەندەنە | دێم بەرە و ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە |
| دێم بەرە و زورگ و تەلان و کەند و لەند | دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند |
| دێم بەرە و هەوراز و پاناوك و نشیو | دێم بەرە و ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسیو |
| دێم بەرە و بەفر و چلورە و بەستەڵەك | دێم بەرە و شیخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەك |
| دێم بەرە و لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم | دێم بەرە و هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم |
| دێم بەرە و هۆبە و هەواری باسەفا | دێم بەرە و لادێ بەرەو کانگەی وەفا |

★ ★ ★

بەمەبەستی زیاتر بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی بابەتیانەی خاسیەتە تایبەتییەکانی زمان و فەرهەنگی شاعیر لەباری وشە سازییەوە، پەنا بۆ

پرۆسـەیەکی ئامـاری دەبـەین بـە یارمـەتی (هێڵـی ڕوونکردنـەوەی زامـب)، تاپـەی بـەڕادە و ڕێــژەی بــەکاربردن و بەشــەکانی ئاخــاوتن (ناوەکــان، ئاوڵناوەکــان، کارەکــان، ئامرازەکــان...) بــەرین لــە تێکــستەکەدا[٣٦]. لێــرەدا بەنــدی (٧)ی تێکستەکە بە نموونە وەردەگرین کە لە (٢١) دێرە هۆنراوە پێك دێ و شوێنی دڵـی لە جەستەی تێکستی ناڵەی جودایی بۆخۆی داگیر کردووە، بەوەلا نـانی دوو دێـرە فارسییەکە.




لەم نەخشە هێڵکارییە دا بەرزبوونەوەی ڕێژە و ڕادەی بـەکاربردنی (ناوەکـان + کارەکـان + ئاوڵناوەکـان) کـە بـڕی ٥٧,٥٪ جەسـتەی تێکـستەکەی پێکهێنـاوە، ئاماژەیـەکی ڕوونــە بـۆ بــەرزی ڕادەی ئەدەبییــەتی دەقەکــە، لەکاتێکـدا پــۆلی ئامرازەکان (کە لە سێ گرووپ پێکهاتوون) بۆ بەسـتنەوە و بەیەکـەوە گـرێ دانـی کەرەستەکانی دیکەیە، تۆڕی جێناوەکانیش ڕێژەکـەی (١٧,٨٪)ە، بـە سـەرنجدان لەوەی لـەو بـڕەدا جێنـاوی کەسـی یەکـەمی ئـاخێوەر (مـن، م) لـە ٨٢,٥٪ داگـیر کردووە، کە ئاماژەیە بۆ زالبوونی (خودی) خاوەن گوتـار (خـودی شـاعیر خـۆی). کەوابی ئـەوە نـاخ و خـودی شـاعیرە دەدوێ و قسە دەکـات، بـەئاوازی وەسـف و ڕووداو (ئاوڵناو + کار) گوزارشت لە حاڵی پەرێشانی خۆی دەکاتەوە.

**ب/ ٢/ دووباره كردنەوە (تكرار):**

هەر لەبواری فەرهەنگی زمان و وشەسازی تێكستەكەوە پێویستە ئاوڕ لە یەكێك لە بوارە گرنگ و كاریگەرەكانی گوتاری شیعری بدەینەوە، كە ئەویش بنیاتی دووباره بوونەوەیە. لەم ئاستەدا دووباره كردنەوە بریتییە لە پاتە بوونەوەی فۆڕمێكی زمانی (وشە، فرێز، ڕستە) وەكو خۆی لە نیوەدێر و دێرەكاندا بەهەمان واتا و دەلالەت، كە یەكێك لە خاسیەتەكانی داهێنانی شیعری پێك دەهێنێ[٣٧].

ئینجا مەبەست لە دووباره كردنەوە ئەوەیە: (١) لەپێناوی دروستبوونی هاوسەنگی و مۆسیقای شیعرە، واتە زۆرجاران (زەرووڕەتی كێش)دووباره كردنەوە بەدوای خۆیدا فەرز دەكات. (٢) بۆ مەبەستی پێداگرتن و جەختكردنی واتایە، واتە بۆ سەرنج كێشان و بەرجەستە كردنی واتا و زێدەكردنی كاریگەریەكەیەتی لەسەر خوێنەر. (٣) مەبەستێكی دیكە ئەوەیە وەكو لەكاتی قسەكردن لەسەر كێش دا باسمان لێوە كرد، دووباره بوونەوەی ڕێك و هاوسەنگ و یەك لەدوای یەك، جوانی تێدایە و چێژ و خۆشی و نەشئە بە مرۆڤ دەبەخشێت[٣٨].

(٤) لەدواییشدا دەگوترێ كەوا دووباره بوونەوە ئەركی كۆكردنەوە و یەكخستن و سفتوسۆ كردنی یەكەكانی دەلالەت و واتای تێكستی شیعری لە تەونێكی چۆن یەكدا دەبینێت[٣٩].

لێرەدا ئاوڕێك لە لایەنی جوانكاری و داهێنان لە هونەری دووباره بوونەوە و جۆرەكانی، لە تێكستی ناڵەی جودایی دەدینەوە و بەپێی بەندەكان پێدا دەچین:

(١)

ساقیا وا بـــادەوە وا بـــادەوە ... ڕوو لە لای من كە بە جامی بادەوە

بۆ كەسێكە مەی چزیلكی پێـــوەنێ ... بۆچی مـــل هوڕ لێرە بینی پێوەنێ

بۆ كەسێكە مەی كە دەردی كارییە ... بێ خەمێك بیخواتەوە زۆرداریيـــە

بۆ كەسێكە مەی دڵی پڕبێ لـە داخ ... حەیفە لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ

(٢)

ئەو كەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان ... ئەو كەسەی نەیدیوە ئێش و برك و ژان

ئەو كەسەی نەكرا نیشانەی تیری خەم ... شانی دانەخزی لەبن باری ستەم

ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد    تیخی زۆرداری بریندار نەکرد
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکیٚ بەردرا    ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دژمنی    نیری ئێخسیری لە ئەستۆ دارنی
ئەوکەسەی هێندە نەبوو زوێر و زگار    وا نەکەوتە بەر چەپۆکی رۆژگار
ئەو کەسەی نەیهارِی بەرداشی زەمان    ئەو کەسەی زیرەی نەگەییە ئاسمان
ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی    تیرو تانەی بیٚ تەمیزانی نەدی
ئەو کەسەی راوی نەنێن لێرە و لەویٚ    ئەو کورەی ماچی کچانی دەس کەویٚ
ئەو کەسەی دەستی لە مەمکان گیر بیٚ    ئەو کەسەی تفلی دڵی بۆ ژیر بیٚ
ئەو کورەی کیژێک بەرە و رووی پێکەنیٚ    ئەو کەسەی هەر سووکە ئاورێکی دەنیٚ
ئەو کەسەی پەنجۆلە بگوشی جاروبار    ئەو کەسەی دەستی بگاتە دەستی یار
ئەو کەسەی راموسیٚ کوڵمی تاس و لووس    ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابیٚ چارەنووس
ئەو کەسەی بمژیٚ خوناوەی گەردەنیٚ    زوڵمە یەک قەترە شەرابی گەردەنیٚ

(٣)

ئەو کەسەی راوی نەنێن لێرە و لەویٚ    ئەو کورەی ماچی کچانی دەس کەویٚ
ئەو کورەی هێشتا لە ژوانیٚ رێی هەیە    سەیرە زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە
ئەو کورەی دۆی داوەتیٚ دەستی دەنیٚ    بێتە ئێرە چۆنە هەی دێی نەکەنیٚ
ئەو کورەی کیژێک بەرەو رووی پێکەنیٚ    ئەو کەسەی هەر سووکە ئاورێکی دەنیٚ

(٥)

ساقیا وا وەرگەریٚ وا وەرگــەریٚ    روو لە خواریٚ کە مەچۆ بۆ سەر پەریٚ
لەنگەریٚ بگرە مەبە وا بەرزە فرِ    بێنە بۆ من بێنە بۆ مـــن جامــی پـــرِ
مەی حەلاڵــە بۆ منی وێرانە ماڵ    بۆ منی سەرگەشتەوو رووت و رەجـاڵ
بۆ منی با بردەڵەی گردە نشـین    بۆ منی دڵ پـــرِ لە ناســۆر و بـــرین
بۆ منی ئاوارەو و دوورە وەتـەن    بلبلی بیٚ بەش لە گــوڵزار و چەمــەن

(٦)

ساقیا بۆ کویٚ دەچی بۆ کویٚ دەچی    تۆش لەراس ئەم مل هورانە مل کەچی
تۆش بە رەنگ و رووی ئەوان خواردت فریو    چاوی تۆشی هەڵفریواند زێر و زیو
تۆش دەگۆریەوە دەگەل گەوهەر هونەر    کەنگیٚ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر

(٧)

نا مەچۆ جوانێ مەچۆ واوە مەچـــۆ  تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخـــۆ
وا وەرە دەی وا وەرە نێزیک بە لێم  بمدەیە مەی بمدەیە مەی تا دەڵێم
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە  بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە  ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
با لە زارم بێتە دەر پشکۆی شیعر  با فراوانتر بکەم ئاسۆی شیعر
دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی  دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
نابینم ناسیاو و دۆستی خۆم  نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
ڕوو لە هەرلایێ دەکەم نامۆیە بۆم  نابینم جێ ژوان و کەونە لانی خۆم
ڕوو لە هەرلایێ دەکەم بێگانەیە  ژین لەنێو بێگانەدا تەنگانەیە

(٨)

چۆن نەناڵی ئەو دڵەی پڕ هەستی من  چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من
چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی ئەنگاوتەیە  بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە
وا بەتەنیایی لەنێو خوێندا شەلال  کوانێ عێل و کوانێ (خانزاد) و (خەزاڵ)
وەک سیامەندێ لە چۆل و بەندەنێ  جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ
شەتلی جواناوم منی سارده برین  کوا (خەج)م تا بۆم بگێڕێ گەرمە شین
مانگی کانونێ بە چلوان دەرکرام  وەک برایم لەو وڵاتە ڕاونرام
کوا پەریخان بەند و باوم بۆ بڵێ  بۆ نەسووتێم نەبمە پوولووی سەر کڵێ

(١٠)

ئەی ڕەفیقان ئەی عەزیزانی وڵات  ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات
هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت  دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت
دێم بەرەو خێزو چەو و کانیاوی خۆم  چۆن لەوانە وەردەگێرم چاوی خۆم
دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە  دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە
دێم بەرەو زوورگ و تەلان و کەند و لەند  دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند
دێم بەرەو هەوراز و پاناوک و نشیو  دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆل و پەسیو
دێم بەرەو بەفر و چلوورە و بەستەڵەک  دێم بەرەو شیخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەک
دێم بەرەو لێڕو چڕ و بەستێن و چۆم  دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم

دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا    دێم بەرەو لادێ بەرەو کانگەی وەفا
دێم ببینم نیشتیمان و زێدەکەم    دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم
دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ    دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم و گوێم بۆ بەیت و لاوک هەڵدەخەم    گوێم لەوانە بێتەوە من کەڵ دەخەم
دێم گراوی خۆم لە باوەش وەرگرم    دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم
دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد    دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب    وردە ماچ بن نامێنێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی    هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم    دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەمبێ برست بیر و هۆش    گەر گلاشم کوردەوای و ئێوە خۆش

ب/ ٢/ أ / لێرەدا خوێندنەوەیەکی وەسفی و ئاماری بۆ دیاردەی دووبارە کردنەوە، وەك لە تێکستەکەدا عەیانە، دەکەین و لەدواییش بەپێی جۆرەکانی دووبارە کردنەوە پۆلینیان دەکەین و ڕادە و ڕێژەکان بەدیار دەخەین.

| جۆری دووبارە بوونەوە | جار | وشە و پێکهاتە دووبارە کراوەکان |
|---|---|---|
| ١ـ دووبارە بوونەوەی وشەی سەرەتا لە هەمان دێر، یا لە سەرەتای دێرەکان: | ٢١ | شیوەن/ ٣، ڕوو/ ٢، دێم/ ١٦ |
| ٢ـ دووبارە بوونەوەی وشەی کۆتایی: | ١٠ | شیعر/٢، خۆم/ ٤، بێگانە/ ٢، کورد/ ٢. |
| ٣ـ دووبارە بوونەوەی وشەی ناوەخن: | ٢ | ناڵە/ ٢ |
| ٤ـ دووبارە بوونەوەی ئامراز: | ١٧ | تۆش/ ٣، چۆن/ ٣، با/ ٢، کوا/ ٢، وەك/ ٢، کوانێ/ ٢، ئەی/ ٣. |
| ٥ـ دووبارە بوونەوەی فرێز (گرێ): | ٨٢ | وا بادەوە/ ٢، ئەو شەرابە/ ٢، بۆ کەسێکە/ ٣، ئەو کەسەی/ ٢٢، ئەو کوڕەی/ ٤، وا وەرگەڕێ/ ٢، بێنە بۆ |

| | | |
|---|---|---|
| | | من/٢، بۆ منی/ ٥، بۆ کوێ دەچی/ ٢، مەچۆ/ ٣، واوەرە/ ٢، لێم گەڕێ/ ٢، کوشتمی/ ٢، چۆن نەناڵێ/ ٢، بمدەیە مەی/ ٢، شیوەنی من/ ٢، دەردی دووری/ ٢، نابینم/ ٣، دێم بەرەو/ ١٤، دێم ببینم/ ٢، دێم و دەگرم/ ٢. |

لەمەسەلەی دووبارە کردنەوە سەرباری لایەنی زمانی و فەرهەنگی و جوانکاری لە وشە و پێکهاتەکاندا، وەکو لە خشتەکەدا بەدیاردەکەوێت چەند لایەنێکی دەروونی و سیمیائیش لە دووبارە کردنەوەی وشە و فرێزەکاندا دەخوێندرێتەوە[٤٠]:


دووبارە بوونەوەی وشە (دێم): ١٦ جارە

دووبارە بوونەوەی فرێزی (دێم بەرەو): ١٤ جارە.

دووبارە بوونەوەی فرێزی (دێم ببینم): ٢ جارە

دووبارە بوونەوەی فرێزی (دێم و دەگرم): ٢ جارە

ئەگەر تەنها وشەی (دێم) لەبەرچاو بگرین ئەوە (٣٤) جاران دووبارە بۆتەوە. هەڵبەتە ئەمە دەلالەتێکی زۆر ڕوون و ڕاشکاوە لەسەر حەتمییەتی گەڕانەوە!، لە سەر ڕادەی موکوڕ بوون و پێداگری و ویستی شاعیر بۆ گەڕانەوە، بەڵام گەڕانەوە بۆ کوێ؟ وەڵامەکە ڕوون و ئاشکرایە، بەرەو باوەشی ئۆقرەیی و دڵنیایی (باوەشی گەرمی نیشتیمان) کە شاعیر سەردەمانی منداڵی و لاوێتی و بەشێکی تەمەنی پیریشی لە ئامێزیدا گوزەراندووە. ئەم وێنە هێڵکارییە زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەو مەبەستەمان:




له دووباره بوونەوەی فرێزەکاندا بەهەمان چڕی شاعیر خۆزگە بـە (ئـەو کەسـە) دەخوازێت که له دڵنیایی و ئۆقرەییدا لەپاڵ نیشتیمانەکەیدا دەژیەت، (٢٠) جـاران دەڵێ (ئەو کەسە)!، ئاخۆ ئەو کەسـە کـێ بێـت؟ هەڵبەتـە ئـەو کەسـە هـەرخودی (شاعیر) خۆیەتی، که له سەردەمانێك له ئامێزی گەرمی نیشتیماندا، لەناو دڵدار و دڵبـەر و یـاران و خۆشەویـستانییدا بـە خۆشـی و شـادی ڕاییـواردووە.لـە بـەدوای یەکـداهاتنی چـەندجارەی (وابـادەوە، وا وەرگـەڕێ، بـۆ کـوێ دەچـی، مەچـۆ، وا وەرە، دەردی دووری دەردی دووری...) بـــانگ و هـــاواری شـــاعیری تیـــادا دەخوێندرێتەوە، هاوار بۆ کوێ و بۆ چی؟ بۆ تاقە فریاد ڕەسێك (ساقی و مـەی و مەیخانە)، تا هیچ نـەبێت بـۆ سـاتێکیش ئـەو خـەم و کـوڵ و دەرد و ژانـەی لـەیاد بباتـەوە و بـە خـەیاڵی مەسـتی، راحـەت و ئەرخـەیان، بیگەڕێنێتـەوە ڕۆژگـار و سەردەمانێکی تەمەنی زێڕین له باوەشی نیشتیماندا.

ئەوەی جێی سەرنجە له مەسەلەی دووباره بوونەوەکان له تێکستەکەدا ئەوەیە، که هەنـدێ جـار لەسـەر تـەوەری هاونـشینی ڕوودەدەن و هەنـدێ جـاریش لەسـەر

تـەوەری جـیٚ نـشینی، بـەڵام کاتێـك شـاعیر دەخوازێـت بـە چـڕی و بـە خەسـتی موعانەتەکانی نیشان بدات ئەوا دووبارە بوونـەوەکان لـە سـەر هـەردوو تـەوەر ڕوو دەدەن و یـەکانگیر دەبـن و دەبـن بـە (بـۆرة) یـاخود چـەقێکی واتـایی و دەلالی و چەندین واتا و دەلالەتی لاوەکییان لە دەور دەهاڵیٚ.

ب/ ٢/ ب/ لایــەنێکی دیکــەی دووبــارە بوونــەوەی وشــەیی، ڕەگــەز دۆزی و جۆرەکانییەتی، کە ئەویش هەر دووبارەبوونەوەی وشەیێکە بە هەمان فۆڕم، یا بـە گـۆڕانێکی کـەم، بـەڵام بـە واتـای جیـاواز، ئەوەشـیان هەمدیـسان جوانکـاری و ڕازاندنەوەی بێژەیی و واتـایی لـیٚ دەکەوێتـەوە، لـە تێکستەکەدا چـەند نموونـەی ڕەگەز دۆزی تەواو بەدی دەکرێت وەکو:

(١)

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە

(٢)

بۆیەناڵەم تێکەڵی نەی کردووە شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە

(٣)

ئەو کەسەی بمژیٚ خوناوەی گەردەنیٚ زوڵمە یەك قەترە شەرابی گەردەنیٚ

(٤)

دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی

ئەو جووتە وشانەش کە ڕەگەزدۆزی ناتەواویان لە نێواندا هەیە ئەمانەن: مەچۆ: مەخۆ، روو: زوو، بۆم: خۆم، بیٚ ئەوی: بیٚ خەوی، هەست: دەست، چنیم: تـەنیم، مەمیٚ: کەمیٚ، بلٚیٚ: کلٚیٚ، ورد: کـورد، شـلە: ملـە، چـۆم: گـۆم، وەرگـرم: بـەرگرم، جام: تام، لێم: دێم، هۆش: خۆش...).

جـۆرێکی دیکـە لـە ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو کـە لـە تێکـستەکەدا بـەدی دەکرێـت، ئەوەیانە کە دانە فەرهەنگییەکان جـوت جـوت هاوسـەنگن و بەرامبـەر بـە یـەکتری دەوەستن:

کەمن: خەمن، بیٚ خەمان: ئێخەمان، خەم: کەم، دەرد: زەرد، خەراب: شـەراب، عەزیزان: تەمیزان، تەنیشت: نەنیشت، راز: ناز، دەڵێن: بەڵێن...[٤١].

لایـەنێکی دیکـەی وشەسـازی و دووبـارە بوونـەوەی وشـەیی دیـاردەی بـەدوای یەکداهاتنی وشە دژە واتاکانە، کە لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی دەلالەت و واتـادا بەرامبەر بەیـەکتر دەوەسـتن، بـەڵام لـە تێکستەکەدا دژ واتاکـان زۆرجـاران ڕۆڵـی تەواکەری واتایی دەگێڕن و دەلالەتەکان لـە مێـشکی خوێنـەر چەسـپاوتر دەکـەن، وەکو لەم وێنانەدا بەدیار دەکەوێت:

- ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ
- ڕوو لە خوارێکە مەچۆ بۆ سـەر پەرێ
- تۆش لەڕاس ئەم ملهوڕانە مل کەچی

- پارچە گـۆشتێکە دڵی من ڕوو نییە
- یادی یاران و وڵاتـــم ڕۆژ و شـــەو

- شەو دەکێشم شەو نخوونی و بێ خەوی
ڕۆژ دەکێشـــم دەرد و داخـــی بێ ئەوی

- شەتڵی جواناوم منی ســـاردە برین
کوا (خەج) تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین

- ئەو لە زۆزان من لە ئارانێ دەژیـــم
- دێم بەرەو هەوراز و پاناوك و نشێو

ب/ ٢/ ج/ هـــەر لـــە بـــواری وشەســـازیدا، لایـــەنێکی دیکـــەی شـــێوازگەری لـــە تێکستەکەدا بەدی دەکرێت کە مۆرکێکی تایبـەتی پـێ بەخـشیوە و هێڵـی بـەیانی کاریگەری واتایی و ئاوازەییان بەرزتر کردۆتەوە. شاعیر لە چەند شوێنان پـەنای بۆ ئامرازگەلی ئاخاوتنی (پارتیکل) بردووە، کە لە تێکستی شیعریدا بۆ مەبەسـتی پـڕ کردنەوەی بۆشایی و دروسـتکردنی هاوسـەنگی و جـەخت کـردن و چـڕ کردنـەوەی واتا پـەنای بۆ دەبردرێت:

- ســاقيا وا بــادەوە وا بـادەوە.
- ساقيا وا وەرگەڕێ وا وەرگەڕێ.
- وا وەرە دەی وا وەرە.
- نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ.
- چۆن پەنا بۆ مــەی نەبەم ئــەدی.
هەر هونەر نەمرە، هونەر وەر مەر و ڕەند.

ب/ ٢/ د/ چەمکێکی دیکەی وشەسازی لە تێکستی ناڵـەی جوداییـدا هاتنـەوەی جووتە وشەیە، بەتایبـەت ئەوانـەی کـە (زۆر بەسـەر زار و زمانـەوەن و شـاعیران و نووسەران بۆ ڕەنگین کردنی شوێنەوارەکانیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە)[٤٢].

دەستەیەك لەم جووتـە وشـانە قـەد و بـاڵای تێکستەکەیان ڕازاندۆتـەوە، وەکـو ئەمانەی لای خوارەوە:

(تیر و تانە، لێرە و لەوێ، تاس و لووس، ڕووت و ڕەجاڵ، جار و بار، ڕەنگو بۆ، قیت و قۆز، ناڵە ناڵ، خـورد و خـەو، دەرد و داخ، نـارە نـار، بەنـد و بـاو، بـەرد و بەندەن، کێو و شاخ، چۆل و دەشت، خێز و چەو، نەرم و نۆڵ، زویر و زگار...)

ب/ ٢/ هـ/ لایـەنێکی دیکـەی شـێوازی شـیعری لـە تێکـستی ناڵـەی جـودایی، مەسەلەی چڕی بڵاوبوونەوەی (وشـەی لێکـدراو)ەکانـە و بـە تایبـەتیش (ئاوڵنـاوی لێکـدراو)، لـە تــەون و چـنینی تێکـستەکەدا، کـە ئەمــەیان ئاکـامێکی سروشـتی زاڵبوونی لایەنی سۆزدارییە وەکو سیمایەکی گشتی بنیاتی بابەت لە تێکستەکەدا. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییەی کەوا چۆن هەست و هۆش و سـۆزی هـۆنراوە زمـان و شـێوازی گونجـاو و تــەبا لەگـەڵ بابــەت لـە دوو تـوێی تێکـستدا بـەرپا دەکەن[٤٣]. واتا شێواز دەبێتە کاڵای پڕ بە قەد و باڵای بابەت.

ئاوڵناوەکان خۆیان کەرەستەی گونجـاوی لایـەنی وەسـفی و سـۆزداری تێکـست پێك دەهێنن، لێرەدا کێومالێکی تێکستەکە دەکەین و تۆڕی ئاوڵناوە لێکدراوەکان دەستنیشان دەکەین: (بێ خـەم ـ بـێ کـەس، بـێ دەرد، ڕەنـگ زەرد، پـڕ لـەداخ، بەرزە دەماخ، بێ کـەس، خانـە خـەراب، بـێ تـەمیزان، بەدبـەختی، خـەم ڕەوێـن، وەفادار، نازدار، بەرزە فڕ، وێرانە ماڵ، سەرگەشتە، بابردەڵە، گردەنـشین، دڵ پـڕ

لە ناسۆر، دوورە وەتەن، بێ بەش، پەڕوەریو، باڵ شکاو، دەنگ بڕاو، بێ بژیو، بەش خوراو، دەرکراو، دەربەدەر، دیدە سوور، داتەپیو، بێ پەسیو، بێ قەرار، دەستە شکاو، کۆڵە وار، لێو بەبار، ڕەنجەڕۆ، دڵ بەسۆ، مل کەچ، بەختەوەر، جوان پەرست، ماڵ پەرەست، هەوەسباز، سەرخۆش، پەیمان شکێن، بێ بەڵێن، کەونە لان، بێ خەو، گەپچاڕ، دەردە کورد، هاوسەنگەر، پەك کەوتە، بەرهەڵست، بەرگر، شەوڕن...). مایەی تێڕامانە کە بەشی هەرەزۆری ئاوڵناوەکان (شەرحی حاڵی پەرێشانی شاعیر دەکەن) و لە خەم و دەرد و ڕەنج و ئازارەکانی دەدوێن، تەنانەت ئەگەر سەیری بەندی پێنجەمی تێکستەکە بکەین، دەبینین شاعیر تەنها بەزمانی ئاوەڵناو دەدوێ و وەسف و گوزارشت لە ناکامی و نائومێدییەکانی دەکاتەوە:

ساقیا وا وەرگەڕێ وا وەرگەڕێ — ڕوو لە لای من کە مەچۆ بۆ سەر پەڕێ
لەنگرێ بگرە مەبە وا بەرزە فڕ — بێنە بۆ من بێنە بۆ من جامێ پڕ
مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ — بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین — بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارەو و دوورە وەتەن — بلبلی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن
پەڕ وەریوی، باڵشکاوی، دەنگ بڕاو — بێ بژیوی بەش خوراوی دەرکراو
پیری زوڕهانی کەنەفتی دەربەدەر — دیدە سووری دڵ مەکۆی دەرد و کەسەر
داتەپیوی، بێ پەسیوی، بێ قەرار — بێ کەسی دەستە شکاوی کۆڵەوار
لێو بەباری دەردە داری ڕەنجەڕۆ — شاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ

ئینجا فرێز و گرێ وەسفییەکانیش کە لە (دیار خراو + دیار خەر) پێك هاتوون، بەشدارییەکی چالاکییان لە زمان و شێوازی دەربڕینی شاعیردا کردووە و بالای تێکستەکەیان تەنیوەتەوە: (ئەم شەرابە تاڵە، مەستی بێ خەم، ئەو شەرابە ئاڵە، دەردی ژیان، تیری خەم، باری ستەم، نیری ئێخسیری، بەرداشی زەمان، دووری عەزیزان، بێ تەمیزان، تۆزی بەدبەختی، خوناوەی گەردەنی، دوورە وەتەن، پیری زورهانی، دیدە سووری، جوانی پەرستی، ناڵەی جودایی، سۆزی دەروون، ئەشکی ڕوون، بانگی ئازادی، گرووی یەکسانی، شینی کوردی، بێ بەش، پشکۆی شیعر،

ئاسۆی شیعر، دەردی دووری، دەردی وشیاری و سەبووری، ژانی ناسۆری، چالّی دیلی، ئەسپۆنی ورد، کانگەی وەفا، پەرژینی بەزی...)

ب/ ۲/ و/ وشەی هاوتا و هاو واتا ئاسا:

هاو واتا ئەو وشانەن کە واتاکانیان وەك یەك بن و لەزۆر باردا بتوانن لەسەر تەوەری جیٚ نشینی شوێنی یەکتر بگرنەوە، هاوتا ئاساش ئەو وشانەن کە واتاکانیان بەیەکەوە پەیوەست بن و لە یەك کێلّگەی واتاییدا Semantic field پێکەوە کۆ ببنەوە(٤٤).

ئەم دیاردەیە وەکو سیمایەکی شێوازی شیعری لە تێکستی نالّەی جوداییدا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا نموونەکانی دەهێنینەوە:

- زۆربەیان (شاد و بەکەیف و بیٚ خەمن).
- مەی حەرامە بۆ (سەهەندە و بیٚ خەمان).
- دەك بەژاری ماری بێت (بادە و شەراب).
- ئەو کەسەی هێندە نەبوو (زوێر و زگار).
- لێی نەگیرا (دەور و پشت و چوار تەنیشت).
- شوێنی دیکە زۆرە بۆ (گالّتە و جەفەنگ).
- هەیبیٚ (گورد و تاو و تین و گوڕ).
- بۆ منی (ئاوارەو و دوورە وەتەن).
- پیری (زووهانی کەنەفتی) دەربەدەر.
- (شیوەنی من شینی) کوردی بیٚ بەشە.
- نابینم (ناسیاو و دۆست و یاری) خۆم.
- نا بینم (خاك و ولّات و شاری) خۆم.
- بوومە (ئاوارە و پەڕیوەی دوورە ولّات).
- (ڕۆلّەکەم خێزانەکەم باوانەکەم).
- (کێو و شاخ و چۆل و دەشت).
- دێم بەرەو (خێز و چەو و) کانیاوی خۆم.
- ئەو (دار و بەرد و بەندەن)ە.
- دێم بەرەو (زورگ و تەلان و کەند و لەند).

- دێم بەرەو /هەوراز و پاناوك و نشێو/.
- دێم بەرەو /بەفر و چلووره و بەستەڵەك/.
- دێم بەرەو /شیخاڵ و ڕێچكە و ڕەشبەڵەك/.
- دێم بەرەو /لێر و چڕ و بەستێن و چۆم/.
- دێم بەرەو /هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم/.
- دێم ببینم /نیشتیمان و زێدەكەم/.
- دێم ببینم /خزم و كاك و دیدەكەم/.

لەم نموونانەدا پەیوەندی نێوان دانە فەرهەنگییەكانی ناو یەك كێڵگەی واتایی، یا ئەوەتا پەیوەندی هاو واتاییە وەكو (شاد: بەكەیف: بێ خەم)، (بادە: شەراب)، (شیوەن: شین)... تاد، یا ئەوەتا پەیوەندی هاوسێیەتی و یەكێتی ڕەگەزییە وەك (بەفر و چلووره و بەستەڵەك)، (ناسیاو و دۆست و یاری)...، یاخود پەیوەندی دەلالەت و تەواوكارییە وەك (زوورگ و تەلان و كەند و لەند)، (هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم)، لەهەندێ شوێنیشدا دەشێ پەیوەندییەكان لەسەر بنەمای یەكێتی واتا و دەلالەت وەستابن، وەك: (كێو و شاخ - چۆل و دەشت)، (دار و بەرد و بەندەن)[٤٥].

(ج) **ئاستی ڕێزمان و ڕستەسازی**/ وردبوونەوە لە ئاستی ڕێزمان و ڕستەسازی ڕستە و فرێزەكان، بنیاتی پێكهێنەر و شێوازی دەركەوتنیان لەڕووی كورتی و درێژی، جۆرەكانی ڕستە، هاوڕێكی و هاوتەریبی ڕستە و فرێزەكان لەسەر تەوەرەی ستوونی و لایەنی تر... دەبنە تەوەری لێكۆڵینەوە لەم بەشەی باسەكەمان. بەو پێیەی جۆری ڕستە بەندی و هاتنی دەستەواژە و پەرەگرافەكان دەبنە مایەی ڕاكێشانی سەرنج و بەخشینی مۆرك و شێوازی تایبەت لە گوتاری شیعریدا[٤٦]. ئەگەر بەشێوەیەكی گشتی قسە لەسەر زمانی شیعری تێكستەكە بكەین، تێبینی دەكەین كە ناڵەی جودایی بەزمانێكی سادە و ڕەوان و پاراو هۆنراوەتەوە، تەنانەت لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییش نزیك بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش تێكستەكە خاسیەتی هونەری شێوازی (السهل الممتنع)ی خۆی پاراستووە، وە هەر ئەم شێوازە پەتی و پاراو و ڕازاوەیشە بۆتە مایەی ئەوەی تێكستەكە ماكی

داهێنان و هەرمان بە درێژایی ڕۆژگار بۆخۆی پـاوان بکـات و هەمیـشە دڵپەسـەندی هـەمووان بێـت. ئەگـەر چـەند نموونەیـەکی داڕشـتنی شـیعری تێکستەکە نیـشان بدەین، مەسەلەکانی زمان و شێوازی شـاعیر ڕۆشـنایی زیـاتر وەردەگـرن و یـەکالا دەبنەوە:

**(١) ساقیا وا بادەوە وا بادەوە.**

**(٢) ساقیا وا وەرگەڕێ وا وەرگەڕێ.**

**(٣) ساقیا بۆ کوێ دەچی بۆ کوێ دەچی.**

**(٤) نامەچۆ جوانێ مەچۆ واوە مەچۆ.**

**(٥) وا وەرە دەی وا وەرە نیزیک بە لێم.**

بە سەرنجدان لەوەی جۆری داڕشتنی (سـاقی ـ یـا) لـە نموونـەکانی پێـشەوەدا، قالبە داڕشتنێکی کۆنی زمانی فارسییە و لەجیاتی (ئەی ساقی) بـەکار بـراوە، کـە ئەمەیان بۆ بابەت و سیاقی شیعری (مەینۆشی و ساقینامەکان) شتێکی گونجـاو و ڕێك و لەبارە.

لە هێنانەوەی (وا ـ بادەوە)، (وا ـ وەرگەڕێ)، (وا ـ مەچۆ)، (واوە ـ مەچـۆ)، (وا ـ وەرە)، (دەی واوەرە)، جۆرێـك سـوینەوەی زمـانی تێدایەکـە زیـاتر لـە زمـانی ڕەشۆکی ناو خەڵکیدا بەکار دەبرێت. دیـارە مەبەسـت لـەو (وا) یانـە، ئەوەیـە کـە شاعیر لە بـڕی (بـەرەو لای مـن، بـۆ لای مـن) وەرە و ڕوو مەکـەرە ئـەم لاو ئـەولا، بەکاری هێناوە، ئەم جۆری داڕشتنەی (وا بادەوە، وا وەرگەڕێ، وا وەرە...) یەش جۆرێك لە بانگ کردنی بە ڕچاو تکـاو پاڕانـەوەی تێدایـە، چـونکە بـادە خـۆر هـەر بەچاوی تکاو ئومێدەوە دەڕوانێتە بادەگێڕ و قـەتیش گوتـاری (لەشـێوەی ئـەمر و فرمان)ی لەئاست بەکار ناهێنێ.

بەگشتی بنیاتی رستە لە دێرەکانـدا کـورت و ڕاسـتەوخۆن، لـە نیـوە دێرەکانـدا تەواو دەبن، کەم وایە ڕستەکان بۆ تەواو کردنی واتا بپەڕنەوە بـۆ نیـوە دێرەکـەی تر. لە زۆر شوێن ڕستەکان لەسەر هەمان شێوەی داڕشتن دووبارە بوونەتەوە:


– ئەو شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە.

ئەو شەرابە ئاڵە بۆ بێدەرد نییە.

– لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە.

لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە.
- بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوەنێ.
بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە.
بۆ کەسێکە مەی دڵی پڕبێ لە داخ.
- بۆ چی ملێ هوڕ لێرە بینی پێوەنێ.
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ.

ئەنجا لەنێوان خودی ڕستەکانی یەك دێر (ڕستەیەك لەباڵی ڕاست و ڕستەیەك لە باڵی چەپ) جۆرێك دیالۆگ و دواندن لە ئارادا هەیە. واتـە هـەر دێرێـك هـۆنراوە لـە وێنەی ڕستەییێکی مۆسیقایی و واتاییە کە نیوەی یەکەم (قەرار)ەکە کە پێك دێـنێ و نیوەی دووەم (جەواب)ەکەیەتی تا لەکۆتاییدا بەندەکان بە ڕستەییێکی واتـایی و مۆسیقایی تۆکمە قوفل دەدرێن.




بەندی (٢) و (٣) هەریەکێکیان بۆ سەر چەند پارچەی هاوچەشن دابەش دەبـن. بەنـدی (٢) لـە چـەند دێرێـك پێـك دێـت کـە لەسـەر بنیـاتی وەسـف و گێڕانـەوە و بەرێـژەی (نـەرێ) دەربـڕاون، کـە تیایانـدا بنیـاتی دارشـتنی فرێزێکـی هاوچەشـن بەسەریاندا زاڵە:

- ئەو کەسەی نەی چێشتووە.................
- ئەو کەسەی نەی دیوە.....................
- ئەو کەسەی نەکرا..........................
- ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد

} دووبارە بوونەوەی هەمان دارشستن و رۆنانی سێنتاکسین

ئیتر هەر ئـەم ڕۆنـان و داڕشـتنە درێـژە دەکێـشێ تـاوەکو وروژانـدنی هەسـت و مەبەست بە لووتکە دەگات، ئەوسا بە ڕستەپرسیارێك بەندەکە قوفل دەبێت:

**بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟ شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ؟**

بەندی (٣) لەسەر هەمان ڕێکەوەنـدی بەنـدی پێـشووە، تـەنیا دۆخەکـە ڕێـژەی (ئەرێ) وەردەگرێت، فرێـزی پێـشبەند (ئـەو کەسـە) بـە (ئـەو کـوڕە)ش موتوربـە دەکرێت:

| ڕستەی قەرارەکان | ڕستەی جەوابەکان |
| --- | --- |
| - ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ. | (..................................) |
| - ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە. | (..................................) |
| - ئەو کوڕەی دۆی داوەتێ دەستی دەنێ. | (..................................) |
| - ئەو کەسەی دەستی لە مەمکان گیر ببێ. | (..................................) |
| - ئەو کوڕەی کیژێك بەرەو ڕووی پێکەنێ. | (..................................) |
| - ئەو کەسەی پەنجۆڵە بکوشێ جاروبار. | (..................................) |

ئەم شێوە داڕشتنە بەردەوامی هەیە تا لەکۆتایی بەندەکـەدا ڕسـتەی جەوابەکـە مەسەلەکە دەبڕێنێتەوە:

**ئەو کەسەی بمژێ خوناوی گەردەنێ ← (زوڵمە یەك قەترە شەرابی گەردەنێ).**

ئەو سیاقی گێڕانەوە و وەسف و دیالۆگە لە بەشێکی بەندی (٤)یـشدا بـەردەوام دەبێ، بەڵام ڕستەکان لە نیوەدێرەکانی باڵی چـەپ دەبنـە تەواوکـەری ڕسـتەکانی باڵی ڕاست:

**سـاقـیـا وا وەرگەڕێ وا وەرگەڕێ ← ڕوو لە لای من کە مەچۆ بۆ سەر پەرێ.**

**لەنگەرێ بگرە مەبە وا بەرزە فڕ ← بێنە بۆ من بێنە بۆ من جامی پڕ.**

**مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ ← بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووت و ڕەجاڵ.**

**بـۆ مـنـی بـابردەڵەی گردە نشین ← بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین.**

ئینجا جۆرێك لە هاوتەریبی داڕشتن (الموازنة) بەسەر دێرەکاندا زاڵ دەبێت، واتە نیوە دێرەکان خاوەنی ڕۆنانی سینتاکی هاوبەش دەبن:

/ پەڕوەریوی/ باڵشکاوی/ دەنگ بڕاو/
/ دیدە سووری/ بەشخوراوی/ دەرکراو/
* * *
/پیری زورهانی/ کەنەفتی/ دەربەدەر/
/دیدە سووری/ دڵ مەکۆی/ دەرد و کەسەر/
* * *
/داتەپیوی/ دەردەداری/ ڕەنجەڕۆ/
/شاعیری/ جوانی پەرەستی/ دڵ بەسۆ/

ئەم جۆرە داڕشتنەی (ڕۆنانی سینتاکسی هاوبەش) کە لە وێنەی هاوتەریبی و هاوسەروایی ناوەخۆیی بەدیار دەکەوێت، لە هەندێ جێگەی دیکەدا لە تێکستەکە بەدی دەکرێت:

/نا مەچۆ/ جوانێ مەچۆ/ واوە مەچۆ/
/تۆ فریوی/ زێڕ و زیوی/ وان مەخۆ/
* * *
/وا وەرە دەی/ وا وەرە/ نیزیک بە لێم/
بمدەیە مەی/ بمدەیە/ مەی تا دەڵێم/
* * *
/بۆیە ناڵەم/ تێکەڵی/ نەی کردووە/
/شیوەنێکم/ پێیە نەی/ نەیکردووە/
* * *
/با لەزارم بێتە دەر/ پشکۆی شیعر/
/با فراوانتر بکەم/ ئاسۆی شیعر/
* * *
/نابینم/ ناسیاو و/ دۆست و/ یاری/ خۆم/
/نابینم/ خاک و/ وڵات و/ شاری/ خۆم/
* * *

/هەڵبڕاوم/ من/ لە/ یاری/ نازەنین/

/دەرکراوم/ من/ لە/ خاکی/ دڵنشین/

ئەم دیاردەیە واتا (موازەنە)، لە دێرەکانی کۆتایی بەندی دوایی لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی، زۆر پەرە دەستێنێ و بەلووتکە دەگا:

/دێم/ بەرەو/ ئەو/ دار و/ بەرد و/ بەندەنە/

/دێم بەرو/ ئەو/ باخ و/ مێرگ و/ چیمەنە/

/دیم/ بەرەو/ زوورگ و/ تەلان و/ کەند و/ لەند/

/دێم/ بەرەو/ بژوێن و/ زەنوێر و/ زەمەند/

/دێم/ بەرەو/ بەفر و/ چلوورە و/ بەستەڵەک/

/دێم/ بەرەو/ شیخاڵ و/ ڕێچکە و/ ڕەشبەڵەک/

ئەم بارودۆخە ڕێزمانییە، لە تەناسووق و ئەندازیاری لە داڕشتنی شیعر، دیاردەیەکی هونەری و شێوازگەرییە لە ئاکامی کارلێکی (تەفاعول) لە نێوان زمان و واتا و ئەندێشە و ئاوازەوە بەرپا دەبێت، ئاستی جوانکاری و شیعرییەت، بە ڕادەییەکی زۆر بەرەو چڕی و بالأیی دەبات[٤٧]، خوێنەر هەست بە چێژ و خۆشییەکی زۆر دەکات. وەکو چۆن لە نموونەکانی پێشەوەشدا دیمان بە شێوەیەکی چالاك تێکستەکەی ڕەنگڕێژ کردووە.

لە باری جۆرەکانی ڕستەوە، ڕستەی خەبەری (هەواڵ گەیاندن) بە پلەی سەرەکی لە باڵای تێکستەکەدا هاتووە، کە دەشێ دەیان نموونەی لێ بەرچاو بخەین، ئەنجا ڕستەی" داخوازی، پرس، مەرج، دێن، کە بەهۆی جێ ناو و ئامرازەکانی پرس و مەرجەوە ساز دەکرێن، بە ئەندازەی بەرچاو لە ڕوخساری دەقەکەدا خۆ دەنوێنن، لە پاڵ ڕستەکانی ئەرێ و نەرێ دا.

ئەمانەی لە پێشەوە باسکران سەبارەت بە شێواز و بنیاتی ڕستەی سادە بوون، ئەنجا لەڕووی ڕۆنانەوە دەشێ ئاماژە بۆ جۆرەکانی دیکەی ڕستەش بکرێت، وەکو ڕستەی لێکدراو، ڕستەی ئاڵۆز، شاڕستە و پاڕستە و پەیوەستەکانی ڕستە، ئەنجا ڕۆڵ و ئەرکیان لە تەونی زمان و کروئاکاری شێوازی تێکستەکەدا دەستنیشان

بکرێن، لە پاڵ ڕستەی ناوی و ڕستەی کاری، پاش و پێش خستنی کارەستەکانی ڕستە و زۆر لایەنی تر.

هەروەها دەشێ ئامارژە بۆ تۆڕی بڵاو بوونەوەی (جێ ناوەکان) لە تەونی تێکستەکەدا بکرێت و لێك بدرێنەوە، کە ئەمانە هەموو چەند لایەنێکی شێوازگەری دەق و تێکستی ئەدەبی پێك دەهێنن و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد و درێژ و هەمەلایەنەیە، کە لە سنووری ئەم باسەی ئێمەدا نییە.

(د) ئاوێزانی دەق و تێهەڵکێش/

دەق ئاوێزانی ئەوەیە کە وا زۆر کەڕەت نووسەر و شاعیران بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی ناوەرۆك، یا ڕازاندنەوە و ڕەوانی دەربڕین، دەست بۆ دەق و تێکستی دیکە دەبەن و لە بنیاتی بەرهەمەکەی خۆیاندا بەگوێرەی مەبەست دەیگونجێنن، بە شێوەیەك کە پارچەو دەقە وەرگیراوەکان لە ناو بەرهەمە نوێیەکەدا دەتوێنەوە و دەبن بە بەشێك لە بنیات و کر و ئاکاری ئەو بەرهەمە(٤٨).

هەر بۆیە ئاوڕدانەوە لە کلتووری مێژوویی و ئەدەبی و ئایینی ، بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن و وەبەرهێنان و بەکارخستنەوەی لە داهێنانی تازەدا دەبێتە مایەی قووڵ بوونەوەی مەبەست و ناوەرۆك و بە برشت کردنی زمان و شێوازی دەربڕین، ئەم کردەوەیە زۆرجاران بە ڕوونی و ڕاشکاوی دەبێت، یا ئەوەتا لە ڕێگەی (ئیماوە) بە پەنامەکی و خیشکەیی ڕوو دەدات.

لە تێکستیناڵەی جوداییدا دەق ئاوێزانی لە چەند لایەنێکی بەرجەستە بووە، کە ئەمانەن:

د/ ١/ ئاوێتە بوونی دەربڕین و داڕشتنی گۆرانی فۆلکلۆری لەپاڵ ئیدیەمی زمانی ڕۆژانە لەگەڵ زمان و شێوازی شیعری تێکستەکە ڕووی داوە، هەندێ لەمانە لە ئەسڵی دەقەکەدا دەستنیشان کراون، هەندێکیش بە سەرنجدان لە داڕشتن و دەربڕینەکان دەناسرێنەوە:

- ئەو کەسەی <u>دەستی لە ئەوکێ بەردرا</u> ئەو کەسەی <u>دوژمن لە ماڵی دەرکرا</u>
- ئەو کەسەی "دەستی لە مەمکان گیر بێ" ئەو کەسەی "تیفلی دڵی بۆ ژیر بێ"
- ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان ئەو کەسەی "زیڕەی نەگەییە ئاسمان"
- ئەو کەسەی <u>نەیبینی هاتی دوژمنی</u>.

- تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت.
- ئەو کەسەی پەنجۆڵە بگوشیٚ جاروبار ئەو کەسەی دەستی بگاتە دەستی یار
- ئەو کەسەی ڕاموسیٚ کۆڵمی تاس و لووس ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابیٚ چارەنووس
- ئەو کەسەی بمژیٚ خوناوەی گەردەنیٚ.

ئەو ڕستە و دەستەواژانەی خراونەتە ناو جوت کەوانەوە "......." لە دەقەکەدا دەستنیشان کراون و کە دەق و دەربڕینێکن لە ئەدەب و گۆرانی فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراون و شاعیر بەو هۆیەوە کەش و هەوایەکی عاشقانەی خولقاندووە کە تا ئێستاش لە شیعر و گۆرانیدا دووبارە دەبنەوە و ژینگەیەك پێك دێنن کە خوێنەر بەرەو لای خۆی کێش دەکات. ئەو ڕستە و دەستەواژانەش کە هێلیان بەژێردا کێشراون، لە شێوەی ئیدیەم و قسەی سەر زارەکی ڕۆژانە هاتوون و کە ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە. ئەم کەرستانە هەریەکەو لە شوێنی خۆی ڕەونەق و بەهایەکی جوان و سۆزداریان بە تێکستەکە بەخشیوە.

د/ ٢/ تێهەڵکێش:

شاعیر لە سیٚ شوێنی جیای تێکستەکەیدا هانای بۆ سیٚ دێری پێشەکی (مەسنەوی معنوی) مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بردووە، کە بەهۆی جیاوازی زمانەوە دەناسرێنەوە و لە دەقی تێکستەکەشدا ئاماژە بە خودی شاعیرەکە مەولانا (مەولەوی) کراوە:

وا وەرە دەی، وا وەرە، نیزیك بە لێم بمدەیە مەی بمدەیە مەی تا دەڵێم
"مست مستم ساقیا دەستم بگیر تا نیوفتادم زپا دەستم بگیر"
جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی "مەولەوی":
"بشنو از نی چون حیکایت میکند واز جداییها شیکایت میکند"

لە بەندی کۆتاییشدا دێرێکی دیکەی هاتووە:

"هەرکسی کو دور ماند از اصل خیش باز جوید روزگار وصل خیش"

د/ ٣/ ڕەمزی داستانی:

بە مەبەستی چڕکردنەوەی واتا و بە زمانی ئیماو دەربڕین، لە تێکستەکەدا ئاماژە بۆ کۆمەڵێ سیمبول و ڕەمزی داستانی کوردەواری کراوە. کە هەموویان داستانی دڵداری و عاشقانەن و لەمێژووی کلتوور و ئەدەبی کوردیدا ناسراون و تۆمار کراون.شاعیر لە هێنانەوەی ناو و سەربردەی قارەمانانی ئەو داستانانە، مەبەستێتی چەمکی "قوربانی بوون ـ الضحية" لای خوێنەر قوول بکاتەوە، لەڕێگەی هەڵبەستنی پردێك لەنێوان خۆی و کەسایەتی و قارەمانەکانی ئەو داستانانە، کە هەموویان قوربانی ڕێگای ئەوینێکی پاك و ڕاستەقینە بوون. بەو ڕادەیەی هەندێکیان لە یادگار و هۆشی و کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ پایەی قدیس و پیاوچاکان بەرز بوونەتەوە، شاعیری ئێمەش عاشقێکی شەهیدە، ئەمە مێژوو و سەربردەکەشی دەیسەلمێنێ. داستانەکان بەم شێوەیە لە تێکستەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە:

بوومــــە ئــــاوارە و پـــــەرِیوەی دوور وڵات
کەوتمـــــە نێـــــو وردە داوی ڕێ ی نــــەجات
بـــەکرە شـــۆفارەی ئـــەوی مووخـــەی چـــنیم
زی مـــــەم و زینــــان وڵاتــــی لــــێ تــــەنیم
کەوتمـــە نێـــو چـــاڵی دیلـــی وەك (مـــەمێ)
(یایـــە زیـــن) لەکوێیـــە هـــاواری کـــەمێ؟
کوا قـەرە تـاژدێن (چـەکۆ) و (عرفـۆ) لـەکوێن؟
بێنـــە هانـــام وەك پڵنگـــی چـــەنگ بـــەخوێن
(الاســـە شـــۆڕ)ێـــك بـــووم غـــەنیمی دوژمنـــان
ئێـــــستە ئـــــەنگواوم بـــــەتیری چـــــڵکنان
وا بەتــــەنیایی لـــــەنێو خوێنــــدا شــــەلاڵ
کـــوانێ عێـــل؟ و کـــوانێ (خـــانزاد) و (خـــەزاڵ)؟
زۆر لەمێـــژە نـــارە نـــاری مـــنی نەبیـــست
هەروەك و (شەمزین) شـەمیلەی خۆشەویـست

وەك (سیامەندیٚ) لە چۆل و بەندەنیٚ
جەرگی لەت کردم پەلی دارە بەنیٚ
شەتڵی جوانـاوم منی ساردە برین
کوا (خەج)م؟ تا بۆم بگێریٚ گەرمە شین
مانگی کانوونیٚ بە چلوان دەرکرام
وەك برایم لەو وڵاتە ڕاو نرام
کوا پەریخان بەند و باوم بۆ بڵیٚ
بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەر کڵیٚ؟
ئەو لە زۆزان من لە ئارانیٚ دەژیم
کیٚ دەڵیٚ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم؟

* * *

ئەو چیرۆك و داستانە دڵداریانەی لە تێکستەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە بریتین لە[٤٩]:

١ـ مەم و زین، قارەمانەکانی (مەم، زین، بەکر مەڕگەوەڕ، قەرەتاژدین، چەکۆ، عرفۆ)

٢ـ لاس و خەزاڵ، قارەمانەکانی (لاسە شۆڕ، خەزاڵ، خانزاد)

٣ـ شەم و شەمزین، قارەمانەکانی (شەمزین، شەمیلە)

٤– خەج و سیامەند، قارەمانەکانی (خەج، سیامەند)

٥– برایمۆك ← قارەمانەکانی (برایمی مەلا زێندینان، خاتوو پەریخان)

٦– وەلی دێوانە ← قارەمانەکانی (وەلی دیوانە، شەم)

لێرەدا سەر دێر و ناو و نیشانی داستانەکان، لە پاڵ ناوی قارەمانە مێژووییەکان دەبن بە (کۆد) یاخود کلیل بۆ هەڵهێنجاندنی ئاکام و سەرەنجامی تراژیدییایی داستانەکان [٥٠]

د/ ٤/ بەیتی نا شیعری:

جاری وا هەیە شاعیر بە هەمان ئەندازە و چۆنیەتی لە هەموو بەیت و بەندەکانی هۆنراوەیەکدا سەرکەوتوو نابێت، جاری وا هەیە ڕووبەڕووی لاسەنگی و ساکاری و شێوازی ناشیعریش دەبێتەوە، لێرەداو لە تێکستێکی دوورودرێژی (١٠٠) بەیتیدا وەکو (نالەی جوادیی)، بەڕای ئێمە شاعیر لەیەك دوو شوێن سەرکەوتوو نەبووە و تووشی پاتە کردنەوەیێکی ساکار و سادە و لەنگی هاتووە، بە تایبەت لەم دوو دێرەدا.

نابینم خاك و وڵات و شاری خۆم (١)

نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم (٢)

روو لە هەر لایە دەکەم نامۆیە بۆم (٣)

نابینم جێ ژوان و کەونەلانی خۆم (٤)

هێنانەوە و پاتە بوونەوەی فرێزی (نابینم) لەسەرەتای نیوە دێرەکانی (١، ٢، ٤) کە پێکهاتەیەکی زمانی قورس و لە خوێندنەوەدا خاوو سەختە، بۆتە ماکی خراپی دێرەکان لە کاتێکدا وشەی دەستپێك لە سەراپای نیوە دێرەکانی تێکستەکەدا کورت و سوك و رەوانن، زۆربەشیان ئامرازو جێ ناو و وشەی سادەی ئاوازەدارن، ئەمە لەکاتێکدا نیوە دێری (٣) کە بەم دەردە نەچووە، بەڕەوانی هاتووە.

شاعیر فارسیانە وشەی (نابینم) ی خوێندۆتەوە، بەم شێوەیە: درێژکردنەوەی زۆری (آ)ەکە و کورت کردنەوەی زۆری (ی)یەکە بۆ (کەسرە)یەکی عەرەبی: (ناآآ بِنم) ئەنجا بە هاوسەنگی و سەلامەتی ئاوازی خوێندنەوەکە ڕادەگەین.

## ئەنجام

ساقینامە وەکو ژانەرێکی ئەدەبی بە هۆی تێکستی (ناڵەی جودایی) وەکو دەستپێشخەرییەك لەلایەن هێمنی شاعیرەوە، هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە. ئەم تێکستە شیعرییە بەهۆی تاوتوێ کردنی نوسخە جیاوازەکانی بۆ یەکەمجار لێرەدا نوسخەیەکی دروست و تەواوی لێ بڵاو دەکرێتەوە. خودی تێکستەکە پارچەیەکی لیریکی درێژە و لەرووی مەبەستی شیعرییەوە کۆمەڵێك بابەتی تیادا گونجێندراوە لە وێنەی مەینۆشی و دڵداری و نامۆ بوون و وەسفی جوانی و سروشت و ... تاد.

لەڕووی وێنە و ئەندێشەی شیعرییەوە هۆنراوەیەکی دەوڵەمەند و ڕازاوەیە بە دیمەن و وێنەکانی ژیانی شاعیر و تەوژمی سۆزێکی راستەقینە و مرۆڤ دۆستانەی لێ دەخوێندرێتەوە.

لایەنەکانی ئاوازی شیعری ڕۆڵێکی کاریگەریان لە خوڵقاندنی هەستی جوانکاری و قووڵ بوونەوەی واتادا گێڕاوە، کۆمەڵێك دیاردەی ریتمی و مۆسیقایی ئاوێزانی باڵای تێکستەکە بوون کەرادەی شیعریەت و داهێنانیان تیادا بەرزکردۆتەوە.

شاعیر خاوەنی زمان و شێوازێکی شیعری رەوان و جوان و پەتی بووە، ئەم ڕووالەتانە بە روونی لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و رێزمانی تێکستەکەدا دەرەوشاونەتەوە و کرو ئاکار و تەونی هۆنراوەکەیان سفت و ڕازاوە و بەپێزکردووە. لە تێکستەکەدا سیمای هونەری تێهەڵکێش و دەق ئاوێزانی بە دی دەکرێت کە هونەرمەندانە بۆ بە پێزکردنی تێکستەکە سوودیان لێ وەرگیراوە. ئەم تێکستە وەکو شاکارێکی شیعری تاك و کەم وێنە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگای بۆ خۆی کردۆتەوە.

## پەراوێزەکان

١- زۆر کەس لەبارەی سەربردە و ژیان و بەسەرهاتی هێمنەوە دواون، بەڵام هیچ کام لەمانە نەیان توانیوە لەو ژیاننامەیەی کە بە قەڵەمی خۆی لەپێشەکی دیوانی (تاریک و روون) داو لە ژێر سەردێری ( لە کوێوە بۆ کوێ؟) تۆماری کردووە، تێپەڕێنن، واتە سەرچاوەی هەموو زانیارییەکانی ژیننامەی هێمن تا ئەو رۆژگارە، هەر لەو پێشەکییەدا هەڵێنجراوە کە شاعیر بە دوورو درێژی باسی لێکردووە، بڕوانە:

- تاریك و روون – گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧٤: ٣ – ٤٥.

٢- هێمن لە چەند بۆنە و موناسەبەتدا ئەوەی روون کردۆتەوە، کەوا دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە هاوڕێ و دۆستە رۆشنبیرە کوردەکانی لە بەغدا، لە بەهاری ١٩٧٤ دا پەیوەندییان بەشۆڕشی چەکداری کوردستانەوە کردووە، یا وەك خۆی گوتەنی ( هەموو وەشاخ کەوتبوون و من بەتەنێ مابوومەوە)، ئەو تێکستەی هۆنیوەتەوە. بڕوانە:

- لە بەهاری شیلاناوێوە بۆ پایزی ورمێ، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٧: ٨٤ – ٨٨.

٣- بەگوێرەی بۆچوونی (ئوستن وارین و رینیە ویلك)، پێویستە جۆرە ئەدەبییەکان لە رووی تیورییەوە، لەسەر هەر دوو بنەمای" شێوەی دەرەوە (کێش و بنیات) و، شێوەی ناوەوە (بابەت)، دەستنیشان بکرێن. بڕوانە

- نظرية الادب: ٣٠٣.

٤- جووت سەروا: مەسنەوی: مزدەوەج: فۆرمێکی باوی شیعری فارسییە، لەسەر بنەمای هەمەڕەنگی سەروا دادەمەزرێت، هەر دێرێك (دوو نیوە دێر) جووتێك سەروای تایبەتی خۆی دەبێت، دەشێ لە دوای چەند دێرێك هەمان پیتە سەروای بەرایی دووبارە بێتەوە:

| | |
|---|---|
| آ ______________ | آ ______________ |
| ب ______________ | ب ______________ |
| ج ______________ | ج ______________ |
| د ______________ | د ______________ |
| آ ______________ | آ ______________ |

له تێکستی مەسنەویدا یەکێتی کێش ڕەچاو دەکرێت، بەزۆری لە سەر کێشە کورت و سوکەکان دەهۆندرێتەوە. شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی، (مثنوی معنوی) مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، لە مەسنەویاتە ناودارەکانی ئەدەبی فارسین.

بڕوانە:

– لغت نامە، ج ٤٣ : ٤١٢.

له ئەدەبیاتی کوردیدا هەموو بەرهەمی شیعری (گۆران)ی، پێڕەوەی لەم سیستەمە کردووە، وەکو چۆن داستانە شیعرییە ناودارەکانی وەکو" مەم و زین، شیرین و خەسرەو، لەیلا و مەجنوون.... بەم شێوەیە نووسراوەنەتەوە، ئەنجا لە شیعری فێرکردنیش هەر پێڕەوی لەم شێوەیە کراوە، وەکو لە" نەوبهارا بچوکان و، ئەحمەدی، دا بەدی دەکرێت.

٥– لە بناغەدا (سەنگ بەواتای بەرد یاخود گا بەرد)، بەنموونەی تەحەممول و خۆ ڕاگری و بێ دەنگی دەناسرێت، شاعیران لە کۆنەوە وەکو دۆستێکی خاوەن سەبر و نهێنی پارێز ڕوویان تێ کردووە و خەم و کوڵی دەروونی خۆیان لە تەکیا هەڵڕشتووە، خۆی شتێکی ئەفسانەییە و لە وێنەی مامە خەمە گوێ بۆ خەم و دەردی دڵی خەڵکی رادەهێلێت:

– فرهنگ فارسی، ج٢: ١٩٣٥.

٦– ساقینامە وەکو هونەرێکی بڵاو لە ئەدەبی فارسیدا بەرچاو دەکەوێت، شاعیرانی تورکیش بە چاولێکەری لە فارسەکان لەم جۆرەیان هۆنیوەتەوە، ساقی نامەکەی (حافزی شیرازی) لە ئەدەبی فارسیدا ناودارە، کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

بیا ساقی آن می که حـال آورد　　کـرامت فزاید کـمال آورد

به من ده که بس بیدل افتادەأم　　وزین هردو بی حاصل افتادەأم

دوابەدوای حافز ساقی نامە دەبێتە جۆرێکی ئەدەبی بەربڵاو لە فارسیدا.

– انواع ادبی: ٢٥٩.

٧– کاریگەری و کارتێکردنی ئەدەبیاتی فارسی بەسەر هێمن و شیعرەکانی شتێکی ئاساییە، هێمن رای خۆی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەربڕیوە: (مەولەوی کاری نەکردۆتە شیعرەکانم، بەڵام کاری کردۆتە دەروونم و هەژاندوومی، ئەگەر ئەو شیعرەی مەولەویم نەبیستایە، باوەڕ ناکەم – ناڵەی جوودایی – م وا بە ڕەوانی گوتبا).

– هێمن و بۆنی غەریبی، محمد فریق حسن، گ/ بەیان، ژ/ ٦٦ : ١١.

٨- یەکەمین تێکستیناڵەی جودایی بۆ یەکەمین جار لە گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (٢٠) ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤ دا بڵاوبۆتەوە. هەر ئەو تێکستە بە دەنگ و خوێندنەوەی شاعیر خۆی، لە شاری هەولێر و لە ماڵی برای رووناکبیرمان ( مومتاز حەیدەری)، لە رێکەوتی ١٩٧٧/٩/٢٥ لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. مرۆڤ کاتێك بەوردی گوێ لەو کاسێتە دەگرێت و لەگەڵ دەقەکان بەراوردی دەکات، ئەوەی لا روون دەبێتەوە کە شاعیر دەقە بڵاوکراوەکەی گۆڤاری (بەیان) دەخوێنێتەوە نەك ئەوەی کە دواتر لە ناملیکەی (ناڵەی جودایی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٩- ناڵەی جودایی، هێمن، چاپخانەی ( علاء )، بەغدا ١٩٧٩ : ١٢ — ٢٤.

١٠- هێمن لای چەند کەس و لە چەند بۆنەدا، ئەوەی درکاندووە کەوا تێکستەکەی ناملیکەی ناڵەی جودایی، هەم دەستکاری تێدا کراوەو هەمیش کەم و کورتی تێدا هەیە، واتە ناڕەزایەتی خۆی لەو بارەوە نەشاردۆتەوە، بڕوانە:

- چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز: ١٢٩.

١١- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب: ٢٨.

١٢- الصورة الفنية، د. جابر عصفور: ٢٥٧.

١٣- قراءة النص الشعري لغة وتشكيلا، د. هايل محمد الطالب: ٣٨.

١٤- وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردیدا، عبدالقادر محمدأمين: ١٧.

١٥- النقد الادبی، أحمد أمين: ٤٨.

١٦- هەر ئەو سەرچاوەیە: ٥٠.

١٧- موسيقى شعر، دكتر محمد رضا شفيعي كدكنى: ٤٤.

١٨- سەرچاوەی پێشوو: ٥٢.

١٩- تحليل النص الادبي: ٤٨.

٢٠- ئەلبەتە ئەمە هەمان ئەو قالبە کێشەیە کە (مەسنەوی مەعنەوی) مەولانا جەلالەددینی لەسەر دامەزراوە، کەوا هەم تێکستەکەی هێمنی شاعیر لەژێر کاریگەری و بە ئیحا لەوەوە هۆنراوەتەوە و هەمیش هێمن چەند دێرێکی لە پێشەکییەکەی مەسنەویاتی مەولانادا تێهەڵکێشی تێکستەکەی خۆی کردووە.

٢١- چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز: ١١٨.

٢٢- کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی: ١٩٧ — ١٩٩.

٢٣- علم العروض والقوافي: ١٥٢.

٢٤- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ١٥٩.

٢٥- موسيقى شعر: ٦٢.

٢٦- ڕەنگ بێت ئەم بۆچوونە سەبارەت بەشیعری عەرەبی و فۆرمە کۆنەکانی (غەزەل و قەسیدە) تاڕادەیەك ڕاست بێت، بەڵام لە فارسیدا (مەسنەوی) بایەخێکی زۆری پێدراوە و سامانێکی گەورەی ئەدەبی فارسی لەبواری (شیعری داستانی و شیعری عاشقانە و عیرفانی و فێرکردن) ی پێ تۆمار کراوە. لە ئەدەبی کوردیش هەموو چیرۆك و داستانە شیعرییەکانی پێ نووسراوەتەوە، وەکو چۆن لەمەولوودنامەکان و لە شیعری فێرکردنی کوردیشدا پەیڕەوی لەم فۆرمە کراوە. هەروەها ئەدەبیاتی گۆران لە ٩٥٪ ی بەسەرەوە لەسەر ئەم سیستەمەیە، بڕوانە:

- موسيقى شعر: ٢١٦.
- شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا: ٤٢.

٢٧- زیباشناسی سخن پارسی/ ٣: ٤٢.

٢٨- موسيقى شعر: ٢١٦.

٢٩- من وای دەبینم کە ئەو جۆرە وێنە و پانۆرامایەی شیعری مەینۆشی (کچی شۆخی بادەگێڕ لە مەیخانەدا جام و پیالەی مەی بە دەستەوەیە و بەسەد ناز و عیشوەوە بە سەر پیر و مەینۆشانی خەراباتدا دەیگێڕێ و دابەشی دەکات... ) هەر تەنیا لە دنیای شیعری کلاسیکیدا بەدی دەکرێت و هەمووشمان هەر لەو ڕێگەیەوە پەیمان پێ بردووە، وەگەرنا لە جیهانی واقیعی ڕۆژهەڵاتدا باوەڕناکەم لە هیچ ڕۆژگارێکدا ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی راستەقینە لە ئارادا بووبێت، ئەلبەتە نموونەی ئەم وێنەیەمان لە فۆلکلۆریشدا هەیە: جووتێ ساقی گوارە زێڕن /مەی لە مەیخانان دەگێڕن/ عاشقان لە دین وەردەگێڕن.

٣٠- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی: ٧٧.

٣١- شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە: ١٢٨.

٣٢- سەرچاوەی پێشوو: ٣٢.

٣٣- ساختار و تأويل متن: ٦٨.

٣٤- بۆ درێژەی باسی ئەو مەسەلانە دەتوانرێ سەیری سەرچاوەی پێشوو: شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، لاپەرەکانی ١٢٥ - ١٨١ بکرێت.

٣٥- زمانەوانی: ٨١.

٣٦- علم الاسلوب: ٢٢٥.

٣٧ قراءة النص الشعري: ٩٢.

٣٨- شيكردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە: ٣٠.

٣٩- اللغة الشعرية: ١٢٣.

٤٠- قراءات اسلوبية في الشعر الحديث: ٨.

٤١- ئەم جۆرەی رەگەزدۆزی ناتەواو، کە جیاوازی لە یەك دەنگی سەرەتای وشەکاندا بەدی دەکرێت، زیاتر دەچێتە خانەی جیاوازی فونیمی نێوان وشەکان، وەکو چۆن لە وشەکانی، کەم: خەم، بەدی دەکرێت، کە دوو وشەی سەربەخۆ و جیاوازن بە فونیمێکی سەرەتا لێك جیادەبنەوە.

٤٢- فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی: ٦.

٤٣- کلیات سبك شناسی: ٢١٦.

٤٤- علم الدلالة: ٧٩.

٤٥- قراءة النص الشعري: ١٧٠.

٤٦- کلیات سبك شناسی: ٢١٨.

٤٧- تحليل النص الادبي: ٢١٨.

٤٨- قراءة النص الشعري: ٦٦.

٤٩- تحفه مظفريه: ب١.

٥٠- نظرية الادب: ٢٤٢.

## سەرچاوەكان

**أ/ كوردی:**

١- ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، دكتۆرە شوكريە رەسول، مطابع التعليم العالي، اربيل، ١٩٨٩.

٢- تاريك و ڕوون، هێمن، بنكەی پێشەوا، ١٩٧٤.

٣- تحفه مظفريه، ئوسكارمان، ساخكردنەوەی: هێمن، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٤- چەپكێ گوڵ چەپكێ نێرگز، بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبيری گەلاوێژ، چ١، سلێمانی، ١٩٩٧.

٥- زمانەوانی، محمد معروف فتاح، دار الحكمة للطباعة والنشر، اربيل، ١٩٩٠.

٦- شيعری فێركردن لە ئەدەبی كورديدا، ئەحمەد قەرەنی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٧- شيكردنەوەی دەقی شيعری لە ڕووی زمانەوانييەوە، عەبدولسەلام نەجمەدين عەبدوڵڵا، نامەی زانكۆی، كۆليجی زمان، زانكۆی سەلاحەددين – هەولێر، ٢٠٠٧.

٨- فەرهەنگی وشە دووانەكانی زمانی كوردی، تەها فەيزی زادە، ناوەندی بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی (انتشارات صلاح الدين ايوبی)، ورمێ، ١٣٦٧.

٩- كێش و ريتمی شيعری فۆلكلۆری كوردی، د. محەمەد بەكر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٠- كێشی شيعری كلاسيكی كوردی، عەزيز گەردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری، هەولێر، ١٩٩٩.

١١- ناڵەی جودايی، هێمن، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٧٩.

١٢- وێنەی شيعری لە رێبازی رۆمانسی كورديدا، عبدالقادر محمد ئەمين، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**ب/ عەرەبی:**

١٣- تحليل النص الادبي، محمد عبدالغني المصري – مجد محمد الباكير البرازي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، ط١، عمان، الادرن، ٢٠٠٢.

١٤- الرومانتيكية، الدكتور محمد غنيمي هلال، ط٦، دار العودة، بيروت، ١٩٨١.

١٥- الصورة الفنية، د. جابر عصفور، ط٣، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٢.

١٦- علم الاسلوب، د. صلاح فضل، ط١، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٥.

١٧- علم الدلالة، الدكتور أحمد مختار عمر، ط٥، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٨.

١٨- علم العروض والقوافي،الدكتور حميد آدم ثويني، ط١، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤.

١٩- قراءات اسلوبية في الشعر الحديث، د. محمد عبدالمطلب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٥.

٢٠- قراءة النص الشعري لغة وتشكيلا، الدكتور هايل محمد الطالب، ط٢، دار الينابيع، دمشق، ٢٠٠٨.

٢١- نظرية الادب، اوستن وارين – رينية ويلك، ترجمة: محي الدين صبحي، مطبعة خالد الطرابيشي، ديمشق، ١٩٧٢.

٢٢- النقد الادبي، أحمد أمين، ط٤، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ١٩٦٧.

٢٣- اللغة الشعرية، محمد كنوني، ط١، دار الشؤوف الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٧.

**ج/ فارسی:**

٢٤- انواع ادبی، دكتر سيروس شميسا- چاب دهم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨٣.

٢٥- زيباشناسی سخن پارسی /٣، مير جلال الدين كزازی، چاپ چهارم، نشر مركز، تهران، ١٣٨١.

٢٦- ساختار وتأويل متن، بابك احمدی، چاپ ششم، نشر مركز، تهران، ١٣٨٢.

٢٧- فرهنگ فارسی/ ج٢، دكتر محمد معين، مؤسسه انتشارات أمير كبير، تهران، ١٣٦٠.

٢٨- كليات سبك شناسى، دكتر سيروس شميسا، چاپ نخست، نشر ميترا، تهران، ١٣٨٤.

٢٩- لغت نامه/ ج٢٩، چاپ سيروس، تهران، ١٣٣٤.

٣٠- موسيقى شعر، دكتر محمد رضا شفيعى كدكنى، چاپ هفتم، مؤسسة انتشارات آگاه، تهران، ١٣٨١.

د/ گۆڤار:

٣١- گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢٠)، کانوونی یەکەم، ١٩٧٤.

٣٢- گۆڤاری بەیان، ژمارە (٦٦)، ئەیلولی ١٩٨٠.

# هونەرەکانی ڕوخسارو ناوەرۆك
# لەشیعری جەلال جۆبار

**پێشەکی/**

ڕێنیسانسی دووەمی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەمەڵبەندی میرایەتی بابان (سلێمانی)، لەسەر دەستی نالی و سالم و کوردی سەری هەڵدا، دوابەدوای تێپەڕبوونی سەردەم و کۆچکردنی رابەرەکانیشی، (پێچەوانەی هەریەك لەقوتابخانە شیعرییە میژووییەکانی پێشتری وەکو گۆرانی و کرمانجی باکوور)، ئەو بزووتنەوە شیعرییە ئالاکەی نانەوێ و گڕوگڵپەو بلێسەی مەشخەڵانی دانامرکێتەوە، بەڵکو لەزۆربەی ناوچەکانی (کوردستانی خواروو و رۆژهەلات) پەرە دەستێنێ و بڵاودەبێتەوە. لەهەریەکێك لەو ناوچەو دەڤەرانەی کوردستان شاگردو مورید و پێڕەوکاری تازە بۆ قوتابخانەی شیعری نالی پەیدا دەبن و دەبن بەئاڵاهەڵگری بزووتنەوەکەو پەرەی پێدەدەن و بڵاوی دەکەنەوە تا ئەوەی گیانی بزووتنەوەکە تا سەردەمانێکی درێژ بەزیندوویی دەهێڵنەوە. لەناوچەی سۆرانەتی بەگشتی و بەتایبەتیش لەشاری کۆیە، کە دواتر بەمەڵبەندێکی درەوشاوەی زانست و ئەدەب و هونەرو نیشتمانپەروەریتی دەناسرێت لەمێژووی کوردەواریدا، مەزن شاعیرانی وەکو حاجی قادرو مەلا عەبدوڵلای جەلی زادەو و ئەمین ئاغای ئەختەر پەیدا دەبن کە دەبن بەشاگردی قوتابخانەکەی نالی و دەستەی یەکەمی شاعیرانی کۆیە پێك دەهێنن. دوای ئەمانیش کاروانەکە بەردەوام دەبێ و دەستەی دووەمی شاعیرانی کۆیە پێدەگەن، لەوێنەی نیهانی، عاسی، مەلای گەورە، خادیم. لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم نەوەیەکی تازە لەشاعیرانی کۆیە دێنە مەیدان لەنموونەی عەونی، دڵدار، سامی عەودالْ و حەوێزی و جۆبار و .... هتد.کەواتە (جۆبار) یەکێکە لەوانەی کە نەوەی سێیەمی شاعیرانی کورد لەکۆیە پێکدەهێنن.

(جۆبار) نازناوی شاعیری کۆیی، جەلالی کوڕی سەعیدی کوڕی عەبدوللای کوڕی حاجی محەمەدی خدر بەگەو لەتیرەی خۆشناوانە. ساڵی ١٩٢٩لەشاری کۆیە چاوی لەژیان هەڵهێناوە، باوکی مەلا بووە، بەڵام هێشتا جۆبار لەسەر پشتی لانک دەبێت کەباوکی کۆچی دوایی دەکات ودایکی ئەرکی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی جۆبارو هەر سێ خوشکەکەی کەلەو گەورەتر بوون، دەگرێتەئەستۆ. بەهۆی دژواری و سەختی ژیان و گوزەرانی ئەو خێزانە جۆبار دەرفەتی خوێندنی بۆ هەڵنەکەوتووە، نەلەحوجرەی مزگەوت و لەلای مەلا نە لەقوتابخانەی میری، بەڵام چونکێ منداڵێکی بەهرەدارو بلیمەت بووە، تامەزرۆیی خوێندن و فێربوون بوە، بۆیە لەڕێگەی تێکەڵاوی و هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵانی هاوڕێی کە لەقوتابخانە دەیان خوێندو هاموشۆکردنیان لەماڵ و لەگەڕەك و لەکۆڵان، دەتوانێ بەچاکی فێری خوێندنەوەو نووسین بێت، ئەنجا لەسەر ئەو ڕێڕەوە بەردەوام دەبێت وردە وردە خۆی پێدەگەیەنێت، لەلایێ کاسبی دەکات و یارمەتی خێزانەکەی دەدات لەلایەکی دیکەش لەسەر خوێندنەوەو فێربوون بەردەوام دەبێت، تاوەکو جگە لەکوردی زمانەکانی وەکو فارسی و عەرەبیش فێردەبێت. لە تەمەنی بیست ساڵیدا بەهرەی شیعرو هۆنراوەی لێ دەڕسکێ و دەکەوێتە سەر کەلکەلەی شیعر نووسین، لەپاڵ کارو کاسبی و شیعر نووسین دا لەخەباتی نیشتمانی گەلەکەشی بەشداری دەکات. خاوەنی کۆمەڵێك شیعرو هۆنراوەی ڕەنگاوڕەنگە کە زۆربەیان لەلایەن دەنگ خۆش و گۆرانی بێژو هونەرمەندانی کۆیە بەئاوازو گۆرانییەوە گوتراون و لەئیستگەو تەلەفزیۆنەکانەوە لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا تۆمار کراون. جۆبار شاعیرێکی خۆڕسکی عاشق و عاشقێکی شاعیرو شەیدای هونەرو ئافرەت و سروشتی نیشتمانەکەی بووە، شیعری بۆجوانی و دڵداری و ئەڤین و خاکی پاکی وڵاتەکەی چڕیوە، بوولبولێکی خۆماڵی بووە لەسەر درەختی جوانی سروشتی کوردستان هێلانەی چێ کردووەو نەغمەو وئاوازی خوێندووە.

کاریگەری شاعیرانی هاوچەرخی خۆی لەوێنەی گۆران و عەونی و دڵدار بەسەر شیعرو بەرهەمەکانییەوە دیارە، ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە شاری کۆیەی زێدو مەڵبەندی ژیان و پێگەیشتنی دادەنیشێت، دەستبەرداری کارو کەسابەتیش نەبووە، تا ئێستا بەرهەمی شیعرو هۆنراوەکانی لە دیوانێکدا کۆنەکراوەتەوەو

لەچاپ نەدراوە، لێرەدا لە هەوڵی ئەوەداین تیشکێك بخەینە سەر ڕوخسارو ناوەرۆك لەبەرهەمی شیعری ئەو هونەرمەندە، بەو ئومێدەی لە ئایندەیەكی نزیكدا كۆی بەرهەمە شیعرییەكانی لە دیوانێكدا كۆبكەینەوەو بیخەینە ژێر چاپەوە.
باسەكەمان بەشێوەیكی گشتی بەسەر ئەم بەش و بڕگانەدا دابەش دەبێت:

**بەشی یەكەم / ڕوخساری شیعری جۆبار**

أ- زمانی شیعری

ب- كێش: ١- كێشی عەرووزی ٢- كێشی خۆماڵی

ج- سەروا: ١- یەكێتی سەروا ٢- جووت سەروا ٣- چوارین

**بەشی دووەم / مەبەستی ناوەڕۆكی شیعری جۆبار**

أ- مەبەستی دڵداری

ب- بابەتی جوانی ئافرەت و سروشت

ج- مەبەستی ئاینی

د- هۆنراوەی بۆنەو موناسەبات

هـ- مەبەستی سیاسی

و- مەبەستی داشۆرین

ز- مەبەستی ستایش و پیاهەڵدان

ح- هۆنراوەی گۆرانی

ط-هۆنراوەی منداڵان

ی- لاواندنەوەی سەرگۆڕەكان

**ئەنجام**

**پەراوێزەكان**

**لیستی سەرچاوەكان**

## بەشی یەکەم
## ڕوخساری شیعری لای جۆبار

ڕوخسار ئەو ڕووپۆش و وتاراو قالبەیە کە تێکستی ئەدەبی تیایدا دەمەیێت و خۆی تیادا پێشکەش دەکات، ئەمەش لەگەڵ مەبەست و ناوەرۆك دا لەگۆڕانێکی بەردەوام دا دەبێت و تەعبیر لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شاعیردا دەکات لەبارودۆخ و سەردەمێکی دیارکراودا.

یەکەم ئاکاری ڕوخساری شیعری لای هەر شاعیرێك لەسەرەتادا زمان و دەربڕینە، ئەنجا لایەنی تەکنیك و فۆرمی ئەو دەربڕینانەیە کە ئەزموونی شاعیری تیادا بەرجەستە دەبێت و خۆی لەهونەرەکانی کێش و قالبە کێش و سەرواوە دەدۆزێتەوە، بەم پێیە فۆرم و ڕوخساری شیعری لای جۆبار لەم سێ لایەنەوە بەدیاردەکەوێت.

یەکەم : زمانی شیعری

جۆبار بەو هۆیەی کە شاعیرێکی خۆڕسك بووەو باری خوێندەواری ئەوەندە هەڵکشاو نەبووە، بۆیە زمان و گوتاری شیعری ساکارو پەتی و خۆماڵیانەیە. شیعرەکانی بە وشەو دەربڕینی نەرم و ڕەوان و ئاسان هۆنیوەتەوە تاوەکو خوێنەری لەهەموو چین و توێژەکان بەسانایی تێی بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا لە دروستکردنی مانای هونەری و شاعیرانەدا بەو کەرەستە خۆماڵیانە، هونەری نواندووەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە، کە ئەمەش یەکێکە لە سەرەتاکانی هونەری شیعری لای هەر شاعیرێکی بلیمەت.

پارچەی لیریك و سروودەکانی ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵن، دارشتنەکانی سووك و پڕ لەنەشئەو مۆسیقا و ئاودارن. لە هەندێ لە شیعرە عەروزییەکاندا تا پلەیەك وشەی بێگانەی بەکارهێناوە بەڵام زۆر بە کەمی، ئەو وشانەی کە بەکاریشی هێناون چونەتە ناو زمانی کوردی و پەسند کراون و وەرگیراون و بوون بە بەشێك لە زمانی کوردی و بەکارهێنانیان لە لایەن شاعیرەوە زیاتر مۆرکی زمانی کوردیان

پێدەبەخشیّ، خوێندەوارو نیمچە خوێندەواری کورد ئاگایان لەو وشانە هەیەو تێیان دەگەن و بە ماناو وێنەیەکی نویّ هەناسە هەڵدەکێشن. هەرچەندە جۆبار جگە لە زمانی دایك زمانی عەرەبی و فارسیشی بەباشی زانیوە، بەلاّم لەناو هۆنراوەکانی بەکاری نەهێناون. بە پێچەوانەوە لە شیعرە میللی و خۆماڵیەکاندا بەتایبەتی جووت قافییەکانی زیاتر وشەی کوردی پەتی بەکارهێناوە، بەشێوەیەکی گشتی شاعیر ژیانێکی تازە دەداتە ئەو وشانەی دەچنە ناو بنیاتی دروست بوونی شیعرەوە لە حالەتی وەستان و قەتیس بوونەوە دەیانبا بۆ حالەتی بە خۆهاتنەوەو داهێنان.

دووەم : کێش

١- کێشی عەرووزی

جۆبار وەکو زۆربەی شاعیرەکانی پێش خۆی هەردوو جۆر کێشی شیعری (خۆماڵی و عەرووزی) بەکار هێناوە هەرچەندە لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسینی هۆنراوە بە کێشی خۆماڵی دەستی پیّ کردووە ، بەلاّم کێشی عەروزیش لە ناو هۆنراوەکانی دا خۆی دەبینێتەوە، جۆبار لەشیعرە عەرووزییەکانی تەنیا دوو کێشی بەکارهێناوە کە ئەویش هەردوو کێشی (هەزەج) و (رەمەل)ن، لەگەلّ هەندیّ لەقالبە کێشەکانی ئەو دووانە بەم شێوەیە:

أ- هەزەج

لە شیعری کوردیدا( هەزەج لە کێشە باوەکانە ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاهەنگداری و سووکی کێشەکە و گونجانی لەگەلّ تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا،کێشەکە چونکە گورج و سوکو بە ئاهەنگە پەسند کراوەو شاعیران زۆر بەکاریان هێناوە) [1] ،ئەو قالبە کێشانەی هەزەجیش کە جۆبار بەکاری هێناون بریتین لەمانە:

١- هەزەجی هەشتی تەواو

قالبە کێشەکەی بەم جۆرەیە (مفاعیلون مفاعیلون مفاعیلون مفاعیلون ×٢ ) شیعرەکانی وەکو (زەمانە ، مرۆڤی نا مرۆڤ ، شیوەنی تاهیر تۆفیق ، بە دگۆ ،

کورد قڕان ) بەم قالبە کێشە هۆندراونەتـەوە ، کـە هـۆنراوەی (بـەدگۆ) بـە نمونـە وەردەگرین:—

**ئەوانەی هەرخەریکی چاوەدێری و باسی خەڵکینە ،**

**بەدەم تیری زمانیان دژ هەموو کەس هەر لەپێکینە ،**

**ئە/وا/نەی/هەر/خە/ری/کی/چا/وە/دێ/ری و/با/سی/خەڵ/کی/نە ،**

ب — — — / ب — — — / ب — — — / ب — — —

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

**بە/دەم/تی/ری/ز/مان/یان/دژ/هە/موو/کەس/هەر/لە/پێ/کی/نە ،**

ب — — — / ب — — — / ب — — — / ب — — —

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بەڵام دەبێ بڕگەی کۆتایی هەردوونیوە دێڕەکە ئیشباع بکرێ، ئیـشباعیش بریتییە لە درێژکردنەوەی بڕگەی کورتی کۆتایی دێر، بە پێی دەستووری شـیعری عەرووزی هەموو بڕگەیەکی کۆتایی نیـوە دێـڕی یەکـەم و دووەم ئیـشباع دەکـرێ، هەروەها هۆنراوەی (کورد قڕان) یش بـە نمونـە وەردەگـرین کـە بـە هـەمان کـێش هۆنراوەتەوە :

**لەپێنجی سێی هەزارو نۆسەدو هەشتاو هەشت توانی**

**دڕندەی عــەفلەقی هەڵسێ لــە کوردستان بەتاوانی**

**لە/پێن/جی/سێی/هە/زا/رو/نۆ/سە/دو/هەش/تا/و/هەشت/توا/نی**

ب — — — / ب — — — / ب — — — / ب — — —

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

**د/ڕن/دەی/عەف/لە/قی/هەڵ/سێ/لە/کور/دس/تان/بە/تا/وا/نی**

ب — — — / ب — — — / ب — — — / ب — — —

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

٢- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف .

قالبەکەی بەم جۆرەیە (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن × ٢ ) جۆبار شیعری (بەم وێنەیە ) بەم قالبە هۆنیوەتەوە.

بـــــەم وێنەیە بێ وێنەیە بـەم شێوەیە مەندە
بەم لێوە بەخەندە دەمەکەت کارگەیی قەندە

بەم/وێ/نە/یە/بێ/وێ/نە/یە/بەم/شێ/وە/یە/مەن/دە
ــ ــ ب / ب ــ ــ ــ ب / ب ــ ــ ب / ب ــ ــ
مـفـعـول مـفـاعـیـل مـفـاعـیـل فـعـولـن

بەم/لێ/وە/بە/خەن/دە/دە/مە/کەت/کار/گە/یی/قەن/دە
ــ ــ ب / ب ــ ب ب / ب ــ ــ ب / ب ــ ــ
مـفـعـول مـفـاعـیـل مـفـاعـیـل فـعـولـن

٣- هەزەجی شەشی مەقسور

قالبە کێشەکەی بەم شێوەیە ( مفاعیلن مفاعیلن فعولان × ٢ )، شاعیر لە شیعری ( جەژنە ) دا ئەم قالبە کێشەی بەکار هێناوە:

ئەوا جەژنە وەرن ئەی دۆست و یاران
لـــەلادێ و شـــارو ڕەشماڵ و دەواران

ئە/وا/جەژ/نە/وە/رن/ئەی/دۆس/ت و/یا/ران
ب ــ ــ ب / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ
مـفـاعـیـلون مـفـاعـیـلون فـعـولان

لە/لا/دێ و/شا/رو/ڕەش/ما/ڵ و/دە/وا/ران
ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ ــ / ب ــ ــ
مـفـاعـیـلون مـفـاعـیـلون فـعـولان

٤- هەزەجی شەشی مەحزوف

قالبە کێشەکەی بەم جۆرەیە ( مفاعیلن مفاعیلن فعولن × ٢ ) شاعیر لە شیعری (شیوەنی وریای خوارزام و هەتا گەنج بوم ) ئەم کێشەی بەکار هێناوە .

لـــەشین و مـــــاتەمینی کـــاکـــە وریا
هەموو ئەوچاوی دیبووی بۆی دەگریا

لە/شی/ن و/ما/تە/می/نی/کا/کە/ور/یا
ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ ــ ــ/ب ــ ــ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

هە/موو/ئەو/چا/وی/دی/بوی/بۆی/دە/گر/یا
ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

هەتا گەنج بووم نەبوو پیریم لەبیر بێ
کـــەچی ئێستا ئـــەوا پیریم بـــەپیر دێ

هە/تا/گەنج/بوم/نە/بو/پی/ریم/لە/بیر/بێ
ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

کە/چی/ئێس/تا/ئە/وا/پی/ریم/بە/پیر/دێ
ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ ــ/ب ــ ــ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ب- ڕەمەل

ئەم کێشەش( یەکێکە لە کێشە باوەکـان ، لای (جـەزیری) تـاکو نـزیکترین شاعیری ئەم سـەردەمەمان بـەکار هـاتووە ، ئـەم کێـشە ئاوازەکـەی زۆر سـووکەو پیتەکانیشی نەرمن)(٢)، لەم قالبە کێشانەی جۆبار بەکاری هێناون:

١- ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف

قالبـە کێـشەکەی بـەم جۆرەیـە ( فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلن × ٢) جۆبار شیعرەکانی وەکو (ڕاز لە کـورد ، وەسـفی کۆیـە ، کـوڕی ڕۆژ ، شـەوی شووم ، کەوی خۆخۆر ، یادی حاجی قـادر ، ستایـشی ئـایینی ، گـوڵی بـاغ ) بەم قالبە هۆنیوەتەوە ، ئێمە شەوی شوم بە نمونە وەردەگرین:

**لەم شەوی شوومە چ بانگێك بوو بە گوێمان دادرا**

**دەرگـەیی شـــادی لـە خـــەڵکی شاری کۆیە داخرا**

**لەم/شە/وی/شوو/مە/چ/بان/گێك/بوو/بە/گویٚ/مان/دا/د/را**

— ب — — /— ب — — / — ب — —/ — ب —

فـاعـلاتـن فـاعـلاتـن فـاعـلاتـن فـاعـلـن

**دەر/گە/یی/شا/دی/لە/خەلٚ/کی/شا/ری/کۆ/یە/دا/خ/را**

— ب — — /— ب — — /— ب — ب /— ب —

فـاعـلاتـن فـاعـلاتـن فـاعـلات فـاعـلـن

٢- ڕەمەلی هەشتی مەقسور

قالبـه کێـشەکەی بـەم جۆرەیـە (فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلان × ٢) هۆنراوەی (ئەنجامی شەڕ) ی بەم جۆرە کێشە هۆنراوەتەوە :

**کە بە بیرم دێتەوە ڕۆژی شەڕی ئەوسای جیهان**

**دڵ ئەکەوتە لەرزە یەکپا حالەتم دێتە هـــەژان**

**کە/بە/بی/رم/دێ/تە/وە/ڕۆ/ژی/شە/ڕی/ئەو/سای/جی/هان**

ـــ ب ــــ ـــ /ـــ ب ـــ ـــ /ـــ ب ـــ ـــ /ـــ ب ـــ

فـاعـلاتـن فـاعـلاتـن فـاعـلاتـن فـاعـلان

**دڵ/ئە/کەو/تە/لەر/زە/یەک/پا/حا/لە/تم/دێ/تە/هە/ژان**

ـــ ب ـــ ب /ـــ ب ـــ ــ/ـ ب ـــ ـــ /ـــ ب ـــ

فـاعـلات فـاعـلاتـن فـاعـلاتـن فـاعـلان

<u>٢- کێشی خۆماڵی (بڕگەیی)</u>

جۆبـار لـە پـاڵ بـەکارهێنانی کێـشی عـەرووزی ئـەو کێـشەی دیکەشـی بەکارهێناوە کە بەکێشی بڕگەیی یان کێشی پەنجـە ناسـراوە، (شـێخ نـوری شـێخ صـالح)بـەم شـێوەیە پێناسـەی کێـشی بڕگـەیی دەکـات : (وەزنـی هیجـائی بـە عیبـارەتێکی موسەلـسەل ئـەڵێن کەخرابێتـە شـکلێکی مەوزونـەوە وەقتـێ کـە پارچـەکانمان جیـاکردەوە عـەدەدی هیجـای مەصـرەعی ئـەوەل لەگـەڵ عـەدەدی هیجـای مەسـڕەعی پانیـدا مـساوییە بەقـەدەر یـەك بـن، کـەوابوو مـوافقی وەزنـی هیجـائی لـە مەسـڕەعێکدا چـەند هیجـا بـێ لازم ئـەکا لـە مەسـڕەعەکەی تریـشدا ئەوەندە هیجا بێ... لە وەزنی هیجائیدا دائما ئینسان دەتوانێ کە عـددی هیجـائی مەسڕەعەکان بە ئەموست بژمێرێ بناء علیه بەم وەزنە حیسابی ئەموستیـشی پـێ ئـەڵێن)[٣] . (لـەم پێناسـەیەدا (شـێخ نـوری شـێخ صـالح)دوو شـت دەخاتـە ڕوو یەکەمیان لە کێشی بڕگەییدا دەبێت ژمارەی بڕگەکانی دێڕی یەکەم لەگەڵ ژمارەی بڕگەکانی دێڕی دووەم وەکو یەك بن کەواتە کێشی بڕگـەیی یـان پـەنجـە،کێـشێکی

نەتەوەیی کۆنە،هەموو بەیت و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەم کێشە وتراوە ، زیاتر شاعیرانی شێوەی گۆرانی بەکاریان هێناوە، گشت شیعرەکانی مەولەوی لەسەر ئەم کێشە ڕەسەنە کوردیەن،لەم دواییەشدا لەشیعری شاعیرانی نوێ دا بەگوڕ سەری هەڵداوەتەوە ،زۆربەی شیعرەکانی پیرەمێردو هەندێك لە شیعرەکانی قانیع و زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکانی (گۆران)و شاعیرانی دوای گۆران بە دەگمەن نەبێت لەسەر ئەم کێشەن، ئەم جۆرە کێشە بە پێی ژمارەی بڕگە لەدێرەکاندا نەك کورت و درێژی بڕگەکان دیاریی دەکرێت و پێویستە ژمارەی بڕگەکان بە ژمارە ئەوەندەی یەك بن واتە ئەگەر هەنگاوێکی بەیتەکە (٥) بڕگەیی بێ پێویستە هەنگاوەکانی تریش هەرئەوەندە بن [٤].

بەم جۆرە جیاوازی کێشی بڕگەیی لەگەڵ کێشی عەروزی لەوەدایە کە لەم جۆرە کێشەداکورت و درێژی بڕگەکان لە دەست نیشانکردنی جۆری کێشەکە دەوریان نییە بەڵکو ژمارەی بڕگەکان ئەم دەورە دەبینن، (کێشی ڕەسەنی کوردی لە (٥) بڕگەییەوە دەست پێ دەکات تاوەکو (١٦) بڕگەیی هەرچەندە (١٦) بڕگەییەکە هەر هەشتیەکەیە و دووبارە کراوەتەوە، ئەگەرچی کێشی(٩)بڕگەیش یەکجار دەگمەنەو کێشی(١٤) بڕگەیش ئەگەر پشووەکەی لە(٧)دا نەیەت ئەوا کێشی عەرووزی عەرەبییە بەتایبەت دەریای(طویل) [٥]. لە کێشی بڕگەیی (جۆبار) ئەم جۆرانەی بەکاهێناوە:

أ-پێنج بڕگەیی :

ئەم کێشە لە شیعری کوردیدا دەگمەنە،چونکە شاعیر زۆرجار لە (٥)بڕگەوە تێپەڕ دەکات بەرەو(١٠) بڕگە، واتە پشووی دوای پێنج ناکات بە سەروا، بەڵکو پشووی دوای (١٠) دەکات بە سەروا، بۆیە کێشەکە دەبێت بە (١٠) بڕگەیی، (جۆبار) تەنیا هۆنراوەی (یارم بێ شانە)ی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە :

| | |
|---|---|
| **یا/رم/بێ/شا/نە** | **(٣+٢)** |
| **پر/چی/پەخ/شا/نە** | **(٣+٢)** |
| **بە/سەر/کۆڵ/وا/نە** | **(٣+٢)** |
| **شا/ڵی/سەر/شا/نە** | **(٣+٢)** |

ب-شەش برگەیی :

ئەمەش جۆرێکی تری کێشی خۆماڵییە، ئەم جۆرە زۆر بەکەمی لەناو هۆنراوەی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، (جۆبار)یش تەنیا هۆنراوەکانی (بەهیوات، کیژە کۆچەری) لەسەر ئەم کێشەیە:

بە/هی/وات/گ/یا/نە
حا/ڵم/پە/ری/شا/نە
د/ڵم/وا/حەی/را/نە
عا/ش/قی/لی/وا/نە

ج-حەوت برگەیی :

کێشێکی خێرایەو لە فۆلکلۆری کوردیدا دوای کێشی هەشت برگەیی دێت، گۆران لە بارەی ئەم کێشەوە دەڵێت(لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر هەڵبەستی تازەی پێدانراوە)[٦]. زۆربەی بیرو ڕاکان لەسەر ئەوەن کە کێشی حەوت برگەیی بریتییە لەدوو هەنگاو: هەنگاوی یەکەم چوار برگەییەو هەنگاوی دووەم سێ برگەییە واتە(٤+٣)) بەڵام (دڵشاد علی) لە بارەی دەستەپێییەکانی ئەم کێشەوە دەڵێت (تەنهادەستەپێی(٤+٣)یان لێ دیاریی کردووە ئەمە لە کاتێکدا کە گەلێ هەڵبەستمان لە سنووری ئەم کێشەدا دەستەپێی (٢+٥) یان(٥+٢) شیان تێدا بەکارهێناوە)[٧]. (جۆبار) ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەکانی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە، وەکو(هەڵسە شۆڕێ،چنارۆك،بۆم بڵێ تۆزە تۆزە،ئەی تەمبەڵ، دولبەرێ، چاوەڕوانی، کوردستان، نەورۆزو ڕاپەڕین، پارتایەتی)، هۆنراوەی (چاوەڕوانی) بە نموونە وەردەگرین:

بە/چا/وی/چا/وەڕ/وا/نی
لە/ڕێی/یا/رم/دەڕ/وا/نی
کا/تی/لە/پڕ/پەی/دا/بوو
دەر/کەوت/بە/ڕەو/تی/جوا/نی

د-هەشت بڕگەیی :

گۆران ئەم کێشە بە کێشە باوەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنێت و لەو بارەیەوە دەڵێت:(کێشی هەشت بڕگەییش لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر باوە،واش دێتە بەرچاو هەتا بەرەو ناوچەی شێوە کرمانجی بڕۆین باوی زۆرتر بێ ،بە پێچەوانەی (١٠) بڕگەیی کە تافی برەوی لە جەرگەی ناوچەی شێوە گۆرانییەوە دەست پێ دەکات)[٨] ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر ئەو شیعرانەی بە شێوەی کرمانجی وتراون لە سەر ئەم جۆرە کێشە بنیات نراون، (هەردی)یش لە بارەی ئەم کێشەوە دەڵێت : (ئەم کێشە ئەوەندەی (١٠) بڕگەیی باوی هەیە بگرە زۆرترینی گۆرانییە خۆشەکانی فۆلکلۆری لەسەرئەم کێشەن)[٩] ، هەر سەبارەت بە فراوانی بەکارهێنانی ئەم کێشە لە شیعری نوێی کوردیدا دکتۆر مارف خەزنەدار پێی وایە: (ئەم کێشە لەلای شاعیرەکانی ئەم سەردەمەماندا لاپەڕەیەکی زۆری لە دیوانە شیعریەکانیاندا داگیر کردووە)[١٠].

کەواتە زۆربەی رایەکان لەسەر ئەوەن کە لە شیعری نوێی کوردیدا ئەم کێشە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن شاعیرانەوە بەکارهێنراوە ، کێشی هەشت بڕگەیی جگە لە دەستەپێی(٤+٤) چەند دەستەپێیەکی تریشی هەیە کە بریتین لە دەست پێیـــــەکانی (٣+٥)و(٥+٣)و(٢+٦)و (٦+٢)و(٢+٢+٤)و(٢+٤+٢)و(٢+٢+٢+٢)، (جۆبار) هۆنراوەکانی (ناخی دڵداری، ژنی نالەبار، لەڕێی هیوا، زستانی دژ، شەوی زستان لە کوردستان، شێخ، خۆری خەبات، ڕێوی و کەڵەشێر، مشك و پشیلە، ئاغایەتی، خزمی خراپ، ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان)ی بەم کێشە نووسیوە. لێرەدا هۆنراوەی(ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان) بە نموونە وەردەگرین:

ئەی/ئەن/جو/مە/نی/ئا/سا/یش
ئەی/نە/تە/وە/یەك/گر/تووە/کان
ئەی/کۆ/مە/ڵەی/ما/فی/م/رۆڤ
د/ژی/تا/وا/ن و/بەد/خوە/کان

ه- ده بڕگەیی :

ئەم کێشە لە هەرە باوەکانە، چونکە هەموو شیعرەکانی شێوەی گۆرانی و بەیت و شیعرە فۆلکلۆرییەکان لەسەر ئەم جۆرە کێشە بنیات نراون، ئەم کێشە لەبەر ئەوەی لەهەموو کێشەکان زیاتر لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە، بۆیە گۆران بەکێشی نەتەوەیی ناوی بردووەو دەڵێ: (ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو بە ئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێ کێشی نەتەوەیی کورد)(11)، زیاترین کێش کە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتبێ کێشی(١٠) بڕگەیی (٥+٥)ـە، هەروەکو دەردەکەوێت لە دەستەپێی کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥) وەستان لە ناوەڕاستدایە. (جۆبار) هۆنراوەکانی (ئەی گوڵ، پەری وێنە، ستایشی ڕەمەزان، کەڵەشێر، پەرچەم لوول، هاوسێی خراپ، دیمەنی ژیان، نەسرین گوڵێك بوو، حەماغای کۆیە، شێخ حەمەسالح، بگرەباوەش خۆت)ی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە، لێرەدا هۆنراوەی (پەری وێنە) بە نموونە وەردەگرین:

**ئەی/پە/ری/وێ/نە/جوا/نی/بێ/وێ/نە**
**دی/مە/نت/ناو/دڵی/بی/نە/ری/شوێ/نە**
**تۆ/لە/ئا/سۆی/دڵ/پڕ/شەن/گی/مان/گی**
**ش/شۆ/خو/شەن/گی/چی/نی/قە/شەن/گی**

و-یازدە بڕگەیی :

یەکێکە لە کێشە هەرە کۆنەکان،(لەپێش ئیسلامدا زۆر باو بووە ،بەلاّم لە سەردەمی نوێدا لەسالأنی بیستەکانەوە سەری هەڵداوەتەوە، ئەم کێشەش یەکێکە لەو کێشە ڕەسەنانەی کە شاعیرانی کورد سەر لە نوێ بوژاندیانەتەوە)(12) ، (ئەحمەد هەردی)یش لە بارەی ئەو کێشەوە دەدوێت و پێی وایە یەکەم شاعیر کە بەم کێشە شیعری وتبێت گۆرانە ، (کێشی یازدە بڕگەیی بریتییە لەسێ هەنگاو (٤+٤+٣) ، هەنگاوی یەکەم و دووەمیان چوار بڕگەییەو هەنگاوی سێیەمیان سێ بڕگەییە لام وایە لە ناوچەی ئێمەدا بۆ یەکەمجار (گۆران)شیعری پێ وتووە)(13) ، ئەم کێشە چەند دەستە پێیەکی لێ جیاکراوەتەوە (٤+٤+٣) و (٦+٥)و(٣+٣+٥)

و(٣+٤+٤) ، (جۆبار) هۆنراوەی (بابچینە کویستان)ی بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە:

**با/بچی/نە/کوێس/تان/بۆ/گەش/تی/ئەم/نا/وە**

**جوا/نی/جی/ها/نی/خوا/بەم/شوێ/نە/دا/وە**

**لە/چلەی/ها/وی/نا/نەو/بە/هار/ب/بی/نە**

**قەن/دیل/مەن/دی/لی/هەر/ف/ڕێ/نە/دا/وە**

س- سێزدە بڕگەیی :

ئەم کێشە بەکێشێکی دیار دادەنرێت و لەشیعری شاعیرە تازەکاندا بەرچاو دەکەوێت، دەستەپێی ئەم کێشە پێکهاتووە لە (٤+٤+٥)، جۆبار تەنیا دوو هۆنراوەی (بە فیداتبم ، ئەمڕۆکە دڵم)ی بەم کێشە هۆنیوەتەوە:

**بە/ فی/دات/بم/قەد/عەر/عەر/دڵ/ئا/شوف/تەی/تۆ/یە**

**فر/یام/کە/وەو/نا/چا/رم/چا/رەم/هەر/ئیم/ڕۆ/یە**

**ئا/وا/زی/نا/ڵەی/دڵ/بۆ/موش/تا/قی/دی/دا/رت**

**بول/بول/ئە/خا/تە/نا/ڵین/بەم/دا/دو/ڕۆ/ڕۆ/یە**

سێیەم : سەروا

وەك ئاشکرایە، (کێش بە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر دادەنرێت کە ڕۆڵی هەبێت لە بنیاتنانی ئاوازی دەرەوەی دا، بەڵام لە پاڵ ئەم ڕەگەزەدا ڕەگەزێکی تر هەیە بەشدارە لە بنیاتنانی ئەم ئاوازەدا ئەویش سەروایە)[١٤] ، عەرەبەکان زۆر گرنگی بە سەروا دەدەن و بە ڕەگەزێکی بنچینەیی شیعری لە قەڵەمی دەدەن ، بۆیە لە پێناسەی شیعردا دەڵێن: (شیعر قسەیەکی کێش و سەروادارەو واتایەك دەگەیەنێت )[١٥]، واتا لای عەرەب سەروا رەگەزێکی سەرەکی شیعرە . پێناسەی زۆرو جۆراوجۆریش لەبۆ سەروا کراوە کە هەر هەموو یان لە سەر ئەوڕایەن کەوا: ئەو دەنگە یان ئەو تیپە سەروا پێك دەهێنێت کە دەکەوێتە کۆتایی دێرە شیعرەوە، کەچی (عەزیز گەردی) بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەوە بۆچوونێکی تری هەیەو دەڵێت (سەروا بریتییە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی لە

کۆتایی وشه سەروا دارەکان دووبارە دەبنەوە ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعروهەندێ جار لە ناوەوەش دێ)[١٦]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەرج نییە سەروا هەر لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعردا دوبارە بێتەوە بەڵکو هەندێ جار سەروا لە ناوەوەی دێرە شیعردا دێت و ئەو کاتە بەیتەکە سەروای ناوەوەی دەبێت، لە جۆرەکانی سەروای شیعری لە هۆنراوەکانی جۆباردا ئەم شێوانەی لێ دەبیندرێن:

١- یەکێتی سەروا

لە شیعری کلاسیکدا یەکێك لە مەرجە بنچینەییەکانی شیعر، یەکێتی سەروا بووە کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو هاتۆتە خوارەوە و شیعرەکەی پێ تەواو کراوە، ئەمەش وەك کۆت و تەوقێك بووە لە گەردنی شاعیرداو ناچار بووە ملکەچی بێت و پەیڕەوی بکات بەمەش شاعیر ماوەیەکی تەسکی لەبەر دەمدا بووە بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی ، کاکەی فەللاح پێی وایە (بۆ ئەوەی شیعر لە سەرەوە تا خوارەوە سەروایەکی یەکگرتووی هەبێت ، شاعیر ناچارە بە شوێن وشەدا بگەڕێت بۆ ئەمەش پێویستی بە فەرهەنگێکی تەواو هەیە، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆ دانی بەشێکی زۆر لە بەهرەو کاتی شاعیر، تەنانەت لەو حاڵەتەدا شاعیر وای لێ دێت کە نەتوانێت بە تەواوی ئەو مەبەستەی کە لە دڵ و دەروون و خەیاڵی دا هەیە بیگەیەنێت)[١٧] ، گۆرانیش پێی وایە لە بەر ئەوەی لە شیعری کۆندا پەیڕەوی یەکێتی سەروا کراوە بۆیە شاعیر ئەو بابەتەی کە مەبەستی بوو دەیخستە ناو یەك دێرەوە ، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکا کە بتوانێ زۆر بە ئاسانی و بە هەوەسی خۆی دێرەکان پاش وپێش بکات بەبێ ئەوەی هەست بەو پاش وپێشییە بکرێت)[١٨].

بەشی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردی بەم شێوە سەروایە هۆنراوەتەوە، بۆیە پێشی وتراوە (سەروای یەکگرتوو) چونکە سەرواکە لەسەرەوە هەتا خوارەوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو هاتۆتە خوارەوە. جۆباریش وەکو هەموو شاعیرانی پێش خۆی لە زۆربەی هۆنراوەکانی پێڕەوی ئەم جۆرەی کردووە لە نیزامی (سەروا)، شیعرەکانی (ڕاز لە کورد، هەڵسە شۆڕێ، وەسفی کۆیە، ژیانی

کۆیە، زەمانە، یارم بێ شانە، بەدگۆ، یادی حاجی قادر، گوڵی باغ ، کوردقڕان، جوانی کویێستان، ١٤ی تەمووزی١٩٥٨، ئەنجامی شەڕ، بەفیدات بم) سەر بەم سەروایە شیعریەن، لێرەدا شیعری(شەوی شوم) بە نموونە وەردەگرین:

لەم شەوی شومە چ بانگێک بوو بە گوێما دادرا
دەرگەیی شادی لە خەڵکی شاری کۆیە داخرا
ئەم شەپۆڵەی پڕ پەشێو شاری وەها داگرتووە
کەس بەهانای کەس نییە نەک دۆست هەتا خزم و برا

وە هەروەها هۆنراوەی (کەوی خۆخۆر)یش بە نموونە وەردەگرین:
چوومە راوی کەو لەسەر کێوان بەخۆو تیروکەوان
هەوڵی دەستکەوتم دەدا ماوەی گەلێک رۆژوشەوان
کەوتمە گەشتی باسک و دەشتی وەک بەهەشتی رووی زەمین
نیشتمانی کەوگەلان دەمدیت بە پۆل پۆل و رەوان

هەروەها لەهەندێك لەو پارچانەی شاعیر لەسەرکێشی خۆماڵی هۆنیویەتەوە هەمیسان پێڕەوی لەم جۆرەی سیستەمی سەروا (واتا سەروای یەکگرتوو) کردووە، وەکو لەهۆنراوەکانی (کوڕی رۆژ، بەم وێنەیە، هاوسێی خراپ)دا بەدیاردەکەوێت، لێرەدا نموونەیەك لەهۆنراوەی هاوسێی خراپ دەخەینە روو:

هەندێ هاوسێ هەن مۆن و بن بڕن    هەروەک گورگێکن لەپێستی مەڕن
قینــدار ناهەمــوار ڕەفتــار نالەبار    لەزیان بەخشــی یەکجار لەزەڕن
سەر زبان شەکرو بن زمان ژەهــرن    هەموو بەدەنیان خــوارو بە جەڕن

٢-جووت سەروا (سەروای مەسنەوی)

کاتێك دوو نیوە دێڕی شیعرێك یەك سەروایان هەبێت پێی دەوترێت سەروای مەسنەوی، مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە دەڵێت(شیعری جووت قافیە

یاخود " مزدەوەج" ئەمە بریتییە لەو شیعرەی هەموو دێرە شیعرێکی قافیەیەکی تایبەتی ئەبێ، واتە هەر دوو نیوە دێرە شیعری بەیت لەسەر یەك قافیە ئەبن)[١٩] ، کەواتە هەر دێرێك سەروایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیەو لە سەروای دێڕەکانی ترجیایە، بەهەمان شێوە جۆبار هۆنراوەکانی وەکو ( شیوەنی تاهیر تۆفیق، ناخی دڵداری، پەری وێنە، ستایشی ڕەمەزان، جەژنە، پارتایەتی، ستایشی ئایینی، ڕێوی وکەڵەشێر، مشك و پشیلە، هەتا گەنج بووم) بەم شێوە سەروایە هۆنیوەتەوە، لێرەدا چەند دێر لەهۆنراوەی (ناخی دڵداری) بە نموونە وەردەگرین :

| | |
|---|---|
| ڕۆژێك چوومە ماڵی وەستام | لەقاپیم داو نەختێك وەستام |
| دەنگێك وەرامی دایەوە | سۆزی لەناو دڵ نایەوە |
| کارێکی وای لەهەست کردم | هەردوو ئەژنۆکەی سست کردم |
| بەقرتەقرتی قاپ قاپە | دەتگوت دەنگی کچك چاپە |
| شۆخێك هات دەرگای کردەوە | بووکێك بوو لەپشت پەردەوە |

٣- چوارین

چوارین لە (چوار نیوە دێر پێکدێت، کە قالبە سەروای خۆی هەیە، دەشێ بەتەنیابێ ومەبەستێکی تایبەتی دەربڕێت یاخود دەشێت کۆپلەیەك بێت لە شیعرێك)[٢٠]، عەزیز گەردی دەربارەی چوارین دەڵێت: (چوارین پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە پارچەیەکی تەنیایەو مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو، سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەیخانەو پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر، زۆرجاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە)[٢١]. جۆبار لە شیعرەکانیدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، بەڵام لە هەموو بەکارهێنانەکاندا یەك قالبە سەروای بەکارنەهێناوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی توانا ئەو قالبەسەروایانەی چوارین دەست نیشان بکەین کەجۆبار بەکاریهێناون :

### أ-چوارینی تەواو

لــەم جــۆرەدا هەرچــوار نیــوە دێڕەكــان ســەروایان وەكویەكــە، قالبــە سەرواكەشـیان بەشـێوەی(AAAA) دەبێـت، لەكوردیـدا كـۆنترین شـاعیر كەئـەم جۆرەســەروایەی بــەكارهێنابێت (مــەلای جــەزیری) یــە هــەروەها جۆبــاریش لــە شیعرەكانیدا ئـەم جـۆرە سـەروایەی بـەكارهێناوە لـە هۆنراوەكـانی (بـەهیوات، شەوی زسـتان لەكوردسـتان) ، لێـرەدا هـۆنراوەی(شـەوی زسـتان لـە كوردسـتان) بەنموونە وەردەگرین :

شەوی مانگی ڕێبەندانە A
ئەو پەڕی سەختی زستانە A
بەفرە بارانە زریانە A
شەختە كاشی حەوشەو بانە A

وە لە هۆنراوەی (بەهیوات) كە بەم شێوەیە هۆنیویەتیەوە دەڵێ :

بە هیوات گیانە A
حاڵم پەرێشانە A
دڵم وا حەیرانە A
عاشقی لێوانە A

ئەی گوڵی گوڵزارم B
بەس بدە ئازارم B
ڕەحمێ بە هاوارم B
من كە بریندارم B

### ب-سەروای چوار خشتەكی (AAAB )

لەم جۆرە چوارینەیەدا نیوە دێری یەكـەم و دووەم و سـێیەم سـەروایان یەكە، بەڵام سەروای نیوە دێری چـوارەم لـەوان جیـاوازە و لەگـەڵ سـەروای نیـوە دێـڕی چـوارەمی كۆپلـە كـانی تـردا یەكـەو بەمـەش هـەموو كۆپلـەكانی شـیعرەكە بەیەكـەوە دەبەسـتێتەوە). عزیـز گـەردی لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: (وادەبێـت لـە هۆنراوەی چوارخشتەكیدا، چـوارینەكان سـێ بەشـی پێـشەوەیان هاوسـەروا بـێ و لەتی چوارەمی هەموو چوارینەكان یەك سەروایان هەبێ كە چوارینەكان بەیەكـەوە

دەبەستێتەوە، بەزۆری چوارینەی یەکەم موسەڕڕەع دەبێ واتە هەر چوار لەتی هاوسەروا دەبێ[٢٢]. جۆبار لە هۆنراوەکانیدا ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێناوە وەك لە هۆنراوەکانی(چوك شیرین ، نەورۆز و راپەڕین ، چنارۆك)، لێرەدا پارچەیەك لەهۆنراوەی (چوك شیرین) بەنموونە وەردەگرین:

چوك شیرینی رەنگ ئەسمەر
برۆ پەیوەستی دڵ پەروەر
ئەی ئاسکەکەی دەشت و دەر
بۆتۆم وێڵ ودەر بەدەر

گەرچی من سووتاوی تۆم
لەزنجیرو داوی تۆم
بەستەی زولفی خاوی تۆم
تۆش رەحمت بێ ئەی دوڵبەر

ج- چوارینی خەساو( AABA)

لەم جۆرە چوارینەدا نیوە دێری یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان و سەروای نیوە دێری سێیەم لەوان جیایە، قالبە سەرواکەشی بەشێوەی (AABA)یە، (بابە تاهیری هەمەدانی) کۆنترین شاعیرە کە ئەم جۆرە چوارینەی بەکارهێناوە، هەروەها لە چوارینە وەرگێڕدراوەکانی (خەیام)دا بۆ زمانی کوردی ئەم جۆرە چوارینە دەبینرێت، لە ئەوروپا ئەم قالبە لەژێر کاریگەری چوارینەکانی (خەیام)دا پەرەی سەندووە بۆیە بە چوارینی خەیامی ناوبراوە[٢٣]، ئەم جۆرە سەروایە بۆتە قالبێك بۆ زۆربەی هۆنراوەکانی جۆبار، وەك لە هۆنراوەکانی (کیژە کۆچەری، پەرچەم لوول، بۆم بڵێ تۆزە تۆزە، دیمەنی ژیان، ئەی گوڵ، ئەی تەمبەڵ، دولبەرێ، کەڵەشێر، چاوەڕوانی، شێخ، ئاغایەتی، ئەنفال وکیمیا بارانی کوردستان، بۆ پەیمانگا، ژنی نالەبار، لەڕێی هیوا، خۆری خەبات)دا دیارن، لەم جۆرەشیاندا هۆنراوەی (دیمەنی ژیان) بە نموونە وەردەگرین:

شەو دەکەم بە ڕۆژ ڕۆژ دەکەم بە شەو A
بە ڕۆژ هۆشیارو بەشەو چاو لە خەو A
سامانی تەمەن ئەوا خەرج دەکەم B
بە مێشکی ماندوو بە دڵەی نەسرەو A

ژیـــان خـــــەونێکە ئەوا دەیبینـــم B
بە خاڵێک شـــادو دە خاڵ غەمگینـــم B
بە هەورازو لێژ بە سەد کەوتنە گێژ C
وا بەڕێی دەکـــەم قۆناغـــی ژینـــم B

لەگەڵ جیهاندا ژیان خوازیمە D
لەگەڵ ژیاندا زۆرانبازیمە D
دۆڕانم گیانەو ناوبژیوان مەرگ E
ئەوەش نیشانەی بێ دەربازیمە D

## د-چوارینی شکسپیری ( ABAB )

سەرواى (موتە ناویب)یشی پـێ دەوترێـت، (وادەبـێ لـەم چـوارینەدا هـەر چوار لەت بەنۆرە سەروایان بچێتەوە سەر یەك،واتە لەتی یەكەم و سێیەم لەلایـەك وە لـەتی دووەم و چـوارەم لـە لایـەکی تـرەوە هاوسـەروابن بەمـەوە چـوارینەکە دەکەوێتە هەردوو سەرواى جیاوان)[٢٤]، ئەم جـۆرە سـەروایە بەلاسـایی کردنـەوەی شیعری ئەورووپی هاتۆتـە نـاو شـیعری فارسـی و تـورکی و لەوێـشەوە هاتۆتـە نـاو شـــــیعری کـــــوردی، قالبـــــە سەرواکەشـــــی بـــــەم شـــــێوەیەیە :(ABAB،CDCD،EFEF،GHGH)، جۆبار هۆنراوەی (زستانی دژ)ی بەم شـێوە سەروایە هۆنیوەتەوە :

زستانی دژو ڕوگرژ
بەفری تەمەنی توایەوە
بەهاری لاوی هات بە گژ
تا ماڵی پێ پێچایەوە

زەوی سەهۆڵی هەڵمژی
گیاوگوڵ سەری هێنایە دەر
دایخست فەرشی سەوزی قژی
لەدۆڵ و کێو و دەشت و دەر

## بەشی دووەم

## مەبەستەکانی شیعری جۆبـار

### أ-مەبەستی دڵداری:

ئەڤین و دڵداری هۆیەکی سەرەکییە بۆ تەقینەوەی ناخی جۆبارو هەڵقوڵینی بە شێوەی هۆنراوە ، یەکـــەم هـۆنراوەی دڵـــداری بـووە، هەرچـەندە هەنـدێ هۆکاری (سیاسی – کۆمەلآیەتی ... هتد )یش هەبوون کە سەرنجی جۆباریان راکێشاوەو دڵبەندییان کردووە بـەلآم لـە هـەموویان کاریگـەرتر ئەوەیـە کـە ئـەو لەسـەرەتادا شـەیداو دڵـدار بـووە، بۆیـە هـۆنراوەی دڵـداری، بـە پێـشەنگی هۆنراوەکانی جۆبار دادەنرێن ·یەکەم هۆنراوەی بە ناوی ( چـوک شـیرین ) بـووە لەلایـەن هونەرمەنـدی کـۆیی ( حمـدامین عـەباس ) لـە سـاڵی ١٩٤٩ کـراوە بـە گۆرانی. ئەنجا لەسەر ئەم رێڕەوە بەردەوام بووە.

### چـــوک شـــیرین

| | |
|---|---|
| چوک شـیرینی رەنـگ ئەسمـەر | بـــرۆ پەیوەســـتی دڵ پـــەروەر |
| ئـەی ئاسـکەکەی دەشـت و دەر | بۆتـــۆم وێـــڵ و دەربـــەدەر |
| گەرچـــی مـــن ســـووتاوی تـــۆم | لـــــە زنجـــیرو داوی تـــــۆم |
| بەســـتەی زولفـــی خـــاوی تـــۆم | تۆش رەحمت بـێ ئـەی دولبـەر |
| دڵـــــت لێ ســـــاندم گـــــوڵم | تۆقـــــت خـــــسۆتە ملـــــم |
| گـــــرت بـــــەردا نـــــاو دڵـــم | بـــــۆ وام دەدەی دەردەســــــەر |

لە هۆنراوەیەکی تر بە ناوی ( ئەی گوڵ ) حاڵی پەشێوی خۆی بەرامبەر یارەکەی نیشان دەدات، لە کاتێکدا یارەکەی خۆی لێ ون کردووەو وەلآمی حاڵی پەشێوی جۆبار ناداتەوە :

ئەی گولٚ هەمیشە بە دلٚ لەلاتـــم
رۆژ و شەو مەستی  بادەی خولیاتم
تـــۆش نەدیـــار و نە نامـــەداری
نە دیاری و وێنەت بوو بە خـەلاٚتم

بە نیـــزەی نازت دلٚ پیٚ کـــراوە
کانـــی ئەوینـــی لـــیٚ هەلٚقـولاٚوە
لە نـــاو دوو دلٚــی بـیٚ دوودلٚیمان
پەیمان کۆنکرێت دروسـت کراوە

ئەی ئەســتێرەکەی ئاسۆی خەیاڵم
تـۆی ژێرکـــەرەوەی دڵەی منـاڵم
بۆ بەبـــیٚ ئاورِ لێـــم تیٚ دەپەڕی
بە ئاخ و تینێك ناپرســـی حاڵـــم

لـەهۆنراوەی (پەرچـەم لـوول) یـادی شـێوەو دیمـەنی ڕوخـساری نازدارێـك دەکاتەوە کە رۆژیٚ لەرۆژان سەرنجی راکێشاوە، ناوەرۆکی هۆنراوەکـە بـاس لـە کچێك دەکات کە رۆژێك دەچێتە بەردەمی دوکـانی جۆبـار بـە مەبەسـتی کرینـی پێداویـستی ، کـچەکە پێـچەیەکی تـەنکی گرتبـۆوە، لـە ژێـر پێـچەکەوە دەم و چـاوی کـچەکە زۆر بـە جـوانی دەرکـەوتووە، جـوانی ڕوخـساری کـچەکە و قـژە لوولەکەی سەرنجی شاعیری راکێشاوە ، شاعیر هەڵـساوە بـە کـامیرای شـیعری وێنەی ڕوخساری ئەم کچەی کێشاوە:

ئەی پەرچەم لوولی گرژو پێچ پێچـــە
روو خشت و خۆری ژێر پەردەی پێچە
برۆ تێکەلاٚوی برژانگ چەتـــری چـــاو
دەم وێنەی دەمی تازەگولٚ خـــونچـــە

لوت ڕێکی ڕوومەت گۆشتن و بەخـاڵ
شێوە سەرچاوەی بــەخشینی خەیـاڵ
ئەی گەنــم ڕەنگی گەردن گوڵینــگی
ڕەفتار چەلەنگی تەمەن هەژدە سـاڵ

وەك مانگی ناو تەم ڕووتم لێ دیـارە
هەردڵ دەزانێ چەنــد پڕشەنگدارە
نەرمە نیگاکــەی ئەســتێرەی چاوت
بەرەو سینە و دڵ لـــە من لە کـارە

**ب-بابەتی جوانی و ئافرەت و سروشت :**

ئەم بەشە لە هەڵبەستەکانی جۆبار زۆر بـەرزە، جۆبـار خـۆی لـە خۆیـدا دڵتـەر بـووە و خـەیاڵێکی نـازك و هەسـتێکی بـەرزی هـەبووە، دەسـەلاتێکی بـێ پایـانی هەبووە لەوەدا کە بەشـێوەیەکی هونەرمەندانـە باسـی جـوانی سروشـت و دیمەنـە دڵڕفێنەکانی کوردستان بکات  بە چیاو دۆڵ و چڕو جەنگەڵ و ڕووبارو بەفراوو بەهارو گـوڵ و گـولزارەوە، شـاعیر دەسـەڵاتێکی بـەرزی وای هـەبووە کـە لـە هەرچـوار وەرزەکەدا ئەو دیمەنانە بخاتە نـاو چوارچـێوەیەکی ڕەنگینـی هونەرمەندانـەو لـەو شێوەو دیمەنانەوە وەریبگێڕێتە سـەر وشـەی پـڕ سـۆز و ئاهـەنگ و کاریگـەر، بـۆ نموونە لە هۆنراوەی (هەڵسە شۆڕێ) کە لە سـاڵی (١٩٥٢) نووسـیویەتی، سـەرەتا شیعرەکە بە دیمەنی کوردستان دەست پێ دەکات لـە کۆتـایی یەکـەی تێکـەڵ بـە دڵداری دەبێتەوە:

هەڵسە شۆڕێ بڕوانــە      جوانی ئەم کوردسـتانە
ڕوو دەکەیتە هەر لایێ      بەزم و شایی و سەیرانە

ئەمرۆ وەرزی بەهـارە      جەژنــی یارو دڵـــدارە
بولبـول ئومێـــدەوارە      بۆ باغ بـــڕوا مەســتانە

گوڵشەن سەوز و رەنگینە — گشت بە لالە و نەسرینە
خونچـــە لە پێكـــەنینە — دەوری شــتلە رێحـــانە

وەكـو چـۆن لـە وەسـفی خـاكی كوردسـتان و پـیرۆزی و دڵپـاكی و باشـی خەڵكەكەی و بە پیتی خاكەكەی و دیمەنە جوانەكانیدا دەڵێ:—

كوردستان چەند شیرینە — جەنەتی رووی زەمینــە
خوایە هەر ئاوەدان بــێ — قەومی كورد جێ نشینە

غەنیمەتە ئــەم خاكـــە — قەومی دڵ ساف و پاكـە
لەناو عالەمـــدا تاكـــە — كوردستان چەند شیرینە

گەنجی كوردی پر هونەر — هەمووی لایەقی سەروەر
لەم خاكە هاتوونە بـــەر — كوردستان چەند شیرینە

جۆبار وەكو وێنەگرێكی هەست و هۆش ناسك و هونەرمەند، شاپەڕی خەیاڵی لێ خـستۆتە كـارو بـە هەسـتێكی گـەرم و گـوڕەوە وەسـفی دیمەنـە جوانـەكانی سـەیرانگای چـنارۆك و چـیای قەنـدیل و شـەوانی زسـتانت بـۆ دەكـات ، لەگـەل وشەكانیا تەزوویـەكی سـاردت بەلەشـادێت و دەڵێـی دەم و دەسـت وای بـە چـیاو كوێستانە بەفرینەكانـەوە، هـەروەك لـە هـۆنراوەی (جـوانی كوێـستان ) دا باسـی كوێستانەكانی كوردستانمان بـۆ دەكـات كـە جۆبـار لـە سـاڵی (١٩٧٠ ) لـە مـانگی تەموز گەشتێكی بۆ ئەو ناوچانە كردووە وچووە بۆ چیای قەندیل ،هۆبـەو هـەواری خێڵەكانی لێبووە كە هەموو رەشماڵیان هەڵداوەو مـەڕو ماڵاتیـان بـەخێو كـردووە، دیمـــەنی ئـــەم شـــوێنە قەشـــەنگ و خۆشـــانە، كـــە لـــە گەرمـــەی وەرزی هـــاوین سـەرلوتكەكانی چـیای قەنـدیل بـەفری هـەرپێوە بـووە و سـەوزایی بـاڵی بەسـەر ناوچــەكەدا كێـشاوەو بــە گــوڵ و گــولزار ڕازاوەتــەوە جگــە لــە هــەوای فێنكــی ناوچەكەش ئەمانە هەموو شاعیریان سەرمەست و حەیران كردووە، بۆیە دەڵێ:

بابچینه کوێستان بۆ گەشتی ئەم نـاوە
جوانی جیهانی خوا بەم شـــوێنە داوە
لە چلـــــەی هاوینا نەوبەهار ببینـــە
قەندیل مەنـــدیلی هەر فڕێ نەداوە
تا چاو لێی دیارە چیمـــەن و گوڵـــزارە
پڕ جۆگە و کانـــی و رووباری بەفراوە
چەم و چیمەنان پەرچەمیان پەخشـانە
بەسروەی شـــــەماڵ وا شانە کـراوە

شاعیر لەم پارچەیەی خوارەوە وەسفی شەوێکی زستانی مانگی رێبەندانمان بۆ دەکات، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| شەوی مانگی رێبەنـــدانـە | ئەو پەری سەختی زســتانە |
| بەفـــرە بارانـــــە زلیانــــە | شەختە کاشی حەوشەو بانە |
| ڕووبەندی ئاسمان هەورینە | زەوی لـە بەرگـــی زیوینـــە |
| ســـەرپۆشی چیاکان سپینـە | گێ سواندەسەر بە لەرزینە |
| هەورە تریشقە دەگرمێنـیٚ | دڵۆپە فرمێسـک دەڕژێنیٚ |
| بروسکە رووناکی دەنوێنـیٚ | ئاسـمان هەروەک چراخانە |

کاتێـك باسـی رابـردووی جـارانی کوردسـتان و ژیـانی خێڵایـەتی و کـۆچ و بـاری کۆچەرانت بۆ دەکات، ئیتر تۆش بە ئاسمانێکی رۆمانتیکی دا لەگـەل جۆبـاردا دەفرێ بۆ لا پاڵی کوێستانەکانی، بۆ ئـەو چـیایانەی کـاتێ کـە تیـشکی زێرینـی خۆرەتاو دەیدا لە بەفری خالخالاوی سـەرلوتکەکانی ،تـۆش لەگـەڵیا دەدەی لـە شەقەی باڵ و دەگەیتە بنـاری چـیاکان بـۆ ئـەومێرگو مێرعوزارانـەی کـە جـاران کۆچـەرییەکان دەیـانکرد بـە هەوارگـەی خۆیـان ، تـاك و تـەرا رەشماڵـەکان دوکـەڵیان لێ بـەرز دەبێتـەوەو لـەدوورەوە دەنگـی هـاژەی مەشـکەدۆ دێ کـە

کەنیشکە کۆچەرییەکان لەبەر چیغی ژێر دەوارەکانیان رایدەیژێنن هەروەك جۆبار لەم هۆنراوەیەیدا ئاماژەی پێداوە:

ئــەی کیــژە کۆچــەری بــــالاّ ســـــنەوبەری
ئەی بوکەکەی کوێستان تــۆ پــەری کوێنــدەری

دەرۆی هـــەوار هـــەوار بــە مێرگــو مێرگــوزار
بۆ بەهەشـتی کوێـستان لە پێش کـۆچ و کۆچـبار

بــە رەنگــی خــۆرەنگی چەند جوان و قەشەنگی
لـــە پێــشەوەی قـــەتار سەرکێـــشی پێـــشەنگی

**ج-مەبەستی ئایینی :**

هەرچـەندە جۆبـار وەکـو هەنـدێ کـەس بـە رووالّـەت یـاخود وەکـو وشـکە سـۆفییەکان هەمیـشە سـەری لەسـەر بـەرمالّ نـەبووە، یـان وەکـو ئـەوان چـۆن ویستویانە و کردوویانە تەزبیحێکی سەدو یەك دانەو سیواکی هەڵنـەگرتووە، بـۆ روالّەت رۆژانی هەینی چەند عانەیەکی بەسەر خەڵکا نەبەخشیوەتەوە و نەچۆتە نوێژی جومعە، بەلاّم لەگەل ئەوەشدا زۆر دڵی پاك بووە و رەوشتی بەرزبـووە و زمان خـاوێن بـووە و زیـانی بـۆ هـیچ کەسێك نـەبووە. لێـرەدا لەهۆنراوەیەکیـدا ستایشی مانگی رەمەزان دەکات و بە موسڵمانان رادەگەیەنێ کە مـانگی خێـرو خۆشی و لێبوردەیی هاتووە :

لێمان پیرۆز بێ مانگـی رەمـــەزان
مانگی بەرات و فەرمانی یـــەزدان

مانگی دوور بوونە لە کاری بەدکار
بـــــە گۆرینەوەی نـــەیاری بەیار

مانگی کەبار و یاد کردنەوەی خوا
بــۆ ژیانـــەوەی ئاین و بــــڕوا

هۆنراوەیەکی تری نووسیوە تایبەت بۆ بۆنە ئاینییەکان تیادا دەڵێ:

ئەی خـودا هاتومەتـە قـاپی تـۆ بـەدەم پاڕانـەوە
تۆ بـە بەخشین و منیش بـە کۆمـەڵێک تاوانـەوە
بۆ تکای لێبوردنت هـاتووم بـــە مـەرجی تۆبـەوە
بۆیە هیواداری لێخۆشبوونمە بـە مـەرجی تۆبـەوە
نائومێد نابێ پەشـیمانێ کــــە تـۆی بەخـشندەبێ
گەر لە ئاست فەرمانی تۆ باوەڕ بەتین و بەندەبێ

**د-مەبەستی بۆنەو مناسەبات:**

جۆبــار لەهـــەموو هەڵوێـستێکا لەگــەڵ نەتەوەکــەی بــووەو خــۆی جیـا نەکردۆتەوە خۆی بە یەکێك لەوان داناوە لە ناخۆشیدا بـە تەنگیانـەوە هـاتووەو لە خۆشیشدا هاوکاری کردوون، بـۆ نموونـە سـاڵی ١٩٧٢ لیژنەیـەك بـۆ ئاهـەنگ گێڕانی دانانی کۆتەڵی حاجی قادر لەشـاری کۆیـە پێکـدەهێنرێ، جۆبـار یـەکێك لەئەنـدامانی ئـەو لیژنەیـە دەبێـت و لـەو ئاهـەنگ و بۆنەیەشـدا ئـەم هۆنراوەیـە پێشکەش دەکات:

ئــەی گــەلی کــورد سـاوەرن بــۆ یــادی حـاجی قـادری
مافی ئەو هەریەك لە ئێمـە چـونکە کەوتۆتـە سـەری
بابیکەین یـادی بـە گـەرمی و ئـــەو پـەڕی شـانازیەوە
چونکە حـاجی دەردی دووری ئێمـە بـوو سەوداسـەری
گــۆڕ غەریبـــەی ئـارەزووی خـاکی ولاتـی بـردە گـڵ
تا لە رۆمیش مردئەوەندەی ناوی قەومی کورد بـەری
جەرگی هەروەك خاکی کوردستانی لەت لەت بوولەتاو
کوردی بــێ ماڵ و لـە ژینی سەربــەخـۆیی بێ بەری

هەروەها هۆنراوەیەکی شینگێڕی بۆ مەرگی دەنگخۆش و شالوری کوردستان هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)ی نەمر نووسیوە، کە لە چلەی ماتەمینیەکەی پێشکەشی کردووە:

لە ناوباخچەی هونەردا شاگوڵێکی گـەش وەری ئـەمڕۆ
لە لانەی بولبولانی کورد بڵند بـوو دەنگـی شـین و ڕۆ
چراییکی بە شەوقی کـوڕی شـادی بـای مـەرگ لێیـدا
کـە هاوتـای ئەولەچەرخێکدابەشـازجا گـەربیێ پەیـدا
وەکو مۆم خۆی دەسوتاند تاکو ڕووناکی بدا بۆ گشت
هەتا ما خزمەتی کردبۆ هونەر هەر ئارەقی بـۆ ڕشـت
قوتابخـــانێکی گـــۆرانی و مـــەقامی بـــۆ بەجێهێـــشتین
تا لە دوارۆژ لە قالبێکی ڕەسـەندا پـشتی پـێ بەسـتین

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دڵخۆشی خۆی بە رامبەر دامەزراندنی پەیمانگای تەکنیکی لە کۆیە پیشان دەدات و دەڵێ :

| | |
|---|---|
| پەیمانگای تەکنیکی کۆیە | لە دوو بەشی زانیاری کۆیە |
| تاقانـــەی شارەکەمانە و | ئەستێرەی گەشی ئاسۆیە |
| | |
| خەڵاتێکە بۆ ئەم شارە | جێ پەنجەی ئەم چاکە دیارە |
| هەرگیز لە بیر ناچێتەوە | لای کەس ئەم کارە شاکارە |
| | |
| ئامۆژگەی ئامۆژگارییە | مەڵبەندی خوێندەوارییە |
| لە ڕۆژی تەنگانەی وڵات | هێزی فریـــا گوزارییـە |

**٥- مەبەستی سیاسی:**

لە چلەکاندا بەهۆی پەرەسەندنی جولانەوەی رزگاری نیشتمانی نەتەوایەتی شیعری سیاسی بەشێوەیەکی دیار بە هێز بووە و هاتۆتە ناومیللەتەوە لە هەوڵی ئەوەدا هەندێ مەسەلەی کەم و کوڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری چارەسەر بکا، کە

چەوسانەوەی خەڵکی هەژارو دەستکورت گەیشتبووە لوتکە، بە تایبەتی دەسەلاتی میری پشتی دەولەمەندی چاوچنۆکی دەگرت و هەژاری بێ چارەی دەچەوساندەوە ، ئەم دیاردەیە کارێکی گەورەی کردتۆتە سەر شاعیرو رۆشنبیرانی کورد ، هەموو ئەم نەهامەتیانەش لە ئەنجامی شەڕ ی جیهانی دووەم هاتبوونەکایەوە ، کە زۆر کاری لە جۆبار کردووە ولەو بارەیەوە هۆنراوەیەکی بەناوی ( ئەنجامی شەڕ) لە ساڵی (١٩٥٣ ) نوسیووە کەتیایدا دەڵێ :

**گەربە بیرم دێتەوە ڕۆژی شەڕی ئەوسای جیهان**
**دڵ ئەکەوتە لەرزەیەکا حاڵەتم دێتە هەژان**
**وەی خودا ئەم رۆژە تاڵەی من بە چاوی خۆم کەدیم**
**قەت نەکەی جارێکی دی بیخەیتە بەر چاوی گەلان**
**ئەم زەمینەی چەشنی بێستان و گوڵستانی سەوز**
**گشتی ڕەش بووبوو لە دەست بۆمبای تەیارەی ئاسمان**

لە شیعری سیاسی و نیشتیمانیدا جۆبار هەست و نەست و ئارەزووی ناو دڵ و مێشکی هەڵدەڕێژێ بە شێوەی ڕەمز لە بابەت دواکەوتوویی نەتەوەکەی لە کاروانی ژیانی میللەتاندا ،بۆیە دەڵێ:( کورد پێویستی بە خەبات و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە ئامانج) ، جگە لەوە باس لە هەندێ لایەنی خۆشی و ترشی کۆمەڵی کوردەواری دەکات. لەساڵی ١٩٧٥ دا لەشیعرێکی رەمزیدا بەم جۆرە باس لەهەڵهاتنی هەتاوی کورد دەکاتەوە:

**زستانی دژو روگرژ بەفری تەمەنی توایەوە**
**بەهاری لاوی هات بەگژ تاماڵی پێ پێچایەوە**

**هەتاو ورگی هەوری دڕی جیهانی خستە ڕووناکی**
**پەپولەی ڕەنگین هەڵفڕی لەسەرما و سوڵ نەما باکی**

**زەوی سەهۆڵی هەڵمژی گیاو گوڵ سەری هێنایەدەر**
**دایخست فەرشی سەوزی قژی لە دۆڵ و کێوو دەشت و دەر**

شیعری سیاسی لای جۆبار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە(بریتییە لە هاندانی لاوان بـۆ خەبات و کۆڵنەدان و بەبێ وچان کۆششکردن بۆ پڕ کردنەوەی ئەو دواکەوتوویـیـەی کە نەتـەوەی کـورد گرفتـاری بـووە)[٢٥]، جۆبـار هۆنراوەیـەکی بـە نـاوی ( خـۆری خەبات ) لە ساڵی (١٩٩١ ) نووسیووە بـە بۆنـەی ئـەوەی کـە گـەلی کـورد لـە ژێـر دەستیی ڕزگاری بووە:

| | |
|---|---|
| خــۆری خەباتــی خوێنــاوی | ئەمڕۆ هەڵی هێنا چــاوی |
| لە سەرتاپای کوردســــتاندا | بە قوربانــی لە پێنــاوی |
| ســــڵاو لە ئازادی خـــوازی | مژدە لە ماندووی ڕێبازی |
| ڕێی سەختی سەد ساڵەی بڕی | بەرەو ئامانج و ئامــرازی |
| پێشــڕەوی بیــرو بـــاوەڕی | دژی دوژمنـــان ڕاپــەڕی |
| سەر شاری هیوای قۆستەوە | هێزی تاوانــی هەڵبــڕی |

**و- مەبەستی داشۆرین:**

ئەم جۆرە هونەرەی شیعر لە ناو هۆنراوەکانی جۆباردا کەم نییە، چـونکە لە ژیانیدا گەلێك ئازاری چەشتووەو شتی ناڕەوای بینیوە، دەسـەڵات دارو زەبـر بەدەسـت خــەڵکیان چەوسـاندۆتەوە ئــەویش لەبرامبەریانـدا چــەکی رەخنــەو داشۆرینی لەدژی ئاغاو شیخ و ژنی خراپ و کوردی خۆفرۆش و کاربەدەستانی دەوڵــەت و مووچــە خــۆرانی مــیری بــەکار هێنــاوە، هەرچــۆنێك بــێ جۆبــار کەسایەتییەکی تایبەتی هـەبووە لـە ژیانـدا عـەودالی دۆزینـەوەی سەربەسـتی و یەکسانی بووە، ئەو لە ژیانیدا هەندێ ژنی خراپی بینیـوە کـە هەمیشەکێشەیان بۆ پیاوەکانیان دروستکردووە، ئەم جۆرە ڕەفتارانەهەستی جۆباری بزوانـدووە، بۆیە دەڵێ :

سەد دادو بێداد لە دەست ژن
بــە بۆڵــەی پیــاوی دەکــوژن

هـەموو لـە شـيان گيروگرفتـە
زمـــان خـــراپ و درۆ بێـــژن

نـە ڕاسـتيت بـۆ دەسـەلمێنن
نـــەدان بـــە هەڵـــە دادێـــنن
نيازيان كە بەڕاست بـۆ نـەڕوا.
ئەوجا بـە درۆيـان دەی ڕوێـنن

كە لەگـەل پيـاو كەوتـە بيـانوو
هــەزار بيــانوو دەگــرێ بــانو
گـــەر هـــيچ نـــەبێ دەنـــاڵێنێ
خۆی بـە نـەخۆش دەخاتـە ڕوو

دواكەوتوويی و بيركردنەوەی هەندێ شێخ و دەروێش لەگەڵ بيركردنەوەی جۆبار دا نەگونجاوە ، بۆيە قەت دانوی لەگەڵيان نەكولاوە، چونكە بە بڕوای ئەو داب و نەريتی دواكەوتووانە ناهێڵێ كۆمەلگا بەرەو پێشەوە بڕوات : —

شێخ پەيدا بوو لەو سەريەوە
بەشـــاڵ تەنگەی كەمـەريەوە
ڕيشەكەی پانی ســـەرسنگی
چەشنی جۆڕكە بەســـەريەوە

كە هات وچوو بۆ تەكيـــەوە
سۆفی لە پشـت و تەكيـــەوە
بە دوو باغەڵی ســـەڵتەكەی
پڕ لە نوشـــتەوكشـــتەكيەوە

دوعـای ئەو نەبێ لای خـــوا
دوعـای كەســـــی دی ناخـــوا
خۆی لە كەران باركـــردووە
جيهان وا بە فێـــلاّن دەخـــوا

ئەبو دوجانەو دێو بەنـــدی
ئەگەر بيـدا بە هەرچەنـــدی
بە ويژدانی ئەو هەر كـەمە
هەرخۆی دەوێ وبەرژەوەندی

خۆزاڵکردن و غەدر کردن لە خەڵکی کارێکی ناپەسند بووە لای جۆبار هەندێ لە ئاغاکان بە هۆی بوونی دەسەڵاتیان خەڵکیان چەوساندۆتەوەو دەستیان بەسەر زەوی و زاری خەڵکی داگرتووە و بیانویان پێ گرتوون ، بۆیە جۆبار دەربارەی رەفتاری هەندێ ئاغای خراپ لە کۆیە لە ساڵی (١٩٥٣)دا دەڵێ :

ئاغایــەتی ڕەزای گرانــە هەمــوو ڕابردووی تاوانــە
گەل ڕەفتاری لە بیــر ناکا هــەر شایســتە بە نەمانە

ئاغایەتی و خێڵەکییــەتــی بۆگــەل دەبێتە نەگبەتــی
کۆسپن لە ڕێی پێشکەوتنا هەرگیز با نەدرێ دەرفەتی

کاول کەری ماڵی کــوردن بۆ هێنانی دوژمــن پــردن
لە هەستی نەتەوایــەتــی بێ دەربەسـت و بەراوردن

چەوسێنەرەوەی هــەژارن داگیــر کەری زەوی و زارن
سەرانەو سووڕانە ستێنن بێ ویــژدان و ستەمـکارن

## ز-مەبەستی پیاهەڵدان:

لەم جۆرە هۆنراوەیە شاعیر ستایشی میرێك یا کەسێکی مەزن یا مرۆڤێك دەکاتن و سیفاتە باش و جوانەکانی بەدیار دەخات و هەوڵ دەدات کە ستایش کراوەکەبەرزکاتــەوەو هەرچــی خــوو ئاکــاری جوانەبیخاتــە پــاڵی، جۆبــار لــەو بوارەشدا دەستێکی باڵای هەبووە ، بۆ نموونەلــە پارچــە هۆنراوەیەکیدا کــە بــە ناونیشانی (ئافرەت) نووسیویەتی تیایدا ڕۆڵی ئافرەت و پێگەی گرنگی لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا دەخاتەبەرچاو و دەڵێ :

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە بــــە شێکی زۆر گرنــگە
پیاو لە جیهان بەبێ ژن هەمیشــــە ژینی تەنــگە

هەردووك پێكەوەجوانن    ڕەشـــماڵی ســـەر خێــزانن
بۆخۆشـــكردنی ژیانیان    هەردووك وەك یەك بەتەنگن

ژن ڕووناكـی ناومـــاڵە    ڕێكخــــەری مــــاڵ و حاڵــە
بە خێوكــەری منـداڵە    بــۆ پیــاو وەكو پاڵ ســـــەنگە

هەروەها ژن لە پێگەیاندنی نەوەكاندا دەورێكـی گرنگـی هەیەلـە ژیـان ، جۆبار هەندێ دایكی دەبینی كە زۆرمەردانە بوون و بـە هـەمان شـێوەی خۆیـان منداڵەكانیشیان بە كوڕو كچەوە وا پەروەردە كـردووە، ڕێـك وپێكـی وئـاقڵی ئـەم جۆرە دایكانە بووە بە هەوێنی ئەم هۆنراوەیە :

دڵســـۆزی نیشــتیمانە    پاڵپشـــتی پشـــــتمانە
خەمخـۆری گشـــتمانە    بۆخێزان وەك شاهەنگە

دایكی ڕۆڵــەی دلێـــرە    شیردەری بێچووە شێرە
لە دوارۆژا ئەو مێـــرە    قـــارەمانێكـــی جەنگــە

دایكی زانــــاو دانایـــە    كە دوارۆژ دەبنە سـایە
بۆ گەل پشـــت وپەنایە    ناودارو هەم بەســـەنگە

ژن پێویستی سـەرشانی    لەگەل مێرد شانبەشانی
منداڵ وا پەروەردەكەن    كە دوور لە ناوو نەنـگ

## ح- هۆنراوەی گۆرانی:

هــۆنراوەی گــۆرانی بــە گــوێرەی ڕای ڕەخنـــەوانان كـــۆنترین جـــۆری هۆنراوەیە، ئەمە یەكەمین جـۆری شـیعرە كـە مـرۆڤ لەگەڵیـدا ژیـابێ و ئاشـنای بوبێ لە كاتێكدا كە تووشی هەر هەڵچوونێك و گەرمی و ساردییەك بـووبێ كـاری لــە نــاوەوەی دەروونــی كــردووە و زمــانیش بــە وشــە و گــوزارە گوزارشــتی لێ كردووە.

جۆبار بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی بۆ بابەتی گۆرانی تەرخان کردووە، (ئەم جۆرە لە شیعری ویژدانی گەلێ لق و پۆپ و مەبەستی لێ دەبێتەوە کە لە مەوبەر باسمان لێ کردن و هەرچی بەر مەبەستەکانی شیعر دەکەون هەمووی لە شیعری ویژدانییەوە سەر هەڵدەدات)[٢٦] ، بەلای ئێمەوە شاعیری سەرکەوتوو لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە تا چەند شیعرەکانی دەکرێن بە گۆرانی و لەناو خەڵکا بڵاو دەبێتەوە، جۆبار لەو بوارەشدا گرەوی پێشەنگی بردۆتەوە کە نزیکەی (٢٥ — ٣٠) پارچە شیعری بە گۆرانی گوتراونەتەوە و کەوتونەتە سەر زار و زمانان. هۆنراوەی (بە فیدات بم) کە لە ساڵی (١٩٥٣)دا نووسراوەو گۆرانی بێژە کۆنەکان داوایان لێکردووە و لە خۆشی و ئاهەنگ وسەیرانەکان دا گوتویانەتەوە:

**بە فیدات بم قەد عەرعەر دڵ ئاشوفتەی تۆیە**
**فریام کەوەو ناچارم چارەی من هەر ئیمڕۆیە**

**ئاوازی ناڵەی دڵە بۆ موشتاقی دیدارت**
**بولبول دەخاتە ناڵین بەم دادو بەم ڕۆ ڕۆیە**

**تاکەی من خەم بچێژم یانە هەر خوێن بڕێژم**
**یا بریندارو زامدار بم بەم تیغی جووت ئەبرۆیە**

**بەس بە دووچاوی بازت شەیدایی ڕووی خۆتم کە**
**خۆمن ئەرکی ئەشقی تۆم هەمیشە لە ئەستۆیە**

جۆبار (جگە لە هەوای ئەو دڵدارییەی کە لە هەڵبەستنی ئەو هۆنراوانەدا هەستی پێ ئەکرێت ، هەروەها سۆز و جۆش و خرۆشی شیعرەکان کاری کردۆتە سەر شێوە و مۆسیقای هەڵبەستەکانی و ئەوڕمۆسیقا و ئاوازانەی کەلەو شیعرانەدا هەیە بۆ زۆربەی گۆرانییە کوردییەکان دەشێت و بۆتە قاڵبێك بۆیان )[٢٧] ، شاعیر هۆنراوەیەکی هەیە بە ناوی (چنارۆك) کاتێ هونەرمەندی دەنگخۆش ( باکوری )

دەچێتە لای و ئاوازیکی دەداتێ و پێی دەڵێ کە هۆنراوەیەکم لەسەر چنارۆك بۆ بنووسە لەسەر قاڵبی ئەم ئاوازە، جۆباریش ئەم هۆنراوەیەی بۆ ئامادە دەکات:

**چناروٚك چناروٚك        چناروٚكی كوٚیەی خوٚش**
**سەیرانگاكەی چناروٚك        غەم لێی دەبێ فەراموٚش**

**لەم دیوی هەیبەت سوڵتان        بەبای شەماڵی كوێستان**
**دێنە سەما درەختەكان        دەبزوێنێ هەست و هوٚش**

**سولی پاشاو خالە باس        لە ساردی لێی ناكرێ باس**
**دەیتەزێنێ كەللەی كاس        لە هاوین كە دەیكەی نوٚش**

**رەزی هەنجیرو مێوی        میوەی دەخوریٚ بە لێوی**
**گەر باش بیكا بە خێوی        رەزەوانی بە پەروٚش**

لە سەردەمی گەنجی جۆباردا گۆرانی بێژی دەنگخۆش لە کۆیە هەبوون هی وەکو( فقی ئەحمد و حمدئەمین عەباس و مەلا ئەسعد )، جۆبار هەڵساوە هۆنراوەی ( بۆم بڵێ تۆزە تۆزە ) ی نووسیوە بەو پەڕی ناسکییەوە ڕازاندویەتییەوە تا لەگەل دەنگیان بگونجێ و دانیشتنەکان و ئاهەنگەکانیان بە جۆش و خرۆشتر بکات:

**بوٚم بڵێ توٚزە توٚزە        بەم دەنگە پڕ لە سوٚزە**
**بەزمت خوٚراكی ژیانەو        شادی دڵی ئالوٚزە**

**لەگەڵ وەم موٚسیقایە        كە شیانی سەمایە**
**لێدەن لە دەف و عودو        كەمانجە و تەپل و نایە**

**بوٚم هەستە لەم ئاوازە        لەگەل ئارەزووم سازە**
**كاسەی سەرم پێ تاسكە        مەستم كە بێ ئەندازە**

**ط- هۆنراوەی منداڵان:**

جیهانی منداڵان جیهانێکی پڕ سەیرو سەمەرەیە، جیهانێکە نەسەرەتای هەیە نەکۆتایی ، جیهانێکە چەندە مەزنە ئەوەندەش چکۆڵەیە، ئەفسوناوی و پڕ لەخەون و خەیاڵاتە ، وڵاتە پێشەکەوتوەکانی دنیا زیاد لە پێویست ئاوڕیان لەم جیهانە جەنجاڵە داوەتەوە بە شێوەیەکی زانستی و مەوزوعیانە لەگەڵ ئەم نەوەیە مامەڵە دەکەن و هەموو دەرگاو پەنجەرەکانیان بەڕوویاندا کردوونەتەوە، بە شێوەیەکی پەروەردەیی لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتو ڕەفتار دەکەن، پێویست و ئارەزوەکانیان بە سانایی جێ بەجێ دەکەن، بەو پەڕی دڵسۆزی ولە خۆبوردییەوە ، ڕۆشنبیرانی کوردیش لە ئاوارەییدا قۆڵیان لێ هەڵماڵیوەو لەم بوارەدابە دەیان نامیلکەو کتێبی منداڵانیان وەرگێڕاوە، لە دوای ڕاپەڕین لە کوردستانی باشووردا چەندین گۆڤارو نامیلکە بە چاپ گەیەندراوە کە مایەی خۆشحاڵییە ، بەڵام هێشتا وەکو پێویست نییە ، چونکە جۆری مامەڵەکردنیان چ لە قوتابخانەو چ لەماڵەوە پێویستی بە گۆڕان و پەرەپێدانە ، جۆباریش لە میانەی شیعری منداڵاندا چەند شیعرێکی بە زمانی سادە وساکارو کێش و سەروای خۆماڵی بۆ منداڵانی کورد نووسیوە لە شێوەی سەربوردەی گیانلەبەرانەوە:

مشکەک لەکون دەهاتە دەر
پشیلەی وەستابوو بەرامبەر
لە ترسانا گەڕایەوە
خۆی لە ناوکوندا نایەوە
پشیلە بانگی لە مشکەدا
گوتی وەرە توو بی خودا
تاگرەوێکت لەگەل بکەم
گەر دۆڕاندم مەرج بێ بیدەم

هەروەها لە دەمە تەقێیەکی نێوان( ڕێوی و کەڵەشێر) دا دەڵێ:-

لە گونـدێکا کـە چـۆڵ کرابـــــوو
سـەگ و کــــەڵەشێرێك مابـــوو
سەگ لەحەوشەو ئەو لەسـەر دار
بـــانگی دەدا بـــــە چــوار کــەنار
ڕێویەکــــــی برســـی لـــەو نـــاوە
گـــوێی بـــەم دەنگـــە زرنـــــگاوە
گـــوتی خـــوا دای بابـــۆی بـــڕۆم
بـــەڵکو جـــەمێکی خـــۆش دەخـــۆم
بـــە پـــارێز هـــات بــــــەلایەوە
تـــا گەیـــشتە بـــــن پایــــــەوە

جۆبار لەبەر ئەوەی خۆی زۆری حەز لە خوێندن و خوێندەواری بـووە، بـەلاَم دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە کە بخوێنێ ، ئـەم حـەزەی هـەر لـەدڵی ماوەتـەوە بۆیـە لەڕێی هۆنراوەیەك مندالاَن هوشیار دەکاتەوە کە بخوێنن تاوەکو بگەن بە ئامانجی خۆیـان و دواڕۆژیـانی پـێ ڕوونـاك بکەنـەوە ، هەمیـشە منالـەکانی هانـداوە کـە بخوێنن و بەردەوام پشتی گرتوون ، بۆیە لەم هۆنراوەیەدا دەڵێ :

وەرن ئـــــــــەی منالینـــە
پەپوولـــــەی بــێ باڵینـە
بەس لە کۆلاَن یاری کەن
خۆ لە خوێندن لاری کەن
با بچین بـۆ قوتابخانــــە
بــــۆ وەرگرتـنی وانــــە
ئێمە نـــــەوەی دوارۆژین
بۆ خزمەتی گەل هاتووین

**ی – لاواندنەوەی سەر گۆڕەکان:**

مەبەست لەمە (دەربڕینێکە دەربارەی مردنی کەسێك، یان لێکدانەوەی ژیان و مردنی ئەو کەسەیە کە کەس و کاری مردوو لەسەر گۆڕەکەی بە شێوەیەکی ئەدەبی جوان لە قالبی شیعر یان چەند ڕستەیەکی ڕێك دەری دەبڕن، وەك ئەوەی هەموو کەسێك دەمرێ و مردن برا گەورەی هەمووانەو هەموو دەچینەوە بارەگای خودا، ئەگەر مردووەکە شەهید بوبێ یان بە کارەساتێك کۆچی دوایی کردبێ ئەوا کەس و کاری جوانترین شیعر لەسەر گۆڕەکەی دەنووسن جا ئەم شیعرانەش بە خەتی جۆراوجۆری فارسی و سولس ونەسخن)[٢٨]. جۆباریش لێرەداچەند نموونەیەکی لە هۆنراوەی سەر گۆڕەکان هەیە، کە بە ڕاداندراوی بۆ مردووانی ناسیاوی نووسیوە، واتە کەس و کاری مردووەکان داوایان لە جۆبار کردووە کە بۆیان بنووسێت، لە نموونەیەکدا بە ناوی (شیوەنی وریای خوارزام) کە دەکاتە کوری خوشکی جۆبار و لە شەری نێوان عێراق و ئێران دا شەهید کراوە ، هەیبەتی دایکی داوای لە جۆبار کردووە کە بۆ سەر گۆڕەکەی چەند دێڕە هۆنراوەیەکی بۆ بنووسێت:

لە شین و ماتەمینی کۆستی وریا
هەموو ئەو چاوی دیبووی بۆی دەگریا
لە دڵ دەیگوت کە قەت ئەم نەوجەوانەم
نەدیبایە هەزار بریا بە بریا
گوڵێك بوو لە بەهاری تەمەنیدا
بە دەستێکی ستەمکارانە وەریا

وە هەروەها لە لاواندنەوەی حەماغای کۆیە چەند دێڕێکی نووسیوە کە باس لە چاکەو پیاوەتی ئەم پیاوە دەکات و دەڵێت:-

بۆ دین و دونیا حەماغای کۆیە — لە چاکەو مەردی و بەخشندە کۆیە
لەگەڵ هەژاران بەزەیی داربوو — لەگەڵ بەدکاران دژ و نەیار بوو
سایەی سەر شارو دەوروبەری بوو — لە بێ داديدائەو دادوەری بوو
ساڵی گرانی وڕۆژی تەنگانە — ماڵی خۆی کردبووبە فەقیرخانە
ئەوبرسییەی کەڕووی لە ماڵی دەکرد — ئەو بەدەستی خۆی نانی بۆدەبرد

(نەسرین)یش هەوێنێکی تری هۆنراوەی جۆبار بووە کە لەدوای مەرگیەوە کاتێ بەسەر منداڵ بوونەوە چووە، دایکی نەسرین داوای لە جۆبار کردووە کە پارچە هۆنراوەیەکی بۆ مەرگی کچەکەی بهۆنێتەوە تاوەکو لەسەر گۆڕەکەی بینووسێتەوە، بۆ ئەویش دەڵێ :-

**نەسرین گوڵێک بوو لە یەکەم بەری**
**خونچەی تەمەنی سیس بوو هەڵوەری**
**لە توولەی نەمامدا شکایەوە**
**ئەو تازە شۆخەی وەک بووکی پەری**
**کچێکی هەیە بە ناوی ڕێزان**
**بێ دایک مایەوە بۆ کوێرەوەری**

## ك- هۆنراوەی فەلسەفی:

بیری فەلسەفیش جۆرێکە لە ناوەرۆکی شیعری کوردی ، کە جێگای خۆی لە ناو هەندێ لە هۆنراوەکانی شاعیراندا کردۆتەوە ، تیایدا بایەخی زۆر بەلایەنی هۆش ودەروون کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری دەدرێت، مەسەلەی مردن و ژیان لای جۆبار وەك لای زۆربەی بیرمەندان و هزرناسان جێگای تێڕامان و پرسیار کردن بووە و هەوڵی داوە بە پێی توانا ئەم لوغزە شیبکاتەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە هۆنراوەی(زەمانە) دا دەردەکەوێت کاتێك دەڵێ:

**زەمانەو چەرخی گەردوون چۆن دەسووڕێ سەیری کەن ئێوە**
**کە چەند دەورو دوکان تێکچوو بزر بوو چەند هەزار شێوە**
**هەزار سوڵتانی خاوەن عیزەت و جاهو جەلال ڕۆیی**
**کە خاکی قەلبی ئەمرۆ گەردەلوولی ڕوی کەژو کێوە**
**مەنازە قەت بە ماڵ و گەنجی دونیا ئەی مرۆڤ چونکە**
**کە مردی لەم هەموو چشتە دوو سێ گەز جاوەکەت پێوە**
**بە دونیای بێ وەفا بایی مەبە بەم ژینە کەم عومرە**
**بڵێی هەروا دەژیم و هەر دەمێنم وا لەپاڵ جێوە**

**ئەنجام:**

١. جۆبار شاعیرێکی خۆماڵی و خۆڕسکە، زمان و شێوازی شیعری ڕەوان و پـەتی و پاراوە، وشەو پێکهاتەی نامۆ و بیانی کەمتر لەهۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێت.

٢. چەشەو سروشتی شـاعیرانەی جۆبـار لەئـەدەبی میللییـەوە تزیکـە، بەتایبـەت پارچە لیریکەکانی کە بە ئاواز و گۆرانی گوتراونەتەوە بەگیانی ئەدەبی خـەڵك و فۆلکلۆری کوردییەوە پاراو کراون.

٣. لەهونـەرەکانی روخـساری شـیعری لای لەهـەردوو کێـشی عـەرووزی بـاوی نـاو شیعری کوردی، (هـەزەج و رەمـەل) و قالبـە کێـشەکانیان کردۆتـەوە، لەگـەڵ ئەوەی بەشی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر کێشی شیعری خۆماڵین.

٤. لەهونــەرەکانی سەرواشــدا شــاعیرێکی هونەرمەنـد و بەتواناییــە، سیــستەمی سەروای شیعرەکانی فرەجۆرو رەنگاوڕەنگن.

٥. لـەڕووی مەبەسـتی شـیعرییەوە، هۆنراوەکـانی لـەدەوری دڵـداری و وەسـفی سروشــت وجــوانی و شــیعری ئــایینی و بابەتــەکانی شــیعری کۆمەڵایــەتی دەخولێنەوە.

## پەراوێزەکان:

١. کێش ومۆسیقای هەڵەبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار: ٦٧.
٢. کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی: ١٣٩.
٣. ئەدەبیاتی کوردی، م. نوری: ٤.
٤. کێش لەشیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی: ١٠.
٥. کێش لەشیعری کوردیدا: ١.
٦. شێوازی شیعری گۆران: ٦٢.
٧. بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، د. دڵشاد عەلی: ١٢٩.
٨. کێش لە هەڵبەستی کوردیدا، گۆران: ٨.
٩. کێش لەشیعری کوردیدا: ١٠.
١٠. کێش وقافیە لەشیعری کوردیدا: معروف خەزنەدار: ٤٧.
١١. کێش لەهەڵبەستی کوردیدا: ١٠.
١٢. بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا: ١٤٠.
١٣. کێش لەشیعری کوردیدا: ١٢.
١٤. شێوازی شیعری گۆران: ٨٦.
١٥. نقد الشعر، قدامە بن جعفر: ١٥.
١٦. سەروا، عەزیز گەردی:٢٦.
١٧. کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح:٣٦.
١٨. کۆنی وتازەیی لەهەڵبەستا، گۆران:٧.
١٩. کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا: ٦٣.
٢٠. سەرچاوەی پێشوو: ٦٣.
٢١. سەروا: ٢٠٤.
٢٢. سەرچاوەی پێشوو: ٢١١.
٢٣. سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٨.
٢٤. سەرچاوەی پێشوو: ٢١٢.
٢٥. مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار: ٥٤٠.
٢٦. ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د. شکریە رەسول: ٨٨.
٢٧. پیرەمێردی نەمر، محمد رەسول هاوار: ١٥٥.
٢٨. رەمزو نووسینی سەر گۆڕەکان، عباس سلیمان سمایل: ١٥٣.

## سەرچاوەکان:

### أ. کتێبی کوردی


١. ئـەدەبی کـوردی وهونـەرەکانی ئـەدەب، د.شـوکریە رەسـول، چـاپخانەی التعلـیم العالی، اربیل، ١٩٩٠.

٢. بنیـاتی هەڵبەسـت لـەهۆنراوەی کوردیـدا، د.دڵـشاد عـەلی، چـاپخانەی رەنـج، سلێمانی، ١٩٩٨.

٣. پیرەمێردی نەمر، محمد رسول هاوار، چاپخانەی العانی، بەغدا، ١٩٧٠.

٤. سەروا، عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ١٩٩٩.

٥. کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، بەغدا، ١٩٧٨.

٦. کێش وقافیـە لەشـیعری کوردیـدا، معـروف خەزنـەدار، چـاپخانەی الوفـاو، بەغـدا، ١٩٦٢.

٧. کێش و مۆسـیقای هەڵبەسـتی کـوردی، عبـد الـرزاق بیمـار، دەزگـای رۆشـنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.

٨. مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ب٥، دەزگـای چـاپ وبڵاوکردنـەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.


### ب. کتێبی عەرەبی:


٩. نقد الشعر، أبي فرج قدامة بن جعفر، تحقیق: کمال مصطفی، مکتبة المتنبي، بغداد، ١٩٦٣.


### ج. نامەی زانکۆیی:


١٠. شێوازی شیعری گۆران، پەخشان عەلی ئەحمەد، نامـەی ماسـتەر، کـۆلیجی زمـان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧.

**د. گۆڤارو رۆژنامە:**

١١. ئەدەبیاتی کوردی، م. نوری، رۆژنامەی ژیان، ژ/٢٨، ١٩٢٦/٨/١٢.

١٢. رەمزو نووسینی سەرگۆڕەکان، عباس سلیمان سمایل، گۆڤاری رامان، ژ/١٤٠، ٢٠٠٨.

١٣. کۆنی وتازەیی لەهەڵبەستا، گۆران، گۆڤاری هیوا، ژ/٣١، ١٩٦١.

١٤. کێش لەشیعری کوردیدا، ئەحمەد هەردی، گۆڤاری برایەتی، ژ/ ١٠، ١٩٧٣.

١٥. کێش لەهەڵبەستی کوردیدا، گۆران، رۆژنامەی ژین، ژ/ ٢٤، ١٩٧١/٥/٢٧.

# بنەماكانی شیعرییەت
# لە تێكستی (یادگار و هیوا)ی
# ئیبراهیم ئەحمەد دا

## پێشەكی

لـە سـەرەتای سـییەكاندا، لـە شـاری سـلێمانی هەوارگـەی میرایـەتی بابـان، جوولانەوەیـەكی نوێخـوازی لــە بــواری بووژانندنــەوەی زمــان و تازەكردنــەوەی ئەدەبیات و پەرەپێدانی رووناكبیری كـوردی لـە ئـارادا بـوو. یـەكێك لـەو بەرهەمـە ئەدەبییە دانسقانەی كەوا لەو رۆژگارەی نوێكردنەوەی شیعری كوردی داهێنـدراوە تێكستی شیعری (یادگار و هیوا)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)یە.

ئـەم تێكسته لـە چـەند رووەوە بـە ڕچەشـكێن و كـارێكی ئـەدەبی پێـشەنگ دادەندرێت وەك:

- لەدایكبوون و هاتنە ناوەوەی ئەم تێكستە لە پاڵ كۆمەڵێك پارچە پەخشانی هونەری و چەند بابەتێكی رەخنەی ئەدەبی لە لایەن خـودی ئـەو نووسـەرەوە كـە لــەو رۆژگــارەدا بــڵاو بوونەتــەوە، بەشــدارییەكی گــرینگ و رێبەرانــە بــووە لــەو بزووتنەوە رۆشنبیری و رۆشنگەرییە گرینگەی كە لەو ڕۆژگارەدا لە ئارادا بووە.
- بەرهەمێكی ئەدەبی دانسقەو دیار بووە لە مەسەلەی برەوپێـدانی نووسـین و خوێندنی كوردی و پاككردنەوەی زمان و ساغكردنەوەی زمانێكی ئەدەبی خاوێن و پەتی، وێڕای زیندووكردنەوە و پەرە پێگرتنی خەرمانێك وشەو زاراوەی رەسـەن و شیرین و ناسكی زمانەكە.
- ئـەم تێكـستە، شانبەشـانی بەرهـەمی ئـەدەبی شـاعیرانی پێـشڕەوی ئـەو سەردەمە، ڕۆڵێكی گـرینگ و داهێنەرانـەی گێـڕاوە لـە بزووتنـەوەی شـیعری نـوێی

کوردی و برەو پێدانی قوتابخانەی ڕۆمانتێکی و رۆمانتێکی شۆڕشگێڕی لە مێژووی بەرەو پێشەوە چوونی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا.

ـ دوا بە دوای بڵاوبوونەوەی لە فۆرمێکی هونەری بە هێزو سەرنجڕاکێش و ناوەڕۆکێکی رەسەن و شۆڕشگێڕانەو، ریتم و ئاوازێکی بە جۆش و خۆش ئاهەنگ و، زمان و داڕشتن و شێوازێکی ناسك و رەوان و خۆماڵی، دواتریش لە ڕێگەی پرۆسەی بە ئاواز و گۆرانی بوونیشیدا، چێژو بەها و لایەنە شیعری و جوانکارییەکانی زیاتر دەرکەوتوون و بوون بە مایەی هۆگری و دڵپەسندی خوێنەران، تا لە دواییدا دەبێتە چەپکە گوڵێکی بۆنداری هونەری شیعری کوردی و تا ئەمڕۆی لەگەڵ دابێت ژیانی کردووەو بە گەشی و بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەمانە هەموو بوونەتە بنەما و هۆکارو هاندەر بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی رەخنەی تازەوە ئاوڕێك لە بنەماکانی شیعرییەت و جوانکاری و بەها و داهێنانی ئەم تێکستە بدەینەوە.

باسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە دەروازەیەك و سێ بەش پێکهاتووە، ئەنجا هەر بەشێکی لە چەند لایەن و برگەو بابەتێکەوە خراوەتە روو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

– دەروازە:
١– تێکست ٢– فۆرم و کێش و سەروا
– بەشی یەکەم:
١– شیعرییەتی ناونیشان ٢– شیعرییەتی ئاستی ڕیتم و ئاواز
أ– ئاواز ب – ڕیتم
– بەشی دووەم:
أ– شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی ب– شیعرییەتی شێوەزار
ج– دژیەك و بەرامبەری د– هاوواتایی
– بەشی سێیەم:
أ– هونەری تەدویر ب– هاوواتایی ج– وێنەو میتافۆر
– ئەنجام
– پەراوێزەکان
– پاشکۆ
– سەرچاوەکان

## دەروازە

### ١. تێکست:

تێکستی شیعری (یادگارو هیوا) لە چەشنی گەوهەرێکی یەکدانە لە گەنجینەی سامانی شیعری نوێی کوردیدا شوێنی گرتووە، لە دوای تێپەڕبوونی (٧٧) ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی تاوەکو ئێستاش بەسەر زارو زمانی خەڵکەوەیە، لەو ماوەیەدا لە چەندین بۆنەو کات و شوێنی جیادا سەر لە نوێ بڵاو کراوەتەوە، بەم ڕەنگەی خوارەوە:

أ ـ گۆڤاری هاوار، ژ/ ١٩، ١٧نیسانی ١٩٣٣. (١)

ب ـ یادگاری لاوان، بەغدا، ١٩٣٣. (٢)

ج ـ گۆڤاری گەلاوێژ، ژ/ ٩، ساڵی/٤ ، ئەیلوولی ١٩٤٣.

د ـ گۆڤاری رزگاری، ژ/ ٦، ساڵی/١ ، تەمووزی ١٩٦٩.

هـ ـ بەرەو ڕووناکی سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، ئومێد ئاشنا، سلێمانی ١٩٦٦.

و ـ برایم ئەحمەد ـ کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سلێمانی ٢٠٠٧.

ز ـ لە هەندێ باس و لێکۆڵینەوەدا کەم و زۆر نووسەران لەبارەی ئەم تێکستە دواون و چەند بەندو بەشێکیان لێ بڵاو کردۆتەوە. (٣)

ح ـ لە کاتی خۆیدا تەواوی تێکستەکە بە ناونیشانی (ذکری وأمل)، لەیەلان (د. مارف خەنەدار)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە. (٤) جارێکی تریش چەند بەشێکی تێکستەکە بە زمانی عەرەبی لە لایەن (عەباس بەدری)یەوە وەرگێڕدراوە و بڵاوکراوەتەوە. (٥)

لە نێوان تێکستەکەی گۆڤاری (هاوار) و تێکستەکانی دیکەشدا کەم و زۆرجیاوازی بەدی دەکرێت، لە بارەی وشە و پێکهاتە و ڕێنووسەوە لێرەدا بەپشت بەستن بە تێکستەکەی (یادگاری لاوان) کە بۆتە ماکی هەموو ئەوانی دیکەو بەرەچاوکردنی ڕێنووسی نوێ، تەواوی تێکستەکە بە پوختی بڵاو دەکەینەوە:

## یادگار و هیوا

(١) لەبەر چاوی بەد، لە ترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بەگریانی وشك، بە ناڵەی بێ دەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار
****

(٢) بێ، هێزی ئەژنۆم، بینایی چاوم
ئارامی گیان، جەرگم هەناوم
یاخود بە جارێ چارەسەرم کە
یا لە نامەی ژین دەربێنە ناوم
****

(٣) ژیان بە لاتی و بێ دەسەڵاتی
هیچ درۆی نەبێ، سەد مەرگە ساتی
مرۆ بە دیلی بژی خۆشە، یان
بمرێ بۆ بەرزی خۆی و وڵاتی
****

(٤) شیرین: بەهارە، بەهاری شادان
بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان
جەژن و بەهارو سەیران و خۆشی
گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان
****

(٥) شیرین: ئەزانم کە تۆش زاماری
وەك من عەوداڵی خونچەی بەهاری
هیوای تۆ یەکە، هیوای من هەزار
من بێزار نەبم، تۆ بۆ بێزاری؟
****

(٦) مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زرەی زنجیر دڵت نەلەرزی
پێوەند بۆ لەشە نەوەك بۆ گیان
****

(٧) بێ دابنیشین جە بن هەناران
کۆڕێ ببەستین چون مەی گوساران
با ساتێ ناوی لەیادا نەبێ
مەرگی جوانان گریەی هەژاران
****

(٨) بێ دابنیشین جەبن داری بەی
نەختێ بنۆشین جە خۆشاوی مەی
ئینجا بزانە کامیان جوانن
بەی ڕەنگی گەردن، مەی ڕەنگی گۆنەی
****

(٩) بێ با بۆت بکەم باسی جوانیم
ڕۆژانی بەرخیم شەوانی شوانیم
کۆڕپەی ئازیز بووم شوانکارەی شادی
ژیام بە خۆشی هەتا توانیم
****

(١٠) ژیام سەردەمێ بە کەیف و خۆشی
بە شادی کڕین، بە خەم فرۆشی
تاکو پێم کرا روومەتم مژی
تاکو توانیم شەرابم نۆشی
****

(١١) ئـــەو ســـاكە چـــوومە ريـــزى دڵـــداران
پێـــــى وتم ســـــەردار هــــۆزى هـــــەژاران
«بـــــێ دابنيـــــشين جـــــەپاى ديـــــواران
زنجـــير لـــــە گـــەردن چـــون گوناهكـــاران»
****

(١٢) بـــــێ دابنيـــــشين لـــــە نێـــــو ڕەزانـــــا
خونـــــچە بكێـــــشين بـــــە ڕووى خــــەزانا
مـــن بـــە مـــاچ دزيـــن، تـــۆ بـــە دڵ دزيـــن
هـــــەزار پـــەل بـــدەين وە پـــشت دزانـــا
****

(١٣) بـــــــێ دابنيـــشين لـــە نێـــو گوڵـــشەنا
لـــــــە ژێـــــــر ســـــــێبەرى دارو دەوەنــــــا
لـــە ترســـى دوژمـــن بـــە ســـۆزەى بـــەيان
گوفتوگـــــۆ بكـــــەين لـــــە تـــــەك وەتـــــەنا
****

(١٤) بـــێ دابنيـــــشين جـــــە بـــــن چـــــناران
لـــــە چـــــاوى مەســـــتى ديـــــدەخوماران
بـــــەرى بـــــەيان و ســـــەرلە ئێـــــواران
بـــــادە بنۆشـــــين بـــــە يـــــادى جـــــاران
****

(١٥) بـــێ دابنيـــشين ديـــدە پـــڕ ئەســـــــــرين
تـــۆ بگـــرى بـــۆ خـــۆت، منـــيش بـــۆ شيـــــرين
«وا بـــەهاريش هـــات كـــەژ و كـــۆ ڕەنگـــين
دڵـــەى عاڵـــەم شـــاد، دڵ خۆمـــان خـــەمگين»
****

(١٦) بەهار هاتەوە وە سەیرانەوە
وە ڵێی ڵێی و لۆلۆ وە حەیرانەوە
بە لەنجە و لاری نیگارانەوە
وە دەنگی خۆشی هوزارانەوە
****

(١٧) بەهار هاتەوە خۆشی لە یاران
خۆشی لە گوڵشەن خۆشی لە داران
خۆشی لە کۆڕی بادەگوساران
خۆشی لە بلبل، خۆشی لە خاران
****

(١٨) خۆشی لە عالًەم دوور لە دڵی من
شەونم بۆ خاران دوور لە گوڵی من
زنجیر پیرۆزی دڵ مردووان بێ
با ئازاد بژی بیری سڵی من
****

(١٩) شێوەی شیرینی کەژی خوێنینم
شیرێکە لەسەر زامی برینم
ئازاد کردن و بەرزی وڵاتم
هیوای گیانمە و ئامانجی ژینم
****

(٢٠) بادەی مەی دەبا فرمێسکی چەم بێ
خۆراکی مە با هەر دەردو خەم بێ
دوایی لە خوێنی دوژمن تێر ئەخۆین
هەر چی چۆنێ بێ، هەر چەندە کەم بێ
****

(٢١) بـــێ دابنیـــشین دووربـــین لــــە شـــادی
بمـــرین بـــە مـــەردی و گـــەردن ئـــازادی
بمـــرین لــــە ڕێگـــەی تۆڵـــە ســـەندنا
نـــەك لەســـەر جێگـــە بـــە نـــامرادی
****

(٢٢) پرشـــنگی ژیـــنم، وە بیناتـــەوە
کـــوورەی دەروونم، وەگـــۆناتەوە
«هەســـتە بێـــرە لام خـــۆر وەپاتـــەوە
دەرمـــانی دەردم هاوەلاتـــەوە»
****

(٢٣) شـــیرین هەتاکـــەی دووری بـــچێژم ؟
فرمێـــسکی خـــوێنین تاکـــەی بڕێـــژم ؟
تاکـــەی لـــە گۆشـــەی دڵـــی زارمـــدا
خونـــچەی جـــوانی و گـــەنجی بنێـــژم ؟
****

(٢٤) ئـــەوا تـــۆ ئـــەڕۆی بـــە خـــوام سـپاردی
پـــێم نـــەکرا خـــۆم بـــێم دڵـــم بـــۆ ناردی
ڕێـــی ژیـــان ســـەختە، بـــە تـــرس و لـــەرزە
نـــابێ بترســـی لـــە گـــەرمی و ســـاردی
****

(٢٥) دڵـــە شـــیرین ڕۆی بـــڕۆ لـــە شـــوێنی
کـــە شـــیرین ڕۆیـــی تـــۆ بـــۆ بمێنـــی
بـــەڵێن بـــێ ئـــیتر نەتناســـم هەتـــا
مـــژدەی ئـــازادی (یـــارم) بـــۆ دێنـــی
****

(٢٦) چـــاوە وەك لێزمـــەی بـــارانی بـــەهار
دڵـــۆپی خوێنـــت بـــۆ پیـــا دێتـــە خـــوار؟
گریـــان کـــردەوەی بـــێ دەســـەڵاتە
بـــێ دەســـەڵاتان ئـــەڕزێن لـــە ژێـــر بـــار

**لێکدانەوەی هەندێ وشە و زاراوەی تێکستەکە:**

| | |
|---|---|
| کردگار: خوا، یەزدان | نیگار: کچی جوان |
| بێ: وەرە | هوزار: بولبول |
| بەهرە: بەش، بێ بەهرە بە واتای بێ بەش | بادە گوسار: بادەنۆش |
| جەبن: لەبن، لە ژێر | خار: درکودالّ |
| مەیگوسار: مەینۆش، بادەخۆر | سلّ: رەوەك |
| مەرگی جوانان: ئەوانەی (جوانە مەرگ) دەبن و لە هەرەتی لاویدا دەمرن | چەم: چاو |
| چون: وەکو، لەبەر ئەوەی | مە: ئێمە |
| بینا: چاو، دیدە | بێرە: وەرە |
| خەزان: پایز | هاوەلاتەوە: وا لەلای تۆیە |
| دیدە خومار: چاوی سست و خاوی نازداران، کە لە وێنەی چاوی مرۆڤی مەست و مەیخۆرەوەیە، لە کوردیدا (دیدە بە خومار)یش دەگوترێت. | |

**٢. فۆرم و کێش و سەروا:**

(یادگار و هیوا) لە فۆرم و قالبی چوارینەیە، چوارینە فۆرمێکی باوی شیعری رۆژهەلاّتییە، لە شیعری کوردیشدا لە زووێکەوە بەرچاو دەکەوێ.[٦] وەکو بینیمان تێکستەکە خۆی لە (٢٦) بەند پێك هاتووە، کە هەر بەندێکی بەرامبەر چوارینەیەك دەوەستێ، لەگەلّ ئەوەدا هەر بەندێکی جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی هەیە وەك بە گشتی لە مەسەلەی چوارینەدا باوە، وەلێ لە یادگار و هیوادا یەکێتییەکی پتەو و تێکچڕژاو لە تێکستەکەدا بەدی دەکرێت، وەکو دواتر تیشك دەخرێتە سەر ئەم لایەنە.[٧] کێشی تێکستەکە برگەیی خۆمالّییە، بۆیە لە چوارینەی کوردیدا هەر لەتێکی حسابی دێڕێکی بۆ دەکرێت.[٨]

یادگار و هیوا لەسەر کێشی (١٠) برگەیی دوو پێیی (٥ + ٥) هۆنراوەتەوە کە وەستان لە ناوەڕاستی پێیەکاندا دەبێت، گۆرانی شاعیر لە بارەی ئەم کێشەوە

دەڵێ: ( (ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بە ئاسانی ئـــــەتوانێ نــــاوی لێ بنـــێ کێـــشی نەتـــــەوەیی گـــــەلی کـــــورد)). [9]
بەشێکی زۆری شیعری فۆلکلۆری و شیعری دیالێکتی (گۆران) لەسەر ئەم کێشە هۆنراوەتەوە، هەڵبژاردنی ئەم قالبە کێشە لە هۆنینەوەی یادگار و هیوادا جۆرێك لە ئیحامان پێ دەبەخشێت، کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ مۆرکی ڕەسەنایەتی و گیانی کوردەواری، بە تایبەتیش کاتێك کە دەبینین هۆنراوەی شێوەزاری گۆران و فۆلکلۆرو گۆرانی میللی ئەو ناوچەیە، شوێن پەنجەی روونی بەسەر گیان و روخساری تێکستەکەدا داناوە. سیستەمی سەروا بەندی لە چوارینەدا جۆراو جۆرە، قالبی هەرە باویان لە کوردیدا ئەوەیە کە بە (چوارینی خەساو) یاخود ناتەواو ناو دەبرێت. لەم جۆرەیاندا نیزامی سەروا لە هەر بەندێکدا سەربەخۆ دەبێت و هیچ پەیوەندی بە چوارینەکانی دیکەوە نابێت، هەروەها چەشنی ریز بوونی پیتە سەرواکان ئەم شێوەیە وەردەگرن (CCDC,AABA ,...). [10]

لە کۆی (٢٦) بەندی تێکستەکەدا، لە (١٩)یان پێڕەوی لە سیستەمی سەروای ناتەواو و لە (٧) بەندیش شاعیر لەم ڕێڕەوە لای داوە و پێڕەوی لە سیستەمی سەروای چوارینی تەواو کردووە (BBBB, AAAA,...)، کە ئەویش بەندەکانی ژمارە (١١، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٢)ن. ئەوەش جێگای سەرنجە کە لەم (٧) بەندەدا (٣) بەندیان چوار خشتەکین. [11] کە بریتین لە بەندەکانی (١١، ١٥، ١٢)، کەوا هەر بەندێك لەسەر بنەمای دوو دێڕی هەڵبەستێکی گۆرانی فۆلکلۆری هەورامان داڕێژراوە، لە بەندەکانی ژمارە (١٩،١٨)دا شاعیر چوارینەکەی بە هونەری (پاش سەروا ـ ڕەدیف) ڕازاندۆتەوە.

## بەشی یەکەم

### ١ـ شیعرییەتی ناونیشان

ناونیشان لە رەخنەی نوێدا لایەنێکی گرینگ لە ستراتیژییەتی تێکست پێك دەهێنێ و دەبێتە دەروازەیەك بۆ چوونە نێو جیهانی هەر تێکستێکی ئەدەبی و، خوێنەر لەوێوە بەرەو رەهەندە نادیارەکانی دەق هەنگاو هەڵدەنێت، بۆیە دەگوترێت (( ناڤونیشان وەکو ئێکەم کلیلا دەستبەکاربوونێ دهێتە هژمارتن، تاکو برێکا وێ بشێین، برەنگەکی سیموتیکی نهێنیێن تێکستێ ڤەکەین)). [١٢]

لێرەوە ناونیشان بێجگە لە ئەرکی سەرنجڕاکێشان و ئاماژەکردن بۆ خودی تێکست، خۆیشی وەکو بابەت و وەکو تەوەر لە دوتوێی دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت و رەنگ دەداتەوە، ((بەو پێیەش پێکهاتەی ناونیشان نیشانەکانی سیمۆتیکای زمانە، بۆیە دەبێ لێکۆڵەر خوێندنەوەی تایبەت بۆ نیشانەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بکات))، [١٣] تاوەکو لە رێگای کردنەوەی ئەو ئاماژو نیشان گەلە بەرەو شیکردنەوەی تێکستەکە هەنگاو هەڵبگرێت و لە دوا شیکردنەوەشدا دەشێ بگوترێت کە ناونیشان دەبێتە ناسنامەیەك بۆ دەق و ئەو رۆڵە بەجێ دەگەیەنێت. [١٤]

لەم سەرەتایەوە کاتێ ئاوڕ لە رێکەوەندی (یادگار و هیوا)ی تایتلی تێکستەکە دەدەینەوە، خوێنەر رەهەندە شاراوە و پێشبینی کراوەکانی تێکستەکەی بۆ ئاوەلا دەبێت و دەتوانێت پوختەیەکی چڕوپڕو بە بڕشتی تەواوی دەقەکەی تێدا بدۆزێتەوە. دەبینێ ئەو تایتلە پێکهاتەیەکی زمانی ئیحابەخشەو لە تەك پانتایی دەقەکەدا لە هاوتەریبییەك لە واتاو دەلالەت یەکانگیر دەبێتەوە و بەهۆیەوە بەشێکی دیاری نهێنییەکانی تێکستەکە والا دەبێتەوە.

(یادگار و هیوا) لە ئاستی پێکهاتەیی و نیشانەی زمانییەوە دوو وشەی لێکدراوی ئاساین، واتە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆی سەربەیەك بەشی ئاخاوتن (دوو ناو) پێك هاتووە و لە رێگەی ئامرازێکی لێکدەرەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. لە رووی پەیوەندی فۆرمەوە هیچ هێمایەکی هاوبەشی لە

نێوانیاندا بەدی ناکرێت. کەچی لە رووی پەیوەندی واتا و دەلالەتەوە ئەوا لە دۆخی (بەرامبەری)دان، هەر ئەمەشە سیحری ناونیشانەکەی پێکهێناوە و هەموو رەهەندەکانی ئاستی واتا و دەلالەتی تێکستەکە لە مەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و لە دەوری دوو تەوەری سەرەکی لە وێنەی (دوو بوئرەی دەلالی) کۆ دەبنەوە و بەرامبەر بە یەکتری دەوەستن:

١ـ یادگارییەکان وەکو بوئرەی دەلالی ژمارە (١) لە پانتایی تێکستەکەدا چەمك و شکل و شێوەیان بەم جۆرە بڵاوبۆتەوە:

ـ لە رابردوودا روویان داوەو زەمانیان بەسەر چووە، لە هەندێ دۆخیشدا تا ئێستا کاریگەری و بەردەوامییان ماوە.

ـ بیرەوەری رۆژانێکە کە گەردو تام و بۆیەکی رۆمانسییانەیان لێ نیشتووە و تیادا ( خۆشی و ناخۆشی، فرمێسك و زەردەخەنە، تاڵی و شیرینی، غەم و شادی،...) ئاوێتە و هاوئامێزی یەکتری بوون.

ـ یادکردنەوەیان (زیندووکردنەوەیان) سۆزدارەو چێژ بەخشە.

ـ لە نەست و بیرو هۆشی مرۆڤدا هەمیشە زیندوون و بە دنیای فەرامۆشی ناسپێردرێن.

ـ هەرە هەست بزوێنەکانیان، یادەوەری رۆژانی منداڵی و گەنجی و جوانین.

ـ شێواز و پەیامی گوتاری شیعری (یادگارییەکان ) لە تێکستەکەدا لە شێوەی ڕستەی (خەبەری) دێن و هەواڵ گەلێك رادەگەیەنن یا بەمانای دروست و واقیعی یاخود بە واتا و مانای مەجازی. (١٥)

ـ یادگارییەکان رایەڵ و پۆی بەشێکی تێکستەکەیان پێك هێناوە و لەوێنەی جیاجیادا خۆیان نمایش دەکەن و دەردەکەون:

(٩) بۆ با بۆت بکەم باسی جوانیم
ڕۆژانی بەرخیم شەوانی شوانیم
کۆرپەی ئازیز بووم شوانکارەی شادی
ژیام بە خۆشی هەتا توانیم
******

(١٠) ژیـــام ســـەردەمێ بـــە کـــەیف و خۆشـــی
بەشـــــادی کـــــڕین بەخــــەم فرۆشــــی
تـــــاکو پـــــێم کـــــرا روومـــــەتم مـــــژی
تـــــاکو تـــــوانیم شـــــەرابم نۆشــــــی
******

(١١) ئــــەو ســـاکە چـــوومە ریـــزی دڵـــــداران
پێـــــی وتم ســــەردار هــــۆزی هــــەژاران
«بـــــێ دابنیـــــشین جـــــەپای دیــــواران
زنجـــیر لــــە گــــەردن چـــون گوناهکـــاران»
******

(١٤) بــــــێ دابنیـــــشین جـــــەبن چــــناران
لــــــە چــــاوی مەســــتی دیـــــدە خومــــاران
بــــەری بــــەیان و ســـــەر لــــە ئێـــــواران
بــــادە بنۆشــــین بـــــە یــــادی جـــاران
******

(١٥) بــــێ دابنیــــشین دیــــدە پــــڕ ئەســـرین
تـــۆ بگـــری بـــۆ خـــۆت منـــیش بـــۆ شـــیرین
«وا بـــــەهاریش هــــات کـــــەژوکۆ رەنگـــــین
دڵـــەی عالـــەم شـــاد دڵ خۆمـــان خـــەمگین»
******

لەم وێنانەدا شاعیر رووبەڕووی یادەوەرییەکانی دەوەستێ و ئاوێتـەی ناڵـەی دەروون و رەنـگ و بـەزمی سروشـتیان دەکـات و کـەش و هەوایـەکی شـیعری ئەرخەوانی و دڵکێشیان لێ پێك دەهێنێ.

٢ــ هیـوا و ئـاوات و ئاینـدە بـوئرەی دەلالی ژمـارە (٢) ی تێکـستەکەیە کـە چەپکێك واتاو دەلالەتی لێ دەخوێندرێتەوە.

- لە ئایندەدا روو دەدەن، یا چاوەڕێ دەکرێ رووبدەن.
- خۆشی و گەشبینی و ئاوات و ئارەزووەکانی پێوە بەندە.

ـ هۆکارێکە بۆ ژیان و بەردەوامی، مرۆڤ تەمای پێیەتی.

ـ گوتاری شیعری، زمـان و شـێوازی گـرێ و ڕسـتەی (ئینـشائی) بـە خۆیـەوە دەگرێت و ڕستەکانی لـە دۆخـی (پرسـیار و داخـوازی و دوعـا و هێڤـی و مـەرج)دا دادەڕێژرێن.[١٦]

(٢) بـــێ، هێـــزی ئـــەژنۆم، بینـــایی چـــاوم
ئـــــارامی گیـــــان، جـــــەرگم، هـــــەناوم
یـــاخود بـــە جـــارێ چارەســـەرم کـــە
یـــا لـــە نامـــەی ژیـــن دەربێنـــە نـــاوم
*****

(٤) شـــــیرین بـــــەهارە بـــــەهاری شـــــادان
بـــێ بـــەهرەن لـــە ژیـــن گـــەل نـــامرادان
جـــەژن و بـــەهار و ســـەیران و خۆشـــی
گـــشتی پـــیرۆزی گـــەردن ئـــازادان.
*****

(٨) بـــــــێ دابنیـــشین جـــەبن داری بـــەی
نـــەختێ بنۆشـــین جـــە خۆشـــاوی مـــەی
ئیـــــــــــــنجا بزانە کامـــیان جـوانن
بـــەی ڕەنگـــی گـــەردن، مـــەی ڕەنگـــی گۆنـــەی
*****

(٢٢) پـــــــــرشنگی ژیـــــنم وە بیناتـــــەوە
کـــــــــوورەی دەروونم وە گۆناتـــــــەوە
«هەســـــتە بێـــــرەلام خـــــۆر وەپاتـــــەوە
دەرمـــــــانی دەردم هـــــــا وەلاتـــــەوە».

شاعیر چاوی لە کازیوەو بوومەلێڵی بەیانییە، تا خۆری هیواو ئاواتـەکانی لـە کەل دەرکەوێ و دنیایەکی پڕ لە بەهارو ئازادی و تاو و ساوی بـۆ برەخـسێنێ. لـە ڕووی گونجـانی ریـتم و واتـاوە، هـەردوو بزوێنـی درێـژ و کـشاوی (آ) لـە واژەی


(یادگـار)دا وەکـو دوو کۆڵەگـەی زەمـان، هێمـاو دەلالـەتی ڕۆژانـی دوور و درێـژی ڕابردووی سەر ڕێژ لە تاڵ و شیرینی، لە دەروونی خوێنەردا بەرجەستە دەکات. لـە بێژەی (هیوا)شدا دەنگە خشۆك و کپ و نەرمەکانی (ه)، (ی)، (و)، ئەنجا کرانەوە بـە (آ)ی کشاو، هـەموو ئـاوات و چـاوەڕوانییەکانی ئاینـدەی لێ دەخوێندرێتـەوە، لێرەدا هارمۆنیا و گونجانی ریـتم و واتـای واژەو وشـەکان یـەکێك لـە ڕەگـەزەکانی شـیعرییەتی ناونیـشانەکەمان بـۆ ئاشـکرا دەکـات، لـە پـاڵ ئـەو هێمـاو راڤـە سیمانتیکییانەی لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کرا، تا لە کۆتایی تێکستەکەدا پـەیامگر دەرك بەوە دەکات کە (یادگار و هیوا) وەکو پێکهاتە و تایتل هەر دوو رەهەنـدی بنیاتی دەقەکەی لە خۆ گرتووە و لە کرۆکی دەقەکەشدا هەڵقوڵاوە.[(١٧)]

## ٢ـ شیعرییەتی ئاستی ریتم و ئاواز

**أـ ئاواز:**

مەبەست لە ئاواز مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوەیە کە پابەندی کێشە وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی بنیاتی شیعری و هەر ئەویشە کە نەزم و ئاهەنگێکی چێژ بەخش و دڵپەسەند لە دەروونی مرۆڤدا بەرپا دەکات. ئەنجا بەو هۆیەوە ئاوازی هۆنراوە دەبێتە دیاردەیەکی دڵکێش کە گیان بە بەر وشە و دەستەواژەکاندا دەکات و ئەوەندەی تر مانا و مەبەستەکانیان بەرجەستە دەکات. (١٨)

لە (یادگار و هیوا)دا سیستەمی یەك کێشی (١٠) بڕگەیی پێڕەو کراوە، ئەمە وەکو ڕەسەنایەتییەك لە داهێنان و ئاوڕدانەوەیەکیش لە کێشی ڕەنگینی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی و هونەرە بەرز و جوانەکەی شاعیرانی ناوچەی هەورامانە، کە بەهەوڵ و کۆششی پیرەمێردو گۆران و هاوڕێکانی روو لە بووژاندنەوە بووە. (١٩) هەروەها وەکو نەریتێکی بەرجەستەبووی ئەو هەوڵ و هەنگاوانە دەدرێتە قەڵەم لەو رۆژگارەدا. ئەمە و هەر (گۆران) خۆیشی لە رێگای دەستنیشانکردنی (پێ)یەکان و (لەنگەر)ەکانییەوە، تەکنیکی فۆرم و داڕشتنی ئەم جۆرە هۆنراوەیە دەستنیشان دەکات کە بەم شێوەیە دەبێت:



هەر دێڕێك لە دوو پێی (٥) برگەیی پێك دێت بێ ڕەچاوکردنی کورتی و درێژی برگەکانی، لە هەر دێڕێکیشدا دوو وەستان هەیە، واتە لە کۆتایی هەر یەکێك لە پێیەکانی وەستان و پیشوودانێك دەبێت، لە ڕێگەی ئەم وەستانە ڕێك و بەردەوامانەشەوە، کە هەم وەستانی شیعرین و هەم واتایی، ئاوازی بە دەستهاتوو دەگاتە پلەیەکی بەرزو باڵا. ئەنجا لە کاتی خوێندنەوەدا بەڕەچاو کردنی (پێ)و (لەنگەر)ەکانی ئەم کێشە، کە تاڕادەیەك درێژو شیرین و نەغمەدارە، جۆرە ئاوازێکی جێگیرو ڕێکخراو سەرتاپای باڵای تێکستەکە دادەگرێت و لە ڕێگای هاو ژمارەیی برگەکانیشەوە یەکێتییەکی ریتمی دێتە کایەوە، لە شێوەی ریتمێکی دووبارە بووەوەی ڕێکخراو بە درێژایی تێکستەکە، کە خولقێنەرو بەدیهێنەری ڕەگەزی چێژی شیعرییە [٢٠]

لێرەوە جوانکاری وشە و گوزارە و کێشی ئاهەنگدارو نەرم و شیرینی (١٠) برگەیی، بەهەماهەنگی لەگەڵ زایەڵەی سەروای دەنگداری درێژو کشاو، ئەنجا کردە و کۆششی شاعیر لە ناو وێنە و واتاو دەلالەتی ڕۆمانسییانەدا، کەشێکی دڵگیر و ئیحابەخش و بە هەرمێن لە ناڵە و ئاواز و ریتم بە باڵای تێکستەکەدا دەبڕێت، کە حاڵەتی دەروونی شاعیرمان بۆ بەرجەستە دەکات و لەوێشەوە چەکەرە دەکات بۆ ناخی هەناو و دەروونی پەیامگرەوە:

| | |
|---|---|
| (٧) بێ دابنیشین | جەبن هەناران |
| کۆڕێ ببەستین | چون مەی گوساران |
| با ساتێ ناوی | لە یادا نەبێ |
| مەرگی جوانان | گریەی هەژاران |

******

| | |
|---|---|
| (١٤) بێ دابنیشین | جەبن چناران |
| لە چاوی مەستی | دیدە خوماران |
| بەری بەیان و | سەر لە ئێواران |
| بادە بنۆشین | بەیادی جاران |

******

(٢١) بـێ دابنیشـــــین       دووربین لە شادی
بمرین بە مەردی و       گــــەردن ئازادی
بمـــرین لە ڕێـگەی       تۆڵـــــە سـەندنا
نەك لەســـەر جێگا       بــــــە نامـرادی
******

ئـەنجا کـەباس بێتـە سـەر سـەرواداری و کاریگـەری سیـستەمی سـەروا لـە پەرەپێـدانی هارمۆنیـای ئـاوازەیی تێکـستەکەدا، پێویـستە لـە بـەرایی نەخـشە ئامارێکی سیستەمی سـەروا لـە دەنـگ و بڕگـەو هێـشووە دەنـگ لـە چـوارینەکانی (یادگار و هیوا) بخەینە روو، تا پەی بە دیاردەکـانی سـەرواداری لە تێکستەکەدا بەرین:

| بەند | سەروا | بەند | سەروا |
|---|---|---|---|
| ١. | آر | ١٤. | آران |
| ٢. | آوم | ١٥. | ین |
| ٣. | آتی | ١٦. | آنەوە |
| ٤. | آدان | ١٧. | آران |
| ٥. | آری | ١٨. | ڵی . من |
| ٦. | یان | ١٩. | ینم |
| ٧. | آران | ٢٠. | ەم بێ |
| ٨. | ەی | ٢١. | آوی |
| ٩. | آنیم | ٢٢. | آنەوە |
| ١٠. | ۆشی | ٢٣. | ێژم |
| ١١. | آران | ٢٤. | آردی |
| ١٢. | زانا | ٢٥. | ێنی |
| ١٣. | ەنا | ٢٦. | آر |

خشتەی سەرواداری لە بەندەکانی تێکستی (یادگار و هیوا)

لەم خشتەیەدا دیاردەگەلێکی هونەری سەرواداری شیعری باری سەرنج و تێبینی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن کە لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

أ - شاعیر لە تەواوی بەندەکاندا خۆی لە سەروای تاك دەنگی کۆتایی بواردووە، کە ئەمە لە سیستەمی سەروای هۆنراوەدا دەشێ بە (ئەزعەفولئیمان) ناو ببرێت.

ب - تەنها لە چوار بەندی (١٨ و ٢٦) هەروەها (١٨و ٢٠)دا سەرواکان دوو دەنگین، و تاڕادەیەك کزن، ئەویش بە دوو شێوە مەسەلەی کزی ئاوازەیی لەم بەندانەدا قەرەبوو کراونەتەوە:

١- وشەکانی بەر لە وشە سەروا، لە بەندەکانی (٨ و ٢٦)دا بە پۆلە دەنگی کشاوی (ێ، ی، ێ) رازاوەتەوە، کە ئەمە ئاوازو سەروای ئەم بەندانەی پڕ رەنگتر کردۆتەوە:

(٨) بێ دابنیشین جەبن دا ر ی بەی
نەختێ بنۆشین جەخۆشاوی مەی
ئینجا بزانە کامیان جوانن
بەی رەنگی گەردن مەی ڕەنگی گۆنەی
*****

(٢٦) چاوە وەك لێزمەی بارانی بەهار
دڵۆپی خوێنت بۆ پیا دێتە خوار
گریان کردەوەی بێ دەسەڵاتە
بێ دەسەڵاتان ئەڕزێن لە ژێر بار

٢- لە بەندەکانی (١٨ و ٢٠)دا شاعیر پەنای بۆ هونەری پاش سەروا (رەدیف) بردووە، تا ئەندازەی ئاوازەیی دێڕەکان بەرەو سەر ببات:

(١٨) خۆشی لە عاڵەم دوور لە دڵی من
شەونم بۆ خاران دوور لە گوڵی من
زنجیر پیرۆزی دڵ مەردوان بێ
با ئازاد بژی بیری سڵی من
******

(٢٠) بـادەی مــەی دەبـا فرمێـسکی چــەم بــێ
خــۆراکی مــە بــا هــەر دەردوخــەم بــێ
دوایــی لــە خــوێنی دوژمــن تێــر ئــەخۆین
هەرچــی چۆنێ بێ هەر چەنـــــدەکەم بێ
******

وەکو دەبیندرێت سوود لە هاوتەریبی وەرگیراوە لـە دوا پێـی دێڕەکانـدا بـۆ مەبەستی زەنگینکردنی ئاوازەیی دێڕەکان.

ج ـ لەوە بەدواوە سەرواکان هەرە زۆریـان بوونەتـە هێـشووە دەنـگ، سـێیی: ١٢بەند، چواری: ٨ بەندو، کەمێکی پێنجی: ٢بەند.

ئەوەی بەرهەسـت و مایـەی تێڕامانـە بزوێنـە دەنگـی درێـژو کـشاوی (آ)، کـە تایبەتمەندییــە ئاوازەییــەکانی لــە شــیعری ڕۆژهەڵاتیــدا ڕوون و بەرچــاوە، بــە چڕییەکی زۆر باڵی بەسەر وشە سەرواکاندا کێشاوە و بەڕێژەی ٦١,٥٪ لە بنیـات و پێکهاتەی وشە سەرواکاندا بەشداری دەکات و لە هەندێکیشیاندا دووبارە بۆتـەوە. ئەنجا ئامادەیی چڕ و بەرچاوی ئەم دەنگـە سـەروایە لـە بەندەکانـدا مـۆرکێکی لـە زایەڵـەو ئـاوازی کـشاو و ئـارام و ڕاحـەتی بـە بەنـدەکان بەخـشیوەو تـا ئەوپـەڕی دڵگیری و دڵنەوازی بـردوون و ڕەنگڕێـژی بنـەماکانی جوانکـاری و شـیعرییەتی لـە تەون و کرو ئاکاری تێکستەکەشدا وەبەرهەم هێناوە:

(١١) ئەوســـــاکە چـــــوومە ریـــــزی دڵـــــداران
پێـــــی وتم ســـــەردار هـــــۆزی هـــــەژاران
« ابـــــێ دابنیـــــشین جـــــەپای دیـــــواران
زنجـــیر لـــــە گـــــەردن چـــــون گوناهکـــاران»
******

(١٧) بـــــەهار هاتـــــەوە خۆشـــــی لـــــە یـــــاران
خۆشـــــی لـــــە گوڵـــــشەن خۆشـــــی لـــــە داران
خۆشـــــی لـــــە کـــــۆڕی بـــــادە گوســـــاران
خۆشـــــی لـــــە بلبـــــل خـــــۆشی لـــــە خـــــاران

**ب ـ ریتم:**

دەبێژن شیعر زمانی دەروونە، یا دەردی خاوەنی تێکستەکە خۆی گوتەنی ((شیعر تەرجومانی دڵە... کە هەموو کەس لە دەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا ئەبینێ...)) [٢١]، دیارە لێرەدا مەبەست جوولە و خرپە و ترپەکەیەتی وەکو یاسا و جوولەیەکی رێکی سروشتی، ئەمە رەگەزێکی میکانیکی ـ فیزیکی دەرەوەیە لە ریتم، کە لەگەڵ رەگەزی دووەمدا، کە جووڵەی ناوەوەیە و ـ بیرو هەست و ئەندێشە ـ دەیسەپێنێ و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دایدەنێ. [٢٢] لەمەوە ریتم جوولەی هەستان و نیشتنەوەی سۆزو خرۆشانی دەروون و هەست و عاتیفەی شاعیرە کە دەبێتە داینەمۆی شیعرییەت لە دەقە ئەدەبییەکاندا.

ریتمی شیعری بنچینەکەی (زمانی شیعرییە)، کە لەتەك ریتمی مۆسیقای هۆنراوەدا (کێش و سەروا)، لە پەیوەندییەکی گونجان و هارمۆنیادا یەکانگیر دەبن و یەك دەگرنەوە و ئاوێزانی یەکتر دەبن.

لە تێکستی (یادگار و هیوا)دا رەگەزەکانی ریتمی شیعری لە تێڕوانینێکی زمانەوانی و رەوانبێژییانەدا خۆی لە چەند چەمك و هونەرێکدا نیشان دەدات کە گرینگترینیان ئەمانەیە:

**هاوشێوەبوون (دووبارە بوونەوە):** لە ڕەخنەی تازەدا وەکو دیاردەیەکی شێوازگەری سەیر دەکرێت، لە هۆنراوەدا بە مەبەستی جەختکردنی واتا و چڕوپڕکردنەوەی پەنای بۆ دەبرێت، لەگەڵ ئەوەشدا رەهەندێکی ئارایشت و جوانکردن بە دەقەکە دەدا، هەر بۆیەش ((قورسایی بەکارهێنانەکە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی ئاخنینی لە نێو دەقدا نەك چەندێتی، لەو رووەش دەست رەنگینی و لێزانی نووسەر دەردەکەوێ کە تا چەند رەونەقی بە دەقەکە بەخشیوە و لەگەڵ واتادا یەکانگیر بووە و پڕ کاریگەرترین دیاردەی بۆ خوێنەر گواستۆتەوە)). [٢٣]

**دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە و پێکهاتە:**

**أ . دووبارەبوونەوەی دەنگی:**

هۆشی شیعری هەر لە بنەڕەتدا و بە درێژایی مێژووی کاروانی شیعر و هۆنراوە، هۆشێکی ریتماوییە، واتە بارگاوییە بە جوولەی ریتم، شوێنەوارەکانی ریتمی شیعریش لە دەرەتانی ئەو پاتەبوونەوە و هاوشێوەبوونی دەنگییانەوە سەر

هەڵدەدات کە لە بنیاتی هەموو دەقێکی شیعری ڕەسەندا هەیە و جۆرێك لە وێنـەی ریتمی تێدا دەدرەوشێتەوە. [٢٤] دووبارەبوونـەوەی دەنگـی لەسـەر ئاسـتی دێـڕە شیعردا تێبینی دەکرێـت، دیـارترین دەرکەوتـەی دەنگـی هـەر دێـڕە شـیعرێکیش بریتییە لە دەنگە سەروا، سەروا سازی خۆی یەکێکە لە بنچینەکانی هـۆنراوە و لـە ئاستی مۆسیقای دەرەوەدا شیکاری بۆ دەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا سیستەمی سەرواسازی ئاستێکی دابڕاوە لە ریتم و لەم بوارەدا حسابی بۆ ناکرێت، بـەڵکو سـوود وەرگـرتن و وەبـەرهێنانی بـاش لـە بـواری کـێش و سـەروادا، وەکـو سەروای ناوخۆیی و گواستنەوەی سەروا بۆ ئاستی هێشووە دەنگ و پیتانـدنی بـە هەندێ دەنگی تایبـەت لایـەنی ریتمـی و جوانکـاری و شـیعرییەتی هـۆنراوە بـەهێز دەکات.

ئێمە لێـرەدا بەمەبەسـتی ئاشـکراکردنی لایـەنی ئـاوازەیی لـە هاوشـێوەبوونی دەنگی و پەیوەندی بە واتا و دەلالەتەوە، تەنها ئاوڕ لە دەرکەوتـە سـەرەکییەکە، بە واتا تەکنیکی سەرواداری و سەروای ناوەوە دەدەینەوە.

ـ هاوشێوەبوون لە سیستەمی سەروای هەردوو بەنـدی (١ و ٢٦ ـ دەسـتپێك و کۆتـایی) تێکـستەکەدا هەیـەو هـەردووکیان لـە سـەربنەمای جووتـە دەنگـی (آر) دامەزراون، ئەمە جۆرێکە لە سیستەم و جوانکاری شیعری.

ـ بەندەکانی (٧، ١١، ١٤، ١٧) لە سەرواداریدا هاوشێوەن و هەموویان لەسـەر بنەمای پۆلە دەنگی (آران) دامەزراون.

ــ لـە کـۆی (٢٦) بەنـدی تێکـستەکەدا، ڤـاوڵی کـشاوی (آ) بۆتــە کۆڵەکـە و بەشداری لە پێکهـاتنی هێـشووە دەنگـە سـەروای (١٨) بەنـدا کـردووە و لـە (٦) بەندیش زیاتر لە جارێك پاتـە بۆتـەوە، ئـەم چـڕی هاوشـێوەییە ئـاوازو دەلالـەتی وشە سەرواکانی زیاتر برەو پێداوە.

ــ ڤاوڵـە کـشاوەکانی دیکـە (و ، ی)، بەشـدارییەکی چـالاکیان نوانـدووە لـە داڕشتنی وشە سەروای (١٧) بەندو کورتـە ڤـاوڵی (ە) لـە (٥) لـە بەنـدەکانا بـەدی دەکرێ.

بــە کــورتی هەرســێ ڤاوڵــە درێــژە کــشاوەکانی (آ ، و، ی) باڵیــان بەســەر سیـستەمی سـەروابەندی لـە تێکـستەکەدا کێـشاوە، کـە ئەمـەش هـەم نیـشانەی

کاریگەری زاڵی شیعری ناوچەی هەورامانە کە سەرلەبەری تێکستەکەی ڕەنگ کردووە و هەمیش بۆ کەشی ڕۆمانتیکییانەی خەماوی و حەسرەتباری دەروونی شاعیریش دەگەڕێتەوە، کە لە رووی شیعرییەت و ستاتیکاو کاریگەرییەوە تێکستەکەی چالاك کردووە. [٢٥]

پێویستە ئەو لایەنەش لە هاوشێوەبوونی دەنگی (فونیمی) نیشان بدەین کە لە رێکەوەند و سیاقی دێڕ و لەتە دێڕەکاندا بەدی دەکرێت و جۆرێك لە سەروای ناوخۆیی پێکهێناوە و لە ئاکامدا بە سوودی بالابردنی ئاوازو رێتمی هۆنراوەکەدا شکاوەتەوە و ئاستی جوانکاری و بنیاتی شیعرییەتی لە بەندەکاندا تۆختر کردۆتەوە، وەك لەم چەند نموونەیەدا بە دیار دەکەوێت:

(٢) بێ هێزی ئەژنۆم، بینایی چاوم
ئارامی گیان، جەرگم، هەناوم
یا خود بە جارێ چارەسەر م کە
یا لە نامەی ژین دەربێنە ناوم
******

(٣) ژیان بەلاتی و بێ دەسەڵاتی
هیچ درۆی نەبێ سەد مەرگەساتی
مرۆ بە دیلی بژی خۆشە یان
بمرێ بۆ بەرزی خۆی و ولاتی
******

(٤) شیرین بەهارە بەهاری شادان
بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان
جەژن و بەهارو سەیران و خۆشی
گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان
******

(٥) بێ دابنیشین جەبن هەناران
کوڕێ ببەستین چون مەی گوساران
باساتێ ناوی لە یادا نەبێ
مەرگی جوانان گریەی هەژاران

******

(٩) بێ بابۆت بکەم باسی جوانیم
رۆژانی بەرخیم شەوانی شوانیم
کۆرپەی ئازیز بووم شوانکارەی شادی
ژیام بە خۆشی هەتا توانیم

بێ گومان لە زۆر لایەن و گۆشەنیگای دیکەوە دەشێ ئەم دیاردەیە بخرێتە ژێر تیشکی باس و لێ وردبوونەوە.

ب . دووباره بوونەوەی وشە:

وەك لە پێشەوە گوتمان دووبارە بوونەوەی وشە لە رەخنەی نوێدا لـە ئـەركی جەختكردنەوەو دڵنیایی شاعیر و نووسەرەوە تێدەپەڕێ بۆ چەند بـوارو رەهەنـدی دیكە كە پەیوەستن بـە تـەكنیك و جوانكـاری و شـیعرییەتەوە، شـاعیر لـە هـەوڵی ئەوەدایە دەلالەتەكانی مەبەست و ئیجا لە نێو تێكستەكەیدا چـڕ بكاتـەوە و گـوڵاو پڕژێنی تامو بۆی شیعرییەتی بكات، هەر بەو نیازەشـەوە وەكـو تێبینـی دەكرێـت، دووبارە بوونەوەی وشە و پێكهاتە لە تێكستی (یادگار و هیـوا)دا چەشـن و جـۆری فرەی وەرگرتووە، لێرەدا بەخێرایی هەندێ لایەنی بەسەر دەكەینەوە:

(٢) بـــێ، هێـــزی ئـــەژنۆم بینـــایی چـــاوم
ئـــارامی گیـــان، جـــەرگم، هـــەناوم
یـــاخود بـــە جـــارێ چارەســـەرم كـــە
یـــا لـــە نامـــەی ژیـــن دەربێنـــە نـــاوم
******

(٣) ژیـــان بـــە لاتـــی و بـــێ دەســـەڵاتی
هـــیچ درۆی نـــەبێ ســـەد مەرگەســـاتی
مـــرۆ بـــە دیلـــی بـــژی خۆشـــە یـــان
بمـــرێ بـــۆ بـــەرزی خـــۆی و وڵاتـــی
******

(٤) شـــیرین بـــەهارە بـــەهاری شـــادان
بـــێ بـــەهرەن لـــە ژیـــن گـــەل نـــامرادان
جـــەژن و بـــەهارو ســـەیران و خۆشـــی
گـــشتی پـــیرۆزی گـــەردن ئـــازادان

- وشەی (ژین)، لە چەند دۆخی جیاوازی (ژین، ژیان، بژی، ژین) لەم بەندانەدا هاتووە، هـەروەها لـە بەنـدی (٦) مـەژی - ژیـان، بەنـدی (٩): ژیـام، بەنـدی (١٠) ژیـام، بەنـدی (٢٤): ژیـان، هـاتووە و هاوشـێوەبوونی وشـەیە، كـە پەیوەنـدی

گەردانکردن (إشتقاقی) کۆیان دەکاتەوە و هەموویان لە یەك چاوگەوە داکەوتوون، هێمایە بۆ گوڕوتین و تەوژمی زیندەگی مرۆڤ.

ـ لە بەندی (٤)دا وشەی (بەهار) سێ کەڕەت دووبارە بۆتەوە، ئەنجا لە بەندەکانی (٥، ١٥، ١٦، ١٧، ٢٦) دا وشەکە ئامادەگی هەیە، کە ئەمە هێمای تۆخکردنەوەی دەلالەتی خۆشترین وەرزی ساڵ و تەمەنە.

ـ وشەی (شیرین) لە بەندەکانی (٤، ٥، ١٩، ٢٣، ٢٥) دا چەند بارە بۆتەوە، لە ڕێژەی ناوی (موخاتەب) و ئاوەڵناوی دیارخەردا، شیرین لە تەوەری جێنیشینی لە بری ناوی (یار) یان (گەل و وڵات)، یا وەکو (ڕەمزی ئازادی و سەربەستی) خواستراوە و ڕادەی سەودایی پابەندبوونی شاعیرمان بەم مەسەلانەوە بۆ دەخاتە ڕوو.[٢٦]

ئەوەی تا ئێرە باسمان لێوەکرد دەچێتە خانەی دووبارە کردنەوەی یەك فۆرمی زمانی (وشەیەك)، کە بە هەمان چەمك و واتا بۆ مەبەستی جۆراو جۆر و لە شوێنی جیاجیادا دووبارە بوونەتەوە.[٢٧]

ـ **ڕەگەز دۆزی:** دووبارە کردنەوەی وشەیە، بە هەمان فۆرم، وەلێ بە واتای جیاواز، ئەمەیان ڕەگەزدۆزی تەواوە، کە وشەکان لە فۆرم و هاوشێوەبوونیان تۆزێك جیاوازییان دەبێت، دەبێتە ڕەگەزدۆزی ناتەواو، لە تێکستەکەدا ئاوڕێك لەم لایەنە دەدەینەوە:

بەندی (١)، بەد: بەدکار

ب (٢،٤)، بێ : بێ

ب (٣) ، لات: سات

ب (٦)، ژیان: گیان: زیان

ب (٧)، هەناران: هەژاران

ب (٨)، بەی: مەی: گۆنەی

ب (٩)، جوانیم: شوانیم : توانیم

ب (١٠)، خۆشی : فرۆشی: نۆشی

ب (١١)، ریزی : هۆزی

ب (١٢)، ڕەزانا: خەزانا: دزانا

ب (١٥)، ڕەنگین: خەمگین

ب (١٦)، وەسەیرانەوە: وەحەیرانەوە

ب (١٦)، نیگارانەوە: هوزارانەوە

ب (١٧)، یاران: داران: خاران

ب (١٨)، دڵی من: گوڵی من

ب (٢٠)، مەی: مە

ب (٢٠)، چەم بێ: خەم بێ: کەم بێ

ب (٢٢)، وەبیناتەوە: وەگۆناتەوە

ب (٢٣)، بچێژم: بڕێژم: بنێژم

ب (٢٤)، سپاردی: ناردی: ساردی

ب (٢٥)، شوێنی: بمێنی: شوێنی

ئەو لایەنە بەرچاوانەی ڕەگەزدۆزی کە لە بەندەکانا هاتوون و دەستنیشانمان کردوون، زۆرینەیان ڕەگەز دۆزی نا تەواو و لە وشە سەرواکاندا بەدی دەکرێن، ئەمەش جۆرێکە لە هونەر و شێوازی شیعری، کە لە خزمەتی هاوسەنگی دەنگی و ریتمی سەرواداری بەندەکاندایە کە ئامانج و نیازی نووسەری تیادا دەردەکەوێ و بەهایەك بە گوتنەکان و چۆنایەتی هاتنیان دەدات و کەرەسەیەکی سوودمەندیشە بۆ شیعرییەت.[٢٨]

## بەشی دووەم

**شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی:**

رەخنەی تازە لە یەکەم هەنگاویدا پێ لەسەر بەرهەمی زمانی بوونی هەر تێکستێکی ئەدەبی (شیعری و غەیرە شیعری)دا دەگرێت، ئەنجا بە شوێن چۆنیەتی خولقاندنی مانا لە رێگای رەهەندەکانی زمان و شێوازو دەربڕینەوەدا دەچێ. بەو پێیە شیعرییەتی زمان و پێکهاتە لە هەر تێکستێکی ئەدەبیدا پەیوەستە بە چۆنیەتی بنیاتنانی زمانێکی تایبەت (لە پێکهاتە و ڕستەو دەستەواژە) کە لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانە (ئۆتۆماتیك) دوور بکەوێتەوە، لێرەوە ئەندازەی لادان و پاڵاوتەبوونی زمان دەبێتە بنەمایەکی حاشا هەڵنەگری ڕادەی شیعرییەت و بەرهەمهێنانی لە پانتایی دەق و تێکستدا.

لە (یادگار و هیوا) دا لە پێناو چڕکردنەوەی واتادا، لە پاڵ خەیاڵبازی و وێنەو فانتازیای شیعری، کارکردن لە ناو زماندا بەرچاوە و بۆ ئەم مەبەستە لا لە گەلێ هونەری شێوازو جۆری دەربڕین کراوەتەوە، لە وێنەی" کورتبڕی، بەهەڕمێنبوونی بەشێکی ئاوخاتن (ئاوەڵناو)، ئاوێزانکردنی شێوەزار، دژ یەك و بەرامبەری و هاو واتایی و... تاد.

لەم بەشەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین هەندی لایەنی ئاستی پێکهاتەیی تێکستەکە بخەینە روو:

أ ـ شیعرییەت لە دەربڕین و ڕستەکانی تێکستدا، لە شیعرییەتی وشەکانیدا سەرچاوە دەگرێت، یەکێك لەو بەشانەی ئاوخاوتنیش کە ڕۆڵێکی دڵپەسەندی ئەکتیڤ و بەرچاوی هەیە لە دەقی شیعری لیریکیدا ئاوەڵناوە. ئاوەڵناو جۆرێك لە جوانکاری و شیعرییەت بە تێکست دەبەخشێت و چەندیش ڕادەی لادان و دوورکەوتنەوەی لە ئاخاوتنی ئاسایی رووەو باڵایی بڕوات، بەو ئەندازەیەش بیری پەیامگر بۆ واتایەکی قووڵتر، یان فراوانتر، دەگوازێتەوە و ڕادەی شیعرییەتیش بەرزتر دەبێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە با سەیری ڕۆڵی ئاوەڵناو لە سازاندنی واتادا لە بەندی (١) بکەین:

(١) لەبەر چاوی بەد　　لە ترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە　　گۆڕی یادگار
بەگریانی وشك　　بە ناڵەی بێ دەنگ
دێنمە لە رزین　　تەختی کرد گار

******

- لەبەر چاوی بەد........ (١)
- بەگریانی وشك..... (٢)
- بە ناڵەی بێ دەنگ... (٣)

رادەی لادان و ناسائایی بوون لە (١)دا زۆر نییە، چونکێ ئەم جۆرە وەسفە (چاوی بەد) لە ئاخاوتنی ئاساییشدا بەدی دەکرێت، شاعیر وشەی (پیس)ی گۆڕیوەتەوە بە (بەد) بۆ مەبەستی تایبەتی، کە ئەمەش جۆرە لادانێکە لەسەر تەوەری هەڵبژاردن. وەلێ لە هەر دوو پێکهاتەی (٢)، (٣)دا لادان گەیوەتە ڕادەیەکی نائاسایی، هەر ئەمەش خوێنەر دووچاری رامان و قووڵبوونەوە دەکات لە واتاو ئاماژەکانی پشتەوەی دەربڕینەکان، گریان" ئاسایی بە فرمێسکی تەڕو شێدارەوە بەستراوەتەوە، ناڵەش" بەبانگ و ئۆف و ئازار، کەچی شاعیر ئەم ڕێوڕەسمەی تێك شکاندووە و وەسفێکی دیکە (گریان و ناڵە)مان بۆ دەخاتە ڕوو لە ڕێگەی دوو ئاوەڵناوی ناگونجاو و نا تەبا، بەڵام کاتێ خوێنەر بۆ دەربازبوون لەو دۆشداماوییە بەرەو دوا بۆ دێڕەکانی بەرایی دەگەڕێتەوە:

لەبەر چاوی بەد　لەترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە　گۆڕی یادگار
بە گریانی وشك　بە ناڵەی بێ دەنگ
دێنمە لەرزین　تەختی کرد گار

ئەنجا سەری هەوداکەی بۆ دەدۆزێتەوە و گرێ کوێرەکەی بۆ دەبێتەوە، بەمەش لە ئاست داهێنانی شاعیر شاگەشکە دەبێت. لەسەر ئەم ڕێرەوە لە درێژەی بەندەکانی تێکستەکەدا ئاوەڵناوەکان کەڵەکە دەبن و زێتر هەست و سۆزی خوێنەر دەبزوێنن، کەم وایە بەندێکی تێکستەکە دەدۆزینەوە کە ئاوەڵناو

وەکو گوڵـەمێخ و کانیلـە، سـۆزبزوێن و گوڵاوپـژێنی نـەکردبێت، تەنانـەت وا هەیـە ئاوەڵناو هورژم دێنێ و جەستەی بەندەکە داگیردەکات:

(١٧) بـــە هـــار هاتـــەوە خۆشـــی لـــەیاران
خۆشـــی لەگوڵـــشەن خۆشـــی لـــەداران
خۆشـــی لـــە کـــۆڕی بـــادە گوســـاران
خۆشـــی لـــە بلبـــل خۆشـــی لـــە خـــاران

لەمەدا تێرم و تێگـەی (خۆشـی)، دەبێتـە مۆتیڤێـك وچـەتری بـەزم و شـادی بەســەر ناوەکانــدا (یــاران ، گوڵــشەن، داران، بادەگوســاران، بلبــل، خــاران) دا هەڵدەدا. بەو ئەندازەیەی کە (خاران= دڕك و داڵەکان)یش کە بڕێـك نـا ئاشـنایی و دڕدۆنگیشی تێدایە، بە شایی و هەڵپەڕکێ کەوتوون.

لە درێژەی بەندەکاندا زۆرینـەی ئاوەڵناوەکـان ڕێـژەی ئاوەڵنـاوی کـۆ یـاخود ئاوەڵناوی لێکدراوی کۆیان هەیە و زیاترمانای حاڵ دەبەخـشن و بـەو واتایـەی کـە بەردەوامییان نییەو کۆتاییان دێ، [٢٩] ئەوە هیچ کـە بەخـستنە پـاڵی (ان) رادەی ئاوازەیی وشە و پێکهاتـەکان زیـاتر بـووە، بـەڵام تـۆ بڵێـی شـاعیر لـە هێنانـەوەی (شـادان، گـەل نـامرادان، گـەردن ئـازادان، هـەژاران، دڵـداران، گوناهکـاران، مـەی گوساران، دڵ مردووان، بێ دەسەڵاتان و... تاد) پێمان بڵێ کـە سـتەم و بـێ دادی حاڵـەتێکی راگـوزارەو ئـەمڕۆ یـا سـبەی هـەر کۆتـایی دێ؟ هـەر بـەو شـێوەیە دەبیندرێت کە پەرەسەندنی ئاوەڵناو لە ڕایەڵ و پـۆی تێکستەکەدا بووەتـە مـاکی داهێنانی سۆزو جوانکاری و شیعرییەت.

## ب. شیعرییەتی شێوەزار:

(یادگارو هیوا) تێکستێکی چوارینە بەندی لیریکی عاشقانەیە، لە رووی وێنەو زمـان و دەربڕینــەوە ئــاوێزانی شـێوەزارو سـامانی ئـەدەبی رەسـەنی کـوردەواری دیالێکتی کوردی خواروو (گۆران) بووە.

ئەم کاریگەری و تێکهاڵاوییە لە چەند رووێکەوە بەدی دەکرێت:

ـ له باری قالب و فۆرمی شیعرییەوە شوێن پێی كێشە هەرە باوەكەی شیعری ناوچەی گۆرانی هەلگرتووە.

ـ شێوەزاری هەورامان بالاپۆشی بنیاتی زمان و دارشتنی شیعری تێكستەكە بووە و لە شێوە و شوێنی جیاوازدا خوێنەر بە ئاسانی دەركی پێ دەكات.

ـ تارمایی شێواز و گیانی شیعری مەزن شاعیرانێكی لیریكی وەكو (بێسارانی ـ مەولەوی)، لە كرو ئاكارو روخساری بەند و چوارینەكانی تێكستەكەدا بە روونی وەبەرچاو دەكەوێ.

ــ شیعری گۆرانی فۆلكلۆری، بە تایبەتی شیعری گۆرانییەكانی ناوچەی كرماشان، لە چەند شوێندا ئاوێزان و تێهەڵكێشی چوارینەكان كراون و لە شێوەی چوارخشتەكی ئاوازەدار و ناسكدا بەندەكانی تێكستەكەیان رازاندۆتەوە. [٣٠]

وەك چۆن لە تێكستەكەدا دوو دێری پاشبەندی چوارینەكانی (١١، ١٥، ٢٢)، بەنیشانەی وەرگرتن خراونەتە نێو دوو جووت كەوانەوە، بەشێوەیەك كە بە جۆرێك لە كارلێك و یەكرەنگی و ئاوێتەبوونی نێوان تێكستی (Con text) لە نێوان داهێنانی شاعیر و سامانی مێژوویی كەلەپووری ئەدەبی میللیدا پێكهاتووە. [٣١] وەك دەبینین بەندی (٢٤)یش دوو دێری پێشبەندەكەی لە فۆلكلۆر هەڵێنجراوە و دوو دێری شاعیری لەگەڵدا گونجێندراوە: [٣٢]

(٢٤) «ئەوا تۆ ئەرۆی    بە خوام سپاردی

بە خۆم پێم نەكرا    دڵەكەم بۆ ناردی»

رێی ژیان سەختە    بەترس و لەرزە

نابێ بترسی    لە گەرمی و ساردی

بەم رەنگە شاعیر نەك هەر لە سامانی بەیت و بەندو گۆرانی فۆلكلۆری كوردی بێ ئاگا نەبووە، بەڵكو هونەرمەندانە سوودیشی لێ وەرگرتوون و بیرو هەستی خوێندەوارانی كوردیشی پێ زاخ داوەتەوە و كردوونیشی بە سەرچاوە بۆ سازدانی وێنەو دیمەنی جوان و شیرین و بە سۆز لە تێكستەكەیدا. [٣٣]

**ج ـ دژیەك و بەرامبەری:**

بەرامبـەری یـاخود دژیـەك هونـەرێكی جوانكارییـە و كاریگەرییـەكی تایبـەتی هەیە، ئەو كاریگەرییە لـە كۆكردنـەوەی ئـەو دژانـەوە پـەیدا دەبـێ كـە وێنەیـەكی زەینی و هونەری پێچەوانە دەسازێنێ و هاوسەنگی دەخاتە نێوان عەقڵ و ویژدانی خوێنەر و ئەنجا چاكی و جوانییەكەی دەردەكەوێ و لە دژەكەی جوێی دەكاتەوە، ئـەنجا ئـەم شـێوازە هاوسـەنگییە بـەراورد ـ كارییـە كاریگەرییـەكی قـووڵ لەسـەر هەست و هۆشی خوێنەر بەجێ دێڵێ. (٣٤)

لە دژیەكیدا دوو جۆر دەبیندرێ:

**أ ـ دژیەكی ئەرێنی:** كە وشەكان كتومت دژیەك و بەرامبەرن، ئـەنجا سـەر بـە هەر كەرتێكی ئاخاوتن بن، وەك:

شەو × رۆژ، جوان × ناشیرین

هات × چوو، ژیان × مردن

**ب ـ دژیەكی نەرێنی:** ئـەو بەشـەیان دەگرێتـەوە كـە وشـەكان یـەك چـاوگیان دەبێ و لەڕێگە ئامرازی (نەرێ ـ نەفی)یەوە بەرامبەرو دژیەك دەوەستن وەكو:

هات × نەهات ، خۆش × ناخۆش

دەنگدار× بێ دەنگ ، باشە× باش نییە

بە ئاوڕدانەوەیەك لە تێكستەكە فۆرمەكانی بەرامبەری بەم شێوەیە بە دیار دەكەون:

ب٣: بژی× بمری

ب٦: مردن × ژیان، قازانج× زیان

ب٩: ڕۆژانی× شەوانی

ب١٠: شادی × خەم، كڕین × فرۆشتن

ب١٤: بەیان × ئێوارە

ب ١٥: شاد × خەمگین

ب١٧: خار× گوڵ

ب٢١: ئازاد × نامراد

ب ٢٤: گەرمی× ساردی

لە کری تێکستەکەدا وشە دژەکان جۆرێك لە هاوتەریبی و بەرامبەریان لە پێکهاتەی ڕستە و بەندەکاندا و، لە ئاکامیشدا لە تێکستەکەدا سازاندووە، کە ئەمەش جۆرێك لە دووانەیی (دوالیزم) لە مێشکی خوێنەر دێنێتە کایەوە و کاریگەری لەسەر دەروونی دەبێ، وێڕای کاریگەری لە ڕووی جوانکارییەوە، کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەرێکە بۆ بنەماکانی شیعرییەتی سەرلەبەر تێکست و کرانەوەی بەڕووی خوێنەردا.

**د. هاوواتایی:**

لە هاوواتاییدا وشەکان لە باری فەرهەنگییەوە دەقاودەق هاوواتای یەکتر دەبن، بە واتای بە گوێرەی تیۆرەکەی یاکۆبسن وشەکان لە سەر تەوەری جێنشینی دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەڵام لەهاوواتای ئاسادا وشەکان لە ڕووی واتاوە لە یەکتر نزیکن لەگەڵ ئەوەیدا فۆرمی جیا جیایان دەبێت، واتە دەچنە نێو یەك کێڵگەی واتایەوە (Semantic Field). [٣٥] ئەم دوو چەمکە لە بنەچەدا دیاردەیەکی شێوازگەرییەو وەکو نیشانەیەکیش بۆ دەوڵەمەندی زمان و شێوازی شیعری تێکست حسابی بۆ دەکرێت. لە (یادگارو هیوا) دا، ئەم فۆرمانەی وشە لە زۆربەی بەندەکانا ئامادەن بە شێوەی جۆراو جۆر:

ب١: بەد: بەکار ⟵ هاوواتا (هـ.و)

گریان : ناڵە ⟵ هاو واتا ئاسا (هـ.و. ئاسا)

ب٢: جەرگ: هەناو ⟵ هـ . و . ئاسا

ب٣: لات: بێ دەسەلات ⟵ هـ . و . ئاسا

ب٤: بێ بەهرە: نامراد ⟵ هـ . و . ئاسا

جەژن: بەهار: سەیران: خۆشی ⟵ هـ . و . ئاسا

ب٦: مەژی: بمرە ⟵ هـ . و . ئاسا

دڵ: گیان ⟵ هـ . و . ئاسا

ب٧: دابنیشین: کۆڕێ ببەستین ⟵ هـ . و . ئاسا

ب٩: بەرخ: کۆرپە ⟵ هـ . و . ئاسا

ب١٠: كەیف: خۆشی } ← هـ. و
گفت: گۆ

ب١٣: دار: دەوەن ← هـ.و

ب١٤: چاو: دیدە } ← هـ. و
مەست: خومار

ب١٥: کەژ : کۆ ← هـ. و

ب١٦: لێ لێ :لۆ لۆ } ← هـ. و
لەنجە : لار

ب١٦ـ ١٧: هوزار: بلبل ← هـ.و

ب١٩ : زام : برین } ← هـ. و
هیوا : ئامانج

ب٢٠: بادە : مەی } ← هـ. و
دەرد: خەم

ب٢٣: جوان : گەنج ← هـ. و

ب٢٤: ترس: لەرز ← هـ. و

لە نێوان ئەم دەستە وشە و پێکهاتە زمانییانەدا کە پەیوەندی هاوواتا ئاسایی کۆیان دەکاتەوە، زۆرینـەیان لـە تێکستەکەدا لـە شـێوەی دووانـە یـاخود جووتـە وشەی پەیوەستدا هاتوون، لە وێنەی:

ـ لاتی و بێ دەسەڵاتی ـ جەژن و بەهار ـ سەیران و خۆشی ـ کەیف و خۆشی ـ گفتوگۆ ـ دارو دەوەن ـ کەژو کـۆ ـ لێ لێ و لۆلـۆ ـ لەنجـەو لار ـ زام و بـرین ـ بـادەو مەی ـ دەردو خەم ـ جوانی و گەنجی ـ

ـ ترس و لەرز.

# بەشی سێیەم

## شیعرییەتی ئاستی دەلالی

مەبەست لە دەلالەت چەمك و واتا و ناخ و ناوەرۆکە، مەسەلەکە لە بنەڕەتدا بریتییە لەوەی کە چۆن دەتواندرێت بە هۆی زنجیرەیەك لە دەنگ و قسە و ئاخاوتن پەیامێك رابگەیەندرێت یا ڕابگوێزرێت، [٣٦] ئەم ئاستە ئاستێکی فراوان و گشتگیرە و لایەنەکانی ئاستی پێکهاتەیش لە خۆ دەگرێت وەك چۆن لە هونەرەکانی دژیەك و بەرامبەری و هاوواتایی بینیمان، هەروەها مەسەلەی ئاوازو ریتمیش لە زۆر رووودا بەرەو دەلالەت و واتا دەکشێن، بۆیە هەموو ئەمانە هێما و دەلالەتی قووڵی شیعرایەتییان تێدا بەرجەستە دەبێت، لە بەشەکانی پێشوودا بە ئەندازەی پێویست تیشکمان خستە سەر بەشێکی ئەو لایەنانە و لێرەدا لەنگەری بابەخ رووەو چەند بابەت و هونەر و چەمکێکی دیاریکراو دەبەین کە ئەویش بریتی دەبن لە ڕۆڵی هونەرەکانی تەدویرو هاوتەریبی و وێنە و میتافۆر لە بەرجەستەکردنی واتا و دەلالەتی تێکستەکەدا.

**أ. هونەری تەدویر:**

تەدویر، لە بنیاتی تێکستی شیعری نوێدا ئەرکێکی گرینگ جێبەجێ دەکات، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە دەشێت سەرلەبەری دەقێکی شیعری، یا بەشێکی، لە شێوەی ڕستەیەکی گەورەکراودا بەسەر یەکەوە رێك بخەینەوە، لە پاڵ ئەوەیدا کە تەدویر وەك هونەرێکی شیعری، هەم ئاستی مۆسیقی تێکست رەنگا و ڕەنگ دەکات، هەم ترپەو ئاهەنگی ریتمی تێکستەکە دەبزوێنێ، هەمیش پەیوەندی ئۆرگانیکی لە نێوان سۆزو بیرۆکەی پارچە و بەشەکانی تێسکتدا بە شێوەیەکی زیندوو ڕادەگرێت. [٣٧]

لە تەدویردا مەبەست و فەلسەفەیەکی تایبەتی بەدی دەکرێت، کە ئەویش بەردەوامی و درێژە پێدانی حاڵەتێکە لە هەڵچوون و سۆز و دەلالەت، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ سروشت و پێداویستییە هونەرییەکانی ئەزموونی شیعریی شاعیر، هەوڵ دەدەین سیماکانی هونەری تەدویر لە (یادگار و هیوا)دا لە چەند روویەکەوە نیشان بدەین، دوو بەند بە نموونە وەردەگرین بەم جۆرە:

(٢) بــێ، هێــزی ئــەژنۆم بینــایی چــاوم
ئــارامی گیــان، جــەرگم، هـــەناوم
یــاخود بــە جــاریێ چارەســـەرم کــە
یــا لــە نامــەی ژیــن دەربێنــە نــاوم
****
(٣) ژیــان بــە لاتــی و بــێ دەســـەڵاتی
هیچ درۆی نەبێ سەد مەرگەساتی
مــرۆ بــە دیلــی بــژی خۆشــە یــان؟!
بمــری بــۆ بــەرزی خــۆی و وڵاتــی؟

لە سـەرەتادا بـە مەبەسـتی یـەکالا کردنـەوەی هـەر یـەکێك لـە بەنـدەکان بـە شێوەیەکی سەربەخۆ، بە گوێرەی (رووکاری سەرەوە) پێویستیمان بەشـیکارییەك دەبێت لە ئاستی زمانی و واتاییەوە:

(٢) (بێ ـ تکا دەکەم وەرە ـ ئەی هێزی ئەژنۆو بینایی چاو و ئارامی گیان و هەناو!، یا ئەوەی بە جاریێ چارەسەرێکم بۆ بدۆزەرەوە، یا بە یـەکجاری گیـانم لێ بسێنەرەوە لەم ژیانە پڕ لە دەردو مەینەتییـە رزگـارم بکـە)، (٣) (ژیانێـك ـ بـەم جۆرە بێ و بەلێقەوماوی و بێ دەسەڵاتی بێت، راسـتییەکەی ئەوەیـە، مـەرگ لێـی خۆشترە، مەرگێك سەر بەرزانە بێ و لە پێناوی گـەل و وڵاتـدا بێـت، سـەد بـار لـە ژینێکی پڕ لە دیلی و زەلیلی چاترە).

وەك دەبیـنین تەنانـەت پێویسـتیمان بـە ئـامرازێکی پەیوەنـدی و لێکـدەریش نابێت لە وێنەی (چونکە ـ لەبەر ئەوەی ـ بەو هۆیەی...) تا هـەر دوو بەندەکـە لـە رووی زمان و واتاوە یەك بخەین، یا بەیەکەوەیان گرێ بدەینەوە!، چونکێ (ژین)و (ژیان)، چەشنی کلیلە وشە لە هەردوو بەندەکانا، ئەم رۆڵە لێکدەرو پەیوەستەیان پـێ سـپێردراوە و دەشـێ هـەر دوو بەنـد بەسـەریەکەوە لێکبـدرێت و وەکـو یـەك پەرەگراف و یەك دەق بخوێندرێتەوە، بێ ئەوەی هەست بـە هـیچ جـۆرە لادانێکـی زمانی یا سیمانتیکی بکەین، ئەم رێڕەوە واتە یەکێتی بنیاتی سـیمانتیکی و دەلالی بێ پچڕان، لە تەك گەشەسەندنی تێکستەکە و بە دوای یەکتردا هـاتنی بەنـدەکان،

بەردەوامی هەیە و پەیتا پەتیا شۆڕ دەبێتەوە و پەرە دەسێنێ و، لق و پەل و پۆی جوان و ناسك و تازەش دەردەکات و (پەرەسەندنی و واتایی) لێ دەکەوێتەوە، تا ئەوەش هێڵی واتاو مەبەستە سەرەکییەکەمان لێ ون نەبێت و نە ئالۆزکێ، ناوە ناوە شاعیر دەمانگێڕێتەوە بۆ هەمان مەبەستی بنەڕەتی" و بنکەی واتایی" (ژیان):

(٤) شیرین بەهارە، بەهاری شادان

بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان

جەژن و بەهارو سەیران و خۆشی

گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان

واتا پەرە دەستێنێ و فەسڵێکی تازە دێتە ناوەوە، کاتێ شاعیر بانگهێشتی (شیرینەکەی) دەکات بۆ چێژو نەشئەی ڕامانێکی شاعیرانە لە وەرزی گەشە و خۆشی (جەژن و بەهارو سەیرانی ناو وڵاتی جوان و ڕازاوە، لە وەرزی بەهاراو لەتەك ئەودا و لە سایەی ئازادیدا)، ئەمە مۆتیڤێکی نوێی واتایە لە پاڵ ئەوانی پێشەوەدا، بەڵام هەر زوو بەهۆی بێ بەشن لە (ژین) مەسەلەی واتای لەگەڵ بەندەکانی پێشووتردا، وەك لە (٢)، (٣)دا بینیمان، یەك دەخاتەوە لە بەندی دواتردا و دوای ئەوەی (ژیان و شیرین و ئازادی) لە بۆتەیەکدا کۆ کرانەوە، مەسەلە لەگەڵ (شیرینا) بەردەوام دەبێت لە تەك ئامانجە پیرۆزەکەدا: [٣٨]

(٥) شیرین ئەزانم کە تۆش زاماری

وەك من عەوداڵی خونچەی بەهاری

هیوای تۆ یەکە هیوای من هەزار

من بێزار نەبم تۆ بۆ بێزاری؟

ئەنجا بەم شێوەیە (ژیان، شیرین ، ئازادی) وەکو کارەکتەری سەرەکی لە بەندەکانا دێن و شوێن گۆڕکێ دەکەن و بەردەوام دەبن... وەك ئەوەی لە بەندەکانی (٢٣)و (٢٧)دا جارێکی دیکە (شیرین) دێتەوە سەر شانۆ و ئەویش بە سۆزو هەڵچوونێکی تازەوە... ئەمە لە دەربارەی بنیاتی سەرەوەی واتایی لە

بەندەکانا، خۆ لە واتاو (بنیاتی قوولّ) یشدا ئەم یەکێتی بابەت و پەیوەندییە زیندوو و ئۆرگانیکە هەمیشە لە زنجیرەی چوارینەکانا فام دەکرێت و رەگ دادەکوتێت، بۆیە تا دێت سۆزو کوڵی خوێنەریش هاوشانی پەرەسەندنی دەقەکە زیاتر هەڵدەکشێت.

شێوەیەکی دیکەی بەرچاوی تەدویر ئەوەیە کە لە دەستپێکی بەندەکانی (٢، ٧، ٨، ٩، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ٢١)دا دەیبینین، بەم شێوەیە:

(٢) بێ هێزی ئەژنۆم بینایی چاوم.

(٧) بێ دابنیشین جە بن هەناران.

(٨) بێ دابنیشین جە بن داری بەی.

(٩) بێ بابۆت بکەم باسی جوانیم.

(١١) بێ دابنیشین جەپای دیواران.

(١٢) بێ دابنیشین لە نێو ڕەزانا.

(١٣) بێ دابنیشین لە نێو گوڵشەنا.

(١٤) بێ دابنیشین جە بن چناران.

(١٥) بێ دابنیشین دیدە پڕ ئەسرین.

(١٦) بێ دابنیشین دووریین لە شادی.

لە وشەی دەستپێکی بەندەکانی پێشەوەدا لادانێکی شیعری هەیە، لەسەر تەوەری جێنشینی، شاعیر لە بری وشەی (وەرە)، وشەیەکی لەبارو گونجاوی دیکەی وەکو (بێ)ی هەڵبژاردووە (بە حوکمی زەروورەتی کێش)، ئەنجا ئەمە وەکو سیمایەکی رەفتار زمانی (کەلك وەرگرتن لە شێوەزار) لەسەرلەبەری تێکستەکە پێڕەوی لێ کراوە و وشە و زاراو و رێکەوەندی هەورامی، کە شێوەزارێکی ئاهەنگدار و شیرینە، لە تێکستەکەدا ئاخێندراوە و تا ئەوەی تەونی چنین و شێوازی داڕشتنی زمانی شیعری تێکستەکەی پاراو کردووە.

(بێ) لە ڕستەکانی دەستپێکی بەندەکاندا، کاری داخوازی ڕستەیەکی ئینشائییە، لە لایێ بە هۆی خێرایی خوێندنەوە و ئاوازی کێشەکە، لە لایەکی تر بە هۆی هاوسێیەتی لەگەڵ (ڕێژەی ڕانەبردووی - ئینشائی - چاوگی دانیشین - کە

خراوەتە پاڵ جێناوی کەسی یەکەمی کۆ ـ ین)، بە جارێ سەربەخۆیی خۆی ون کردووە و وەك بەشێکی پێکهاتەی دەستپێکی ڕستە و بەندەکانی لێ هاتووە:

- بێهێزی ئەژنۆم
- بێدابنیشین

بێبابۆت بکەم

ئەنجا لە زۆرینەی بەندەکاندا فرێزێکی ئاوەڵکاری بە دوادا هاتووە کە لە (ئاوەڵکار + ئاوەڵناوی کۆ)، وەك لە پێشەوە گوتمان، ڕۆڵی دۆخ و حاڵەت دەبەخشێت:

بێدابنیشین + {
جە بن هەناران
جە بن داری بەی
جە پای دیواران
لە نێو ڕەزانا
لە نێو گوڵشەنا
جە بن چناران
دووربین لە شادی
}

ئەم نەریتە، ئەو بۆچوونەمان لێ وەڕاست دەگێڕێ، کە دەڵێ" لەگەڵ ئەوەیدا کە چوارینە بەندەکان هەر یەکە ولە شوێنی خۆیدا کێڵگەو ڕەهەندی واتایی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام بە هۆی هاوشێوەیی ڕێژە و ڕووکاری زمانییەوە، بەندەکانی لە کر و بنیاتێکی یەکگرتوو خۆیان نیشان دەدەن و ئەنجا لە ڕووی واتا و دەلالەتیشەوە بنیاتێکی گێڕانەوەیی درامی بەسەر هەموو بەندەکانا خۆ دەنوێنێ و شاعیر لە سۆنگەی چەند بارە گوتنەوەی (بێ دابنیشین)، ئیلحاحێکی زۆر دەنوێنێ و لە یارو هاوکار و هاوخەمەکەی دەخوازێت کە بێت و لە نزیکەوە تێکەڵاوی خەم و موعاناتەکانی ببێت و گوێ لە ناڵەی دەروونی رابگرێت، تا بەکامی دڵ لەو کەش و هەوا (شادمان و خەمناکە) بگەین کە ئەو تێدا دەسووتێت.[٣٩]

شـێوەیەکی دیکـەی پەیوەسـتبوونی واتـایی لـە ڕێگـەی (تـەدوير)ەوە لـە بەندەکانی (١٦، ١٧، ١٨)دا دەدرەوشێتەوە:

**(١٦)بــەهار هاتــەوە وە ســەيرانەوە**
**وەلێ لێ و لۆلــۆ وە حەيرانــەوە**
**بــە لەنجــە و لاری نيگارانــەوە**
**وە دەنگــی خۆشــی هوزارانــەوە**

**(١٧)بـەهار هاتـەوە خۆشـی لـە يـاران**
**خۆشی لە گوڵشەن خۆشـی لـە داران**
**خۆشـی لـە کـۆڕی بـادە گوسـاران**
**خۆشـی لـە بلبـل خۆشـی لـە خـاران**
******

**(١٨)خۆشی لە عاڵەم دوور لـە دڵـی مـن**
**شەونم بۆ خاران دوور لە گـوڵی مـن**
**زنجــير پــيرۆزی دڵ مــردووان بــێ**
**با ئازاد بــژی بيــری ســڵی من**

ڕایەڵەی پەیوەستی دێڕەکان لە هەر بەندێکدا ئەم شێوەیەی لە خۆ گرتووە:

ـ هەموو ڕستەکانی بەندی (١٦) پاش بەندی ڕستەی یەکەمن (بەهار هاتەوە)، واتە هەموو ڕستەکانی دیکە باس لە چۆنیەتی ئـەو بـەهارە دەکـەن کـە هاتۆتـەوە یاخود بە ڕێگاوەیە بێتەوە.

ــ هـەموو ڕسـتەکانی بەنـدی (١٧) وەڵامـدەرەوەی ڕسـتەی یەکـەمن (بـەهار هاتەوە)، واتە هەموو ڕستەکانی دواتر کاردانەوەی (یـاران و داران و بادەگوسـاران و خاران)ە لە ئاست هاتنەوەی بەهاردا.

ـ هەموو ڕستەکانی بەندی (١٨)، دەربڕینە لە هەست و هەڵوێـستی شـاعیر لـە ئاست (هاتنەوەی بەهار)دا.

ئەمانــە ســەبارەت بەڕاشــەی یــەکێتی و واتــای دەلالــەتی ئــەو بەندانــەی تێکـستەکەن کـە هەمیـشە لـە دەوری کـۆی واتـاو فـەزای شـیعری تێکـستەکەدا دەخولێنەوە و لێی دانابڕێن و دوور ناکەونەوە:

ئــەنجا ئەگــەر بێــت و لــە رووی بنیــاتی زمانییــەوە ســەیریان بکــەین، ئــەوا رایەڵەکانی بەیەکەوە گرێ دراوییان بە روونی بەدی دەکەین:

بەهار هاتەوە: وە............

وە ........................ وە............. (١٦)

بە .............................

وە ........................

بەهار هاتەوە: خۆشی.......

خۆشی لە ................. خۆشی لە ........... (١٧)

خۆشی لە ...........................

خۆشی لە .............. خۆشی لە ................ ................

خۆشی لە ................ دوور لە ......... من

........ بۆ ................ دوور لە ......... من (١٨)

.............................................. بێ

با ............................................ من

پێکهاتــەکانی (بــەهار هاتــەوە - خۆشــی - خۆشــی لــە ، دوور لــە) لــە پــاڵ ئامرازەکانی (وە - لە - بۆ - با) و جێناوەکانی (من) هەموو هاوکـار دەبـن و وەکـو جەڕ و مەنگەنە بەندەکان وێکڕا شەتەك دەدەن.

لێرەدا دووبارە بوونەوەی چەند جارەی فـۆرمێکی زمـانی لـە وێنـەی (بـەهار هاتــەوە) لەســەرەتای بەنــدەکانی (١٦)و (١٧)، (خۆشــی لــە) لــە دەســتپێکی ڕستەکانی بەندی (١٧) و (١٨)، جگە لە هاوسەنگی و بەرجەسـتەکردنی واتـا، بـۆ بەردەوامی پێدان و پێکەوە بەستنەوەیشە هەم لە نێوان دێڕەکانی بەندێکداو هەم لە نێوان بەندەکانیشدا. (٤٠)

دیاره ئەمە لە شوێنەكانی دیكەشدا لە تێكستەكە هەر وایە:

- شیرین بەهارە ——————◄ شیرین ئەزانم ——————◄ شیرین هەتا كەی.

- بەهار هاتەوە وە سەیرانەوە——————◄ بەهار هاتەوە خۆشی لەیاران.

**ب - هاوتەریبی:**

لەگەڵ ئەوەیدا هەزرو بیری نووسەر هەمیشە لە نێو برگەو بابەتەكانی دەقەكەدا ئامادەیەو، زۆرتریش هێمایە بۆ دیدو جیهانبینی شاعیر سەبارەت بە مەسەلەكانی مەرگ و ژیان، بەڵام ئەم ڕامان و فەلسەفەیە لە ئەنجامی گەمەیەكی هونەری و ئیستاتیكییەوە ڕایی دەكرێت كەوا زمان ڕۆڵێكی كاریگەری تێدا دەگێڕێت. (٤١)

یەكێك لەو گەمە هونەرییانە كە لە ڕێگەی زمانەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێت بریتییە لە هاوتەریبی، هاوتەریبی جۆرێك لە داڕشتنی زمانی یاخود ڕۆنانی سێنتاكسی هاوشێوەیە كە بە (موازنە) دەناسرێت و لە پانتایی تێكستدا خۆ دەنوێنێت لە چوارچێوەی هونەری شێوازگەری و، جۆرێك لە تەفاعول لە نێوان زمان و واتا و ئەندێشە و ئاواز لە بنیاتی دەقدا بەرپا دەكات و ئاستی جونكاری و شیعرییەتی رووەو چڕی و باڵایی دەبات و پەیامگر هەست و چێژو خۆشییەكی زۆری لێ دەبات. (٤٢) لە تێكستی (یادگارو هیوا)دا ڕووبەڕووی كۆمەڵێك دیاردەی لەم شێوەیە دەبینەوە:

- /بە/ گریانی/ وشك/

/بە/ ناڵەی/ بێ دەنگ/

ئەمانە فرێزی وەسفین لە پێكهاتەی ڕێزمانیدا وەكو یەكن:

- ئامراز + (دیارخراو + دیارخەر)

لەم دوو فرێزەدا شاعیر ئاشنایەتیمان لەگەڵ یاساكانی زمان لەسەر ئاستی واتاو دەلالەت، تێك دەشكێنێ و لادانێكی گەورە بەرپا دەكات، بەهۆی كۆكردنەوەی دوو دژ لە هەریەكێك لە پێكهاتەی فرێزەكاندا، كە ئەمە لە ئاخاوتنی ئاساییدا لەگەڵ هۆش و مەنتیق نایێتەوە، بەڵام كاتێك بەرەو دوای ئەم فرێزانە دەگەڕێینەوە و لە فەزای بەندەكە رادەمێنین، بە تایبەتی لە دێڕی سەرەتایدا" - لەبەر چاوی بەد، لەترسی بەدكار ئەوسا بۆمان روون دەبێتەوە كە شاعیر نەك هەر

کارێکی ڕەوای کردووە، بەڵکو جوانکاری و داهێنانیشی نواندووە کاتێ پەنای بۆ دوو وێنە بردووە کە لە رووی ڕۆنایی واتایی و چەمکەوە یەکتری رەت دەکەنەوە بەڵام کە لە مەبەستی شاعیر تێ دەگەین، واتاکانمان لەلا بەرجەستە دەبێت و ئیعجاب و ئافەرینیشمان بۆ شاعیر پەرە دەستێنێ، (سەیری پەراوێزی ژمارە(٣٩) بکە).

- /مەژی/ بۆ/ مردن/

/بمرە/ بۆ/ژیان/

فرێزەکان بەر لە (نەرێ)کردنیان خاوەن ڕۆنانێکی زمانی هاوشێوە و تەبا بوون:

/ژیان/ بۆ/ مردن/

/مردن/ بۆ/ ژیان/

چاوگ + ئامراز + چاوگ

مردن و ژیان دوو پرسی ئەزەلی و دوو چەمکی بەرامبەرو دژیەکن، شاعیر هونەر و وەستاکارییەکی تیادا ئەنجامداون، لە ڕووی بنیاتی قووڵی واتادا فرێزی یەکەم لە بنەڕەتدا ڕۆنانێکی مەنتیقی هەیە (ژیان بۆ مردن ـــ ژیان کۆتایی و ئاکامەکەی مردنە)، هەر چەند ڕۆنانە ڕێزمانییەکە لانی کەم لە ڕۆنانی سەرەوەیدا ناتەباو ناحەزە (ژیان بۆ مردن)، وەلێ پراگماتیکی زمان ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر دەکات و پێمان دەڵێ (کاروانی ژیان کۆتاییەکەی مەرگ و مردنە)، ئەنجا فرێزی دواتر بە هەمان پێودان داڕێژراوە (مردن بۆ ژیان)، بەڵام لەمەدا چی فریامان بکەوێ و ئەمە چۆن لێك دەدرێتەوە، کە ناحەزی و نەگونجان لە ڕوخسارو لە چەمکی پێکهاتەکەدا ئاشکراو ڕوونە، دیارە دەبێ دیسان پەنا بۆ مەبەست و ( مەقسەد)ی شاعیر بەرین، کە دەشێ بوترێ (فیداکاری و گیان بەخشی مرۆڤ ـ مردن" لە پێناوی بەدیهاتنی دواڕۆژێکی باشتره ـ ژیان)، تا ئێرە زۆر لە ڕاوێژو دەربڕینی ئاسایی دوور نەکەوتووینەتەوە، بەڵام شاعیر بۆ ئەوەی دەربڕینەکانی زیاتر لە ئاخاوتنی ئاسایی دابڕێت و بیانکات بە داڕشتنی شیعری و هاوسەنگی لە نێوان ئەم دژو نەیارانە پێك بهێنێ، هاتووە فرێزی یەکەمی لە شێوەی (نەرێ ـ نەفی) داڕشتووە و فرێزی دووەمیش لەسەر ڕێژەی (داخوازی ـ ئیسبات):

- مەژی بۆ مردن
- بمرە بۆ ژیان

بەمەش ڕێژەیەك لە جیاوازی و لێکچوون بە گوێرەی تیۆرەکەی یا کۆبسن لە نێوانیاندا جێگیر بووە، ئەنجا لە درێژەی چەمکی هاوتەریبی ئاوڕ لە چەند بەندێکی دیکەی تێکستەکە دەدەینەوە:

(٧) / بێ/ دابنیشین / جە/ بن/ چناران/
(٨) /بێ/ دابنیشین/ جە / بن/ داری بەی /
(١٢) /بێ/ دابنیشین/ لە / نێو / ڕەزا نا /
(١٣) /بێ/ دابنیشین/ لە / نێو / گوڵشەنا /
(١٤) / بێ / دابنیشین/ جە/ بن / چناران /

کاری داخوازی+ ڕێژەی ئینشائی+ ئامراز + ئاوەڵکاری + ناوی کۆ
چاوگ +جێناوی شوێن
کەسی یەکەمی کۆ

پاتە بوونەوەی چەند بارەی هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی، لەم چوارینە بەندانەی تێکستەکەدا، تا ڕادەی یەکبوونی گوتارێکی شیعری هاوشێوە لە بەندەکانا بە جیاوازییەکی یەکجار کەم لە بەشی دوایی ڕستەکاندا، ڕەنگدانەوەی پەرۆشی و پێداگری شاعیرە لەسەر گەیاندنی بیرۆکەکەی و چڕکردنەوەی واتاو مەبەستەکانیەتی لە تەك بە برشتکردنی مۆسیقای بەندەکان و بەیەکتر گرێدانەوەیان، تا ئەوەی تاقگەیەکی هارمۆنیا لە یەکێتی دەنگ و ئاوازو واتاو دەلالەت دێنێتە کایەو دەڕژێتە ناخی پەیامگرەوە.

بە دیوێکی دیکەدا بنیاتی دیالۆگ و گفتۆگۆی درامی لە بەشێکی بەندەکانا خۆی دەنوێنێت، گوتاری شیعری ئاڕاستەی (شیرین)ی شاعیرە کاتێك دەڵێ:

(٢) بێ، هێزی ئەژنۆم، بینایی چاوم
ئارامی گیان، جەرگم، هەناوم
یاخود بە جارێ چارەسەرم کە:
یا لە نامەی ژین دەربێنە ناوم.

****

(٥) شيرين، ئەزانم کـە تـۆش زامـداری
وەك من عەودالّی خونچەی بـەهاری
هیوای تۆ یەکـە هیـوای مـن هـەزار
مـن بێـزار نـەبم تـۆ بـۆ بێـزاری؟
****

وەکـو چـۆن لـە بەنـدەکانی (٦، ٧، ٨، ٩، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ٢٣) هـەمان شـێوازی دیـالۆگ و گفتۆگـۆ و دانوسـتاندن بـەردەوامی هەیـە و شـاعیر لـەو رێگـە دڵپەسندەوە بیرو مەبەستەکانی خۆی یەکلایی دەکاتەوە.

بنیاتی گێڕانەوەیی چیرۆك ئامێز لە هەندێ لە بەندەکانا ئامادەیی زۆری هەیـە و کراوەتە دەرەتانێك بۆ زیندوو ڕاگرتنی هەست و سۆزو خورپەکانی دڵ و دەروون و شاعیر کەڵکی لێ وەرگرتووە:

(٩) بـێ ...بـا بـۆت بکـەم باسـی جـوانیم
ڕۆژانی بەرخیم شـەوانی شـــــــوانیم
کۆڕپەی ئازیز بووم شوانکارەی شـادی
ژیـــام بەخۆشـــی هـــەتا تـــوانیم.
*****

(١٠) ژیام سـەردەمێ بـە کـەیف و خۆشـی
بــە شـادی کــڕین، بەخــەم فرۆشــی
تــاکو پـــێم کـــرا روومـــەتم مـــژی
تـــاکو تـــوانیم شـــەرابم نۆشـــی
*****

(١١) ئـەو سـاکە چـوومە ریـزی دڵـداران
پێــی وتم سـەردار هــۆزی هــەژاران
(( ابـێ دابنیـشین جـە پـای دیـواران
زنجیر لـە گـەردن چـون گوناهکـاران))
*****

## ج . وێنە و میتافۆر:

زمانی شیعری زمانێکی بارگاوییە بە واتاو هەست و سۆزو وروژاندن، شاعیر هەر بەوە ناوەستێت، و بە مەبەستی بەرزکردنەوەی رادەی کاریگەری وێنەی شیعری دەسازێنی، بنیاتی وێنەی شیعری کە ئەندێشەو داهێنان ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەگێڕن دەبن بە ڕەگەزێکی بە پیتی شیعرییەت. لەو بارەوە جان کۆهین دەڵێت، ((ئەرکی وێنە چڕکردنەوەیە، شیعرییەتیش بریتییە لە چڕکردنەوەی زمان)). [٤٣]

وێنە هەم واتا چڕو پڕ دەکات و هەم هەست و هۆشی خوێنەر دێنێتە جۆش و دەیبزوێنێ، هەمیش هونەرو دەسەڵات و دەستڕەنگینی شاعیر نیشان دەدات لە چۆنییەتی ڕازاندنەوەو پێشکەشکردنی بیرۆکەکانی بە هۆی ئەو گەمە زمانییانەی کە لە تێکستەکەیدا دەیسازێنێ.

بـرایم ئەحمەد وەکو پێشەنگێکی مۆدێلی شیعری سەرەتای سییەکان (سەرەتای ژیانی ئەدەبی وەکو ڕۆمانتیکێکی شۆڕشگێڕ دەست پێ ئەکا) [٤٤] و لە تێکستە نۆبەرەکەیدا (یادگارو هیوا)، ئاوات و ئومێد، ناڵەی دەروون، هەست و بیرو جیهانبینییە خودیەکانی تێکەڵ بە مەسەلەی شۆڕشگێڕی و ئامانجەکانی خەبات و کوردایەتی ئەو ڕۆژگارە کردووە، ئەگەر بێت و ئامارێك بۆ وشەکانی دنیای ڕۆمانسیەت لە تێکستەکەدا بکەین، ئەوا پێویستمان بە فەرهەنگێکی تایبەتی دەبێت. هەر بۆ نموونە بەندی (١) بەسەر دەکەینەوە:

(١) لەبەرچاوی بەد ، لەترسی بەدکار
دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بە گریانی وشك بە ناڵەی بێ دەنگ
دێنمە لەرزیــن تەختی کردگار

وشە گەلی" ترس، گۆڕی یادگار، گریان، ناڵە، لەرزین...

سەربە جیهانی ڕۆمانسیزمن، لەوەش گرینگتر چۆنیەتی داڕشتن و ریزکردنی وشەکانە کە دەبنە مایەی بەدیهێنەری خودی ئەزموونەکە. [٤٥] شاعیر بە هۆی میتافۆرەکانی (وێنەی خواستن)" چاوی بەد، گۆڕی یادگار، گریانی وشك، ناڵەی بێ دەنگ، تەختی کردگار، جڵەوی ئەسپی خەیاڵی تا سنووری زیادەڕۆیی تاوداوە

بۆ سازكردنی وێنەیەكی زەینی (دێنمە لەرزین تەختی كردگار)، كە خوێنەر لە خۆیا دەباتە حاڵەتی خرۆشی و سەرسوڕمان.

دیارە شاعیر بایەخێكی بەرچاوی بەسروشت داوە، سروشتی رازاوە و جوانی كوردستانی كردۆتە بەردی بناغەی تێكستەكەی، [٤٦] لەو ژینگە و هەوارە دڵگیرو ئاشنایە بە زمانێكی سادەو رەوان و پەتی وێنەكانی پێكهێناوە. ئاوڕدانەوەیەك لە پاژو بەندەكانی تێكستەكە كۆمەڵێ وێنە و خوازەو میتافۆری نەسواو و تازە بابەتمان بۆ ئاشكرا دەبێت، لە نموونەی (گەل نامرادان، مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان، بەی ڕەنگی گەردن، مەی ڕەنگی گۆنەی، شوانكارەی شادی، شادی كڕین، خەم فرۆشی، ماچ دزین، دڵ دزین، خۆشی لەیاران، خۆشی لە داران، ....)، گەلێ جار وێنەكان بەڕستەیەكی داڕشتنی شیعری، یا دەستەواژەیەك بە ڕێگەی یەكێك لە هونەرەكانی وێنەی ڕوونبێژی (لێكچواندن، خوازە و خواستن)، یا وەسف نیشان دەدرێن: (لە نامەی ژین دەربێنە ناوم، زنجیر لە گەردن چون گوناهكاران، خونچەبكێشین بەڕووی خەزانا، زنجیر پیرۆزی دڵ مردوان بێ، خونچەی جوانی و گەنجی بنێژم، مژدەی ئازادی یارم بۆ دێنێ، گریان كردەوەی بێ دەسەڵاتە، بێ دەسەڵاتان ئەڕزێن لە ژێر بار...). وا هەیە لە بەندێكدا وێنەی پاژەكان (كە لە ڕستەو دەستەواژەو دێڕێك پێكهاتووە)، یەك دەگرنەوە دەبن بە وێنەیەكی لێكدراو، واتا وێنەیەكی گەورە و سەرەكی پێك دەهێنن:

(خۆشی لە عالەم دوور لە دڵی من) ← وێنەی تاك
(٨) ( شەونم بۆ خاران دوور لە گوڵی من) ← وێنەی تاك
(زنجیر پیرۆزی دڵ مردووان بێ) ← وێنەی تاك
(با ئازادی بژی بیری سڵی من) ← وێنەی تاك
وێنەی گەورە (كۆ)

لەم بەندەدا لە هەر دێڕێكدا وێنەیەكی تاك (پاژێك) وێنا كراوە و سەرجەمی پاژەكان لە بەندەكەدا بۆ یەكتری دەدوێن و تێكەڵاو دەبن و لە ئاكامدا وێنەی مەبەست و ئایدیای شیعری شاعیر پێك دەهێنن.

كاتێك دەمانەوێ شوێن پێی كارێكتەری سەرەكی لە تێكستەكەدا هەڵبگرین، دەبینین لە ئاست گوتاری شیعری خۆی لە (خودی شاعیر ـ من) و یارەكەی

(شـیرین ـ تـۆ) دا دەدۆزێتـەوە و ڕەگـەزی دراماتیکی شـیعری لـە نێـوان ئـەم دوو کارێکتەرەدایە.

بێ (تۆ) ◄——► دابنیشین (من)........ لە زۆر جێگادا و لە توێژی دووەمی دەلالەتەکاندا کارێکتەری دیکە و سێهەمیش خۆی حەشارداوە، کـە بـە بـێ بـوونی ئەو پەنهانە (خونچەی بەهار ـ ئامانج ـ ئازادی) بوون و ژیان و مانەوەی دووانەکەی تر (من و تۆ) مەعنایەکی نامێنێت:

**بەڵێن بێ ئیتر نەتناسم هـەتا**

**مژدەی ئازادی (یارم) بۆ دێنی**

دیـارە خواسـت و مـرازی بنـەڕەتی شـاعیر گەیـشتن و شـادبوونە بـەیارو دڵخوازەکـەی (شـیرین ـ ئـازادی)، هـەر لـەم پێناوەشـدا شـاعیر دنیـای سروشـت دەپێوێت بۆ بنیاتنـان و ئارایـشتکردنی وێنـەکانی، لێـرەدا سروشـت دەبێتـە ئـەو ناوەندەی کە هەر سێ لای (شاعیر ـ یـار ـ ئـازادی) تیـادا پێـك دەگەیەنـدرێت، بـە واتای گەشتی شاعیر بە ناو دنیای جوانییـەکانی سروشـت و دیمەنـە جـۆراو جـۆرو هەست بزوێنەکانیدا بۆ گەیشتن بە خواست و نیازو دڵخوازەکەیەتی. (٤٧)

# ئه نجام

دوای ئەوەی شیکارییەکی شێوازگەری بنیاتی دەلالی تێکستەکەمان لـە چـەند ئاسـتێکەوە خـستە ڕوو کـە چـاوگەکانی بنـەماکانی شـیعرییەتیان لێ هـەڵقوڵاوە، لێرەدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە باسەکە پێـی گەیـشتووە لـە چـەند برگەیەکـدا دەخرێنە ڕوو:

١ـ یادگارو هیوا تێکستێکی تەژی لە بنیات و دیاردەی هونەری و شـێوازگەری و شیعرییەتە، هەر ئەمانەشە ماکی پایەداری و زیندوویی تێکستەکەیان بە درێژایی ڕۆژگار لەسەر وەستاوە.

٢ــ ناونیــشان لــە تێکــستەکەدا دیاردەیــەکی هونــەری تــازە بابــەت و سەرنجڕاکێـشە، بـە پێـوەری دەقـەکانی ئـەدەبی کلاسـیکی کـوردی، لـە شـێوەی ئاوێنەیـەکی دوو ڕووە کـە هـەر دوو تـەوەری سـتراتیژی دەقەکـە تیایـدا ڕەنگـی داوەتەوە.

٣ـ گوتاری شیعری شاعیر لـە چـەند چـاوگ و ئاسـتی جیـا جیـادا، لـە وێنـەی (دەنگ و وشە و پێکهاتە) لە ڕێگەی تێکچڕژان و هاوبەشییەوە، سامانێکی بە پیت و بەپێزیان لە دەلالەت و لە هونەری شیعرییەت پێکهێناوە.

٤ـ بە شێوەیەکی بەرچـاو سـوود لـە کەرەسـتەکانی وەکـو زمـان و شـێوەزار، بابەتــەکانی سروشــت و فۆلکلـۆر، سـۆزو خورپــەی ڕۆمانـسیزمی وەرگـیراوە، بـۆ ئاواکردن و بنیاتنانی تەلاری شیعری تێکستەکە و تـەعبیرکردن لـە خواسـت و ڕازو ئامانجەکانی شاعیر.

## پەراوێزەکان:

١ ـ (یادگارو هیوا) بۆ یەکەم جار و لە (٢٠) چوارینەدا، بەناونیشانی (هیوا و دڵداری) لە گۆڤاری (هاوار)ی شام دا بڵاوبۆتەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دەقە لەگەڵ ئەوەی بۆ دووەم جارو لە ژێر سەرپەرشتی خودی دانەرەکەی لە (یادگاری لاوان)دا بڵاوبۆتەوە زۆر جیاوازن، هەم لە ناونیشان و هەم لە ژمارە و ، دارشتن و هۆنینەوەی خودی بەندەکان لە هەر دوو تێکستەکەدا، بۆیە بە چاکمان زانی کە دەقەکەی گۆڤاری هاواریش لە کۆتایی ئەم باسەدا بخەینە بەرچاو (تەنیا لە باری رێنووس و هەڵەی چاپەوە) دەستیکاریمان کردووە، تا وەکو خوێنەر خۆی بەراوردێ لە نێوان هەر دوو تێکستدا بکات و پەی بە جیاوازی و گۆڕانکارییەکانیش ببات ـ بڕوانە: پاشکۆی ئەم باسە.

٢ـ (یادگاری لاوان) لە لایەن کۆمەڵەی لاوانەوە لە شێوەی بڵاوکراوەیەکی ساڵانە ساڵی ١٩٣٣ لە بەغدا و لە ژێر سەرپەرشتی و چاوەدێری خودی برایم ئەحمەدەوە دەرچووە، وەکو پاشان باسی کردووە لە ٧٠٪ بابەتەکانی ئەو رێکی خستووە، هەر لەوێشدا تێکستەکە فۆرمی تەواوی خۆی وەرگرتووە.

٣ـ بۆ ئەم مەسەلەیە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

ـ برایم ئەحمەد ـ ژیان و بەهرەو داهێنان، ئەحمەد شەریف، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ـ برایم ئەحمەد ـ لە کارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار، عومەر مەعروف بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ـ برایم ئەحمەد ـ دەنگێکی زوڵاڵی شیعری نوێی کوردییە، ئەڤین عبدالقادر مەعروف بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

ـــ مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەنەدار، بەرگی حەوتەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

ـ برایم ئەحمەد ـ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوزای و ڕووناکبیری گەلی کورد دا، ئامانج حەسەن ئەحمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤ـ أغانی کردستان، معروف خزنةدار، مطبعة أسعد ، بغداد، ١٩٥٦.

٥ـ مقاطع من الذکری والامل ـ رائعة الاستاذ ابراهیم أحمد، جریدة الاتحاد، العدد/ ٤٦٨ في ١٢/٤/٢٠٠٢.

٦ـ کێشەی (چوارین ـ روباعی)، (چوار خشتەکی ـ تربیع)، (چوارینە بەند ـ مربع)، لە رووی فۆرم و کێش و سەرواوە لە ئەدەبی کوردیدا هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە. جۆرێك لە ئیشکالیەت لە جیاکردنەوەی ئەمانە لە نێو خۆیاندا و لە نێوان ئەمانە و(دووبەیتی)دا هەر ماوە، زۆربەی ئەو ڕاڤە و پێناسانەی کە تا ئێستا دەکرێت لەسەر بنەمای ئەدەبی

فارسی و عەرەبیدا هەڵهێنجراون، لە کاتێکدا ئەم هونەرە باوەی قالبی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا پێویستی بە لێکدانەوەی تایبەت و لێکۆڵینەوەی وردو زانستی هەیە، بۆ ئەم مەسەلەیە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا: ١٢٥.
- کێشی شیعری کلاسکی کوردی: ٢٨٦.
- سەروا: ٢٠٤.
- انواع ادبی: ٣١١.
- فنون بلاغت و صناعات ادبی: ١٥١.

٧- بەنموونە لە چوارینەکانی خەیام دا، کە ناودارترین و رەسەنترین جۆری قالبی چوارینەیە لە ئەدەبیاتی کۆندا، هەر چوارینەیەك بیرێکی فەلسەفی یا عیرفانی تەواو و سەربەخۆی هەیە، کە دەکرێت هەر یەکێکیان بە تەنیاو بە دابڕاوی لە وانی دیکە وەربگیرێت و لێك بدرێتەوە.

٨- ئەوەی پەیوەندی بەو فۆرمانەی (چوارین - روباعی)یەوە هەیە کە لەسەر کێشی عەرووز هۆنراونەتەوە، ئەوا هەر بەندێکی چوارین بە دوو دێڕ (چوار لەت - چوار میسراع) حیساب دەکرێت، لێرەوە (چوارین) لە فۆرم و پێناسەدا لەگەڵ (دووبەیتی) یەك دەگرێتەوە تەنها لە کێشدا جیاوازییان دەبێت.

٩- گۆران: ١٦٣.

١٠- سەروا: ٢٠٨.

١١- پێچەوانەی رای هەر یەك لە مامۆستایانی بەڕێزم ( د. دلشاد عەلی و د. عەزیز گەردی)، بەندە (چوار خشتەکی - تربیع) بەوە تێدەگەم کە دوو شاعیر یا دوو لایەن دەستیان هەبێت لە دارشتنیدا بە گوێرەی سیستەمێکی تایبەتی، وەکو چۆن لە (پێنج خشتەکی - تەخمیس)دا پێڕەوی لێ دەکرێت.

تکایە بگەڕێوە بۆ:

- بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوریدا: ١٢٥.
- سەروا: ١٢٠.

١٢- ستراتیژیا ناڤۆنیشانێ، گۆڤارا پرێز: ١٢٣.

١٣- مملكة النص: ١٥.

١٤- البدايات في النص الروائي: ٧٠.

١٥- بە گوێرەی بارودۆخ و سیاق، شتی دیکەشی لێ فام دەکرێت:

ـ شتێك یا شوێنەوارێك كە لە دوا كۆچی دوایی كەسێك بەجێ دەمێنێت دەبێتە یادەوەری (ماكی وەبیرهێنانەوە) بۆ ئەو كەسە:
* كاك سەلاحی جوانە مەرگ یادگاری مامۆستا هێمن بوو.
ـ بۆ پێشكەشكردنی دیاری و خەڵات وەك، هێمای دۆستایەتی:
* ئەم دیارییەم بۆت هێناوە بۆ یادگاری.
ـ ئەو بەسەرهات و رووداوانەی كەسێك لە دەفتەرێكدا تۆماری دەكات دەبن بە(یادگاری):
ـ شیعرێكی خۆتم بۆ یادگاری بۆ بنووسە.
* لە كاتی بەكارهێنانیشی وەكو ناو (یادگار)، ئەوە هێمایە بۆ (باوە یادگار)ی پیری پیرۆزی یارسانەكانی كۆن و هەققەو كاكەییەكانی ئێستا.
بڕوانە:
ـ فرهنگ فارسی، ٤، ٥٢٤١.
١٦ـ رەوانبێژی: ١٥٧.
١٧ـ هاتنەناوەوە و پەرەگرتنی وشە گەلێكی لە بابەتی ( شیرین، یادگار، هیوا، ڕۆژگار، ... تاد) لەو هەوڵانەوە داكەوتوون كە لە نێوان ساڵانی (١٩٢٠ ـ ١٩٣٠) دراون بۆ بـژاركردن و برەوپێدانی وشە و زاراوەی كوردی پەتی و خۆ بەدوورگرتن لە وشە و زاراوەی بێگانـەوە كە لە لایەن نەتەوە پەروەران و ڕابەرانی نوێكـەرەوەی شـیعری كوردییـەوە دەدران لـەو وێنــەی پیرەمێـرد و گـۆران و ئـەوانی تـر. بـرایم ئەحمـەد جگـە لـە تێكـستە شـیعرییە نۆبەرەكەی (یادگار و هیوا)، بڵاوكراوەكەی كۆمەڵەی لاوانـی كوردیـشی لـە سـاڵی ١٩٣٣ نـاو نـاوە (یادگـاری لاوان)، وەكـو چـۆن گـۆرانیش دیـوانێكی شـیعری خـۆی بـە نـاوی (بەهەشت و یادگار) ناو ناوە.
١٨ـ بنیاتی هەڵبەست: ٨٧.
١٩ـ گۆران: ١٥٨.
٢٠ـ شیعرییەتی دەقی چیرۆكی كوردی: ٧٣ ـ ٧٤.
٢١ـ شاعیرەكانمان: یادگاری لاوان: ٣٣.
٢٢ـ كێشی شیعری كلاسیكی كوردی: ٧٢.
٢٣ـ شیعرییەتی دەقی چیرۆكی كوردی: ٧٢.
٢٤ ـ شیعرية القصیدة العربیة المعاصرة: ١٦٠.
٢٥ـ چاوگێڕانێكی خێـرا بـە كـۆ بەرهـەمی شـیعری شـاعیرانی ناوچـەی هـەورامان (بێـسارانی، مەولەوی، سەیدی...) وەكو نموونە، ئەو راسـتییە دەسـەلمێنن كـە پۆلـە دەنگـی ڤاوڵـە كشاوەكانی زمانی كوردی (آ ، و، ی) بـە هاوكـاری هـەردوو دەنگـە كۆنـسنانتی (م، ن)،

سیمای هەرە باوی سیستەمی سەرواداری لە بەرهەمی شیعری ئەو ناوچەیە پێک دەهێنێ، کە ڕەنگبێت ئەمەش لە شیعری میللی و سەرزارەکی و گۆرانی فۆلکلۆرییەوە پەرەی گرتبێت.

٢٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٧: ٢٨٦.

٢٧- شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانییەوە: ١٢٣.

٢٨- شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی: ١٤٢.

٢٩- خەسار ناسی وشە سازی...، زمانەوان، ژ٣: ٣٤.

٣٠- برایم ئەحمەد دەنگێکی زولالی شیعری نوێی کوردییە: ٦١- ٧٢.

٣١- علم لغة النص: ٧٦.

٣٢- دارشتنی باوی دێرە فۆلکلۆرییەکە بەم جۆرەیە:

**ئەوا تۆ ئـــەڕۆی        بە خوام سپاردی**

**بە خۆم پێم نەکرا       دڵەکەم بۆ ناردی**

٣٣- برایم ئەحمەد، دەنگێکی زولالی شیعری نوێی کوردییە: ٧.

٣٤- شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی: ١٧٥.

٣٥- زماننامسی و هەندێ بابەتی زماننامسی کوردی: ٣٧.

٣٦- زبانشناسی نوێن: ٢٢١.

٣٧- القصيدة العربية الحديثة: ١٧٦.

٣٨- خواستنی نازناوی (شیرین) وەکو مۆتیف و یارو ئەڤینداری شاعیر، هەڵبژاردنێکی واتادارە، لەگەڵ ئەوەی برەوپێدان و زەقکردنەوەی وشە و ناوێکی جوان و پاراوی کوردییە، من وای بۆ دەچم کە ئەمەش لە کاریگەری شێوازی شیعری شاعیرانی گۆران بە دوور نییە. بە نموونە پیری شاعیرانی هەورامان (بێسارانی)، لە (١٥) پارچە هۆنراوەی لیریکی خۆیدا کە لە کەشکۆڵەکاندا بە(شیرینیات)پۆلبەندی کراوە، یارەکەی خۆی بە(شیرین) ناوزەد دەکات، هەر بۆ نموونە (بێسارانی) دەڵێ:

**شیرین نیاوە**

**پەی شفتەی دلان، پرشنگ نیاوە**

**پەردەی سیماڵ هۆردا دیاوە**

**چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیاوە**

هەورەها لە (١٥) پارچەی دیکەشدا یارەکەی بە (دڵە) نێوزەد کردووە:

**دڵە هەزارەن**

**ئەرسەد زامەتت هەزار هەزارەن**

**ئەرسەد خەیاڵت شەوان چون خارەن**

**بێ وەفا ئاخر چەفاش نە کارەن**

ئەنجا با لە چوارینەکانی ژمارە (٤ ، ٥ ، ٢٣) هەروەها (٢٥) رابمێنین و ئەنجا بەراوردێك بکەین. بڕوانە:ـ

ـ کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی: ١٢١ـ ١٣٩ـ ١٤٦ ـ ١٦٠.

ـ دیوانی بێسارانی: ٣٥٢ ـ ٣٧٤.

٣٩ـ هێمایە بۆ ئەو دێڕە هۆنراوەیەی سالم:

**یارم لە ئەندەروون هات دەستی رەقیب لە دەستا**

**غەمناك و شادمانم رەحمەت عەزابی هێنا.**

لە کۆکردنەوەی (غەمناك و شادمان) جۆرێك لـە دژەڕۆیـی و پـارادۆکس هەیـە، کـەوا پێکـەوە کۆکردنــەوەی دوو دژە لــە یــەك پێکهاتــەدا. کەچــی لــە پــشتەوەی واتــا دژو پێــچەوانە رووکەشەکەدا واتایەکی فراوانی شاعیرانە هەیـە و لـە کـاتی یـەکلایی کردنـەوەی تـەواوی دێڕەکە ئاشکرا دەبێ، لە (یادگارو هیوا) شدا هاتووە:

**بێ دابنیشین جە بن هـــــــەناران**

**کۆڕێ ببەستن چون مەی گوساران**

**با ساتێ ناوی لە یادا نــــــــــەبێ**

**مەرگی جوانان گریەی هــــــەژاران**

لە نیوەی یەکەمی بەندەکە (شادی)و لە نیوەی دووەمیدا (خەم) دەخوێندرێتەوە، بەڵام هەر دوولا ئاوێزان دەبن و لە فەزایەکی شیعری ناسکدا یەك دەگرنەوە. بڕوانە.

ـ دیوانی سالم: ٣٥.

٤٠ ـ شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانییەوە: ١٢٣.

٤١ـ دەقی ئەدەبی: ٧.

٤٢– تحليل النص الادبي:٤٧.

٤٣ـ اللغة العليا: ١٤٥.

٤٤ـ ژانی گەل، پێشەکی: ٤.

٤٥ـ هەردی و رۆمانتیزمی خود: ١١.

٤٦ـ وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردیدا: ٤٥.

٤٧ـ الشحنة الديناميكية: ٣٨.

## پاشکۆ

### هیوا و دڵداری

بۆ خوێندەوارانی بە نرخی هاوار

((هۆنینەوەی فرمێسك وەك ڕیزکردنی مرواری نییە، بە خوێنی دڵ وێنەی ژیان بگیرێ، جیایە لەگەڵ ئەوەی کە بەمەرەکەبی سوور بنووسرێ، لەکوورەی دڵەوە هاڵاوی غەم بێتە دەرێ، جوێیە لەگەڵ ئەوەی کە لە چیمەنی خەیاڵ چەند گوڵێکی ئاڵی جوانە مەرگ بدزرێ، شنەی سۆزەی بەیان دوورە لە گێژەلووکەی رەشەبا)). لەم دوو سێ دێڕە بێ سەروپایە زۆرتر شك نابەم کە(قەسیدەی))، (هیوا و دڵداری)ی (م....)ی هاوڕێمتانی پێ پێشکەش بکەم، بەڵام لام وایە کە خۆشخوانییەکەی، لە هەزار لاپەڕەی سپاس و ستایشی من، چاکتر خوێندەوارانی هاواری خۆشەویست لە شاعیرەکەی شارەزا ئەکات.

شیعرەکان زۆر جوان ڕێك نەخراون، ناڕێکن، بێ سەرو پێن. بەڵام توخوا ئێوە بڵێن، فرمێسکانی خوێنینی چاو، دڵۆپی شەونمی گوڵ، هەنسکانی بە کوڵی شێوەن، خەوانی خۆشی رابردوو، هیوایانی شیرین، لە مەودوا لەوە جوانتر ڕیز ئەکرێ؟!. ئەگەر ئەکرێ ئێوە خۆتان لە باتی من و(م....)ی هاوڕێشم بیکەن، سەرەڕای چاکە گەلی سپاسیشتان ئەکەین. لە دواییدا ئەوەندە بزانن کە من چە دەستێکم نییە لە دانان و رێکخستنی ئەم شیعرانەدا، تەنها ئەوەندە هەیە کە(م....) خۆی کوڕێکی زۆر شەرمنە، نووسینەکانی خۆی، دڵۆپانی فرمێسکی، خەندانی زاری، غونچانی هیوای لە منیش ئەشارێتەوە، نەوەکو گاڵتەی پێ بکرێ، بەڵام من ئەم چەند شیعرەیم دەستکەوت و لە قینی ئەو (بۆ) خوێندەوارانی خۆشەویستی هاواری ئەنێرم، ئینجا ئەوانیش یا گاڵتەی پێ ئەکەن وەکو خۆی ئەزانێ، یا ستایشی ئەکەن وەکو من ئەزانم.

(س ۰۰۰۰۰)

(١)

دڵەی زامدارم بۆچی ئەناڵی
بۆ تۆش گێرودەی دوودیدەی کاڵی
خوێنینی وەك گوڵ، ڕەنگین وەکو دڵ
بەرەی شەماڵی تۆش وەك خاکو خۆڵ

(٢)

دیدە چون لێزمەی بارانی بەهار
ئەشکی خوێنینت پێدا یەتە خوار
گریان کردەوەی بێ دەسەڵاتە
بێ دەسەڵاتان ئەمرن لە ژێر بار

(٣)

دوو بەرگەی کتێب بگرەو بخوێنە
هاوڕێی دانا بە نەزان مەدوێنە
گەردن ئازاد کە لە کۆتەی دیلی
یا ئازاد بژی یا خود مەمێنە

(٤)

برینی کۆنم کولایەوانێ
بەفری خەیاڵم توایەوانێ
باڵندەی بەختم جێگەی گیر بووبوو
بە ناڵەی حەزین تەرایەوانێ

(٥)

ژیام سەردەمێ بە کەیف و خۆشی
بە شادی کڕین بە غەم فرۆشی
دڵەی زامارم ئارامی نەگرت
تاکو لە بادەی عەشقم نەنۆشی

(٦)

ئەو ساکە چوومە ڕیزی دڵداران
بوومە سەرداری هۆزی هەژاران
(بیابنیشین جەپای دیواران)
(زنجیر لە گەردن چون گوناهکاران)

(٧)

شادی ژیانم وە بیناتەوە
کوورەی دەروونم وە گۆناتەوە
(شیرین بێرە لام نوور وەپاتەوە)
(دەرمانی دەردم هاوەلاتەوە)

(٨)

شیرین هەتاکەی دووری بچێژم
فرمێسکی خوێنین تاکەی بڕێژم
تاکەی لە گۆشەی دڵی زارمدا
غونچەی گەنجێتی و جوانی بنێژم

(٩)

بێ دابنیشین لە نێو ڕەزانا
غونچە بکێشین وە ڕووی خەزانا
من بە گوڵ دزی تۆ بە دڵ دزین
هەزار پەل بدەین وە پشت دزانا

(١٠)

بێ دابنیشین جەبن چناران
لە چاوی مەستی دیدە خوماران
بەری بەیان و سەر لە ئێواران
بادە بنۆشین بە یادی جاران

(١١)

بێ دابنیشن دیده پڕ ئەسرین
تۆی هەمدەمی چاک تۆی یاری دێرین
(ئەوا بەهار هات کەژو کۆ ڕەنگین)
(دڵی عالەم شاد دڵەی خۆم غەمگین)

(١٢)

ئەوا بەهار هات بە سەیرانەوە
بە لێ لێ و لۆلۆ بە حەیرانەوە
بەلەنجەو لاری نیگارانەوە
بە دەنگی خۆشی هوزارانەوە

(١٣)

بەهار هاتەوە خۆشی لە یاران
خۆشی لە درەخت خۆشی لە داران
خۆشی لە کۆڕی بادە گوساران
خۆشی لە بولبول خۆشی لە خاران

(١٤)

خۆشی لە مردە خۆشی لە زیندوو
لە پیرە مێردان، لە جوانی گاروو
خۆشی لە چاوان خۆشی لە زاران
خۆشی لە دار و خۆشی لە پەدروو

(١٥)

خۆشی لە عالەم دوور لە دڵەی من
(شەڤنم) بۆ خاران دوور لە گوڵەی من
زنجیر پیرۆزە دڵ مردووان بێ
بژی بە مەردی ئاسکە سڵەی من

(١٦)

شێوەی شیرین کەلی خوێنینم
شیرێکەی لەسەر زامی برینم
یەگانە هیوا و غایە لە ژینم
ئەوەیە (تۆڵەی) ولات بینم

(١٧)

بادەی مە دەبا ئەسرینی چەم بێ
خۆراکی مەبا هەر دەردو غەم بێ
دوایی لە خوێنی دوشمن دەست ئەشۆین
هەر چی چۆنێ بێ هەر چەندە کەم بێ

(١٨)

بێ دابنیشین دوور بین لە شادی
بمرین بە مەردی و گەردن ئازادی
بمرین لە ڕێگەی تۆڵەسەندنا
نەک بە ئەسیری و بە نامرادی

(١٩)

نەڕێژین ئەشکی هەر وەکو باران
بچێژین دەردو داخی هەژاران
بنێژین داری شیرین و ئاشتی
دڵان شاد بکەین بە یادی جاران

(٢٠)

بێ دابنیشین لە نێو گوڵشەنا
لە بن سێبەری دارو دەوەنا
بۆ سەربەخۆی و پێشکەوتنی کورد
گوفتوگۆ بکەین لە تەک وەتەنا

**(م .....)**

گۆڤاری هاوار

ژ/١٩، ساڵی (١٧ ـ نیسانی ١٩٣٣، لا(٦ ـ ٧))

## سەرچاوەکان

**١ـ کتێب / أ ـ کوردی:**


١ـ بەرەو ڕووناکی ـ سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، ئومێد ئاشنا، سلێمانی، ١٩٩٦.

٢ـ برایم ئەحمەد ـ دەنگێکی زوڵاڵی شیعری نوێی کوردییە، ئەڤین عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣ـ برایم ئەحمەد ـ ژیان و بەرهەم و داهێنان، ئەحمەد شەریف، چاپخانە و کۆمپیوتەری بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤ـ برایم ئەحمەد ـ کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، عومەر مەعروف بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥ـ برایم ئەحمەد ـ لە کارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر د. مارف خەنەدار، عومەر مەعروف بەرزنجی سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦ـ ـ برایم ئەحمەد ـ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورد دا، ئامانج حەسەن ئەحمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧ـ بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، د. دڵشاد عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.

٨ـ دەقی ئەدەبی ـ ئەدگار. چێژ. بەها، د. فوئاد ڕەشید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٩ـ دیوانی بێسارانی، حەکیم مەلا سالح، کتاب مهرگان، سنندج، ١٣٧٥.

١٠ـ دیوانی سالم، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٢.

١١ـ ڕەوانبێژی، بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگای مامۆستایان، عەزیز گەردی، چاپخانەی ئارام، ٢٠٠٥.

١٢ـ زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، سەلام ناوخۆش بەکر، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٣ـ ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٢.

١٤ـ سەروا، د. عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ١٩٩٩.

١٥ـ شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠.

١٦ـ شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٧ـ كەشكۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی، ئـەنوەری سـوڵتانی، بنکـەی ژیـن، سـلێمانی، ٢٠١٠.
١٨ـ کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، چـاپخانەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
١٩ــ گـۆران، نووسـین و پەخـشان و وەرگێڕاوەکـانی، ئومێـد ئاشـنا، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢٠ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنـەدار، ب٧، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢١ـ وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردیـدا، عەبـدولقادر محەمـەد ئـەمین، دەزگـای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٢ـ هەردی و رۆمانـسیزمی خـود، کـەمال مـیراودەلی، خەنـدان بـۆ پـەخش و وەشـاندن، سلێمانی، ٢٠٠٧.

ب/ عەرەبی:
٢٣ـ أغاني كردستان، معروف خزنەدار، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٥٦.
٢٤ــ البـدايات في الـنص الروائـي، صـديق نورالـدين، دار الحـوار للنـشر والتوزيـع، ط ١، اللاذقية، ١٩٩٤.
٢٥ـ تحليل الـنص الادبـي، محمـد عبـدالغني المـصري و..، ط ١ الـوراق للنـشر والتوزيـع، عمان، ٢٠٠٢.
٢٦ـ الشحنة الديناميكية في الابداع الرومانسي، د. نيان نوشـيروان فـؤاد، ط ١، دار سـردم للطباعة ، السليمانية، ٢٠٠٦.
٢٧ـ شعرية القصيدة العربية المعاصرة، د. محمد العياشـي كنـوني، عـالم الكتـب الحـديث، الاردن، ٢٠١٠.
٢٨ـ علم لغة النص، د. عزة شبل محمد، ط٢، مكتبة الاداب، القاهرة، ٢٠٠٩.
٢٩ـ القصيدة العربية الحديثة، د. محمد صـابر عبيـد، ط٢، عـالم الكتـب الحـديث، الاردن، ٢٠١٠.
٣٠ـ اللغة العليا، جان كوين، احمد درويش، ط٢، المجلس الاعلى للثقافة، دمشق، ٢٠٠٠.
٣١ـ مملكة النص، محمد سالم سعدالله، ط ١، عالم الكتب، الحديث، الاردن، ٢٠٠٧.

ج/ فارسی:
٣٢ـ انواع ادبی، دکتر سیروس شمیسا، چاپ دهم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨٣.
٣٣ـ زبانشناسی نوین، نیل اسمیت، دیردری ویلسون، ترجمه، ابو القاسم سهیلی، مؤسسه انتشارات آگاه، تهران، ١٣٧٤.
٣٤ـ فرهنگ فارسی ـ دکتر محمد معین، ج ٤، مؤسسة انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٦٠.
٣٥ـ فنون بلاغت وصناعات ادبی، استاد علامه جلاالدین همایی، نشر هما، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧٧.

٢ـ گۆڤارو رۆژنامە و بڵاوکراوە:
أ ـ کوردی:
٣٤ ـ گۆڤارا پرێز، وەشانخانەیا سپیرێز، ژمارە (١)، سالا: ٢٠٠٨.
٣٥ـ گۆڤاری رزگاری، ژ(٦)، ساڵی ١، تەمووز ١٩٦٩.
٣٦ـ زمانەوان، وەرزنامەی زانستی کۆڕی زانستی زمانی کوردی ـ ئێران، ژمارە (٣)، ٢٠٠٧.
٣٧ـ گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٩)، ساڵی ٤، ئەیلوول ١٩٤٣.
٣٨ـ گۆڤارا هاوار، ژمارە (١٩)، ١٧ نیسانی ١٩٣٣.
٣٩ـ یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغدا، ١٩٣٣.

ب ـ عەرەبی:
٤٠ـ مقاطع من الذکری والامل ـ رائعة الاستاذ ابراهیم احمد، جریدة الاتحاد، العدد (٤٦٨)، ٢٠٠٢/٤/١٤.

# له پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم)دا

## پێشەکی

دیـوانی شـیعری کلاسـیکی کـوردی، لـه سـۆنگەی هەلومـەرجی. سیاسـی و مێژوویی گەلی کورددا، لەبارودۆخێکی باشدا نەبووەو نییـە. تـا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دیوانی شیعرو شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە تەواوی و بـە دروسـتی چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە، ئەوانەشی کە چـاپ و بـڵاو کراونەتـەوە، یـا ئـەوەتا بـە تەواوی و بەڕاستی و بە دروستی ساغ نەکراونەتەوە، یا ئەوەتا بە شێوەیەکی وردو زانستی توێژینەوەیان بۆ نەکراوە. بە کورتی کەم وا هەیە دیوانی شـاعیرێکی کـۆن و کلاسیکیمان لەبەر دەستدا بێ، کە لە هەڵەو پەڵە و کەموکورتی بە دوور بێت.

بەم دواییيە کتێبێکی مامۆسـتا محەمـەد عـەلی قـەرەداغی لـە ژێـر سـەرناوی: ((بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سـالم ــ چـەپکێك شـیعری بڵاونـەکراوەی سـالم ـ پاشکۆیەکی دیوانی نالی)) چاپ و بڵاوکراوەتەوە[1]. لـە سـەرەتادا پێویـستە ئـەوە بگوترێت کە مامۆستا وەکو دابی هەمیشەیی بە شوێن سـۆراغی چـەند کەشـکۆڵ و دەستنووسێکی دێـرین و دانسقەدا چـووە، سـەبارەت بـە چـەند لایـەنێکی ژیـان و بەرهــەمی شــیعری یــەکێك لــە نــاودارانی شــیعری کلاســیکیمان کــە ئــەویش ((عەبدولڕەحمان بـەگی (سـالم)ی سـاحێبقڕانە))، راسـتییەکەی ئەوەیـە مامۆسـتا قــەرەداغی مــاوەی نیــو ســەدە زیــاترە فەرهادانــە تێدەکۆشــێت لــە پێنــاوی زیندووکردنەوەی دەستنووسە کۆنە کوردییەکان و ساغکردنەوەی مێژووی زانایانی کوردو بووژاندنەوەی بیروبەرهەمی کەلەپوورو ڕۆشنبیری گـشتی کـۆنی کوردیمـان، لەم مەیدانەدا جـێ دەسـتی مامۆسـتا دیـارەو ئاشـکراو، بەرهەمەکانیـشی شـوێنی شیاوی خۆیان گرتوەو کتێبخانەی کوردییان ئاوەدان کردۆتەوە. لـەم تەقەللایـەی دواییشدا بە گوێرەی ئەو دەستخەتانەی لەبـەر دەسـتی بـوون، پـەردەی لـە ڕووی کۆمـەڵێك بەرهـەمی تـازەو بڵاونـەکراوەی (سـالم) هەڵداوەتـەوە و خوێنـدەوارانی کوردی پێ ئاشنا کردوون.

سەبارەت بە مێـژووی ئـەدەب، ئێمـە ئـەو هـەواڵ و زانیارییانـەی کـە لـە مـەڕ مێژووی ژیان و بەرهەمی ئەدەبیی زانایان و شاعیرانی پێشووماندا، لەبەر دەستدان و تا ڕادەیەك ساغ کراونەتەوە، پێویستە بە دروست و جێ متمانەیان بزانین تا ئەو ساتەی زانیـاری وردو ڕاسـت و دروسـتی دیکـەمان لەسەرچـاوەی بەڵگـەدارەوە دەکەوێتـە دەسـت، ئەوسـا لەڕێگـەی بـەراوردو هەڵـسەنگاندنی زانـستییەوە دەتواندرێت باوەڕو قەناعـەتی تـازە بـە دەسـت بهێنـدرێت و لـە مێـژووی ئەدەبـدا جێگیر بکرێت. ئەنجا لـەم ڕێگایـەدا کۆسـپ و گرفتـی زۆرمـان دێتـە ڕێگـا، کـە لـە پێـشەوەیاندا ئـەوە دەبێـت: ئـاخۆ تـا چـەند دەبێـت پـشت بـەو بەڵگـەو سـەنەدو دەسـتخەتانە ببەسـترێت کـە لەکـەلێن و قـوژبنی ئەرشـیفخانە و کتێبخانەکانـدا دەستمان دەکەون، ئایا هەر پـەڕە کۆنـەی بـەیازو کەشـکۆڵ و دەستنووسـێك کـە شتێکی تازەو نوێ ڕادەگەیەنێ، دەبێ دەستبەجێ و بێ چەندو چـوون بەڕاسـت و بە دروستیان بزانین و کاڵای حەقیقـەتیان بـەباڵادا بـبڕین؟. ئـەنجا تـەلارو دیـواری تازەیان لەسەر هەڵبچنین و شتی تازەو نوێیان لەسەر بینـا بکـەین؟ یـا ئـەوەتا لـە ڕێگەی بەراوردو کۆڵینەوە و تۆژینەوەی وردو زانستییەوە لـە سـەنگی مەحـەکیان بدەین و ئەنجا لە تۆماری مێژوودا بەنەوەکانی بناسێنین.

بە هەر حاڵ ئەوە بابەت و مەبەستی باسەکەی ئێمـە نییـە، ڕاسـتیش ئەوەیـە کە لە کتێبی ناوبراودا هەڵوەستە لەسەر دوو قەسیدەی نـاوداری (سـالم)دا کـراوە، یەکێکیان ئەو قەسیدەیەیە کەوا (سالم)لـە مـوژدەی گەڕانـەوەی عەبـدوڵڵا پاشـای باباندا هۆنیویەتەوە، دووەمیش ئەوەیە کە لـە بـارەی پەرێشانی بابانەکانـەوە لـە دوای ڕووخـانی میرنـشین گـوتراوە، کـە لـە کتێبەکـەی مامۆسـتاداو بـە گـوێرەی دەستنووسێکی بەردەستی بەهی (نالی) لەقەڵـەم دراوە. لـەم ماوەیـەدا لـە هـەوڵی ئـەوەدا دەبـین کـە بـەوردی لەسـەر ئـەم دوو تێکـستە و بـە تایبـەتیش ئـەوەی دووەمیـان هەڵوەسـتە بکـەین، کـە تاڕادەیـەکی زۆر بوونەتـە جێگـای گەنگەشـەو گفتوگۆ.

## تەوەری یەکەم

### سالم و کورتەیەکی ژیاننامەکەی:

سـالم نـاوی عەبـدلرەحمان کـوڕی محەمـەد بـەگی کـوڕی ئەحمـەد بـەگی ساحێبقرانە، بنەماڵەی ساحێبقرانەکانی سلێمانی لەم ئەحمەد بەگەوە دەسـت پـێ دەکات کە بە ئەحمەد بەگی گەورە ناسراوە.(٢) بەگوێرەی مامۆستا حەمـەبۆر ئـەم ئەحمەد بەگە لەسەر خواست و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خالید پاشـادا، کـە لـە نێوان (١٧٤٧ تا ١٧٦٣) فەرمانڕەوای بابان بووە، لە ناوچەی سنەی ئەردەڵانـەوە دەگوێزێتەوە بۆ قەلاچوالان کە لەو ڕۆژگارەدا پایتەختی بابانەکان بووە.(٣)

ئەحمەد بەگ دوو کوڕی هەبووە:

١- محەمەد بەگی (قەرەجەهەنەمی)، کە باوکی سالمە.

٢- مەحموود بەگ کە باوکی مستەفا بەگی (کوردی)یە.

ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا خەڵکی دێـی (قەرەجەهەنـەم)ی نزیـك شـاری سـنە بوون بۆیە محەمەد بەگ لە سلێمانیش هەر بە (قەرەجەهەنەمی) ناودار بووە، ئـەو نازناوی (ساحێبقران)یەش لە سەردەمی بابانەکاندا بە باڵایاندا بڕاوە.(٤)

لەگەڵ دامەزراندنی شاری سلێمانی ئەوان دەبن بەدانیشتووی پایتەختی تازە. دیارە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتوو بـوون و هەمیـشە لـە دەسـەڵات و لـە بابانـەکان نزیك بوون، لە پێشانا ئەحمەد بـەگ و دوای ئـەویش مـەحموود بـەگی کـوڕی (کـە باوکی مستەفا بەگی کوردی و مامی سـالمە)، سـەردەمێك سـوپا سـالار و وەزیـری جەنگی میرنشینی بابان بوون.

سەبارەت بە مێژووی هاتنە دنیا و کۆچکردنی سـالم نووسـەران و مێـژوو نووسـانی کورد لە وێنەی (ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمـی، عـلاءالـدین سـجادی...) هـاوڕا نەبوون، دیارە ئێستا رای دروست ئەوەیە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەداردا جێگر کراوە.(٥) بەم پێیە سالم لە سـاڵی (١٨٠٥)ی زاینـی لـە سـلێمانی هاتۆتە دنیاو هەر لەوێش خوێندەواری سەرەتایی و بەرزی لە حوجرەی مزگەوت و لە زانستەکانی ئیسلامەتیدا پەیـدا کـردووە، سـالم لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خوێنـدنی تـەواو نـەکردووەو نـەبووە بـە مـەلا ڕەنگـە پێویـستی پێـی نـەبووبێت، بـەڵام ئـەو دابڕانەی لە خوێندن نەبۆتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی کەوا وەکو کەڵە خوێنـدەوارو ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتە لە ڕۆژگاری خۆیدا دەربکەوێت.

**أ/ شاعیرێتی سالم :ـ**

سالم بە پێی بەرهەم و هۆنرەواکانی، دەبێ شارەزایی تەواوی لە بواری زانستە جۆر بە جۆرەکانی، وەکو ئایین و ئەدەبیات و شەریعەت و فەلەکناسی و مێژوو و باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەبووبێت. لەوە دەچێت هەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی زانیبێت، کاریگەر بوونی بە زمان و شیعرو ئەدەبیاتی فارسی بە ناوەڕۆك و روخساری بەرهەمە شیعرییەکانییەوە روون و ئاشکران. لە ناو شاعیرانی فارسدا شەیدای شیعرو بەرهەمی کەلیمی هەمەدانی و حافزی شیرازی بووە و گەلێ جار لە هۆنراوەکانیدا ناوی هێناون، کۆمەڵێك شیعری تێهەڵکێشی لەسەر شیعری حافزدا هۆنیوەتەوە. لە پارچەیەکی چەند بەیتیدا سەر ڕشتەی هونەرمەندانی شیعری کوردی لە سەردەمی بابانەکانا تۆمار کردووە:

**لە یەك لا (نالی و مەشوی) لەلایێ (سالم و کوردی)**

**لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لە (مەولانا)**

**لە مەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون**

**بە کوردی هەریەکە تازی سواریٚ بوون لە بابانا**

دیوان:٣٥

شانازی بە خۆی و بە شیعری کوردی و بەکوردستانەکەیەوە کردووە:

**زیڕە سەرمایەیە بۆ (سالم)و کرمانی دەبا**

**شیعری کوردی کە بدا جیلوە لەلای شێخی کەبیر**

دیوان:٦٩

**مەهی فارس زەبانەم گوفت سالم شەرحی حاڵت گۆ**

**وتم جانا بەڵەد نیم ئیستیلاحی ئێوە من کوردم**

دیوان:٨٢

**ڕەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشیی تەکەڵتوی زین**

**مەزموون کەشە فیکرم وەك قولاپی درووما نت**

دیوان:٥٠

له ناو شاعیرانی کوردا نالی و مەولانا خالیدی شارەزووری بە مامۆستای خۆی زانیوە و پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەوان هۆنیوەتـەوە، بەمـە سـالم بـووە بـە یەکەمین شاعیری کورد کە هونەری پێنج خشتەکی لە شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا داهێناوە،[٦] سـالم یەکـەمین شاعیریشە کـە پێـنج خـشتەکی لەسـەر شـیعری نـالی دامەزراندووە، کە دواتـر ئەمـە لای زۆربـەی شـاعیرانی کـورد لـە بـەرەکانی پاشـتر وەکو دابێکی لێ هاتووە و دووبارە کراوەتەوە.

سـالم شـیعری مولەمـەعی فارسـی زۆرن، هەنـدێك لـە مولەمەعـەکانی لەسـەر شیعری حافزدا هۆنیوەتەوە، لەمانە هەمووی گـرینگتر ئەوەیـە کـە سـالم شـاعیر و شاسـواری غـەزەلخوێن و غەزەلنووسـی کـوردی یەکەمینـە لـە مێـژووی ئـەدەب و دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا، غەزەلەکانی زۆر ڕەوان و پاراو و سـوارو ئـاوازە دارن، لەگەڵ ئەوەشدا کە وشە و تەعبیراتی بێگانەی تێ کەوتووە:

**بەسـەر گوڵـدا لـە شـانەت گـوڵ دەبـارێ**
**قــەزا بۆ دڵ لــەسـەر سونبول دەبـــارێ**

**چــراغێ ڕوو بــەڕووی حوســنت بــسووتێ**
**بەدوودی ئـەو لە هەورا گــوڵ دەبـــــارێ**

**بـەرێ بـا گـەر غوبـاری کوشـتەیی ڕووت**
**بەســـەر باغی ســـەحەر بولبول دەبارێ**

**لـــە دڵتـــا نـــاڕوێ تـــۆوی موحیبـــەت**
**لـــە چـــاوم ئەشــکی بــێ حاســڵ دەبــارێ**

دیوان: ١٤٤

لەگەڵ ئەوەشدا کە کتێبخانەی کوردیمان تا ئێستا خاوەنی دیوانێکی تـەواو و ڕێك و زانستیی سالم نییـە، بـەڵام هـەر چـاوگێڕانێکی خێـرا بـە دیوانەکـەی چـاپی هەولێردا ئەم ئامارانەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە:

(٢٠٤) پارچە غەزەلی جۆربەجۆر کە کۆیان (١٥٠٦) دێڕە هۆنراوە یە.

(١٠) قەسیدەی کورت و درێژ کە سەرجەمیان ( ٢٧٥) دێڕە

(٢) پارچە پێنج خشتەکی کە یەکێکیان لەسەر شیعرێکی نالی و ئەوەکەی تریش لەسەر شیعرێکی مەولانایە، ئەنجا بە گوێرەی ئەم ئامارە دیوانی سالم سەرجەمی بریتی دەبێ لە لە (١٨٢٩) دێڕە هۆنراوە، دڵنیاشین کە ئەمە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی نییە ئەنجا چ جای شیعرە فارسییەکانی.[٧]

سالم لە سلێمانی هاتۆتە دنیاو هەر لەوێش خوێندوویەتی و پێگەیشتووە. بنەماڵەکەی ئەوان لە سایەی دەسەڵات و لە پاڵ بابانەکاندا خاوەن پلە و پایەو دەستڕۆیشتوو بوون. لە هۆنراوەکانیدا ئەوە بەدی دەکرێت کە وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆش ویستووەو بە دڵ و بە دەروون عاشقی بووە، بەڵام لەلایەك بە هۆی باری نالەباری ناو میرنشینەکەو دوو بەرەکی بەردەوامی بابانەکان لە ناو خۆیانداو، لە لایێکی دیکە بە هۆی ئەوەی بەشێکی خانەوادەکەیان لە ئێران بوون، سالم بەناچاری دووچاری کۆچ و ڕەو و دوورکەوتنەوە لە وڵات هاتووە کە ئەمە زۆر ئازاری پێگەیاندووە، ڕۆژگارێك بە ناچاری و بە نا بەدڵی پشتی لە شارەکەی کردووەو بۆ ئێران سەری هەڵگرتووە. ماوەیێك لە سنە گیرساوەتەوەو لەویش هەر ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە، ماوەیێکیش ڕەهەندەی تاران و دەشتی ڕەی بووە. ئەمانە بەڕوونی لە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێن:

ئەلویداع ئەی موڵکی بابان ئەلویداع
ئەلویداع ئەی جانی جانان ئەلویداع
موستدعیدم بۆ بیلادی رافیزی!
ئەلویداع ئەی ئەهلی ئیمان ئەلویداع
وەك ئەسیری تورکمەن دەمبەن بەزۆر
ئەلویداع ئەی شاهی خوبان ئەلویداع

دیوان:٧٤

* * *

بەبێ ڕووی تۆ فەزای باغی سەنەندوج
لەناو دڵما وەکو ناری سەقەر بوو

دیوان:١١٠

**دەلێـــێ فیردەوســە گــوڵزاری ســەنەندوج**

**وەلێ بـــــێ تـۆ لەلای من وەك دەرەك بوو**

دیوان:١١٠

* * *

**چ بڵـــێم حاڵـــەتی دڵ چـــۆنە لـــە هـــەجرا ســـالم**

**ســـەحنی گـــوڵزاری سەنەندوج وەکو زیندانی منە**

دیوان:١٣١

پێ دەچێ بە هۆی لایەنگیری بنەماڵەکەیان بۆ یـەکێك لـە باڵـەکانی ململانێـی نێو بابانەکان دووچـاری ئاوارەیـی و گێر خواردن بـــووبێت لـە تـاران، بۆیـە زۆر بێزاری لەم بارەوە دەربڕیوە:

**شـــۆڕەزاری خـــاکی (ڕەی) ئـــەمجارە دامەنگیرمـــە**

**ڕوو لـە هـەر وادی دەکـەم خـاری وەکـو زنجیرمـە**

**ئیبتیدا بۆ ڕەی کە هاتم فیکـری عـەقلیم لێ نـەکرد**

**حەپســـــــی تارانم گوناهی کــــــاری بێ تەدبیرمە**

دیوان: ١٢٨

* * *

**لەگــەڵ دڵ شــەرتە ســالم گــەر نــەجاتم بــێ لــە تارانــا**

**بەهەشـــت گەر بێتە دەشـــتی (ڕەی) بەتارانا گوزەر ناکەم**

دیوان: ٨٥

* * *

**خۆزگـــە دەمزانـــی لـــە تارانـــا نـــەجاتم کـــەی دەبـــێ**

**کۆیـــی یـــارە مەشهەدم یـــا مەدفەنم هەر (ڕەی) دەبێ**

دیوان: ١٤١

دەسەڵاتی عوسمانی ڕۆژگارێکیش بۆ خوارووی عێراق و بۆ شاری (حیللـه) دووری خستۆتەوە، وا دیارە لەوێش هەر بە دادو گلەیی بووە:

**حـــەسرەتــــــا دڵ غافڵە نازانی قیسمەت چی دەکـــــا**
**ئەمڕۆ ئێرەم بوو بە مەسکەن ئاخۆ فەردا کوێم دەبـــــا**
**شاطـری تەقدیر کە پێشکەوت ڕائەکێـشێ و تـۆ دەڕۆی**
**کـــاتێ دەیزانی ئـــــەوا خستووتیە نێو دامی بـــــەلا**

دیوان: ٤١

**ب/ سالم و بابانەکان:**

لە ناو میرو پادشاکانی باباندا سالم هاوچەرخی مەحمود پاشا، سلێمان پاشا، برایان" ئەحمەد پاشاو عەبدوڵڵا پاشا بووە، ئەنجا لە نێو کۆنگەرەی ململانێکانیش دابووە، بەڵام لە هۆنراوەکانی شتێك لە لایەنگیری بۆ باڵێك و دژایەتی باڵێکی دیکە بـەدی ناکرێـت، تـەنها ئەوەنـەبێت کـە ئـەو خۆشەویستی و دڵسۆزی تـەواوی بـۆ وڵاتەکەی و بۆ بابانەکان هەبووە، شمشێری ڕەخنەو نەفرەتیشی لە ڕووی هـەردوو زلهێــزی داگیرکــاری ڕۆم و عەجــەم هەڵکێــشاوە، ئــەو لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ کەسایەتییەکان و ڕووداو و هەلومەرجی مێـژوویی و سیاسـی میرنـشینەکەدا چـەند قەسیدەیەکی شاکاری هۆنیوەتەوە، کەوا یەکێتییەکی پتـەو و ئۆرگانیـك لـە بـاری فۆرم و ناوەرۆکەوە لە نێوانیانـدا هەیـە، لـەم قەسـیدانەدا سـالم وەکـو شـاعیرێکی باڵادەسـتی شـیعری داسـتانی قارەمـانی و چـیڕۆکی مێـژوویی و سـوار چـاکی، گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز لە توانا و داهێنانی شیعری، هەر ئەمەشە کـە لـە پاشـان بۆتـە سـەرامەدێکیش بـۆ شـیعری سیاسـی و نیـشتمانی لـە قوتابخانـەی شـیعری کوردی ناوەڕاست، قەسیدەکانی لەگەڵ ئەوەدا کە بە زمان و شێوازێکی سـەخت و ئاڵۆز هۆنراونەتەوە بەڵام کاتێك خوێندەواری کارامەو شارەزا لەگەڵ بـیرو سـەبك و شێوازەکەی ڕادێت، ئیدی کلیلـەکانی تێگەیـشتنی دەکەوێتـە دەسـت و دەتوانێـت بەهرەو چێژی زۆریان لێ وەربگرێت.

وەکـو گـوترا قەسـیدەکان پەیوەسـتن بـە مەسـەلەکانی ئـەو سـەردەمە بـە تایبەتیش جەنگ و شـەڕو شـۆڕو کارەسـات و نەهامەتییـەکان، لێـرەدا بـەگوێرەی

شوێن و بایەخی زۆری ئـەو قەسـیدانە لـە مێـژووی ئـەدەبی کوریـدا، لـە خـوارەوە ناساندنێکی خێرا بۆ هەریەکێکیان دەخەینە ڕوو:

**١ـ شین و لاواندنەوەی سەلیم بەگ:** قەسیدەیەکی (٤٥) بەیتییـە، شـینگێڕییە بۆ سەلیم بەگی شیوەکەل، تا ئێستا ئـەو قەسـیدەیە شـتێکی لـەبارە نەزانـدراوەو لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێك ناوو ناونیشان و وەسفی تیایە کە دەشـێت لـەم ڕێگەیـەوە بۆ بۆنەی گوتنی تێکستەکە بچین.[٨]

**٢ـ شەڕی بابان و عوسمانییەکان:** قەسیدەیەکی درێژو نـاوداری (٩٨) بەیتییـە، چەند جارێك ساغ کراوەتەوە و شتی لەسەر نووسراوەو بڵاوکراوەتـەوە، ناونیـشانە ڕاستەکەی بەم جۆرەیە: (ذكر محاربه مير جليل الشأن عزيز بـيگ بابـان بـا طائفـه رومى سنة (١٨٤٩/١٢٦٦)و تسخير ولايت بابان بدست رومى اسماعيل پاشا).[٩]

**٣ـ وەڵامناکـەی سـالم بـۆ نـالی:** ئـەم تێکـستە تیـشکی زۆر خراوەتـە سـەرو لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، مامۆستا سەجادی بەرهەمێکی تایبـەتی بـۆ خـستنە ڕوو و لێکدانەوەی قەسیدەکەی نالی و وەڵامەکەی سالم تەرخان کردووە.[١٠]

**٤ـ لــە ستایــشی عەزیزبــەگی بابانــدا:** تـا ئێـستا تـەنها (١٦) بـەیتی لێ بڵاوکراوەتـەوە، لـەوە دەچـێ قەسـیدەکە لەمـە درێـژتر بێـت، سـالم وەسـفێکی نموونەیی سوارچاکی یەکێك لە قارەمانەکانی بابان دەکات بە ناوی (عـەزیز بـەگ)، دێڕی یەکەمی تێکستەکە ئەمەیە:

**دەکـا دنیایی پــڕ شۆڕش بــە دایــم فــیتنەها پــــەیدا**
**بەنەیرەنگ و فسوون هەردەم لە هەرسوویێ وەغا پـــــەیدا**

تا دەڵێ:

**پــەناهم شەهــسوارێکە گوزەرکــا گــەر بــە ئــەلبورزا**
**دەکـا نــووکی سمــی ئەسـپی لــە خـارا توتیـا پەیــدا**

ئەنجا:

**لــەدەریای مەعرەکــەی تیغــی نەهــەنگی گــەر نمایــان بــێ**
**لــــە ناو ئۆردویی تورکانا دەبـــێ شین و ســـــەدا پەیدا**

دیوان:١٨٠

**٥- مژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان.**

**٦- لە باسی پەرێشانی نۆکەرانی باباندا:** لە بەشەکانی داهاتوودا بە درێژی لەسەر ئەم دوو قەسیدەیە دەوەستین.

سالم ئامۆزای مستەفا بەگی کوردی بووە، هەر ئەم بنەماڵەیە، چەند زاناو پیاوی ناوداری دیکەیان لێ هەڵکەوتووە، کە یەکێکیان (ئەحمەد فەتاح بەگی ساحێبقڕان ـ حەمدی ١٨٧٥ ـ ١٩٣٦) شاعیرە.

سالم هەر لە سلێمانیداو لەساڵی (١٨٦٩) دا کۆچی دوایی کردووە، مەزاری گۆڕەکەی لە گردی سەیوانە، بەم جۆرە بنەماڵەی ساحێبقڕان سێ کەڵە شاعیریان پێشکەش بە مێژووی ئەدەب کردووەو بەمە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردییان ئاوەدان کردۆتەوە.[١١]

## تەوەری دووەم
## قەسیدەی یەکەم: مژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا

**أ- چەند سەرنجێك:**

١- ئەم قەسیدەیە د. کەمال فؤاد دۆزیویەتەوە و هەر ئەویش بۆ یەکەم جار، بە پشت بەستن بە دوو دەستخەنی کۆن، لە دوای ساغکردنەوەو لێکدانەوەی هەندێ لە وشە گرانەکانی لە گۆڤاری (چریکەی کوردستان)دا بڵاوی کردۆتەوە.(١٢)
لە دەستخەتی یەکەمدا ناونیشانی قەسیدەکە بەم جۆرەیە: (در ذکر آمدن عبدالله پاشای بابان از دربار همیون بسوی عیراق و روم و نظم سەرحدات بین روم و ایران از گفتە سالم). واتە (لە باسو خواسی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان لە دەربـاری هەمایۆنەوە بەرەو عێراق و ڕۆم، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی سنوورەکانی نێوان ڕۆم و ئێران). لە دەستخەتی دووەمدا ناونیشانەکە بەم جۆرەیە: (تهنئة مرخص شدن عبدالله پاشای بابان از قسطنطین و آمدنش به عراق بغداد)، واتە (پیرۆزبایی ڕێگەپێدرانی عەبدوڵڵا پاشای بابان و گەڕانەوەی لە قوستەتینیەوە بۆ عراق و بەغداد).

٢- تێکستی تەواوی قەسیدەکە بۆ جاری دووەم و بە پشتبەستن بەلێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوەکانی د. کەمال فؤاد. لە (میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا) بڵاوکراوەتەوە.(١٣)

٣- کاتێك ئێمە خوێندکاری خوێندنی باڵا - ماجستێر - بووین، لە بابەتی کۆرسی ئەدەبی کۆن و کلاسیکی، بە دوورو درێژی لەسەر ئەم قەسیدەیەی سالم وەستاوین و بە شەرح و پەراوێزو لێکدانەوەوە خوێندوومانە.(١٤)

٤- کام عەبدوڵڵا پاشا؟!

لە پەنجا ساڵی دوایی حوکمڕانی بابانەکان (١٨٠٠ - ١٨٥١) سەرچاوەکان باس لە دوو عەبدوڵڵا پاشا دەکەن،(١٥) یەکەمیان عەبدوڵڵا پاشای برای ئاوڕەحمان پاشای بابانە، کە هەمیشە لەگەڵ مەحموود پاشای برازایدا لە شەڕو ململانەیەکی سەخت و دژواردا بووە لەسەر دەسەڵات،(١٦) ئەنجا لە ڕووداوێکدا کە مستەر ریچ بە

درێژی باسی دەکات، لە دوای ئەوەی بۆ دوا جار خیانەت و ناپاکی عەبدوڵڵا پاشا لە ئاست مەحموود پاشادا ئاشکرا دەبێ، مەحموود پاشا دەیگرێ و دەیخاتە نێو زیندانەوە، لێرەوەش سەربردەی ئەم عەبدوڵڵا پاشایە کۆتایی دێت و سەرچاوەکان لە دوای (تەممووزی ١٨٢٠ )وە لە ئاست ئەم عەبدوڵڵا پاشایە بێ دەنگ دەبن، لەوە دەچێت لە دوای زیندانی کردنی مردبێت.[١٧]

دووەمیان عەبدوڵڵا پاشای کوڕی سلێمان پاشاو برای ئەحمەد پاشای دوامیری بابانەکانە، ئەمەشیان لەگەڵ ئەحمەد پاشای برایدا بێ غەل و غەش نەبووەو بە کلك گرێدان لەگەڵ والی بەغدا هەمیشە لە هەوڵی لە کارخستنی ئەحمەد پاشادا بووە، تا سەرەنجام والی ئەحمەد پاشا دەکێشێتەوە بۆ بەغدا و (عەبدوڵڵا بەگی) برای لە ساڵی (١٨٤٢) دا جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت و هەر لەم ساڵەداو لە شەڕێکی نا قۆڵادا لە قزڵجەو لە دەشتی مەریوان لەشکری رەزا قولی خانی والی سنە دەشکێنێ کە بۆ پشتیوانی مەحمود پاشا هاتبوون.[١٨]

دوای ئەم شەڕە دووبارە ئەحمەد پاشا دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەر تەختی میرایەتی، ئەوسا عەبدوڵڵا پاشا کە کەڵکەڵەی میرایەتی لەسەری دابوو، لە سلێمانی ڕادەکا و دەچێتە لای نەجیب پاشای والی بەغدا و دەبێت بە چاوساغی بۆ هێرشکردنە سەر ئەحمەد پاشا. دوای ئەوە ئەحمەد پاشا لە نزیك کۆیە دەشکێ و بە ناچاری بەماڵ و خێزان و دەستو پێوەندەکانییەوە بەرەو مەریوان دەکشێتەوە، والی بەغدا عەبدوڵڵا بەگ بە پلەی پاشایەتی لە (١٨٤٨)دا بە حاکمی سلێمانی دادەمەزرێنێت.[١٩] ساڵی (١٨٤٩) نامیق پاشا دەبێتە والی بەغدا، بە دوای عەبدوڵڵا پاشادا دەنێری و لای خۆی گلی دەداتەوە، لە جێگەکەیدا ئیسماعیل پاشای میسری دەکرێت بە موتەسەریفی سلێمانی و بەمەش کۆتایی بە میرایەتی بابان دێت.[٢٠] عەبدوڵڵا پاشا ماوەیەك لە بەغدا بە دەستبەسەری دەمێنێتەوە دواتر ڕەوانەی ئەستەمبۆڵ دەکرێت. لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی (قرم)دا لە نێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٥٤)دا، ڕێگەی پێدەدرێت کە بگەڕێتەوە بەغدا، تا بێتەوە کوردستان و بە ناوی جیهادەوە لەشکر کۆ بکاتەوە بۆ پاراستنی سنوورەکانی عوسمانی، نەبادا ئێران کەلك لەم هەلە وەربگرێت و پەلاماری خاکی دەوڵەتی عوسمانی بدات لە ڕۆژهەلات. هەندێ لە بابانەکان بەگوێرەی ئەو

دەنگۆیەی وا بڵاو دەبێتەوە، کە ئەو جارێکی دیکە دەبێتەوە بە حاکمی سلێمانی، هەر لە ڕێگادا خۆیانی دەگەیەننێ و دەچنەوە پاڵی، بەڵام ئەم خەیاڵەیان پووچ دەردەچێ، ڕەشید پاشا گوێزلگلی (عەینەك لە چاو) والی بەغدا، لای خۆی گیری دەکاو لە پاشان دووبارە دەینێرێتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ و ڕێگە نادات ئەم خەونەی بهێتەدی.[21]

سالم لەو ئان و ساتەدا لە سلێمانی دەبێت و هەواڵی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بەر گوێ دەکەوێت، ئەم قەسیدەیە وەکو نوقلانەیەك بۆ موژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا بۆ سەر موڵکی بابان دەهۆنێتەوە، لە کاتێکدا ڕۆژگار نەیهێشتووە هیوا گەورەکەی سالم بێتە دی.

ئەنجا مامۆستا قەرەداغی ئەم دوو عەبدوڵڵا پاشایەی لێ تێکەڵ بووە، یا ڕاستتر وایە لێی بوون بە یەك کەس، لە کاتێکدا حەقیقەت وایە کە نزیکەی دوو نەوە لە نێوان ئەم دوو عەبدوڵڵا پاشایەدا هەبووە، سەرچاوەکانی مێژووی میرنشینی بابان ئەم ڕاستییە نیشان دەدەن، بەڵام دیارە مامۆستا وەکو خۆی دەڵێ، چنگی نەکەوتوون! ، بۆیە لە مەلەسەی عەبدوڵڵا پاشاکاندا تووشی ئەم گرێ کوێرەیە بووە، کە بۆی چارەسەر نەکراوەو ناچار تێکەڵاوی کردوون.

**ب- تێکستی قەسیدەکە**[*]**:**

(در ذکر أمدن بندگان عبدالله پاشای بابان از دربار همیون بسوی عراق و روم و نظم سرحدات بین روم و ایران از گفته سالم):

**تیروەش دێمە گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە**
**بولبولی بێدڵ لە دەورەی گوڵ بە ئەفغان هاتەوە**[1]

---

[*] ـ د. کەمال فۆاد دەڵێ: لە دوای بەرەڵابوونی عەبدوڵڵا پاشای بابان و گەیشتنی بەغدا سالم ئەم قەسیدەیەی گوتوە، ئەم قەسیدەیە لە(٤٢)دێڕ پێك دێت و ساڵێ (١٢٧٠ك/ ١٨٥٤ز) گوتراوە.

١ ـ وەش: وەك، گوزەشت: هاتوچۆ، عەهدی نیسان: بەهار، بێدڵ: عاشق، بەئەفغان: بەناڵە

**سەختگیری کرد ئەگەر سەرما وەکو ئەفراسیاب**
**بادی نەورۆزی بەمیسلی پووری دەستان هاتەوە**[2]
**لەشکری گوڵ جوملە خەندان دەڵێن سەرما شکا**
**تا سلێمانی صەبا بۆ دێوی زستان هاتەوە**[3]
**باخە پەژموورەدەی خەزان و خوڕڕەمی ئەوقاتی حوت**
**ماهی نەورۆزی بەعەکسی ماهی ئابان هاتەوە**[4]
**بای شەماڵ هێنایە جونبوش قامەتی سەروی سەهی**
**بۆ خیابانی چەمەن قومری بە ناڵان هاتەوە**[5]
**سارە دڵدادەی شکۆفەی شاخساری طەرفی باخ**
**بێخود و رەققاس و سەرمەست و غەزەلخوان هاتەوە**[6]
**بۆ شکۆفەی طیفلواری یەکشەبەی شاخی درەخت**
**ڕەحمەتی ئێزەد لەگەڵ هەر قەترە باران هاتەوە**[7]

---

٢ ـ سەختگیری کرد: سەختی نواند، ئەفراسیاب: پاشای دەهەمی پێشدادیان (بەپێی شانامەی فیردەوسی). باد: با– هەوا، بە میسلی: وەکو، پوور: کوڕ، دەستان: نازناوی(زاڵ)ی باوکی رۆستەمە، پوری دەستان: کوڕی زاڵ– واتە(رۆستەم)، سلێمانی صەبا: ئاماژەیە بۆ حەزرەتی سلێمان کە بە زمانی هەموو گیانەوەرانی زانیوە، کە ئەو هات دێوی زستان نامێنێت.

٣ـ جوملە: هەموو، سەبا: هەوای خۆش.

٤ـ پەژموورده: سیس و ژاکاو، خەزان: پایز، خوڕڕەم: دوا مانگی زستان کە مانگ لە کەلوی نەهەنگدا دەبێت لە نێوان(٢/٢١ تا٣/٢٠).

ماه: مانگ، عەکس: پێچەوانە، ماهی ئابان، مانگی هەشتەم جەرگەی پایز بە پێی ساڵنامەی ئێرانی(١٠/٢٢ تا ١١/٢١).

٥ ـ جونبوش: جووڵە، قامەت: باڵا، سەروی سەهی: سەروی ڕێك ڕاست، خیابان: ڕاستە ڕێگەی ناوباغ و گوڵزار، چەمەن: چیمەن.

٦ ـ سارە: بەرگی سەوزی غونچە، دڵدادە: عاشق، شکۆفە: غونچە، شاخسار: لقوپۆپی زۆروچڕ، طەرفی باخ: کەناری باغ، بێخود: لەخۆڕا، رەققاس: سەماکەر– بە هەڵپەڕکێ و بەسەماوە، سەرمەست: سەرخۆش، غەزەڵخوان: بە گۆرانی گوتن.

٧ ـ شکۆفە: غونچە، طیفل وار: وەك منالێ، یەکشەبە: یەکشەوە، شاخ: چڵ، ڕەحمەت: خێرو فەڕ، ئێزەد: خوا.

**ڕوو بە ڕووی طیفلی نەباتاتی چەمەن موشتاق وار**
**دایەیی ئەبری بەهاری ئەشك ڕێزان هاتەوە[8]**
**دەنگی سەد ڕەنگی کولنگ و قازو سۆنەو پۆڕچین**
**ساز وەش هەرسو لە گوێی سەبزەو شەتاوان هاتەوە[9]**
**سەیری گوڵشەن کەن لە چیهرەی گوڵشەوی ئوردی بەهەشت**
**هەر طەرەف بۆ مەجلیسی بولبول چراغان هاتەوە[10]**
**سەبزە وەك مەخمەڵ لە هەرجا فەرشە بۆ سەحنی چەمەن**
**مەوسمی عەیش و طەرەب بۆ مەی پەرستان هاتەوە[11]**
**بۆ دەماغم عەهدی گوڵ ئەفسووردەگی سەردی نەما**
**تا لە گوڵشەندا بەسەرما بۆیی ڕەیحان هاتەوە[12]**
**پێی وتم دوێ شەو لە کونجی محینەتا واضیح سروش**
**وا چراغی دوودمانی ئەهلی بابان هاتەوە[13]**
**چیهرەیی مەقصەد هوەیدا بوو لە هەرجا صوبح وار**
**موژدە ئەی یەعقووبی دڵ یوسف بە کەنعان هاتەوە[14]**
**ئاشکارا هەر طەرەف هود هود لە پەروازا دەڵێ:**
**رووبەڕووی موڵکی سەبا تەختی سولەیمان هاتەوە[15]**

---

٨ - موشتاق وار: بە پەرۆشەوە، دایە: دایەن، ئەبر: هەور، ئەشك ڕێزان: فرمیسك ڕێژ.
٩ـ کولَنگ: قورینگ، سۆنەو پۆڕچین: دوو جۆرە مراوین، سازوەش: وەك ساز، هەرسو: لەهەر لاوە.
١٠ـ ئۆردی بەهەشت: مانگی دووەمی ساڵنامەی ئێرانی(٤/٢١ ـ ٥/٢٠) گەرمەی بەهار.
١١ـ مەخمەڵ: قەدیفە، لە هەرجا: لە هەرلاوە، سەحنی چەمەن: تەختایی یان شوێنی چەمەن.
١٢ـ دەماغ: لووت، عەهدی گوڵ ئەفسووردەگی: دەمی سیس بوونی گوڵ، بەسەرما: بەحەواوە.
١٣ـ واضح: روون، سروش (فریشتەی هەواڵ هێنەر ـ جوبرائیل)، چراغ: چرا، دوودمان: بنەماڵە.
١٤ـ چیهرە: روخسار، مەقصەد: مەبەست، هوەیدا: دیار ـ ئاشکرا، لە هەر جا: لە هەموولا، صوبح وار: وەك دەمی بەیانی، یوسف و یەعقوب: مەسەلەی چیرۆکی یوسفە وەکو لە قورئانا هاتووە.
١٥ـ ئاشکارا: بەڕوونی، هەر طەرەف: هەموولا، هودهود: پەپوە سلێمانە، پەرواز: فڕین، موڵکی سەبا: دەوڵەتی(سبأ)، سولەیمان: مەبەست حەزرەتی سولەیمانی پێغەمبەر و چیرۆکەکەیەتی کە لە قورئانا، هاتووە، پەپوو سلێمانکە رۆڵی هەواڵگری دەگێڕێ هەر زوو زوو خەبەر دەدات: (ولقد جئتكم بنبأ من سبأ).

بــەرق وەش بــۆ مــوڵکی مــەوروثــی لــە قوسطــە نطینــەوە
حــاکمی مــەنفی بــە ئــەمری صــەدرو ســوڵتان هاتــەوە[16]
ئاصــەفی ثـانی مورەخخــەص بــوو بــە ئــەمری پادیــشا
بــــۆ نیظـامی مــوڵکی بــەینی ڕۆم و ئێــران هــــاتەوە[17]
مــن وتم: چــۆن بــوو لــە ئاغــدنگز نــەجاتی؟ دڵ وتــی:
شــاهی کەیخوســرەو بــە جــەیحونا بــە ئێــران هاتــەوە[18]
فــــیتنەخیزە راهــی قــوسطــە نطین بــە میثلی هــــەفتخوان
ئــەم بەهــەرخوانێ وەکــو ڕۆبــین تــەن ئاســان هاتــەوە[19]
نــــۆکەرانی بێ ڕەمــــەق کــــرد خیسەتی طـە بعی مــــونیب
بــۆ تــەنی مــوردەی خــەلایق یــەک بەیــەک جـان هاتــەوە[20]
شــەهدو تەڵخــە لــوطـف و قــەهری بــۆ قــەراری نیــک و بــەد
شـاه نــــەحل ئاســا بــە یـادی نــۆش و نێــشان هــــاتەوە[21]

---

١٦- بەرق وەش: برووسکە ئاسا، مەوروث : میرات، قوسطـەنطین: ئەستەمبۆل، صەدر: مەبەست صەدری ئەعزەمە" سەرەك وەزیرانی عوسمانی، سوڵتان: سوڵتانی عوسمانی.

١٧- ئاصــەف: وەزیــری دەستەڕاســتی ســولەیمان پێغەمبــەر، (بەڕاوێــژکاری زیــرەك و زانــا دەگوترێ)، مورەخخەص بوو: ڕێگەی پێدرا، نیظام: ڕێکخستن.

١٨- ئاغدنگز (ئاقدنگز): دەریای سپی ناوەڕاست. جەیحوون: ڕووبارێکە دەکەوێتە بەشی ئاسیای وڵاتــی روسـیا و بەشـێکی سـنووری نێـوان روسـیا و ئەفغانـستان پێـك دەهێنــێ، پێـشی دەگوترێت (ئامۆ دەریا).

١٩- فیتنە خیز: بە ئاشوب، هەفتخوان: یەکێکە لـە داسـتانەکانی شـەرەفنامە، کـە بریتییـە لـە بەسـەرهاتەکانی رۆسـتەم لـە ڕێگـای مازەنـدەران کاتـێ تووشـی حـەوت شـەڕ دێـت، کـە بەسەریەکەوە بە هەفتخوانی رۆستەم ناسراوە، رووبـین تـەن: لـە ڕاسـتیدا(روویـین تـەن)ە، واتە لەش ئاسنین بە کەسێك دەگوترێت کە لەشی وەکو ڕوو قایم بێـت و شـیروتیر کـاری لێ نەکات، رووبین تەن نازناوی رۆستەمە.

٢٠- بێ ڕەمەق: بێ نان، خیسەت: نزمی، طەبـع: سروشـت، مونیـب: بـێ بارـ پەشـیمان، تـەنی موردە: لەشی مردوو، خەلایق: خەڵکی، جان: گیان.

٢١- شەهد: شیرینی ، تەڵخ: تاڵ، لوطف و قەهری: نەرمی و توندی، قـەرار: بڕیـار، نیـك و بـەد: باش و خراپ، نەحل ئاسا: وەکو هەنگ، نۆش و نێشان: نۆشین و پێوەدان.

**خۆش نوما شمشێری ئەو بوو وەك هیلالی شامی عید**
**ماهی نەو دەرکەوت و عیدی ڕۆژەداران هاتەوە**[٢٢]

**بۆ قیصاصی موستەحەق و قەبض و بەسطی موددەعی**
**شیرمەردی گوردی پیل ئەفگەن لە مەیدان هاتەوە**[٢٣]

**خۆشە ئەمجا بۆ تەرەددود بازیان و شەهرەزوور**
**عادیلی نادر ڕەوش بۆ جانی دوزدان هاتەوە**[٢٤]

**بێن بەهەم با دەنگی گریەی مولحیدو خەندەی مورید**
**بۆ نەمانی کفرو ظولمەت بەدری ئیمان هاتەوە**[٢٥]

**شەب نشینانی خەفەت با زەڕڕە ئاسا بێنە ڕەقص**
**وا لە بورجی دەوڵەتا خورشیدی ڕەخشان هاتەوە**[٢٦]

**چونکە دیهقان نۆکەرو، بەگ چەرچییەو، ئاغا بەقال**
**بۆ نیظامی نۆکەرو بەققال و دیهقان هاتەوە**[٢٧]

**بچینە سەر صنعاتی ئەووەل کەفشدووز و پینەچی**
**حاکمی مەرکەز شوناسی ئەهلی دییوان هاتەوە**[٢٨]

---

٢٢ـ خۆش نوما: وێنەی جوان، هیلالی شامی عید: مانگی یەکشەوەی ئێوارەی جەژن، ماهی نەو: مانگی نوێ، عید: جەژن، ڕۆزەداران: ڕۆژوو گرتووان.

٢٣ـ قیصاص: سزادان، قەبض و بەسط: گرتن و بەردان، موددەعی: داواکار، شیرمەرد: پیاوی وەك شێرـ ئازا، گورد: دلێر ـ پاڵەوان، پیل ئەفگەن: ئەوەی فیل بەزەویدا دەدات ـ بەهێز— ئاماژەیە بۆ ڕۆستەم.

٢٤ـ تەرەددود: سەردان، نادرڕەوش: وەك نادر(ئاماژەیە بۆ نادر پاشا)ی دادپەروەر، جان: گیان، دوزد: دز.

٢٥ـ بێن بەهەم: وێکڕا بێن و تێکەڵاوبن، گریە: گریان، خەندە: پێکەنین، کفرو ظولمەت: تاریکی خوانەناسی، بەدری ئیمان: ڕۆشنایی باوەڕ.

٢٦ـ شەب نشینانی خەفەت: ئەوانەی شەو بە خەفەتەوە ڕۆژ دەکەنەوە، زەڕڕە ئاسا: وەکو زەڕە ـ وەکو گەرد، بورجی دەوڵەت: بەختی دەوڵەت، خورشیدی ڕەخشان: ڕۆژی ڕووناك.

٢٧ـ دیهقان: جوتیاری خاوەن زەوی ـ کێخوا، چەرچی: وردەواڵە فرۆش.

٢٨ـ صنعات: پیشە، کەفشدووز: کەوشدروو، مەرکەزشوناس: شارەزای کاروباری دەوڵەت، ئەهلی دیوان: لێوەشاوە.

دیـــم لــــــه بــــــابانا رەعییـــەت ظـالم و نۆكـــەر فـــەقیر
مونعـــەكیس بـــوو قەزیـــە وا، بـــابی فـــەقیران هاتـــەوە[٢٩]

شــــەق وەشــێن ئـــــامادەبن بـــــۆ كــــاسبی شورانـــشین
پـشتی لەشـكر، صـەدری مـەجلیس، مـیری مـیران هاتـەوە[٣٠]

گــــریەكا تـــا دەنگـــی دەدرێ بـــا كـــەریم ئاغـــای نـــەنێ
حاكــــمی مــــەعزوڵكردەی ئـــەو، بـــە شـــادان هاتـــەوە[٣١]

تـــەپڵی بـــدرێنێ، عەلـــەم ون كـــا، جـــەنابی كاكـــەمین
قـــابیلی بەیـــداخ و تـــەپڵ و لـــە شكروســـان هاتـــەوە[٣٢]

خـــۆی بـــە پـــەت ئـــەمجا بتاســێنێ مـــودیری پـــەت لـــەمل
صـــاحێبی چـــەترو لیـــواو طـەوق و فـــــەرمان هـــــاتەوە[٣٣]

خـرس خـو، كـەهیای مـاضی بـوو، لـە دەشـتی شـەهرەزوور
پێــی بــــڵێن خـۆی ڕاگــرێ، وا شـێری غـــوڕڕان هـــاتەوە[٣٤]

چـــونكە شـێوەی زاغـــی بـــوو ســـەركاری كـــەهیا مودەتـــێ
بـــۆ شـكاری ئـــەو لەســـەردا، بـــــازی تـــەڕلان هـــاتەوە[٣٥]

ســـەنگەری عەهـــدی عـــەزیز بـــەگ كـــەلكی كـــەهیا نـــاگرێ
صـــاحێبی شمـــشیرو درع و خـــــودو خـــەفتان هـــــاتەوە[٣٦]

---

٢٩. رەعییەت: دانیشتوان، مونعەكیس بوو قەزیە: مەسەلەكە هەڵگەڕایەوە.

٣٠. شەق وەشێن: شەڕكەر، كاسب: بەدەستهێنەری پلـەو پایـە، شورانـشین: ئەنجوومـەنی پـرس و ڕا پێكردن، پشتێ لەشكر: هێزوتوانا بۆ سوپا، صەدری مەجلیس: سەرۆكی مەجلیس.

٣١. دەنگی دەدرێ: تا گەرووی دەنووسێ، مەعزولكردە: لە كار خراو.

٣٢. بەیداغ: ئاڵا، سان: پیشاندان و خۆنواندنی سوپا (استعراض).

٣٣. پەت لەمل: ڕەنگە ئەو مودیرە قەرەوێتی لەمل كردبێت، بۆیە پێیان گوتوە پەت لـەمل، لیـوا: ئـاڵا، طــەوق و فەرمان: تەوق/ ئەڵقەی حوكمدارێتییە كە بەفەرمانی سوڵتان بەخشراوە و كراوەتە مل.

٣٤ـ خرس: ورچ، خرس خو: سروشتی وەك ورچ، كەهیا: كوێخا یان پیاوی بەڕێزی ناوچـە، مـاضـی: لـە رابردوو، غوڕڕان: بەنەڕڕاندن.

٣٥. زاغ: قەلەڕەشكە، سەركاری كەهیا: وەكیلی كوێخا، شكار: ڕاو، بازی تەڕلان: جۆرە بازێكـە لـەڕاودا چاپوك و ئازایە.

٣٦ـ عەهد: رۆژگار، عەزیز بەگ: عەزیز بەگی بابان، درع : زرێ ـ قەڵغان، خود: (خـودە)/ كـڵاوی ئاسـن كە لەشەڕدا دەیكەنە سەر، خوفتان: جۆرە بـەرگێكی تایبـەت بـووە، شـیرو تیربەنـد بـووە لـە ژێـر ئەسبابی جەنگەوە لەبەركراوە.

ڕەنگــە ئــەمجا بێتــە کــاران ســەرحەدی مــوڵکی ســنە
ڕم وەشــێنی مەعرەکــەی دەشــتی مــەریوان هاتــەوە[٣٧]

کــەڕو فــەڕ باکــەم بکــا والی بــە فــەوجی چێــشکەرۆ
پــشتبەندی لەشــکری وەنــدات و جافــان هاتــەوە[٣٨]

طـایری دەوڵــەت بیحەمــدیللا بــە ئــەمری شــەهرەزوور
مــوستەعیدو خــوڕڕەم و یــازان و تــازان هاتــەوە[٣٩]

کەوتــە نــاو کەففــەی کــەرەم دووبـارە خــەرجی شــەهرەزوور
طـالیعی دەروێـش و مــوفلیس بـوو، کـە قائـان هــاتەوە[٤٠]

مــن بەشــك دەمــوت نــەجاتی کــەی دەبـێ پاشـا لــە ڕۆم
دڵ وتــی: ســالم یــەقینت بــێ بــە قــورئان هــاتەوە[٤١]

ئــەهلی دانــش، حاتــەمی بەخــشش، بەئەبجەدکــەن حیـساب
بــانەڵێن کــانی کــەرەم کــەی بــوو بــە بابـان هاتــەوە[٤٢]

---

٣٧ـ کاران: پێکدادان و جەنگ، سەرحەد: سنوور، موڵکی سنە: وڵاتی ئەردەڵان. مەعرەکەی دەشتی مەریوان: مەبەست شەڕی عەبدوڵڵا پاشایە لەگەڵ والی سنە لە ساڵی (١٨٤٢).

٣٨ـ کەڕو فەڕ: لێدان و هەڵاتن لە شەڕدا ـ پەلاماروکشانەوە، لێرەدا بەمانای هێنان و بردنە، چێش کەرۆ: وشەیەکی هەورامییە بە مانای (چی بکەم؟) دێت، وەکو گاڵتە پێکردن بۆ ئەو فەوجەی والی گوتراوە کە لە هەورامییەکان پێك هاتووە، پشتبەند: هێزو پشتوپەنا. وەندات و جافان: هۆزی هەمەوەندو عێلی جاف.

٣٩ـ طایری دەوڵەت: مەلی بەختو ئیقبال (هوما). موستەعید: ئامادە، یازان: پایەداران ـ دەسەڵاتداران، تازان: بە تاو.

٤٠ـ کەففە: تای تەرازوو، کەرەم: بەخشندەیی، خەرجی شەهرەزوور: باج و خەراجی شەهرەزوور. طالیع: بەخت، موفلیس: بێ پوول و پارە، قائان: خان ـ نازناوی پاشاکانی (مەغۆل) بووە.

٤١ـ بەشك دەمگووت: گومانم هەبوو. یەقینت بێ: دڵنیابە ـ گومانت نەبێ.

٤٢ـ ئەهلی دانش: زانایان، حاتەمی بەخشش: حاتەمی بەخشین.

ــ ئەگەر بەحیسابی ئەبجەد ئەو ڕستەیە، لێك بدرێتەوە (کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە) ئەوا بەرامبەر (١٢٨١) ی کۆچی دەوەستێ، کە ئەمەش ڕێکەوتی (١٨٥٤) زاینییە.

## تەوەری سێیەم
## قەسیدەی دووەم: لە باسی پەرێشانی بابانەکاندا

**أ- سالم و نالی و مەسەلەی خزمایەتی/**

ئەوەی لەم باسەدا جێ مەبەستی سەرەکی ئێمەیە، مەسەلەی لێکۆڵینەوە و یەکلاکردنەوەی ئەم قەسیدەیەیە، مامۆستا قەرەداغی بە پشت بەستن بەدەستخەتەکەی (عەلی ئەکبەری سەنەندوجی) کە لە بەرایی ناومان برد، دوو مەسەلەی تازەو نوێ دێنێتە ناوەوە، یەکێکیان مەسەلەی هەبوونی پەیوەندی خزمایەتی (خاڵو خوارزایەتی) لە نێوان نالی و سالمە، کە گوایە سالم خالی نالی بووبێت. مەسەلەی دووەم مەسەلەی ئەم قەسیدەیەیە کە لە سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیدا تاوەکو ئێستا بێ شکو گومان دراوەتە پاڵ سالم، کەچی بەبڕوای مامۆستا قەرەداغی قەسیدەکە هی (نالی)یەو نەوەك سالم.
سەبارەت بە مەسەلەی یەکەم و (خاڵ و خوارزایەتی) نێوان سالم و نالی، لە ڕابردوودا هیچ سەرچاوەو بەڵگەو دیکومێنتێك شتێکی لەو جۆرەی نەدرکاندووە. تەنانەت ئەمین زەکی بەگ و ڕەفیق حیلمی بۆ تۆماری ژیاننامەی سالم پەنایان بۆ خزمەکانی بردووە لە سلێمانی، کە ڕەنگە ئەوان ئەگەر فریای بینینی سالمیش نەکەوتبن ئەوەندە لێیەوە دوورنەبووبن، بەڵام ڕۆژێك بەلای مەسەلەیەکی لەو شێوەیە نەڕۆیشتوون، تەنانەت یەکێکی وەکو ئەمین فەیزی بەگ کە هەر پەنجا ساڵێك لە دوای سالم و نالییەوە (ئەنجوومەنی ئەدیبانی) تۆمارکردووە و لای هەمووانیش ئاشکرایە کە چەند ورد ژیان و بەرهەمی نالی هەڵسەنگاندووە، کەچی ئاماژەیەکی لابەلاشی بۆ هەبوونی مەسەلەیەکی لەو جۆرە نەکردووە، بۆیە لام وایە ڕەواج پێدانی ئیدیعایەکی لەو جۆرە پێویستی بە بەڵگەو دەلیلی بەهێزو سەلمێنەر هەیە، بڕوای ئێمە وایە بۆچوونەکانی ئەمین فەیزی و ئەمین زەکی و ڕەفیق حلمی و علاءالدین سەجادیمان دەرحەق بە نالی و سالم پێ دروستترە کە دەڵێن نالی" جافی میکایەلی شارەزووری خاکوخۆڵی بووە، سالمیش ساحێبقڕانی قەرەجەهەنەمی سنەیی ئەردەڵانی. ئەنجا ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرینگییەکی زۆری هەیە مەسەلەی دووەمە کە لێرەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین بیرو بۆچوونەکان لەم بارەوە روونتر بکەینەوە:

**ب- سەرچاوەی باوەڕپێکراو**

د. کەمال فؤاد لە کتێبی (دەستنووسە کوردییەکان) دا ئاماژە بۆ دۆزینەوەی دیوانێکی دەستنووسی سالم دەکات کەوا لە نامەخانەکانی پروسیادا پارێزراوە.[٢٢]
ئەنجا دەڵێ: دیوانەکەساڵێ (١٢٧٨) کۆچی (١٨٦١ زاینی)، بە خەتێکی جوان و خۆش و لەسەر داوای خودی سالم نووسراوەتەوە و لە کۆتاییەکەیدا هاتووە:
(بدرجه اتمام رسید درشب شنبه بیست و دوم شهر شعبان المعظم (١٢٧٨) حسب الخواهش مخدوم مکرم عبدالرحمن بیگ الکردی که الحق درفن شعرسازی سحربازی مینماید اللهم اغفر له ولکاتبه ولسائر جمیع المسلمین بحرمه محمد خاتم النبیین آمین آمین آمین).[٢٣]

واتە: (گەیشتە پلەی کۆتایی، لە شەوی شەممە، لە بیستو دووهەمی مانگی شەعبانی مەزن (١٢٧٨) لەسەر خواستی ئاغای ڕێز لێگیراوم عەبەدولرەحمان بەگی کوردی کە بەڕاستی لە هونەری شیعرسازیدا، سیحربازی دەنوێنێ، خودایە لە خۆی و لە نووسەرەکەی و لە هەموو موسوڵمانان خۆش بیت، لەبەرخاتری موحەمەدی کاروانسالاری پێغەمبەران ئامین ئامین ئامین).(٢٤)
ئەنجا هەر خودی د. کەمال فؤاد خۆی ئەم قەسیدەیەی سالمی لەم دیوانە دەستخەتەدا ڕاگواستوەو بۆ یەکەم جار بەلێکدانەوەی هەندێك لە وشەکانی بڵاوی کردۆتەوە.[٢٥]دوای ئەوە مامۆستا گیوی موکریانی لە چاپی دووەمی دیوانی سالم دا قەسیدەکەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.[٢٦]لە کتێبی میرایەتی بابان دا، ئەم قەسیدەیە لە پاڵ چەند بەرهەمێکی دیکەی شاعیر کە پەیوەندی بە بابانەکانەوە هەیە، بەلێکدانەوەی وشە گرانەکانی و لە (٤٨)بەیتدا بۆ سێیەم جار بەناوی سالمەوە بڵاوکراوەتەوە.[٢٧] دوور نییە ئەم دوو بڵاوکردنەوەو چاپەی دوایی قەسیدەکە هەر لەسەر بنەمای ئەوەی دکتۆر کەمال بووبێت. ئەنجا لە کتێبەکەی مامۆستا قەرەداغی، بە ناوی (نالی)یەوە لە ژێر سەر ناوی (لە پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەیدا!!) بە هەندێك جیاوازییەوە دیسان تۆمارکراوەتەوە.[٢٨]

لە ئێستاشدا وەکو من ئاگادارم برایانی هەڵسووڕێنەری بنکەی (ژین) لە سلێمانی، بە هاوکاری شێلگیرانەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و لەسەر بنەمای ئەو کارانەی بنەماڵەی زانیارانی پایە بەرزی کورد (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و

فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم) لە زووێکەوە لەسەر رەشنووسەکانی تەواوی دیوانی سالم دا کردوویانە، خەریکی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی دیوانێکی سالمن، کە بەو هیوایەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە ژێر چاپ و کتێبخانەی کوردی پێ ئاوەدان بێتەوە.[٢٩]

ئەنجا لەم پێناوەدا من رەشنووسێکی چاپکراوی ئەم قەسیدەیەم لە کارەکەی ئەوانیش خواستووە، بۆ ئەوەی بە ئەندازەی پێویست سوودی لێ وەربگرین. لێرەوە ئێمە ئێستا پێنج تێکستی هەمان قەسیدەمان لە پێنج سەرچاوەی جیاوازەوە لەبەر دەستدان، کە من گومانم هەیە لەوەی هیچ کامێکیان بێ هەڵەو ناتەواوی و کەموکوڕی بن! . ئێمە لەم دەرفەتەدا لە هەوڵی پێش چاوخستنی جیاوازی نێوان دەقەکاندا نابین، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ هەموو تێکستەکان و بەگوێرەی سەرنج و تێبینی و بە پێی تواناو تێگەیشتنی خۆشمانەوە، لەمەودوا دەقێکی پوختەکراوی قەسیدەکە بە هەندێك لێکدانەوەوە دەخەینەڕوو.

## ج- تێکستی قەسیدەکە

ناونیشانی قەسیدەکە بەم جۆرەیە: (دروصف پریشانی نوکران بابان بعد از رفتن عبدالله پاشا[*] بقسطنطین)[٣٠]

بـــــەدا ئـــەحواڵی ئەشخاصـــیٚ کـــە خاصـــصی مـــوڵکی بابـــانن
لـــە بـــیٚ دادی فەلـــەک هەریـــەک سەراســـیمە و هەراســـانن[١]
جـــــەوانانی ســــــەهی قـــەد بــــەسکە دامـــاون لـــەبیٚ چـــیزی
لـــە ژێـــر بـــاری غـــەما هەریـــەک لـــە خەمـــدا میثلی چـــەوگانن[٢]
لــــــە بــــــابانا گـــــــرفتارن، پـــــەرێـــشان خـــاطرو بێکـــــەس
بە جەمعییەت ســـــیەهبەختانە وەک گیســـــــــوویی خووبانن[٣]
گــــەدان و بۆگــــەدا دەرگانــــە وا ناکــــەن لــــە بـــــیٚ چـــیزی
وەکـــو نــــەڕڕادی دانـــــا هـــــەر لــــەفکری خانەبەنــــدانن[٤]

---

(*) ئەوە هەمان عەبدوڵڵا پاشایە کە لـە بەشـی یەکەمـدا شـاعیر بـاس لـە هـەواڵی گەڕانـەوەی دەکـات، کەچـی لێـرە هـەواڵی لـە کـارخران و دەستبەسـکردنیەتی لـە بەغـدا، ئـەنجا دوور خستنەوەیەتی بۆ ئەستەمبۆل بە شوێن ئەحمەد پاشای برایدا.

١- بەدا: (بەدە) ئەم مەددە بۆ خوێندنەوەیە، واتە: خراپە، خاصصی مـوڵکی بابـان: ئەوانـەی دەستەبژێری میرنیشینی بابانن، سەراسیمە و هەراسان: سەرگەردان و وەڕەزو بێزار.

٢ـ جەوانانی سەهی قەد: ئەو لاوانەی قەدو باڵایـان ڕێکـو ڕاسـتە وەکـو داری سـەروو، بەسـکە: ئەوەندە ـ بەجۆریٚ، چیز: شت ، بـیٚ چـیزی: نـەبوونی، خـەم: چـەماوە ـ کـووڕ، چـەوگان: گۆچان. / واتە لە ژێر باری غەمدا وەکو گۆچان چەماونەتەوە.

٣ـ پەرێشان خاطر: دڵشکاو، سیەهبەخت: بەختڕەش، گیسوو: مووی پرچ و زوڵفی ژن، خووبان: ژنی شۆخ و جوان. / واتە بەخت و چارەنووسیان ڕەش و تاریکە وەکو سەروپرچـی شـۆخە ژنان.

٤ـ گـەدا: سـواڵکەر، دەرگانـە واناکـەن: دەرگـا ناکەنـەوە، نـەڕڕادی دانـا: تاوڵەچـی شـارەزا، خانەبەنـدانن: خـەریکی پڕکردنـەوەی خانـەکانن. / وەکـو تاوڵەچـی شـارەزا هـەر لـەبیری ئەوەدان هەموو خانەکانی خۆیان پڕبکەنەوە و هیچ درزو کەلێنێك نەهێڵن تا خەڵك ڕێی پیٚ نەبات.

**لـە ظـولمی چـەرخی دونیـەروەر سـەخی طـەبعـانی حاتەمـدڵ**
**بـــەراهی کـــۆیی دونانـــا لـــە هـــەر ســـوو کاســـە گـــەردانن(٥)**
**بـە دەسـتی کەشمەکـەش هـەر سـوو درِا بـەرگی خودئـارایی**
**قـــەبایی نۆکـــەرو ئاغـــا هـــەموو بـــێ چـــاك و دامـــانن(٦)**
**لـــە بابانـــا ئەمێـــستە چـــونکە قـــاوەی نۆکـــەری دۆغـــە**
**لـە حەڵقـەی ئـەهلی حەسـرەتدا هـەموو کەممۆڵـە فنجـانن(٧)**
**ئەوانـــەی تورمـــەپۆش و شـــەهدنۆش و نازپـــەروەربوون**
**ئەمێـــستە خانـــە بـــەردۆش و نـــەخۆش و زارو عوریـــانن(٨)**

---

٥ـ چـەرخی دوونپـەروەر: ڕۆژگـار کـە لەگـەڵ خـەڵکی ناشایـستەدا دۆسـتە، سـەخی طـەبـع: بەخشندە، حاتەمدڵ: دڵ فراوان و دەست بڵاو وەکو حاتەمی عەرەب.

راه: ڕێگە، کۆی: گەڕەك، دون: نەفس نزم، لە هەر سوو: لە هەرلا، کاسە گەردانن: کاسە دەگێڕن ـ سواڵ دەکەن.

٦ـ کەشمەکـەش: ئـاڵۆزی و بینـەو بـەردە، هەرسـوو: لـە هـەموو لاوە، خـود ئـارایی: خـۆ ئارایشتکردن، قەبا: عەبا، چاکو دامان: یەخەوداوێن.

٧ـ نۆکەر: بەپێی سەنگو تەرازووی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە توێژێکی موعتەبەر بوون، چونکێ بریتی بوون لە کوێخاو کاربەدەست و مووچە خۆرەکان، ئەنجا ئەوان قاوە خـۆری کۆشـك و مەجلیسی پاشاکانی بابـان بـوون، کـە ئـەوەش نیـشانەی پایـەی کۆمەڵایـەتی تـا ڕادەیـەك بـەرزیان بـووە. دۆغ: دۆ، حەڵقـەی ئـەهلی حەسـرەت: ڕیـزی ئەوانـەی کـە ئـەمڕۆ ئـاخ هەڵدەکێشن. کەممۆلە: کۆتك ـ دەفرێکە لە دار سازدەکرێت و بۆ دۆ خواردنەوە بەکار دێت، دۆ خۆرەوە پایەی کۆمەڵایەتیان لە قاوە خۆرەکان زۆر نزمتر بووە، بە تایبـەتیش پیـشەی لادێیی و وەرزێرەکان بـووە. / واتـە ئەوانـەی کـە تـا دوێنـێ لـە کـۆڕی میرەکـانی بابـان دا شوێنی شایستەیان هەبووەو قاوە خۆرەوەی مەجلیس بوون، ئەمڕۆ ئاخ و داخ هەڵدەکێشن بۆ ئەو ڕۆژگارەو لە بری ئەوە بوون بە دۆ خۆرەوەی بە کۆتك لە دێهاتەکان.

٨ـ تورمە پۆش: شاڵپۆش، شەهد نۆش: شیرینی خۆرەوە، نـاز پـەروەر: بـەناز پـەروەردەکراو، خانە بەردۆش: ماڵ بە کۆڵ، زار: پەرێشان، عوریان: رووت و ڕەجاڵ. / ئەوانێك کـە شـاڵ و پۆشاکی گرانبەهایان دەپۆشی و خواردو خۆراکیان هەنگوین و شیرینی بوو، ئا بەو شێوەیە لە نازو نیعمەتا پەروەردە بووبوون، ئەمێستا ماڵ و حاڵ و خانەو لانەیان بە کۆڵەوەیـەو بـە نەخۆشی و رووتی و ڕەجاڵی بە وڵاتا دەسووڕێنەوە.

**ئەوانەی جێ نشیمەنیان لە گۆشەی تەختی حاکم بوو**

**بە دەشتی شەهرەزوورا جوملە وەك غوولی بیابانن**[٩]

**دەلەرزن هەوری نەو گەر بێتە ڕووی گەردوون لە پایزدا**

**بە ڕووتی، کۆنە خەزپۆشان لەفکری بەرگی زستانن**[١٠]

**صەفی پاشانی (باب ئوغڵی) لە دێی (کۆستە)و (دەباشانا)**

**بە دەوری گەلەدا چوماغ دەرکەف، جوملە چووپانن**[١١]

**موریدی خانەقا زۆرن لە عەهدی عەدلی ڕۆمیدا**

**لە ئاغایانی بێ بەش حوجرەها جێی تەوبەکارانن**[١٢]

**ئەگەر چی طاعەتی جەبرە، وەلی عیللەت بە بێکاری**

**وەکو قارئ یەکایەك حافیظی سی جزمی قورئانن**[١٣]

---

٩ـ جێ نشیمەن: شوێنی دانیشتن، گۆشەی تەختی حاکم: لە ڕیزی تەختی پاشادا، جوملە: هەموو، غوول: دەعبایەکی ئەفسانەییە و لەبیابانا دەژی ـ دێو و درنج. / ئەوانەی کە لە مەجلیسی پاشادا شوێنیان لە ژوورەوە لە ڕیزی شوێنی دانیشتنی پاشاوە بوو، ئێستا وەکو دێوو درنج بیابانی شارەزوور دەپێون.

١٠ـ هەوری نەو: هەوری نوێی سەرەتای پایز، گەردوون: ئاسمان، خەز: قوماشی حەریر، کۆنە خەزپۆشان: ئەوانەی لە کۆنا حەریرپۆش بوون. / هەر کاتێ هەوری تازەی پایزی لە ڕووی ئاسماندا پەیدا دەبێت، ئەوانەی کە لە پێشدا حەریر پۆش بوون، ئێستا لەبەر ڕووتی و قووتی و لە ترسی سەرما دەکەونە خەمی پەیداکردنی جل و بەرگی زستان.

١١ـ صەفی پاشانی: تیپی پاشایانی، باب ئۆغڵی: ڕەسەن زادە، کۆستەو دەباشان: دوو دێی نزیك سلێمانین، گەلە: ڕانەمەڕ، چوماغ دەرکەف: کوتەك بە دەست، جوملە چووپانن: بە کۆمەڵ بوونەتە شوان. / ئەوانەی کە بەڕەچەڵەك پاشا زادە بوون، وا ئێستا لە دێهاتی نزیك سلێمانیدا کوتك بە دەست بە دوای ڕانە مەڕەوەن و بوونەتە شوان.

١٢ـ عەهد: سەردەم، عەدل: دادپەروەری، حوجرەها: حوجرەی مزگەوتەکان. / سالم بە تەوسەوە دەڵێ بە هۆی ئەو عەدالەتەی کە ڕۆمەکان هەیانە (کە لە ڕاستیدا بێ دادییە)، خەڵك هەموو ڕوویان کردۆتە مزگەوتەکان و بوون بە تۆبەکار، بۆیە حوجرەکان پڕاوپڕ بوون لەمانە.

١٣ـ طاعەتی جەبرە: فەرمانبەرداری واجبە، عیللەت: بە هۆی، قارئ: قورئان خوێن، حافیظ: ئەوەی قورئانی لەبەر بێت. / ڕاستە گوێرایەڵی ئاین و قورئان لەسەر هەموو کەس واجبە، بەڵام خەڵك بە هۆی بێ کاری و دەست بەتاڵییەوە، هەموو بوونەتە قورئان خوێن و یەك بە یەك سی جزمی قورئانیان لەبەر کردووە.

لـــە طــوولی رۆژگارانـــا لـــە هـــەرلا خـــادیم و مەخـــدووم
وەکـــو ئەصـــحابی پەیغەمبـــەر عموومـــەن رۆژەدارانـــن[١٤]
ســیەهبەختانی بــێ دەوڵــەت لەبــەر بــێ مــالی و عوســرەت
گـــەهێ حـــەممالی مـــالان، گـــەهێ عـــەللافی مەیـــدانن[١٥]
نـــەبانییو نـــەباغی مـــا لـــە فـــەوجی لەشـــکری ئیـــسلام
لـە خـەوفا طیفلی مـەردووم وەك عـەیالی ئـەهلی زەنگـانن[١٦]
صـــــەفی مـــەقـــــروضـــی ئیلتیزامـــــی حاصـــــلی رۆمـــــی
لـــە نـــاو هـــەورامیو کـــوردا هـــەموو تەبـــدیل و پـــەنهانن[١٧]

---

١٤- طوولی رۆزگار: بە درێژایی رۆژگار، خادیم و مەخدوم : ئاغاو خزمەتکار، ئەسحاب: یاران، عموومەن: بەگشتی، رۆزەدار: ڕۆژووگر. / بە درێژایی رۆژگار ئەگەر ئاغایانن، ئەگەر پۆلی خولام و خزمەتکارانن، لەبەر نەداری و نەبوونییەوە، وەکو یارانی پێغەمبەریان لێ هاتووە هەمیشە بە ڕۆژوون.

١٥ ـ سیەهبەخت: بەختڕەش، عوسرەت: دەست تەنگی، حەممال: کۆڵهەڵگر، عەللاف: ئەوەی سەودای دەغڵ و دان و دانەوێڵە دەکات. / ئەو بەخت ڕەشانەی کە لە سەر کار دوور خراونەتەوە، لەبەر بێ پارەیی و دەست تەنگی هەموو کارێك دەکەن، ڕۆژێك کۆڵهەڵگرن لە ماڵان و ساتێك لە مەیدانان بوونەتە عەللاف و مامڵەتی دانەوێڵە دەکەن.

١٦- بانی: پیاوی چاك، باغی: پیاوی زاڵم، خەوف: ترس، طیفلی مەردم: منالی خەڵك، عەیال: ژن و منالێ، ئەهلی زەنگان: قوڵە رەشە کۆیلەکان. / لەناو سەربازو فەوجەکانی لەشکری بەناو ئیسلاما، ئەوە نییە بڵێی ئەمە پیاوی چاکەو ئەوە خراپ، منالی خەڵك لەترسی ئەوان وەکو ژن و منالی قولەڕەشە کۆیلەکان زراو تۆقیو بوون.

١٧- صەف: ریز، مەقروض: قەرزدار، ئیلیتزامی حاصیل: باجی داهات، تەبدیل، خۆگۆڕیو، ثەنهان: کەسێ خۆی حەشار بدات ـ شاراوە. / خەڵکێك هەبوون زەوی دەوڵەتیان بە ئیجارە وەردەگرت، لەبەرامبەردا ١٠٪ی داهاتەکانیان دەدایە دەوڵەت، بەڵام بەهۆی بارودۆخەکە نەیانتوانیبوو زەویەکان بەناو بهێنن، ئەنجا کەوتبوونە ژێر باری قەرزی ئیدارەی رۆمەکانەوە، بۆیە ڕایان کردبوو لە ناو هەورامی و کوردا خۆیان حەشاردابوو، وەکو سالم دەڵێ.

لــە فیکــری ئیلتیزامــا شــەو دەکــەن شــوورا لەبــەر عوســرەت
ســەحەر بــۆ هــەولی قــووتی شــەو لــە نــاو شــارا پەرێــشانن[18]
ئەوانـــــەی بەرشکەســــــتی ئیلتیزامـــــی حاصـــــڵی ڕۆمــــــن
لــە تــاو بێنــە و نییــە، گاگــەل چــەرێنی مــیری جافــانن[19]
ضـەرەرکـــەردەی ئیجـــارەی پادشـــاهی چـــوونە دەروێـــشی
فـــەقیری مـــوڵکی (هەوشـــار)و غـــەریبی شـــاری (تـــاران)ن[20]
بــە دێهقــانی بڵاوبــوون دایــرەی بــێ کــەس بــە (قــۆپی)دا
لە (بەڵخە)و (دووکەر)و (نـەوتێ)و (دەلووجـە)و (سـەیو سـێنان)ن[21]
بــە کـــەوبازی خـــەریکن دەســـتەیی مـــەعزوولی بـــێ ئاغـــا
مـــــوقیمی (قارەمـــــان)و (مێـــــوڵی)و (تیمـــــار)و (باغـــــان)ن[22]

---

١٨- لـەفیکری ئیلتیزامـی: لـە بـیری ئـەو قەرزدارییـە، شـوورا: پـرس و ڕاگۆڕینـەوە، عوسـرەت: نەبوونی، قووتی شەو: نانی شێوان.

ئەوان شەوانە کۆ دەبنەوەو راوێژدەکەن و تاوتوێی ئەو قەرزو قۆڵەیـە دەکـەن کـە بـە هۆی نەبوونییەوە بەسەریاندا کەڵەکە بـووە، بـۆ بـەیانیش تـا ژەمـە نانێـك بـۆ شـێو پەیـدا بکەن، بە ناو شارا پەرت و بڵاودەبنەوە.

١٩- بەرشکەست: لە کاتی خۆیدا نەیانتوانیوە باجەکان بدەن بۆیە سزایان کەوتۆتە سەر. گاگەل چەرێن: گاگەل لەوەڕێن، / ئەوانەی سـزای قورسـی پاشخستنی باجـەکانیان لـە ئەسـتۆدا کەڵەکە بووە، لە تاوی کێشمەکێشی بێنەو نییـەی دەسـەڵاتدارانی ڕۆمـی، ڕایـان کـردووە و چوون بوونەتە گاوان لای بەگزادەکانی جاف.

٢٠- ضەرەرکەردەی ئیجارەی پادشاهی: ئەوانەی کە لە بە ئیجارەگرتنی زەوی و زاری دەوڵـەت زەرەرمەند بوون. / ئەمانە کە بەم شێوەیە دووچاری زەرەرو زیان بوون ئەمڕۆ یا ئەوەتا بە هەژاری لە ناوچەی هەوشارا ژیان بەسەر دەبەن یا ئەوەتا لە تاران غەریب کەوتوون.

٢١- دێهقـانی: وەکـو جووتیـارو سـەپانی دێهـات، قـۆپی: دۆڵ و شـیوەکانی ناوچـەی قـەرەداغ، دایرە: دەستوپێوەند. / ئەو دەستوپێوەندانەش کە بێ پشتوپەنان بۆ جوتیاری و سەپانی بە دێهاتەکانی قۆپیدا بڵاوبوونەتەوە.

٢٢- مـەعزوول: دابڕێنـدراو، مـوقیم: نیـشتەجێ. / ئەوانـەی لـە ئاغـاو پاشـاکانیان دابـڕاون، وا خەریکی کەو بازین و لەو دێهاتانەدا نیشتەجێ بوون.

حەیادارانی بێ حورمەت لە تاو بێ مالیو عوسرەت
فەقیری دێی (فەقیرە)و (تەکیە)و (ئەستێڵ)و (تافان)ن[٢٣]
گروهێ چەمچەتاشن هەر وەکو ئوستادی خوانساری
لە دێی (تەنگی سەر)و (زەییومەر)و (تیمار)و (دۆڵان)ن[٢٤]
نەدیمانی قەدیمی موستەعیددن بۆ خەرەکداری
بە یادی توربەوو کاهو جەوو ئەفسارو پالانن[٢٥]
قەدیم تەنپەروەری نازن، بە بازارا غوبار ئالوود
ئەگەر گاباری کائاوەر، وە گەر هیزەم فرۆشانن[٢٦]

---

٢٣- حەیادار: بە ناموس، بێحورمەت: بێ نازکەوتوو. / ئەوانەی خەڵکی بە حەیاو بە ناموس بوون ئێستا بێ نازکەوتوون، بە هۆی نەبوونی و دەستتەنگییەوە، چینی هەژاری ئەو گوندو دێهاتانە پێك دێنن.

٢٤- چەمچە: کەوگیر - کەفگیر، ئوستاد: وەستای کارامە، خوانسار: شارۆچکەیەکی نزیك ئەسفەهانە، خەڵکی بە هونەری دەستڕەنگینی و کەلوپەلی لە دار دروستکراوی لێ هەڵ کەوتووە. / سالم لێرەدا دەڵێ: هەندێك لە لێقەوماوانی بابانەکان لە دروستکردنی ئامێرو ئامرازی لە دار داتاشراو، وەکو کەوگیرو ئەو شتانە وەکو وەستای خوانسارییان لێ هاتووە ئەوەندە کارامەبوون وا لەم دێیانەدا خەریکی ئەو کارەن.

٢٥- نەدیمانی قەدیمی: ئەوانەی لە کۆنەوە دۆست و هاو پیاڵەی بادە بوون، موستەعید: ئامادە، خەرەکداری: مەیتەرداری - خەربەندە - بەخێوکردنی وڵاخی بەرزە. توربە: توورەکەی کا کە بەسەر وڵاخەوە دەکرێت. ئەفسار: هەوسار، پالان: پاڵوی دواوەی کورتان. / ئەوانەی هەمیشە هەر یاری بادەو کۆڕی مەینۆشی بوون، ئەمڕۆ ئامادەن مەیتەرداری بکەن. لە بری مشوری کۆڕی بادە لە خەمی دابینکردنی کەرەستەو ئەسبابی مەیتەرداریدان، لە وێنەی هەوسارو پالان و کاو جۆی ئالیکی وڵاغ.

٢٦- تەن پەروەری ناز: بەناز پەروەردە بووەو قەت ئارەقی نەڕشتووە، غوبار ئالود: تۆزاوی، کا ئاوەر: کاکێش، هیزەم: داری قەلاشکەری. / ئەوانەی هەر لە نازو نیعمەتا بوون قەت ئارەقیان نەڕشتبوو، ئێستا بە بازارا تێدەپەڕن تۆزاوی و پۆخڵ، یا ئەوەتا بە دوای باری کاوەن کە بەگا دەیکێشنەوە، یا ئەوەتا بە دوای باری داری قەڵاشکەرییەوەن، واتە بوونەتە دار فرۆش لە بازاڕ.

**لــــه بیمـــــی تازیانــــەی مــــەردی ڕۆمــــی ســــەییدو صــــۆفی**
**بــــە ئومێــــدی گــــەزۆو مــــازوو لــــە بــــن داری (مــــەریوان)ن[٢٧]**
**هونەرمەنــــدانی شــــێرئەوژەن قــــەوی دەســــتانی پیــــل ئەفگــــەن**
**لــــە ڕووی غەواصــــی ئــــەتراکا وەکــــو ڕووبــــەهـ گــــوریزانن[٢٨]**
**کوهــــەن ســــەوداگەری شــــاری، لــــە شــــوورا مەصــــلەحەت بیــــنن**
**وەلیٚ نۆکــــەر بــــە بــــەققالی، تــــرازوو بــــازی دووکــــانن[٢٩]**
**کرێکــــارانی ناکــــەس بــــۆ بناغــــەی کوڵبــــەیی دیهقــــان**
**لــــە خانــــەی کــــاولی نۆکــــەر پەیاپــــەی خــــشت کێــــشانن[٣٠]**

---

٢٧ـ بیم: ترس، تازیانە: قامچی، مەردی ڕۆمی: پیاوەکانی تورك. / پیاوە ڕێزدارەکانی وەکو شێخ و سەیدو موریدو سۆفیش لە ترسی قامچی پیاوەکانی تورك لە شارا ڕایان کردووە، وا لە ناوچەی مەریوان گیرساونەتەوە و بوون بە مازوو چن و گەزۆکەر.

٢٨ـ شێرئەوژەن: دلێرو ئازا ـ ئەوەی شێر دەدا بە ئەرزا، پیل ئەفگەن: بەهێزو توانا کەفیل بدا لە زەوی، غەواص(قەواص): تیر هاوێژ، ڕووبەهـ: ڕێوی، گوریزان: هەڵاتوو. / پیاوە دلێرو بەهێزو ئازاکان کە شێریان دەبەزاندو فیلیان دەخست بەزەویدا، ئێستا لە چنگی پیاوە تیر بە دەستەکانی تورك وەکو ڕێوی ڕا دەکەن.

٢٩ـ کۆهەن سەوداگەر: کۆنەچەرچی ـ ساتوسەوداچی، شوورا: شوێنی پرس و ڕا گۆڕینەوە، مەصلەحەت بین: ئەوانەی دەستنیشانی بەرژەوەندی خەڵکی دەکەن، ترازووباز: ترازووگر. / ئەوانەی کە لە کۆنا چەرچی بازاڕو پیشەیان دەلالی و کڕین و فرۆشتن بوو، ئێستا بوونەتە پیاو ماقووڵی شوراو ئەوانن کە تاوتوی چاکە و خراپە و بەرژەروەندی خەڵك دەستنیشان دەکەن، کەچی مووچە خۆرو دەستو دایرەکانی بابانەکان ئەمڕۆ لە بازاڕ بە بەقاڵییەوە خەریکن و بەم شێوەیە تەرازوو ڕادەگرن.

٣٠ـ ناکەس: کەس نەناس، کوڵبە: کوخ ـ زنج، پەیاپەی: بەردەوام. / لە دوای ئەوەی لەشارا خانووی نۆکەران وێران و کاول و بێ خاوەن ماونەتەوە، کرێکارانی کەس نەناسیش پەیتاپەیتا دەیان ڕووخێنن و خشتەکانیان بۆ دێهات دەکێشنەوە، لەوێ جوتیاران دەیانکەن بە بناغەی بۆ کوخەکانی خۆیان.

به ڕێی بیم و خەطەردا یەك بە یەك بۆ قاصیدی چاکن
بەبێ تەکلیفی ڕەهزەن، خود بە خود بێ چیزو عوریانن[٣١]

صەفی مەقرووضی بێ تەوسەن لەسەهمی (سەن سەن)ی ئەتراك
وەکو عاشق لە هیجرانا یەکایەك ئەشك ڕیزانن[٣٢]

گەهی (قلب الاسد)ئەزبەسکە بێ سایەن لەوادیدا
وەکو مەجنوونی صەحرایی لەبن خاری موغەیلانن[٣٣]

کزەو دوودی کەباب دەردێ لە مەطبەخهای بێ دوودا
بە یادی قووتی شامی شەو جگەرها بەسکە بوریانن[٣٤]

---

٣١- بیم: ترس، قاصید: پەیك و نامەبەر، تەکلیف: داوا، ڕەهزەن: ڕێگر، خودبەخود: لە خۆڕا. / نۆکەرو دەستو پەیوەندە لێقەوماوەکانی بابانی، ئێستە بۆ ئەوە باش و گونجاون بکرێن بە پەیکچی و نامەبەر، وە بۆ کام ڕێگا مەترسی دارو خەتەرناکە ڕەوانە بکرێن چ کێشەیەك لە ئارادا نابێت، چونکی ئەوان خۆیان ڕووت وڕەجاڵ و بێ شتومەکن، هەتا پێویست بەوەش ناکات ڕێگرو چەتە لە ڕێگادا ڕووتیان بکەنەوە، چونکێ خۆیان ڕووتو قووتن خاوەنی هیچ نین.

٣٢- بێ تەوسەن: سەرکێش ـ ڕام نەبوو، سەهم(سام): ترس، سەن سەن: ئەتۆ ئەتۆ ـ بە تورکی، ئەشك ڕیزان: چاو بەفرمیسك. / ئەوانەی ژێر قەرزو قۆڵە کەوتوون، لە دەرگاو دایەرەکانی ڕۆمەکاندا کاتێ کەڵەکە دەبن و ڕیز دەبەستن، لە سام و ترسی سەربازانی تورك کە تێیان ڕادەخوڕن چاویان پڕ دەبێ لە فرمێسك، وەکو بابایەکی عاشق کە لە یارو دیاری دابڕابێت.

٣٣- گەهی قلب الاسد: کاتی ناوەڕاستی هاوین— قلب الاسد ئەستێرەیەکە لە ناوەندی هاوین و لە کەلوی شێردا بە دیار دەکەوێت. ئەز بەسکە: ئەوەندە، بێ سایە: بێ سێبەر، وادی: دۆڵ و شیو، خار: دڕکەڵان، موغەیلان: خۆی(ئوم غەیلان)ە، درەختێکی دڕکو داڵاوی سەحرابییە، کەتیرەی لێ وەردەگیرێت، ڕەنگە گوێنی سەحرایی بێت، غەیلان کۆی غوولە، واتە دایکی غوول و دێوو درنج. / لە کاتی چلەی هاویندا و لە چرقەی گەرمادا، لە دۆڵ و شیوەکاندا وێڵ و سەرگەردان بوون و ئەوەندە بێ سێبەر و سایەن هەر دەڵێی مەجنوونی بیابان نشینن و لەژێر دارە دڕکەڵانی موغەیلانا کەوتوون.

٣٤- دوود: دوکەڵ، مە طبخ: شوێنی چێشت لێنان، مە طبخهای بێ دوود: ئاماژەیە بۆ هەناوی هەڵقرچاویان، قووتی شام: نانی ئێوارە ـ شێوان، جگەرها: جەرگ و دڵ، بوریان: برژاو. /

**طەلەب ناکا گەدا قەد سوویی سفرەی صاحیبی نیعمەت**
**لە تاو ئەحواڵی بێ نانی لە هەرجا خوانە میهمانن**[٣٥]
**بە ظاهیر خوڕڕەم و شادن لە رووی تورکی (ئەڕۆملی)دا**
**لە دڵدا گەرچی دیگ ئاسا بە مەخفی جوملە جۆشانن**[٣٦]
**بە ئەحواڵی ملووکانی گەدا پەروەر دڵم سووتا**
**لە بابانا ئەمێستە موستەحەققی خێرو ئیحسانن**[٣٧]
**لە جەوری چەرخی گەردوون بەسکە حەیرانن بەناچاری**
**بەلەب خەندان و شادانن، بەدڵ غەمگین و گریانن**[٣٨]

---

دەروونیان وەك تەنووری چێشتخانەیە، دڵ و جگەریان هەڵقرچاوەو بووەتە کەباب تیادا، لەبرسانا کزەیان لە دەروونەوە دێ و ئاهو هەناسەیان لە تاوی دەروونی هەڵقرچاویانەوە، وەکو دووکەڵی بێ ڕەنگە کە بۆنی کزەی دەروونیان پەخش دەکات.

٣٥ـ طەلەب ناکا: بەلایەوە ناچێ ـ ناخوازێ، سوو: بۆلای، سفرەی ساحێبی نیعمەت: خوان و خۆراکی ئەو خاوەن ماڵانە، لە هەرجا: لە هەر شوێنێ، خانە میهمانن: میوانی ماڵی خۆیانن. / سواڵکەرو گەداش بەلای خوان و سفرەی ئەواندا ناڕۆن و ڕوویان لێ وەردەگێڕن، چونکی دەزانن ئەوان خۆیان بێ نان و خۆراکن، وەك ئەوەن کە میوانی ماڵی خۆیان بن، واتە هیچیان لەسەر سفرە و خوانا نییەو چاوەڕێن خەڵکی دیکە بەڵکو شتێکیان بۆ بەرن.

٣٦ـ بە ظاهیر: بە ڕواڵەت، خوڕڕەم: دڵخۆش، رۆملی: سەربەڕۆم ـ دانیشتوانی ئاسیای بچووك کە تورکی عوسمانی بوون، بەڕۆم ناسراون چونکێ هاتوونەتە سەر شوێنەواری ئەوان. دیگ ئاسا: وەکو مەنجەڵ، مەخفی: بەنهێنی. / نۆکەرانی بابان لە شارا لە بەرامبەر رۆملیە تورکەکان، بە ڕواڵەت خۆیان شادو خۆشحاڵ نیشان دەدەن، ئەگەر چی لە دڵداو لە ژوورەوە وەکو مەنجەڵ لە کوڵدان.

٣٧ـ بە ڕاستی من ئێستە دڵم بە پاشا و کاربەدەستانی بابان دەسووتێ، هەتا دوێنێ هەر ئەوان بوون بەخشندەو خێرۆمەندو هەژار پەروەر، کەچی ئەمڕۆ گێتی گۆڕاوە، لە وڵاتی بابانداو لەسەر خاك و نیشتمانی خۆیان ئەمڕۆ ئەوانن کە بوونەتە شایستەی ئەوەی خێرو چاکەیان لە ئاستدا بکرێت.

٣٨ـ جەور: زوڵم، بەسکە: ئەوەندە، حەیران: سەرگەدان، لەب: لێو. / لە زوڵم و جەوری چەرخی ڕۆژگار سەر لێشێواو بوون، بۆیە ناچار لە ڕوودا شادو دەم بەخەندەن، وەلێ لە دڵدا غەمبارو پرسەدارن.

بــه نامـــەردی سەراســەر میثلی گــەرگینن لـــەلای ڕۆمـــی
ئەگــەر ڕووبــین تــەنی عەهــدن، وەگــەر سـامی نــەریمانن[٣٩]
نیظامـانی مـــولازیم مەنـــصەبی ماضـی بحــــــــــــمداللّٰه
لــە لادێــدا بــە دوو شـایی هــەموو جــۆ چــێنی دیهقــانن[٤٠]
خیانـــــەت پیــــشەگانی فـــــەوجی بیرئینجــــی لەبرســـــانا
بــە ناچــاری لــە دێــی (صــۆفی لــەرا) وەرزێــری دۆمــانن[٤١]
مەلــەخ طـەبعــن لــە هێــشووی دەغلــی دێهقــان بەهــەر لادا
لــە نــاو جـاڕی گــەنم هەریــەك وەكــو داهــۆڵی خــەرمانن[٤٢]

---

٣٩ـ میثلی: وەکو، گەرگین: گـڕوێ یـاخود نـەوەی گـورگ، ڕووبـین تـەن: لـە بنەڕەتـدا (ڕوویـن تەن)ە، ڕوو: مەعدەنێكی قایمە شیرو تیر نایبڕێ، لە داستانی شانامەدا ڕۆستەم بە (ڕوویـن تەن ـ واتە ـ تەن ئاسنین) ناسراوە. عەهد: سەردەم، سامی نەریمان: باوكی ڕۆستەمی زاڵە. / پیاوانی ڕۆم ئەوەنـدە بـە نامـەردی سـەیری بابانییـەكان دەكـەن وەك ئـەوەی یەكپارچـە هەموویان گڕوێ بن، یاخود وەكو ئەوەی لە پشتی گورگا وەپاش كەوتبن هەموو دڕنـدەبن، لەگەڵ ئەوەی كە ئەوان لە وێنەی ڕۆستەمی زەمانە بن یا وەكو باوك و باپیری ڕۆسـتەمیش بن، ئەوا لەلای ڕۆمەكان هەر بێ ئیعتیبارن.
٤٠ـ نیزام: سەرباز، مولازم مەنصەب: هەمیشە لە دەسەڵاتا بوون، ماضی: لە رابردوودا، شـایی: دراوێكی كەم قیمەتی ئێرانی سەردەمی قاجاری بووە كە بەهاكەی ١/٢٠ی ریاڵێك بووە. / ئەو عەسكەرو سەربازانەی كە لە ڕابردوودا هەمیـشە دەسـەڵات بـە دەسـت و خـاوەن پلـەو پایە بوون، ئەمڕۆ شوكر هەرچاكە ئەوەشیان چنگ دەكەوێ لـە لادێـدا بـە دوو شـایی ببنـە وەرزێرو جۆ چێنی دێهاتییەكان.
٤١ـ خیانەت پیشەگان: ئەوانەی كارو پیشەیان ناپاكی و خیانەتە، بیرئینجی: یەكەم/ ئەو نیزامی و سەربازانەی كە هەمیشە پیشەیان ناپاكی و خەیانەت و ئەمبەرو ئەو بەر بووە لە ناچـاری كە كاتی خۆی سەر بەفەوجی یەك بوون، ئەمڕۆ وا لە برسـاناو لـە ناچـاری لـە دێـی سـۆفی لەردا بوون بەوەرزێر، ئەویش وەرزێری كەس نا هی دۆمان!.
٤٢ـ مەلەخ: كولله، طه بـع: سروشـت، هێـشوو: وشـی كردنـەوە ـ گـوڵ وەچـنێ، جـاڕ: تـەبارە، داهۆل: كۆتەڵێك لە دارو لە پەڕۆك لەسەر شێوەی مرۆڤ دروست دەكرێت لە ناو جاڕی دەغڵ و باغ و بێستان دادەندرێت، تا مەل و تەیرو توار لێـی بترسـن و دووركەونـەوە/ سروشـتیان وەكو كولله وایە ڕوو لە هەر لایە بكەن لـە نـاو دەغـڵ و دانـی جوتیارانـا دەیبڕنـەوەو تاقـە

**دریغــــا بـــــۆ ســــوارەی خاصـــــصی پاتـــــەختی ســــلێمانی**
**لــە (قرگــە)و(قزلــەر)و(قــورخ) بــە ڕووتــی جوملــە گــاوانن[٤٣]**
**بەسێ سەگ مەرگ و بێ عـارو گـران جـان و سـەبوك عـەقلن**
**ئەوانــەی ئــەهلی بابــانن بــە دڵ لــەم عەهــدە خەنــدانن[٤٤]**
**لــــــــــە ئــەوضاعی ســلێمانی ئەوانــەی شــادو ئاســوودەن**
**له فەرعا نـوطفەیـی حـەیضن، لـە ئەصـلا جنـسی شـەیتانن[٤٥]**
**لـە ئەصـلا بـانی ئـەم کـارە کـــــاسبهای شەهـــــری بـوون**
**لــە ئــەمری فیتنــە ئــەنگێزا سەراســەر میــثلی (مــەروان)ن[٤٦]**

---

گوڵی تیادا ناهێڵن. ئەنجا خۆشیان ئەوەند شڕو وڕن له ناو تەبارەی گەنما دەڵێی داهـۆڵن و له تەك خەرمان و تەبارەدا چەقێندراون بە جۆرێك مەل و تەیرو توار لێیـان دەسـڵمێنەوە و ڕا دەکەن.

٤٣. دریغ: حەیف، سوارەی خاص: سوارچاك، جوملـە: بـە کۆمـەڵ/ سـەت حـەیف و مخـابن بـۆ سوار چاکانی شاری پایتەختی بابان، یاخود بۆ شۆڕە سـوارانی شـاری پایتـەختی سـلێمان پاشـا، کـەوا بـە کۆمـەڵ و لـە دێهـاتی قرگـەو قزلـەرو قـورخی(ناوچـەی مێرگـەپانی بنـاری پیرەمەگروون) بە شڕو وڕی بوونەتە گاوان.

٤٤. بەسێ: هەندێ، سەگ مەرگ: مرۆڤی گیان سەخت ـ یاخود ئاماژەیە بۆ گوزەرانی بەسەختی و بەتاڵی. بێ عار: بێ ئابڕوو، گران جان: گرانفرۆش، سەبوك عەقل: عەقل سـووك ـ گـەوج/ هەندێ لەو سوارانەی بابان، بە گیان سەختی دەژیـن، شـەرم و ڕوویـان نـەماوە، بووونەتـە گرانفرۆشـی بـێ هـۆش، لـە ڕاستیـشدا بـە تایبـەتی ئەوانـەی کـە خـەڵکی بابـانی و کـەمێك تێگەیشتوون، له دڵدا گاڵتەیان بەو وەزعە دێت.

٤٥. ئەوضـاع: بـارودۆخ، ئاسـوودە: بـێ خـەم، لـە فـەرعا: لەسـەرێکەوە، نـوطفـە: ئـاوی پیـاو، حەیض: خوێنی پیسی ژن، ئەصل: ڕەچەڵەك، جنسی: ڕەگەز/ ئەنجا ئەو کەسانەی کە لەم هەلومـەرج و بارودۆخـەی سـلێمانی دا شـادو دڵخـۆش و ئاسـوودەن، دیـارە ئەمانـە لـە سەرێکەوە لە دڵۆپی خوێنی پیسەوە خولقاون و لـە بنەڕەتیـشدا لـە ڕەگـەزو ڕەچـەڵەکی شەیتانەوە وەپاش کەوتوون، ئەمە جنێوێکی زۆر گەورەیە سالم ئاڕاستەی بەشێکی خەڵکی شارەکەی دەکات.

٤٦. لە ئەصلا: لە بناوانەوە، بانی: ڕێکخەرو دامەزرێنەر، کاسبها: کاسبکاران، شـەهری: شـاری، فیتنـە ئـەنگێز: فیتنەچـی، مـەروان: پیـاوێکی فیتنـەبازو هەلپەرسـت بـووە، لەسـەردەمی

گــەهێ هەمــدەردی ئــەکرادن، گــەهێ هــەمرازی ئــەتراکن
لــە یــەك لا مــادەری بــەرپەن، لــە یــەك لا یــاری گورگــانن(٤٧)
لـــە ضـولمی چـــەرخی چـــەپگەردش درێغـــا، حەســـرەتا، دادا
بــە میثلـی (ســالم)ی بێکــەس، گــەلێ کــەس وێڵــی شــارانن(٤٨)

---

عوسمانەوە تا ڕۆژگاری یەزیدی کوڕی معاویە ژیاوەو هەر ڕۆژەی لەبەرەیەکا بووە، لە شەڕەکانی نێوان مەدینەو شام دا ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە (بڕوانە: لغتنامە، هخدا، ج١٣،ص٢٠٧١٥)/سالم تاوانێکی ناقۆلا دەخاتە ئەستۆی کاسبکاران و بە بناغە داڕێژی ئەم کارەیان دەزانێ، لە ڕاستیدا دوور نییە خەڵکی شارەکە، کاسبکارو بازرگان و ئەهلی بازاڕ لە شەڕو دووبەرەکی ناوخۆیی نێوان خودی بابانەکان، کە هەر جارەی ئەوان زەرەری زۆریان بەرکەوتووە، وەڕەزو بێزار بووبن، بۆیە لەگەڵ باردۆخە تازەکە خۆیان گونجاندووە تا پشوویەك بدەن و ماڵوێرانی تۆزی یەخەیان بەر بدات، بەڵام سالم ئەم حەقیقەتەی بۆ قووت نادرێت، بە ناپاك و فیتنەچییان لە قەڵەم دەدات ناو و ناوبانگییان دەزڕێنی، مەسەلەکە دەخاتە ئەستۆی ئەوان.

٤٧ـ گەهێ: ڕۆژێ، هەمدەرد: هاودەرد، هەمراز: هاوڕاز، مادەر: دایك، بەڕە: بەرخ، یار: دۆست و هاوکار. / دەڵێ ئەم کاسبکارانە دوو ڕوون، لە سەرەوە هاودەردی کوردانن، لە ژێرەوەش کلکیان لەگەڵ تورکان گرێ داوە هاوڕازی ئەوانن، بەدەردی مەسەلە کوردییەکە: لەگەڵ مەڕدا شین دەگێڕن و لەگەڵ گورگیش شایی دەکەن.

٤٨ـ چەرخی چەپگەردش: ڕۆژگاری سپڵە (کە بە کەچی و خواری دەگەڕێ)، درێغ: حەیف، حەسرەت: داخ، بە میثلی: لە وێنەی، وێڵ: ئاوارە/لە زوڵم و زۆری ڕۆژگاری سپڵەو نارێك و خراپا، پیاو هەر دەبێ حەیف و داخ و ئاخ و ئۆف هەڵکێشی، ئەمڕۆ گەلێ کەس وەکو سالم بێ دۆست و یارو پشتوپەنا ماونەتەوە و وێڵی شاران بوون.

## د- تایبه تمه ندییه‌كانی شیعری سالم

بۆ ناسین و دەستنیشانكردنی خەسڵەت و تایبەتمەندی هەر بەرهەمێكی ئەدەبی و هونەری پێویستە لە خودی بەرهەمەكەوە دەستپێبكەین و لەوێدا بۆی بگەڕێین، تاوەكو ئەدگارە تایبەتی و بابەتییەكانی بەرهەمەكەمان بۆ یەكلایی بێتەوە، ئەنجا ئەو ئەدگارانە دەبن بە مۆرك و ناسنامە بۆ ئەو بەرهەمەو لە بەرهەم گەلێكی دیكەی جوێ دەكەنەوە. لە دەوركردنەوەیەكی شیعرو بەرهەم و دیوانی سالم دوو جۆرە تایبەتمەندیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

- **تایبەتمەندی گشتی شیعرو بەرهەمی سالم.**
- **تایبەتمەندی تایبەتی شیعرو بەرهەمی سالم.**

سەبارەت بە خاڵی یەكەم، لەوێدا لە زۆر ڕووەوە بەرهەمی شیعری سالم لەگەڵ شیعرو بەرهەمی شاعیرانی هاوسەردەمەكەی، بە تایبەت نالی و كوردی، یەك دەگرێتەوەو لە لایەنی فۆرم و روخسارەوە، وێكڕا جۆرە زمان و شێوازێكی شیعری تایبەتی كۆیان دەكاتەوە، كە دەتوانین ناوی بنێین شێوازی سەردەم یا شێوازی شیعری كلاسیكی كوردی قوتابخانەی بابان، وە هەر ئەوان بوون كە بەو زمان و شێوازە شیعرییە یەككگرتووەیان، ڕێبازێكی شیعری گشتییان لەسەردەم و قۆناغێكی دیاریكراودا لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا جێگیر كردووە.[٣١]

بۆیە شیعری سالم لە تایبەتمەندییە گشتییەكانیدا، لە ڕووی چۆنییەتی بەكاربردنی كێش و سەرواو هونەرەكانی ڕەوانبێژی و فەرهەنگی وشەو زمان و داڕشتن و دەربڕین و مەبەستەكانی شیعری لەگەڵ جووتە شاعیری هاوڕێیدا یەك دەگرێتەوە. بەڵام لە هەمان كاتدا شیعرو بەرهەمی سالم لە زۆر لایەن و ڕووكارو وردەكاری دیكەوە لە شیعری هاوڕێكانی دادەبڕێت و جیهانێكی تایبەت و پەیوەست بە خودی سالم پێك دەهێنێت، ئەمەیان خاڵی دووەمە، واتە شەقڵ و سیماو تایبەتمەندییە تایبەتییەكانی بەرهەمی سالم كە لە بواری لێكۆڵینەوەی ئەدەبیدا بە شێوازی تاكە كەس دەناسرێت.[٣٢] لەم ڕووەوە هەر بەرهەم و كارێكی ئەدەبی تایبەت، دەبێت بە ئاوێنەی باڵا نوێنی نووسەرەكەی، چ لە ڕووی هونەرییەوە بێت یا لەڕووی مرۆڤایەتی.

ئەنجا لەمەوە فەرهەنگی زمان و شێوازو بیرو چۆنیەتی دارشتن و دەربـڕین... دەبن بەو پەیژەیەی کە لە ڕێگەیـەوە دەمانگەیەنێتـەوە بـە خاوەنەکـەی، لەمـەوە شێوازی تاکە کەس لای هەر شـاعیرو نووسـەرو داهێنـەرێك دەبێـت بـە حەقیقـەت، کاتێك دەبینین هـەر خوێنـەرێك کـە ڕادەیـەك لـە کارامـەیی و شـارەزایی هـەبێت و تێکستێکی ئەدەبی بخرێتە بەردەم، با یەکـەم جـاریش بـێ کـە دیبێتـی، هـیچ لای زەحمەت نابێت کە خاوەنەکەی بناسێتەوە.[٣٣] لێرەدا دەلیل و ڕێ نیشاندەر، هەر ئەو وشەو دارشتن و تەعبیرو واتا و چەمك و تێگانە دەبێت کە تایبەتن بەو کەسـەو وەك ئەوە وایە کە بووبن بە موڵکی تایبەتی ئەو.[٣٤]

ئەنجا هەر یەکێك کە لە شێوازو بیرو دەربڕینی شاعیرێك شارەزا بێـت، زۆر بـە ئاسـانی دەتوانێـت، قەسـیدەیەك، یـا بەرهــەمێکی ئــەدەبی تایبــەتیش بخاتــە دەرەوەی جیهانی ئەو شاعیرەوە، وەك ئەوەی هەندێ لە نالی ناسان، گەوهـەرناس ئاسا، هەر بە کەمێك دیدو تێڕامان بەرهەمی نالی ناس دەکەن و هی غـەیری نـالیش دەخەنە دەرەوەی جیهانی ئەوەوە. لەم پێشەکییەوە لێـرەدا وەکـو دەق، ئاوڕێـك لە تێکستی قەسیدەکەی پێشوو دەدەینەوە و بە گوێرەی بەڵگەو نموونـەکان لێـی دەکۆڵینەوەو تاوتوێ دەکەین.

**١ . سالم و سەبکی هیندی:**

سـالم جـۆرە شـێوازێکی سـەخت و گـران و ئـاڵۆزی هەیـە و کردوویـە بـە شێوازێکی دیار بۆ زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی، ئەو شێوازەش لە ئەدەبیاتدا بە (سـەبکی هینـدی) نـاو دەبرێـت.[٣٥] دیـارە هۆکارەکـانی پێڕەوکردنـی سـالم لـەو شێوازە دیارن و لە پێشەوەیاندا ئاڵۆزی ژیانی خودی سالم و ڕادەی کاریگـەری بـە ئەدەبی فارسی وئێرانییە، ئەوە جێـی باسـی ئێـرە نییـە، بـەڵکو مەبەسـت خـودی سەبك و شێوازەکەیەو تا چەند لە شیعری سالم ڕەنگی داوەتەوە:

أ ـ دیارترین شـەقڵی سـەبکی هینـدی ، گرێـدان و سـەفەر کردنـە لـەنێوان هەستی و ناهەستیدا لـە یـەك بـەیتی شـیعر . شـاعیر لـە وێنـەو واتـاو کەرەسـتەی ناهەستی و هۆشەکییەوە لەنیوە دێڕێکدا ، بۆ وێنەو واتاو لێکدانەوەی شتی دیارو

هەست پێکراو دەچی لە نیوە دێڕەکەی تر، ئەویش لەڕێگەی نواندن و لێکچوواندنەوە [٣٦].

ئەنجا سالم بە پێڕەوی لەم ڕێبازە زۆر جار لەنیوەی یەکەمی دێڕە شیعرێکدا بیرەکەی دەردەبڕێ. لەنیوەی دووەمدا نموونەی ئەو بیرە بۆ ڕۆشنبوونەوە دەخاتە ڕوو. بیرەکە لە نیوەی یەکەم ناهەستییەوە دەبێ بە عەقڵ و هۆش بۆ بچین، لەنیوەی دووەم بیرەکە بەرجەستەیە بەهەستەکان دەیبینین یاخود هەستی پێ دەکەین:

| | |
|---|---|
| جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لە بێ چێزی | ناهەستی |
| لە ژێر باری غەما هەریەك لە خەمدا میثلی چەوگانن | هەستی |

******

| | |
|---|---|
| نەدیمانی قەدیمی موستەعیدن بۆ خەرەکداری | ناهەستی |
| بە یادی توربەوو کاهو جەوو ئەفسارو پالانن | هەستی |

******

| | |
|---|---|
| درێغا بو سوارەی خاصی پاتەختی سلێمانی | ناهەستی |
| لە (قرگە)و (قزلەر)و (قورخ)، بە ڕووتی جوملە گاوانن | هەستی |

لەم نموونانەدا هەموو نیوە دێڕەکانی دووەم دیارخەری وێنەی بەرچاو و بەرجەستەو دیارن بۆ نیوە دێڕەکانی یەکەم، لەنیوە دێڕەکانی یەکەم مەبەستەکان بە بیرۆکەی ناهەستی خراونەتە ڕوو، لە دووەمدا بیرۆکەو وێنەکان هەستی و بەردەستن، دەتواندرێت زۆر نموونەی دیکەی لەم جۆرە لە تێکستەکەدا بخرێتە ڕوو.

لە سەبکی هیندیدا شاعیر ناوەرۆکی وردو بیری پێچاوپێچ و ئاڵۆزو ئەندێشەی دوور لە سروشت لە ڕێگەی لێکچواندنی سەخت و ڕەقەوە لە دێڕەکاندا دەردەبڕێت، با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

لە ظوڵمی چەرخی دوونپەروەر سەخی تەبعانی حاتەمدڵ
بەراهی کۆیی دوونانا لە هەرسوو کاسە گەردانن

واتاو مەبەستی شاعیر بە سانایی دەسگیر نابێت، دەبێ سەرە داوەکان بدۆزینەوەو بە شوێنیاندا بچین ئەنجا لە دواییدا بە یەکەوەیان گرێ بدەینەوە، پێویستە شوێنپێی گوزارەکان هەڵبگرین:

له زوڵمی ⟵ (چەرخی دوون پەروەر) ⟵ (سەخی تەبعانی حاتەمدڵ) ⟵
(بەراهی کۆیی دوونانا) ⟵ لە هەرسوو (کاسە گەردانن).

شاعیر تەنیا بۆ گەیشتن بە (کاسە گەردانن)، چەند پێچاوپێچ ڕۆیشتووە !، دواتر لەم تەعبیرە ناسروشتی و خەیاڵییە ورد بەرەوە: (بەڕاهی کۆیی دونانا)، شتی وا مەگەر تەنها لە خەیاڵی سالمدا بەدی بکرێت.

**به دەستی کەشمەکەش هەر سوو دڕا بەرگی خود ئارایی**
**قـــەبایـــی نــۆکـــەرو ئــاغا هەمـــوو بێ چاک و دامانن**

ئەمجارە با لە کۆتاییەوە دەست پێبکەین، دەپرسین: بۆ بێ چاکو دامانن؟ بۆ وەڵام دەبێ بگەڕێینەوە دواوە تا لە گرێی بەرایی (بە دەستی کەشمەکەش) دەیدۆزینەوە.

ج– ئەنجا هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەبکی هیندی لەم قەسیدەیەی سالم دا ئامادەن، لە وێنەی:

- نائاشنایی و هێنانەوەی واتاو لێکچواندنی نامۆو دەگمەن.
- پەیوەندی چەند لایەنەی وشەکان لەگەڵ یەکتری.
- ناوەڕۆک سازی.
- یاریکردن بە وشەو داتاشینی پێکهاتەی تایبەت.
- زیادەڕۆیی و خەیاڵ بەرزی.
- نەفەسی تووڕەو دەربڕینی رەق.
- شانازی و سەوداسەری سوارچاکی.

دەکرێ بۆ سۆراغکردنی هەر یەکێك لەم ڕەگەزانە لە تێکستەکەدا نموونەیان دەستنیشان بکەین، کە ناکرێ لێرەدا بۆ پاراستنی مەودای باسەکە، دیسان نموونەکان بخەینەوە بەرچاو. وەلی کورتییەکەی ئەمەیە: کە ئەمانە هەموو نیشانگەلێکن کە لەبەرهەمی شیعری سالم و لەم تێکستەشیدا بە تایبەتی بە ڕوونی تیشك دەدەنەوە و خۆیان بە دیار دەخەن، بۆیە شتێك نابینین ئەم قەسیدەیە لە

سالم و لە بەرهەمەکانی دابڕێت، بە تایبەتی ئەو چەند بەرهەمەی کە بە پەیوەندی لەگەڵ بابانەکانەوە نووسراون و، یەك نەفەس و کەش و هەواو فەزای شیعری تایبەت بەسەریاندا زاڵە و هەموویان لەیەك بۆتەدا کۆ دەبنەوە. ئەمە نەفەسی سالمەو لەگەڵ نەفەسی شیعری نالیدا لێك جیان، چونکە شارەزایانی ئەدەب هەموو لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆك و هاوڕان، کەوا جیهانی ئەدەبی سالم و نالی، دووجیهانی جیاوازن. مرۆڤی شارەزاو وردبین دەتوانێت سنووری نێوان ئەم دوو جیهانە دەستنیشان بکات.(٣٧)

**٢ـ وشە و پێکهاتە کلیلییەکان:**

هەموو شاعیرو نووسەرێك خاوەنی وشەو زاراوەو فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆیەتی ئەمە وەکو دیاردەیەك لە سیماو ڕوخساری بەرهەمەکانیدا خۆی دەنوێنێت. سالم زیاتر لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و ئەدەب و فەرهەنگی ئێرانیدا بووە، جا هۆکارەکەی" کۆچ و ڕەوی هەمیشەی خۆی و خانەوادەکەی بووبێ بۆ ئێران، یا بوونی بەشێکی بنەماڵەکەیان لەوێ، یاخود بنەمای خوێندەوارییە زاڵ و باوەکەی بووبێ.(٣٨)

لە کاتێکدا نالی زیاتر پابەندی ئەدەب و رۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی بووە. لێرەدا هەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەو بەرچاوڕوونی، ئامارێکی وشەکاری (عەرەبی و کوردی و فارسی و تورکی) لە هەردوو چامە نێودارەکانیاندا دەخەینە ڕوو، بەسەرنجدانی ئەوەش، چامەکەی نالی: (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) لە (٤٣) دێڕ پێکهاتووە، ئەوەی سالم (جانم فیدایی سروەکەت...)، (٣٦) دێڕە:

| | وشەی کوردی | عەرەبی | فارسی | تورکی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| نالی | ٢٧٩ | ١٣٦ | ٣٨ | ١ | ٤٥٢ |
| سالم | ٢١٩ | ٩٥ | ٧٣ | ـ | ٣٨٧ |

ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی وشەکان:

| وشەی کوردی | عەرەبی | فارسی | تورکی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| نالی | ٪٦١,٥ | ٪٣ | ٪٨,٤ | ـ |
| سالم | ٪٥٦,٦ | ٪٢٤,٦ | ٪١٩ | - |

وەکو دەبینین ڕێژەی زاڵی زمانی شیعری فارسی ئامێزی سالم، لە چاو هی نالی ڕوون و ئاشکرایە. ئەنجا کاتێك سەرنجی قەسیدەکەی جێ مەبەستی ئێمەش دەدەین، دەبینین هەمان دیاردە دووبارە دەبێتەوە:

| وشەی کوردی | | عەرەبی | فارسی | تورکی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٨٥ | ١١٢ | ١٦٨ | ٥ | ٥٧٠ |
| ڕێژە | ٤٩٪ | ٢٠٪ | ٣٠٪ | ١٪ | ١٠٠٪ |

کەواتە لەم تێکستەشدا وشەو پێکهاتەی فارسی و فارسی ئامێز زاڵە، دیارە لەم لایەنەشەوە تێکستەکە سەر بە دنیای شیعری سالمە. ئەمە و لە کاتێکدا بەشێك لە وشەو زاراوە عەرەبییەکانی تێکستەکەش فارسی ئامێزن و سالم لە دۆخی فارسی ئامێزیدا بەکاری بردوون، ئەمە کەش و هەوای نەفەسی سالم لە تێکستەکەدا پڕ ڕەنگتر دەکات.

سالم خۆی زاراوەتاش و پێکهاتە سازێکی تاك و دەگمەنە لە ناو شاعیرانی هاوڕێیدا، لە زۆر ڕووەوە ئەم پێکهاتەو زاراوەسازییانە تایبەت بە جیهانی شیعری خۆیەتی. بۆ نموونە کۆمەڵێك پێکهاتەو گرێی وەسفی کە لەم تێکستەدا هاتوون لە وێنەی: (سەهی قەد، بێ چیزی، پەرێشان خاطر، سیەهبەختان، گیسوویی خووبان، چەرخی دوونپەروەر، خود ئارایی، تورمەپۆش، شەهدنۆش، ناز پەروەر، خانە بەردۆش، جێ نشیمەن، کۆنەخەرپۆشان، چوماغ دەرکەف، ڕۆزگاران، ڕووزەداران، گاگەل چەرێن، حەیاداران، عوسرەت، نەدیمانی قەدیمی، تەنپەروەری ناز، غەریبی تاران، بێ چیزو عوریان، ئەشکرێزان، خاری موغەیلان، ئەز بەسکە، خانە میهمان، گەداپەروەر، نیزام، فیتنەئەنگیز، چەرخی چەپگەردش...) لە داهێنانی بیرو بلیمەتی خودی سالمن، بەشی زۆریان و لە زۆر شوێن و قەسیدەکانی دیکەیدا هاوشێوەیان وە بەرچاو دەکەوێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە شێوازییەکانی شیعری سالم ئەو مەسەلە هونەرییە ڕەوانبێژییە کە بە (پێشخستن) دەناسرێت و لە وێداو لە داڕشتنی رستە و دێڕی شیعریدا سالم هەمیشە بەمەبەستی جەختکردن وسەرنجڕاکێشان (کار)ێك یا (گرێیەکی وەسفی) دەخاتە پێشەوە، وەکو لادانێك لە دەستووری زمانیش،

بەڵام ئەم لادانە هونەرییە و ئامانجدارە، نەك بێ مەبەست بێت و لە نەشارەزایی، سالم دەیەوێ هەر زوو سەرنجی خوێنەر بۆ لای شتێك ڕابكێشێ، پاشان بەشێنەیی دەستی دەگرێت و بەرەو واتاو شیكردنەوەی مەبەستەكەی خۆی دەبات:

بەدا ئەحوالی ئەشخاصێ كە خاصصی موڵكی بابانن
لە بێ دادی فەلەك هەریەك سەراسیمەو هەراسانن
******
بەكەو بازی خەریكن دەستەیی مەعزوولی بێ ئاغا
موقیمی (قارەمان)و (میوڵی)و (تیمار)و (باغانن)
******
طەلەب ناكا گەدا قەد سوویی سفرەی صاحیبی نیعمەت
لە تاو ئەحواڵی بێ نانی لە هەر جا خوانە مهمانن

لەوەش وردترو خۆیاتر ئەو وشەو زاراوە كلیلیانەن كە شاعیر خواستەو ناخواستە دەپەڕژێتە سەریان و لە زۆر لە شیعرەكانیدا شوێن دەگرن و دووبارە دەبنەوە، ئەنجا شیعری زۆرێك لە شاعیران لە ڕێگەی ئەو وشە كلیلییانەوە دەناسرێنەوە.(٣٩) هەر بۆ نموونە وشەیەكی وەكو: (بەسكە) یاخود (ئەز بەسكە)، كە وشەیەكی چەندێتی ڕێزمانییەو لە زمانی فارسیدا بە واتا گەلی وەكو: زۆر، ئەوەندە، بە شێوەیەكی وا، دێت و،(٤٠) لای شاعیرانی فارسی پەیڕەوی سەبكی هیندی ئامادەیەكی بەرچاوی هەیە، وەكو ئاماژەیەك بۆ جۆرێ لە زیادەڕۆیی و پێ لێ هەڵبڕین، وەكو دەبیندرێت:(٤١)

خام گویان بسكه مى سازند معنيها شهيد
شد زمين شعر أخر، جون زمين كربلا!
(غنى)

زمانه بسكه مرا خاكسار مردم كرد
به آب ديده من مى توان تيمم كرد!

(مير الهى)

فریـــــشته راه نیابـد بـــرزمین آیـــــد
بــه چــرخ بــسکه دعاهــای مــستجاب رود!
(کلیم)

ئەنجا چاوگێڕانێك بە دیوانی سالم ئەوەمان پێ دەڵێ کە سالم لـە زۆرێـك لـە غـەزەل و قەسـیدەکانیدا ئـەم وشـەیەی هێناوەتـەوە. تەنانـەت هـەر تـەنیا لـەم قەسیدەیەی جێ باسی ئێمە سالم چوار کەڕەت ئەم وشەیەی هێناوەتەوە. بۆ ئـەم مەســـەلەیە چـــاوێك بەلاپـــەڕەکانی ( ١٤٥، ١٣٧ ، ١٣٦،١٣٤ ، ١٣٠،١٣١،١٣٢ ، ٨٩،٩٣،١٠٨،١٠٩،١٢٩،...) دیوانەکەیـدا بگێــڕەو ئامــادەیی ئــەم وشــەیە لــە تێکستەکاندا بەدی دەکەیت، لە قەسیدەکەی لە مەڕ خۆشمان سەیری دێڕەکانی: (٢،٣٣،٣٤،٣٨) بکەو یەکێك لە وشە کلیلییەکانی شیعری سـالمی تیایـدا دەبینـی، ئەمەش شتێکی سەیر نییە !، چونکێ شاعیرێکی مەزنی وەکو حافز وشەی (رەنـد) دیوانەکـەی داگرتـووە، لای خۆشمـان شـاعیرێکی لووتکـەی وەکـو جزیـری وشـەی (چیچەك: چۆلەکە) بۆتە وێردی سەر زمـانی و لـە هـەموو شـوێنێکی شـیعرەکانیدا دەخوێنێ.(٤٢)

### ٣- جیهانی تایبەتی سالم:

ئەگەر گریمان کە هەموو غەزەلە دڵدارییەکانی سالم شەقڵ و سیمای تایبـەتی ئەویان زۆر پێوە دیار نـەبن، وەلێ (قەسـیدە نیـشتیمانییەکانی و ئـەو داسـتانانەی سوارچاکی کە بۆ بابانەکانی نووسیوە، ئەوە شتێکی تازەو تایبەتەو بۆتە ناسنامە بۆ خودی کەسایەتی سالم لە مێژووی ئەدەبی کوردیـدا).[٤٣] وەهـەر لێرەوەیـە کـە سالم لەو چوار پێنج قەسیدە سوارچـاکیەیدا کـە بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بـارودۆخی میرایەتی باباندا نووسیویەتی، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبـەتی دیکـەی بـە هۆنراوەکانی خۆی بەخـشیوە، کـە لـە کەسـایەتی خۆیـەوەو بنەماڵەکەیانـەوە کـە هاوپـشتی بابانـەکان بـوون، سەرچـاوەیان گرتـووە، وەکـو لـەم چـەند نموونـەو بابەتانەدا بە دیار دەکەوێت:

ـ لەم قەسیدانەدا سالم بارها ناوو نازناوی بابانەکان لە وێنـەی (ئـەهلی بابـان، موڵکی بابان، نۆکەرانی بابان، پاشایەتی بابان، لە بابانا...) بوونەتە وێـردی سـەر

زمانی قەسیدەکانی، هەر بەو دەستوورەش لە تێکستی قەسیدەی (لەباسی پەرێشانی نۆکەرانی بابان)ی جێ مەبەستی ئێمە، لە دێرەکانی (١،٣،٧،١١،٣٧،٤٣،٤٤)، واتە حەوت کەرەت ناوی بابانەکانی بە شێوەیەك لە شێوەکان هێناوە. کەچی وەکو دەزاندرێت حەزرەتی نالی بۆ تاقە یەك جاریش، بۆ دەرمان، لە هەموو دیوانەکەیدا باسێکی لە (بابان و بابانییەکان) بە ڕووتی و بەڕوونی بە زماندا نەهاتووە.[٤٤]

ئەنجا وەکو مامۆستا قەرەداغی خۆی پێمان دەڵێ، ڕۆشنبیریی سالم ئاوێنەی ئەو سەردەمە مێژووییەیە کە تیایدا ژیاوە، ژیانی خەڵکەکەی و کلتووری سەردەم بوون بە هەوێنی شیعرەکانی.[٤٥] بۆیە لە هۆنراوەکانی سالم دا وەکو کەسێکی تێگەیشتوو شارەزا:

- ناوی گوندو دێهات و ناوچەکانی قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان بە چڕی لە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێن.

- داب و دەستوور و ژیانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی بابان، کاسبکاران و پیشەوەران و وەرزێرو دێهاتی و گوندنشینەکان لە قەسیدەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

– ئەنجا ڕێوڕەسم و عەنعەناتی پاشایان و بنەماڵەی حوکمڕان و چینی سەرەوەو دەسەڵاتداران، بە هەمان شێوە هۆنراوەکانیان تەژی کردووە، ئەنجا با نموونەکان تەنها لەم قەسیدەیە بێنینەوە کە لە قەسیدەکانی هاوکوفیشیدا دەیانبینین:

- لەم قەسیدەیە ناوی هۆزو ناوچەکانی وەکو (دەشتی شارەزوور، هەورامی، کورد، میری جافان، هەوشار، قۆپی، مەریوان)ی هێناوە، جگە لە ناوی دروستی (٢٣) گوندی بناری قەرەداغ و دۆڵی مێرگەپان و دەوروبەری سلێمانی، بەو پیشەو کەسابەتەیشەوە کە لەو دێیانەدا باون، ئەنجا خودی پیشە و کەسابەتەکانی خەڵکی دێهات: وەرزێری، شوانی، گاوانی، جۆچێنی. لە کاتێکدا نالی لە هەموو دیوانەکەیدا تەنها چەند جارێك ناوی شارەزووری هێناوە، ئەویش بە تایبەت (خاك و خۆڵ) کە شوێنی لە دایکبوونی خۆی بووە.[٤٦] ئەمانە هەموو خاڵی جیاکەرەوەن، نەك هەر لە نێوان دنیای سالم لەگەڵ نالی، بەڵکو لە وابەستە بوونی

پتەوی ئـەم قەسـیدەیەوە بـە جیهـانی سـالم و دوورکەوتنـەوەی لـە ئەندێشەو لـە دنیای نالی.

خـاڵێکی دیکـەی تایبەتمەنـدو جیاکـەرەوەی جیهـانی سـالم ئەوەیـە، کـەوا هەمیــشە شمــشێری ڕق و ڕەخنـــەی لـــە ڕووی (ڕۆم و تـــورك)دا هەڵکێــشاوە و بەڕاشکاوی لە دژیان دەدوێ و دەیان کوتێتەوە، ئەوەتا لە قەسـیدەکەی (جـەنگی عەزیز بەگی بابان و ڕۆمەکان)دا، (١٧) کەڕەت بەڕوون و ڕاشکاوی ناویان بـەزڕاوی دەهێنێ و نەفرەتیان لێ دەکات، لەم قەسیدەیەی جێ مەبەسـتی ئێمـەش لـە (١٠) شوێندا نەفرەت لە هەرچی (تورك، ئەتراك، ڕۆم، ڕۆملـی) هەیـە دەکـات و هێرشـی توندیان دەکاتە سەر، کەچی نالی لە هەموو دیوانەکەیدا ناوێکی لـەوان نـەهێناوە و ڕاشکاوانە ڕەخنەیەکی توندیشی ئاڕاستە نەکردوون.[٤٧]

ئیتر نازانم مامۆستا قەرەداغی بە چ هەقێك و بێ وردبوونەوە ئـەم قەسـیدەیە دەداتە پاڵ حەزرەتی نالی، ئاخۆ هەر لەبەر ئەوەی لە کۆنە لاپـەڕەی کەشـکۆڵێکدا شتێکی وا هاتووە و بەس!، ئاخۆ ئەمەند بەسە بۆ ئەوەی شاکارێکی ئـەدەبی کـە وەچەزادەی بێ غەل و غەشی یەکێکە بدرێتە پاڵ یەکێکی دیکە. ئەمـە هـەموو لـە پێنـاوی چەسـپاندنی حەقیقـەتێك و، ڕەوایـی بـە خـاوەن کردنـەوەی بەرهـەمێکی ئەدەبییـە و بـە قـەدەر تۆزقـاڵێکیش لـە شـان و شـکۆی حـەزرەتی نـالی (مـیری شاعیرانی کلاسیکی کورد لە کرمانجی ناوەڕاست) کەم ناکاتەوە.

لە سەرێکی دیکـەوە داسـتانە کۆنـەکانی قارەمـانی و سـوار چـاکی ئـەدەبی کـۆنی ڕۆژهەڵات، بە نموونەش چیرۆك و داستانەکانی شانامەی فیردەوسی و پاڵەوانەکانی وەکـو (پـووری دەسـتان، ڕۆسـتەم، سـام و نـەریمان، ئەفراسـیاب، کەیخوسـرەو، هـەفتخوان، ڕووبـین تـەن، پیـل ئەفگـەن، شـێرئەوژەن، سـیاوەش، ...) هەمیـشە وێردی سەر زمان و ناودێرە شیعرەکانی سالم بوون، هەر تـەنها لـەم قەسـیدەیەدا، ئەم نازناوە داستانییانەی هێناوەتەوە: (پاشایانی بـاب ئـۆغلی، شـێراو ژەن، پیـل ئەفگەن، قلب الاسد، ڕووبین تەن، سامی نەریمان، مەروان، گـەرگین)، کـە بەڵگـەی حاشـا هەڵنـەگرن. بـۆ پەیوەسـتبوونی ئـەم قەسـیدەیە بـە جیهـانی سـالم و بـەو ئەندازەیەش لە دنیاو ئەندێشەی ئـەدەبی نالییـەوە دوورن. لـەلایێکی کـەوە سـالم بەوە ناسراوە کە هەمیشە گلەیی لە بەخت و لە ڕۆژگار کردووە و لە چـنگ جـەورو

ستەمی (چەرخی چەپگەردش!) هاواری لێ هەڵستاوە. هەر سالم لە سۆنگەی ئەو شکستەی دووچاری عەزیز بەگ و لەشکری بابان هات لە جەنگی دژی داگیرکەری تورکا، دیسان گلەیی و سکالاّ لە چنگ رۆژگار دەکات و ئەم وشەو زاراوانە چەندبارە لە قەسیدەکەیدا دوو پات دەکاتەوە: (فەلەك، گەردوون، ئاسمان، دەهری دوون، گۆشەگیر، دەستەو ئەژنۆ، ئاگری نەگبەت، رۆژگار، هەوری بەد بەختی، بەردەباران، زولمەت، نالەو فوغان، بای موخالیف، حەسرەتا، ... تاد). هەر لەم قەسیدەیەی مەبەستی ئێمەشا، کە باس لە پەرێشانی بابانەکان دەکات، هەمان فەرهەنگی وشەو زاراوەی ئامادەیە: (باری غەم، سیەه بەختان، بێ دادی فەلەك، گرفتار، چەرخی دوونپەروەر، طولی رۆزگاران، پەرێشان خاطر، مەجنوونی صەحرایی، جەوری چەرخی گەردوون، درێغا، حەسرەتا، دادا...). سالم لە وەسف و ستایشی میرو پاشاکانی باباندا لە قەسیدەکەی جەنگی عەزیز بەگ، بەم گرێ وەسفیانە ناویان دەهێنێ:

- نەجیبانی ویلایەت.
- شێری بێشەی موڵکی بابان.
- میری بازیان.
- جانشینی سیلسیلە.
- شەهباز.

لەم قەسیدەیەی لە باسی پەرێشانی نۆکەرانی بابانیشدا، هەمان ڕەوت و ڕێباز، لە داتاشین و سازکردنی گرێی وەسفی تایبەت بە شێوازی خۆی بەمەستی هەڵنان و بەرز ڕاگرتنی شانوشکۆ، یان پەرێشانی و تەنگو چەڵەمەی میرو پاشاکانی بابان بەردەوام دەبێت بەم شێوەیە:

- سەخی تەبعانی حاتەمدڵ.
- پاشایانی باب ئۆغلی.
- سیەه بەختانی بێ دەوڵەت.
- حەیادارانی بێ حورمەت.
- هونەرمەندانی شێراوژەن.
- قەوی دەستانی پیل ئەفگەن.

ـ ملووکانی گەدا پەروەر.

ئـەنجا هـەر لـە درێـژەی پێکهاتەسـازی ئـەم گـرێ وەسـفیانەی کـە سـالم بـۆ بابانــەکانی ســاز کــردووە فەرهــەنگێکی تایبــەت پێکهــاتووە کــە فەرهــەنگی پێکهاتەسـازی خـودی سـالمە و لـە داتاشـین و داهێنـانی خۆیـەتی و مـافی هـیچ شاعیرێکی دیکەی بەسەرەوە نییەو نابیندرێت:

(جەوانانی سەهی قەد، تورمـەپۆش و شـەهدنۆش و نـاز پـەروەر، خانـە بـەردۆش، جێ نشیمەن، غوولی بیابان، کۆنەخەزپۆشان، چوماغ دەرکەف، ئاغایانی بێ بەش، وەکو ئەصحابی پێغەمبەر، سیەهـ بەختانی بـێ دەوڵـەت، ئـەهلی زەنگـان، گاگـەل چەرێنی میری جافان، فەقیری موڵکی هەوشار، غەریبی شـاری تـاران، حـەیادارانی بێ حورمەت، نەدیمانی قەدیمی، تەنپەروەری ناز، هیـزەم فرۆشـان، رووبـین تـەنی عەهد، نیزامـانی مـولازم مەنسەب، خیانـەت پیـشەگان، بـەرووتی جوملـە گـاوانن، سوارەی خاصصی پاتەختی سلێمانی، نوطفەیی حەیز، جنسی شەیتان).

لێـرەداو لـە کۆتـایی هـەموو شـیکردنەوەکان کـە لـە دەوری زمـان و شـێوازو ئەندێشەو بیرو دەربڕین لە تێکستی ئەم قەسیدەیە دەخولێنەوە، بێ چەندو چوون و دوور لە هیچ چەشـنە گومانێـك ئـەو راسـتییە دەسـەلمێنن، کـە ئـەم قەسـیدەیە سەربە جیهانی بەرهەم و داهێنانی سالمە، بـە هـیچ پێوەرێـك ناشـێت بـە جیهـانی نالییەوە گرێ بدرێت، بام لـە کۆنـە دەستنووسێکیـشدا ئەمـە نووسـرابێت و تۆمـار کرابێت، وەکو دەستنووسـەکەی عـەلی ئەکبـەری سـنەیی کـە مامۆسـتا قـەرەداغی کاری لەسەر کردووە، چونکێ وەکو دیمان ئەم گۆتەیە لە ئاست سـەنگی مەحـەکی بەڵـگە و دەلیلە زانستی و بابەتییەکان خۆی ڕاناگرێت و پووچ دەردەچێت.

ئەمەش نەبە خواهیـشتی ئێمەیـەو نەبـە حـەزی مامۆسـتاش، چـونکێ خـودی تێکستەکە بە لەش و بە گیان و بە خوێن و بە دەمار ئەم ئیدیعایە رەت دەکاتەوە، ئەوەتا کاکەی فەللاح سەبارەت بە تێکستی ئەو شیعرانەی لـە پـەراوێزی چـاپێکی دیــوانی ســالم دا دیــونێتی، بــێ ئــەوەی بەڵگەیــەکی نووســراو و ســەلمێنەری لەبەردەسـتدا بێـت کـە خاوەنـدارێتی سـالم بـۆ هۆنراوەکـان بـچەسپێنێت، لـەم ئاستانەدا دەڵێ: ((بەڵکو بەڵگەی بەهێزم شـێوەی داڕشـتن و جـۆری بیرکردنـەوەو چۆنیەتی بابەت و شەقڵ سیمای سالم، لە ئاوێنەی ئەم شیعرانەدایە، ئەمانەش ئەو

کەرەسەو هەوێنانەیە کە شیعرەکانیان پێ گێڕاوەتـەوە)).[٤٨] ئـەنجا ئێمـەش هـەر ئەم باوەڕو ڕێـڕەو و پێڕەوەمـان بـووە لـە سـەلماندنی راسـتییەکان سـەبارەت بـە تێکستی ئەم قەسیدەیە.

لـە سـەرنجێکی دیکـەو پێویستیـشدا بـا سـەیرێکی دوا دێـڕی قەسـیدەکە بکەین لە هەردوو نوسخەدا، لـەوەیان کـە بـە نـاوی (نـالی)یـەوە تۆمـاری دەکـات، لەوەشیان کە بـە نـاوی (سـالم)ەوە تۆمـارکراوە. چـونکێ دوا دێـڕ لـە قەسـیدەدا بەشێکی گرینگ و بایەخـدارە، لای شـاعیرانی بـە توانـاو جوانیناسـانی ئـەدەب بـە شێوەیەکی گشتی و جوانی ناسی شیعر بەتایبەتی. دوادێڕ کۆتایی قەسـیدەیە کـە پێویـستە بـە وشـەی ڕێـك و پـاراو و واتـا بەخـشی جـوان ببڕێتـەوە تـاوەکو شوێنەوارێکی دڵگیرو هەستێکی شیرین لای خوێنـەر بـەجێ بهێڵێـت، تـا ئەگـەر لـە دێڕەکانی پێشەوەدا خلیسکان و هەڵەنگوتنێکیش هاتبێت، لێرەدا لە بیری بچێت و دڵپەسـەندی شـوێنی بگرێتـەوە، بەمـەش مـەرجی (حـسن الختـام)ی قەسـیدە بـە تەواوی جێبەجێ دەبێت.[٤٩] دوادێڕی ئـەو تێکسته کـە بـەنازناوی (نـالی)یـەوە لـە دەسـتخەتی نووسـەری سـنەیی و کتێبەکـەی مامۆسـتا قەرەداغیـدا تۆمـارکراوە، دێڕی بە ژمارە (٤١)ەو بەم جۆرەیە:

**لە ظولمی چەرخی چەپگەردش درێغا! حەسرەتا! دادا!**

**بـــە میثلی (نــــالی) بێکەس، کەسی دیلی شارانـــن**

دوا دێڕ لە تێکستەکەی ئێمـە کـە بـە نـاوی (سـالم) تۆمـارکراوە دێـڕی ژمـارە (٤٨)ە، واتە ئەم تێکستە (٧) دێڕی لە تێکستەکەی کابرای سنەیی زیـاترەو، بـەم جۆرەیە:

**لە ظولمی چەرخی چەپگەردش، درێغا، حەسرەتا، دادا**

**بە میثلی (سالم)ی بێ کەس، گەلێ کەس وێڵی شارانن.**

ئەنجا هەر کەمێك ڕامان، بۆ هەر کەسێ کـە تۆزێـك چەشـەی ئـەدەبی هـەبێ، سوورڕ دەزانێت، کە ئەو نیوە دێـڕەی بـە نـاوی (نـالی)یـەوە تۆمـارکراوە، هـەم لـە ڕووی کێش و هەم لە رووی ڕێزمان و داڕشتن و هەم لە باری واتاوە، هەڵـەو کـەم و کورت و ناتەواوە، نیشانەی کەمتەرخـەمی نووسەرەکەیـشی پێـوە دیـارە، چـونکە خوێنەر تیایدا دووچاری گرێ و هەڵـەنگووتن و سـەرەدەری دەرنـەکردنێکی خـراپ

دەبێت، ئەمەش دیسان هەڵەیەکی زەق و حاشا هەڵنەگری دەستخەتەکەیە.[٥٠] دوا قسەشمان سەبارەت بەدوو رستەی ناونیشان و سەروبەری تێکسەکەیەوەیە کە مامۆستا قەرەداغی وەکوخۆی بۆمانی گواستۆتەوەو بێ ئەوەی ئاماژەیەك بۆ ئەو ناکۆکی و دژبەرییە بکات کە نووسەری دەستخەت لە سەرەتاو کۆتایی تێکستەکەدا تیێ کەوتووە. لە سەرەتای تێکستی قەسیدەکەدا نووسراوە:

(ذکر پریشانی نجبای بابان أز کفتە نالی در ولایت سلیمانیە انشاکردە).[٥١]

مامۆستا قەرەداغی بەم چەشنە لە پەراوێزدا کردوویەتی بە کوردی: (باسی پەرێشانی نەجیبەکانی بابان لە زمانی نالییەوە لە ویلایەتی سلێمانی دای ناوە).

لە کۆتایی تێکستەکەشدا ئەم رستەیە هاتووە: (تمت شد از کفتە نالی در طهران انشا کردە است).[٥٢] ئەنجا بەم جۆرە کراوەتە کوردی: (تەواو بوو لە وتەکانی نالی (ئەم شیعرانەی) لە تاران داناوە). دیارە کابرای سنەیی خۆیشی ئاگاداری ئەو ناکۆکی و تێك نەکردنەوەیەی گوتەکانی خۆی نەبووە، دەنا چۆن دەبێت جارێ بڵێ لە سلێمانی دایناوەو جارێکیش بڵێت لە تاران دایناوە!.

مامۆستا دیارە دەرکی بەو ناکۆکییە کردووە، ویستوویەتی بۆشی پینە بکات، بەڵام چۆن؟، دەڵێ: (سەرەتای پارچە شیعرەکە وا دەردەکەوێ لە سلێمانی ئەم شیعرانەی دانابێت، بەڵام ئەمەیان گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە لە تاران دای ناون).[٥٣] مامۆستاش هەر قسەی کابرا دووپات دەکاتەوە، بە ئیزافەی ئەوەی کە قسەی سەرەتاکەی کابرای بە دڵ نییە، بە گومان و دڕدۆنگییەوە لێی دەڕوانێ، بەڵام قسەی کۆتایی کابرای بە یەقین وەرگرتووە، ئەنجا نازانم ئەم یەقینەی لە پای چییەوە هاتووە؟.

ئەنجا ئەو گوتەیەی کابراکە گوتوویەتی: (در طهران انشا کردە است)، لای مامۆستا بۆتە مایەی ئیلهامێکی قووڵ، کە نالی دوای ئەوەی ڕووخانی میرنشین و پەرتەوازەیی بابانیانی بە چاوەکانی خۆی دیوە چۆتە تاران، ئەنجا ئاخۆ دەبێ لەوێ چەند ژیابێ؟ چەند دەفتەرو دەستنووس و شیعرو بەرهەمی لەو جۆرەی لەوێ دانابێ، ئەنجا یا فەوتابێ یا تا ئێستا بە دەست ئێمە نەگەیشتبێ! بۆ ئەوە پێویستە بگوترێ کە هەموو سەرچاوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نالی دەبێ بەر لە رووخانی میرنشین سلێمانی جێ هێشتبێت.[٥٥] لێرەدا پرسیارێکی دیکەش

دێتە پێشەوە، ئەویش ئەمەیە؛ کە نالی وەختانێك کارەساتی ڕووخـانی میرنـشین و دارمانی مەملەکەت و زوڵم و ستەمی ڕۆمیانی بـە چـاوانی خـۆی و بـەڕۆژی ڕوونـاك دیبێت، ئەوسا چ جـای ئەوەیـە لـە نامەکەیدا بـۆ سـلێمانی، لـەوەزع و بـارودۆخ و هەلومەرجی بست بەبستی شارو مەملەکـەت بپرسـێت ئـاخۆ چـۆنەو چـۆن نییـە؟، حوجرەو خانەقا و کانی ئاسکان ماوە یان نەماوە؟، مەقامی روخسەتە بێمـەوە یـا نـە نـا؟ مەگـەر ئـەو هـەموو شـتێکی بـە چـاوانی خـۆی نـەدیبوو! پەرێـشانی و پەرتەوازەیی و داڕووخانی مەملەکەت!، ئەڵبەتە دیارە ئـەقڵ قبـووڵی ناکـات، ئـەم قـسانەش کـە دەڵـێ: نـالی لـە کـاتی ڕووخـانی میرنـشین لـە سـلێمانی بـووە و کارەساتەکانی بە چاوی خۆی دیوە، ئەنجا چۆتە تاران و لـەوێ ئـەم قەسـیدەیەی گوتـووە... بـە ڕای ئێمـە لەسـەر بنـەماو بناغەیـەکی پتـەو دانەمـەزراوە، چـونکێ قەسیدەکە هی نالی نییە، لە تارانیش دانەندراوە، هیچ بەڵگەیـەکیش لەبەردەسـتدا نییـە نـالی دوای ڕووخـانی میرنـشین چـووبێتە تـاران، لـەم نـاوەدا عـەلی ئەکبـەری سەنەندوجی لەم مەسەلانەدا زۆر ورد نەبووە، بۆیە ناشێ ئەم قـسانەی راسـتەوخۆ وەربگیرێن دوای ئەوەی لە سەنگی مەحەك دران.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم تۆژینەوەیە کە بە شێوەیەکی فراوان سەبارەت بەتێکستی دوو قەسیدەی شاکاری (سالم)ەوە بە ئەنجام گەیەندراوە، وەکو کۆبەندێکیش بۆ سەرجەم ئەو بیرو بۆچوونانەی لەم بارەیەوە لە دووتوێی باسەکەدا خراونەتە ڕوو، دەتوانین کورتەیەکی ئەنجامەکانی باسەکە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

١ـ دیوانی شیعرو شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی گەلی کوردەوە، نەتوانـدراوە تاوەکو ئەمڕۆ، بە تەواوی و بە شێوەیەکی وردو زانستی لیکۆڵینەوەی تەواویان لە بارەوە بکرێت، تاوەکو تێکستی دیوان و بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و ساغکراوە، لە چاپ بدرێت و بڵاوبکرێتەوە.

٢ـ زۆرێك لەو تێکست و بەرهەمە شیعرییانەی شاعیرانی کۆنمان کە لە کۆبەرهەم و دیوانەکانیاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە نا دروست و نا تەواون، بە هۆی تۆژینەوەی وردو زانستییەوە پێویستییان بەڕاستکردنەوەو ساغکردنەوە هەیە.

٣ـ سالم یەکێکە لە کەڵە شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست، کە ڕەنگە لە هونەرەکانی غەزەلخوانی و قەسیدە وێژیدا کەم نموونە بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا دیوانێکی تەواو و ڕێك و زانستی و متمانە بەخشی لە کتێبخانەی کوریدا نییە.

٤ـ ئەو لە وێنەی شاعیرێکی هونەروەرو باڵادەستی ئەدەبی کلاسیکی، لە ڕووی زمان و شێوازو بیرو تەعبیرو جیهانبینی شیعرییەوە، خاوەنی تەرزو هونەرو تایبەتمەندی خۆیەتی، کە بەوە هەم لە شاعیرانی دیکە جیا دەکرێتەوە، هەم دەتواندرێت بەرهەمی شیعری بەسەر بکرێتەوە و بناسرێتەوە.

٥ـ قەسیدەیەك کە لە ژێر سەرناوی (لەباسی پەرێشانی بابانەکاندا) یە، بەم دواییە بە پشتبەستن بە کۆنە دەستخەتێکەوە دراوەتە پاڵ (نالی). ئەم مەسەلەیە کە لەم باسەدا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی شێوازناسی و مێژووییەوە خراوەتە ڕوو، ئاشکرا دەبێت کەوا نییە. وەناشبێت هەر بۆچوونێك کە لە کۆنە بەیازو کەشکۆڵ و دەستخەتێکەوە خرابێتە ڕوو، بێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زانستی بەڕاست و دروست وەربگیرێت و کاڵای حەقیقەتی بکرێت بە بەردا.

٦ـ ئەم تێکستە شیعرییە، بەسیماو بەڕوخسار و بە کرۆك و ناوەڕۆك سەر بە دنیای شیعری (سالم)ەو لە چوارچێوەی ئەو چەند بەرهەم و شاکارە ئەدەبیانە دانابڕێت، کە شاعیر بە پەیوەندی لەگەڵ بابانەکان و میرایەتی باباندا هۆنیویەتەوە.

## پەراوێزەکان:

١ـ بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم ـ چەپکێك شیعری بڵاونەکراوەی سالم ـ پاشکۆیەکی دیوانی نالی، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

٢ـ بە گوێرەی مامۆستا سەجادی ئەحمەد بەگ یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان، بەڵام پیرەمێردی نەمر لە داستانەکەیدا (دوانزە سوارەی مەریوان) ناوی دوانزە سوارەکەی یەك بە یەك هێناوەو لە ناویاندا کەسێك بەناوی ئەحمەد بەگەوە وەبەرچاو ناکەوێت. بگەڕێوە بۆ:

ـ مێژووی ئەدەبی کوردی: ٢٥٦.

ـ دوانزە سوارەی مەریوان: ٤.

٣ـ دیوانی کوردی، ب١: ١٣ ـ ١٤.

٤ـ (صاحیبقران)، گرێیەکی وەسفی لێکدراوی عەرەبییە، بەو پیاو مەزن و میرو پاشایانە گوتراوە کە لە کاتی دایکبوونیان دوو ئەستێرەی گەڕۆکی (زوحەل و موشتەری) لە یەك کەلوودا جووت یاخود کۆدەبنەوە کە زۆر بەدەگمەن روودەدات. ئەمەش وەکو هێمایەك بۆ شکۆمەندی و دادپەروەری و بەردەوامبوون لێکدراوەتەوە. ناسرەددین شای قاجاری لە سیساڵەی حوکمڕانی خۆیدا، ساحێبقرانی کردە نازناوی و بارەگای فەرمانڕەوایی ناونا ساحێبقرانییەو ئەو سککە و پوولەی کە ئەویش لێی دەدا سەرەتا ساحێبقرانی ناوبوو دواتر بەرەبەرە بوو بە قران. لەمەوە بە پیاوی خاوەن نگین و سامانداریش گوتراوە ساحێبقران، هەروەها ئەگەر کەسێك لە مەیدانداریدا لە پێشەوەی هاوڕێکانی دابێت، ئەویش ساحێبقرانیان پێ گوتووە، گۆیا ئەحمەد بەگی گەورە لە شەڕدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە ساحێبقرانیان پێ گوتووە، بەڵام ئەو قسەیەی مامۆستا حەمە بۆر دەیڵێ کە (گۆیا خێزانێکی ناودار بوونەو پێنج سەد ساڵ پێشتر لە ئێران بەم ناونیشانە ناسراون)، جێگای بڕواو متمانە نییە.

بڕوانە:

ـ لغت نامە،ج١٠ : ١٤٧٠٧١.

ـ فرهنگ فارسی، ج٢: ٢١٢٢.

ـ دیوانی کوردی، ب١ : ١٣.

٥ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣ : ١١٧.

٦ـ مەلای جزیری بەر لە سالم پێنج خشتەکی گوتووە، بەڵام ئەو لەسەر شیعری فارسی دامەزراندووە بڕوانە:

ـ دیوانا مەلایێ جزیری: ١٩٣.

٧ـ کاکەی فەللاح لە ژمارەکانی ٢٥ ـ ٣٤ی رۆشنبیری نوێدا ژمارەیەك شیعری بڵاونەکراوەی سالمی بڵاوکردۆتەوە هەروەها مامۆستا قەرەداغیش بە گوێرەی دەستخەتە تازە

دۆزراوەکانی بەردەستی کۆمەڵێك شیعری تازەی سالمی بڵاو کردۆتەوە، کە بەشێکیان شیعری فارسین و بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە. د. کەمال فوادیش لە (دەستنووسە کوردییەکاندا) باس لە (١١) پارچە غەزەل و قەسیدەی بڵاونەکراوەی سالم دەکات.

٨ـ دیداری شیعری کلاسیکی کوردی: ٤٠.

ئەگەر سەرنجی چەند بەیتێکی قەسیدەکە بدەین زۆر شتمان بۆ یەکلایی دەبێتەوە:

**لێم گەڕێن باگریەکەم دیدە بە دیدە خونفشان**

**نایەڵێ یەك دەم بەڕاحەت رابوێرم ئاسمان**

**چونکە سیوەیلی قەدیمن حەق لە پاش عەهدی سەلیم**

**دایە دەست مەحمودی حاتەمدڵ چراغی دوو دمان**

لە درێژایی تێکستەکەدا ئەوە روون دەبێتەوە: سەلیم بەگ ناوێك کۆچی دوایی کردووە و سالم لە تەدارەکی ناشتن و پرسەکەیدا لە (شیوەکەڵ) ئامادەیە. مەحمود ناوێك کە سالم بە حاتەمدڵ ناوی دەبات بۆتە جێنشینی، ئەنجا ناوی (ئەحمەدو رۆستەم و کەریمیش) دێنی کەوا چۆن ئەم کۆچە پەرێشانی کردوون، زۆر وێ دەچێ ئەم مەحمودە، مەحموود ئاغای شیوەکەڵ بێت، کە کاتێ خۆی پیرەمێرد پیەسێکی لەسەر نووسیوە و شاگردانی قوتابخانەی زانستی لەسەر شانۆ پێشکەشیان کردووە. لەپاشانا هەر پیرەمێرد خۆی جارێ لە رۆژنامەی (ژین)و جارێکیش لە شێوەی نامیلکەیەکدا بەناونیشانی (پیەسی تەمسیلێکی راستی تەئریخی لە وڵاتی خۆماندا رووی داوە)، لە چاپخانەکەی خۆی و لە ساڵی ١٩٤٢ دا بڵاوی کردۆتەوە.

— بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد: ٨.

٩ـ سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

ـ مێژووی ئەدەبی کوردی: ٢٧٢.

ـ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی: ٦٢.

ـ گۆڤاری رزگاری، ژمارە/ ١١،١٢،١٩٧٠،١٠.

ـ دیوانی سالم: ٩٧.

ـ میرایەتی بابان:٢٠٣.

١٠ـ دوو چامەکەی نالی و سالم.

١١ـ مامۆستا قەرەداغی، بەپشت بەستن بەو دەستخەتەی کابرای سنەیی کە ساڵی (١٣٢١/١٩٠٣) نووسراوەتەوە کە بریتییە لە کۆمەڵێك لە غەزەل و قەسیدەکانی سالم، ئەنجا لە کۆتایی دەستنووسەکەدا ئەم دوو دێڕە هاتووە: (تمت شد، از گفته سالم، أصل آن شاعردرولایت سلیمانیه و خاك دولت علیة عثمانیه است، آن شاعر دائی نالی بودەاست، در تاریخ هجدهم شهر ربیع الاول سنه (١٣٢١ / ١٩٠٣) حقیر سراپا تقصیر علی اکبرساکن ولایت سنندج بەتمام رسانید). دەڵێ: بە گوێرەی ئەم نووسراوە سالم خاڵی نالی بووە، بەو پێیەش

سالم و کوردی ئامۆزان، کەواتە (سێکوچکەی شیعری بابان خزمی یەکتری و لە یەك بنەماڵە بوون!؟) بەڵام شتی سەیر ئەوەیە مامۆستا وەکو سەر دێرو وەکو مانشێت ڕای دەگەیەنی کەوا: (سێکۆچکە و سێ پایەی شیعری کلاسیکی کوردی سەردەمی بابان لە بنەماڵەی بابان بوون!). باشە ئەوا گریمان خزمی یەکن، بەڵام بۆ بوون بە بنەماڵەی بابان، ئەوان ڕاستە شاعیری سەردەمی بابانەکان بوون بەڵام لە بنەماڵەی بابان نەبوون. بڕوانە:

- بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم: ١٤٦.

١٢ـ گۆڤاری چریکەی کوردستان، ژمارە/٤: ٤١.

١٣ـ میرایەتی بابان: ٢١١.

١٤ـ مامۆستا قەرەداغی یەزدانی مەزن دەست بە باڵییەوە بگرێت هەموو شتەکانی وەکو دەڵێن (ئەوەلبابن!)، بۆ ئەم قەسیدەیەش لە کتێبەکەیدا دەڵێ: (کەوا بۆ یەکەم جارە کە بەو شێوەیە بڵاوی دەکاتەوە)!. ـ بەر کوتێکی...:٩٩.

١٥ـ سلێمانی شارە گەشاوەکەم: ٨٦ ـ ١٠٠.

١٦ـ تاریخی سلێمانی وە وڵاتی: ١٠٥.

١٧ـ گەشتی ریچ بۆ کوردستان: ١٦٢.

١٨ـ ئەوە هەمان شەڕی عەبدوڵڵا پاشایە کە شێخ ڕەزا عومری خۆی تیادا دەستنیشان کردووە کاتێ دەڵێ:

**کــــە عــــەبدوڵڵا پــاشــا لەشکری والی سنەی شڕ کرد**
**رەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبوستان بوو**

١٩ـ تاریخ و جغرافیای کردستان: ١٦٠.

٢٠ـ سەرچاوەی پێشوو: ١٦٨.

٢١ـ هەمان سەرچاوە: ١٧٨.

٢٢ـ دەستنووسە کوردییەکان: ١١٠.

٢٣ـ چریکەی کوردستان، ژ(٨ ـ ٩): ٥.

٢٤ ـ مامۆستا قەرەداغی هەر پایەدار بێت، زۆر بە شان و باڵی دەستخەتەکانی ژێر دەستی خۆیدا هەڵدەڵێت، بۆ نموونە لە تاریفی دەستخەتی (ئەحمەد ئاغا) ناوێکدا، کە هەر کۆنووسی هەندێ لە هۆنراوەکانی سالمە و بەدانپیانانی خودی مامۆستاش شپرزەو بێ سەرو بەرە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: (ئەمە یەکەم نوسخەی کۆنی دیوانێکی سەربەخۆی یەکێك لە گەورە شاعیرانی کوردە!)، هەروەها لە مەڕ ئەم دەستخەتەی کابرای سنەییش دەڵێ: (ئەم دەستخەتە یەکێکە لە بەمتمانەترین دەستخەتی ناو کتێبخانەی کوردی)!، کەواتە لە ئاست ئەم دەستنووسەی دیوانی سالم کە لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرشتی خودی شاعیرداو کە هێشتا خۆیشی لە ژیاندا بووە ئامادە کراوە، دەبێ بڵێین چی؟ مەگەر هەر قسەکانی مامۆستا بە باڵای ئەم دیوانە دەستنووسەدا ببڕین. بڕوانە:

ـ هەنگاوێك لە ڕێگەی لیکۆڵینەوەی دیوانی سالم: ٦.
ـ بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم: ١٤٤.
٢٥ـ ڕۆژنامەی ژین، ژ ٣٥، ١٩٧١/٨/١٢.
٢٦ـ دیوانی سالم: ١٠٢ ـ ١٠٧.
٢٧ـ میرایەتی بابان: ١٩٤.
٢٨ـ بەرکوتێك لە شیعری سالم: ١٤٢ ـ ١٥٨.
٢٩ـ لە گەرمەی خەبات و شۆڕشی چەکداری کورد ساڵی ١٩٧٤، شەوانە پێشمەرگە دەڕژانە نێو شارەکان و دەستیان لە بنکە و بارەگاکانی دوژمن دەوەشاند، جەللادەکانی بەعس لە بەرامبەر بێ دەسەڵاتی و وەکو رقێکی شۆڤینیستی، لەشاری کۆیە کۆتەڵەکەی حاجیان دابووە بەر دەسترێژی گوللە و چەند جێیەکیان ڕووشاندبوو، هێمنی شاعیر کە بەم مەسەلەی زانیبوو، دەڵێ:

**بەمردوویش نیشانەی گوللەیە ئەو کەللـــــە پڕ شۆڕە**
**ئـــەوێستاش دەرسی سەربازی دەڵێ ئەو شاعیرە ڕەندە**

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لەگەڵ ئەوەدا بۆ دوو ساڵ دەچێت دیلی نەخۆشییەکی سەخت و گرانەو لە نێو جێگادا کەوتووەو تەنانەت ناتوانی داشبنیشێ، کەچی هەر بە ڕاکشاوی لەسەر جێی و بالینگانی نەساغیدا لە بەخشش و خزمەتکردن بەردەوامە و بەو حاڵەشەوە لەگەڵ کاك سەدیق صالح دا خەریکی تەواوکردنی دیوانەکەی سالمن.
٣٠ـ دەستنووسی ژمارە (٦٨)، دەستنووسە کوردییەکان: ١١٠.
٣١ـ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: ٨٧.
٣٢ـ شێوازی شیعری گۆران: ٤٠.
٣٣ـ الاسلوبية و الاسلوب: ٦٠.
٣٤ـ الاسلوبية:١٣.
٣٥ـ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: ١١١.
٣٦ـ بیدل وسپهری و سبك هندی: ١٨.
٣٧ـ مامۆستا قەرەداغی خۆیشی باس لە جیاوازی جیهانی شیعری لە دیوانی نالی و سالم دا دەکات و بەڕوونی دەرکی پێ کردووە، باسی لە هەندێ هێڵی گشتی جیهانی هەر یەك لە نالی و سالمیشی کردووە، بەڵام کە دێتە سەر پەراوێز و بۆچوونەکانی کابرای سنەیی، ئەم ڕاستییانەی کە خۆی دەرکی پێی کردوون فەرامۆش دەکات. بڕوانە:
ـ هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی لێکوڵینەوە...: ٥.
٣٨ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣: ١٢٥.
٣٩ـ شێوازی شیعری جزیری: ١٢٦.
٤٠ـ فرهنگ فارسی، ج١: ٥٣٥.

٤١ـ بيدل و سبکی هندی: ٥٢.
٤٢ـ شێوازی شیعری جزیری: ١٢٧.
٤٣ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣: ١١٩.
٤٤ـ مێژووی بیری کوردی: ٢٩٦.
٤٥ـ هەنگاوێك لەسەر رێگەی...: ٥.
٤٦ـ مێژووی بیری کوردی: ٣١٥.
٤٧ـ هەمان سەرچاوە: ٣٩٤.
٤٨ـ رۆشنبیری نوێ، ژ/٢٥، ١٩٧٤/٧/٢١.
٤٩ـ صناعات ادبی: ١٥٩.
٥٠ـ بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم: ٢٤٣.
٥١ـ هەمان سەرچاوە: ١٥٤.
٥٢ـ هەمان سەرچاوە:١٥٨.
٥٣ـ هەمان سەرچاوە:١٥٨.
٥٤ـ هەمان سەرچاوە:١٤٦.
٥٥ـ بڕوانە:
ـ نالی لە دەرەوەی کوردستان دا: ٨.
ـ مێژووی بیری کوردی: ٣٢١.
ـ چەپکێك لە گوڵزاری نالی: ٣٨.

## سەرچاوەکان

**١. کتێب / أ. کوردی:**


١- ئەنجوومەنی ئەدەبیان، ئەمین فەیزی بەگ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق"دەستەی کورد"،بەغدا، ١٩٨٣.

٢- بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

٣- بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤- تاریخی سلێمانی وە وڵاتی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ئامادەکردنی: رەفیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥- چەپکێك لە گوڵزاری نالی، مەسعود محەمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٦- دیوانا مەلایێ جزیری، تحسین ابراهیم دۆسکی، وەزارەتا ڕەوشنبیری، چاپخانەیا هاوار، دهۆك، ٢٠٠٠.

٧- دوانزە سوارەی مەریوان، پیرەمێرد، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئازادی، سلێمانی، ١٩٥٩.

٨- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، حەمە سەعید حەمە کریم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦.

٩- دەستنووسە کوردییەکان، د. کەمال فؤاد، ڤیزبادن، ١٩٧٠، (بە ئەڵمانی).

١٠- دیوانی سالم، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر،١٩٧٢.

١١- دیوانی کوردی، محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

١٢- دوو چامەکەی نالی و سالم، علاءالدین سجادی، بەغدا، ١٩٧٣.

١٣- سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، ب١، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.

١٤- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، مطبعة التعلیم العالي، أربیل، ١٩٨٨.

١٥- شێوازی شیعری جزیری، شعبان أحمد، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٦.

١٦- شێوازی شیعری گۆران، پەخشان عەلی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٧- شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، حەمە نوری عومەر کاکی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٨- گەشتی ریچ بۆ سلێمانی، و/ محەمەد حەمە باقی، ئێران، تەورێز، ١٩٩٢.

١٩- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، د. مارف خەزنەدار، المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.

٢٠ـ میرایەتی بابان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢١ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ٢، چەپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٢.
٢٢ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ب٣، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢٣ـ مێژووی بیری کوردی، مامۆستا جەعفەر، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٤ـ نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، د. عەبدوڵڵا حەداد، هەولێر، ٢٠٠٠.
٢٥ـ هەنگاوێك لە سەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم) دا، محەمەد عەلی قەرەداغی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر، ٢٠٠٩.

**ب / عەرەبی :**

٢٦ـ الاسلوبية، د. فتح الله احمد سليمان، دارالاوقاف العربية، القاهرة، ٢٠٠٨.
٢٧ـ الاسلوبيه والاسلوب، د. عبدالسلام المسدي، ط٤، دار سعاد الصباح، الكويت، ١٩٩٣.

**ج / فارسی:**

٢٨ـ بيدل و سپهری و سبك هندی، حسن حسينی، چ٤، انتشارات سروش، تهران، ٢٠٠٨.
٢٩ـ تاريخ و جغرافيای كردستان (سيرالاكراد)، عبدالقادر ابن رستم بابانی، چاپخانه ارژنگ، تهران، ١٩٨٧.
٣٠ـ صناعات ادبی، استاد جلال الدين همايی، انتشارات مؤسسة مطبوعات علمی، تهران، ١٩٦٠.

**٢/ فەرهەنگ:**

٣١ـ فرهنگ فارسی، د. محمد معين، ج٤، چاپخانه سپهر، تهران، ١٩٨١.
٣٢ـ لغتنامه دهخدا، علی اكبر دهخدا، ج١١، چ٢، تهران، ١٩٩٨.

**٣/ گۆڤارو ڕۆژنامە:**

٣٣ـ جەنگی بابان و عوسمانی، محەمەد مستەفا کوردی، گ/ ڕزگاری، ژ/(١٠ ـ ١١ ـ ١٢)، ١٩٧٠.
٣٤ـ أ – لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، د. کەمال فؤاد، گ/ چریکەی کوردستان، ژ(٤)، لەندەن، ١٩٨٠.
ب – شینی ئەدیبانی کورد، د. کەمال فؤاد، گ/ چریکەی کوردستان، ژ/(٨ ـ ٩)، لەندەن، ١٩٨٥.
٣٥ـ لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، کاکەی فەللاح، گ/ ڕۆشنبیری نوێ، ژ/(٢٥)،١٩٧٤.
٣٦ـ لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، کەمال فؤاد، ڕ/ژین، ژ/(٣٥)، ١٩٧١.

**له بیست و پێنجەمین ساڵەی کۆچکردنیدا**

# گۆشەیەکی تازە لە ئەزموونی شاعیری هێمن

چوار پێنج ساڵێك بەر لە ئێستا، براماـن (عـەلی ئیسماعیل زادە) لـە ژمـارە (٤٨)ی گۆڤاری (مهاباد)ی، ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٣دا، ئەلقەیەکی تازەی لە ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا هـێمن بـۆ بەسـەر کردینـەوە، کـە وەکـو خـۆی دەڵـێ زیـاتر پەیوەندی بە ژیانی (شەخسی و عـاتفی) شـاعیرەوە هـەبووە. ئـەو بـرادەرە بـۆی سـەلماندین و پێـشی سـەلماندین، کـە (هـەواری خـاڵی) نـابێ وەکـو چـیرۆك یـا حیکایەتێکی فەنتازیایی زادەی سـۆز و خـەیاڵی شـاعیر چـاوی لـێ بکرێـت، بـەڵکو دەبێ وەکو بەشێکی دابـڕاو و (هـەڵقرتاو) لـە چـیرۆکی ژیـان و بەسـەرهاتی هـێمن (لەکوێوە بۆ کوێ) سەیر بکرێت و حیسابی بۆ بکرێت. تا ئێرە بۆچـوونەکانی کـاك عــەلی جێگــای پەســەندی و دەستخۆشــی و، ڕەنگــە قوبــوولی خوێنــدەواران و شەیدایانی مامۆستا هێمنیش بن، مـن تـەنها وەکـو دەڵـێن، تەحـەفوزێکی بـچووکم لەسەر مەسەلەیەك هەیە ئەویش ئەو پەیوەستە لابەلایەیە کە لە نێـوان (هـەمین)ی گراوی و یەکەمین خۆشەویستی شاعیر و کەسایەتی چیرۆکی (هەواری خاڵی)دا، لـە بەرامبەر (هێمن)ی نازناوی خەبات و تێکۆشـان و ڕەمـزی ئەنـدامێتی لـە کۆمەڵـەی (ژ. ك) و، کە لە پاشاندا بوو بە تەخـەلوس و نازنـاوی خـودی شـاعیریش، سـازی کردووە. زۆری لەسەر نـاڕۆم و بادەدەمـەوە سـەر مەبەسـتێکی دیکـە. نـاوبراو لـە وتارەکەیدا پەنجەی لەبۆ دوو لایەن ڕاکێشاوە کە لە بیرەوەرییەکانی هێمندا وەکـو کـەلێن و بۆشـایی هەسـتی پـێ دەکرێـت: یەکـەمیان ئـەوەی پەیوەنـدی دەگـەل وردەکارییەکانی وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کۆمارەوە هەبووە، بەتایبـەتیش (ڕووداوەکـانی نـاوەوەی کۆمـار)، کـە زیـاتر بـۆ توێـژەران و مێـژوو نووسانی ئەمڕۆکەمان بەکەڵك دەبوون لە شیکردنەوە و دۆزینەوەی سەرەداوەکانی

ئەو ئالۆزی و کێشە و بێشانەی کە خودی کۆمـار پێـوەی دەینالآنـد و لـە ئاکـام دا کاریگەری بەسەر ئایندە و داهاتووشیدا هەبوون.

دووهەمین ناتەواوی ئەم ژیننامەیە ئەو لایەنەیە کە پەیوەست بووە بە ژیـانی شەخسی و عاتیفی شاعیرەوە، دیارە هەر ئەوەش هاندەری برای نووسەر بووە تـا ئەوەی کە (هەواری خالّی) وەکو بەشێکی ئـەو بیرەوەرییانـە بـژمێری و بۆشـاییەك کە لەم ڕووەوە هەیە پێی پڕ بکاتەوە، لەمەشدا دیارە مەبەستی پێکاوە.

دیارە شاعیر و نووسەر و بیرمەند و زانایانی هەر میللەتێك چەندەی مولّکی خالیـــسی خۆیـــان بـــن بـــەو ئەندازەیـــەش مـــولّکی نەتـــەوە و نیـــشتیمان و کۆمەڵگاکانیـشیانن، ئەوانـە هەمیـشە لـە فەرهـەنگی میللەتانـدا وەکـو (سـامانێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی) چاویان لێکراوە و قەدریان لیّ گیراوە، هەر ئەوەشە وامان لیّ دەکا زۆر کەڕەت بە سەنگ و تەرازوو و بەرپرسیارییەتییەکی زیاترەوە لەئاست ڕووداوەکاندا لەوان بڕوانین، ئەنجا کە بێت و بەقەدەر موویـەك لـە ڕێگـای ڕاسـت و نموونەیی لایان دا، یا پێیەکیان خوار دانا، ئـەوا لەسـەریان زۆر بکـەوێت و بکەونـە بەر لۆمە و سەرزەنشت و تانە و تەشەری مێژووەوە. بەڵام با بەدیوەکەی دیکەشدا بڕوانین و هەڵوەستەیەك بکەین، ڕاستە ئەوانە مرۆڤ گەلێکن شاعیر، نووسـەر، زانـا و دانا و بیرمەند کەوا کۆمەڵ شانازیان پێوە دەکـات و بەچـاوی ڕێـز و نەوازشـەوە لێیان دەڕوانی و بە دنیا و بە نەوەکانیان دەناسێنیّ، بـەڵام هـەرگیز ناشـیّ و نـابیّ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکرێت، کە ئەوان بەر لەوەی هەر شتێك بن مرۆڤن، وەکو هەر بابایەك کە هەموو یاساکانی کۆمەڵگای (وەکـو تاکێـك) بەسـەردا تـەتبیق دەبێـت، ئەنجا مرۆڤەکانی کۆمەڵگا بیّ هەڵە و پەڵە و کەم و کورتیش نـابن، لێـرەدا گـرینگ ئەوەیە شتەکان لە چوارچـێوەی مێـژوویی و ئاسـایی خۆیانـدا بخرێنـە ڕوو، وە بـە سەنگو تەرازووی زانستی و کۆمەڵایەتی لێك بدرێنەوە.

لایەنێکی دیکەی کەلێن و بۆشایی لە بیرەوەرییـەکانی مامۆسـتا هـێمن کـە من هەستم پێکردووە، لایەنی ژیانی شاعیری و ئەدەبی و فەرهەنگی و ڕووناکبیری هێمنە، کە ئەمەیان بۆ مێژوویی ئەدەب و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی و ڕووناکبیری بە شـێوەیەکی گشتی، بایـەخێکی زۆری هەیـە شانبەشـانی بوارەکـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و شەخسی و عاتیفی کە لەو وتارەدا ئیـشارەتی بـۆ کـراوە. هـێمن لـە

بیرەوەرییەکانیدا لە زۆر جێگا و لە ڕەوتی گێڕانەوەی ژیننامەکەیدا لای لەو مەسەلانە کردۆتەوە و بە ئەندازەیەك ڕۆشنایی خستوونەتە سەرێ، بەڵام خۆی گوتەنی هەموو شتێکی نەگوتووە و (بەڕەی لەسەر هەتیوان هەڵنەداوەتەوە).ئەوانەش کە ئەو نەیگوتوون دەردی کاك عەلی گوتەنی، ئەمڕۆ بۆ ئێمە مانان بایەخێکی زۆریان هەیە.

**ئەزموونی شاعیری هێمن:**

لە هاوینی ساڵی (١٩٧٧)دا، (یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی سلێمانی) لەشاری سلێمانیدا کۆڕێکی ئەدەبییان بۆ هێمن پێکهێناوە (وەکو ڕێزلێنانێك بۆ ئەو شاعیرە کوردە ئاوارە و دەربەدەرە، کە لەو ڕۆژگارەردا وەکو سیمبولێکی خەباتی ڕزگاری و ئازادیخوازی هەموو کورد، لە کوردستانی عێراقیش چاوی لێدەکرا). لەوێدا باس لە کاروانی ژیانی ئەدەبی و شاعیرێتی خۆی دەکات، هەنگاوی شاش و درشت هەڵداوێ و تەنیا لەسەر وێستگە گرنگەکانی ڕەوتی پێشکەوتنی ژیانی ئەدەبی و شاعیری خۆی هەڵوەستە دەکات تا ئەوەی دەگاتە بڵاوکردنەوەی یەکەمین شیعر و بەرهەمی لە یەکێك لە گۆڤارە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە. بۆیە دەشێ ئەو بەشە لە نووسراوەکانی مامۆستا هێمن، مەبەستم ئەو بابەتەیە کە لەم کۆڕەدا پێشکەشی کردووە و لەپاشاندا بە ناونیشانی (ئەزموونی شاعیریم) بڵاو کراوەتەوە[1]، وەکو بەشێکی دیکە لە ژیننامە و بیرەوەرییەکانی شاعیر بژمێردرێت و کەلێن و بۆشاییێکی دیکەی لە (لە کوێوە بۆ کوێ) پێ پڕ بکرێتەوە. نەخاسمە ئەوەیان کە تایبەتە بە ئەزموونی فیکری و فەرهەنگی و ئەدەبی شاعیرەوە. لێرەدا بەر لەوەی ئەم مەسەلەیەش بەجێ بهێڵم و بچمە سەر ئەسڵی مەتلەب، دوو سەرنجم هەن و دەمەوێ وێستێکیان لە ئاستدا بکەم:

١– لەوێدا مامۆستا هێمن سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی یەکەمین پارچە شیعر و بەرهەمی، مەسەلەکانی لێ ئالۆزکاوە و تێکەڵ و پێکەڵ بوون!، بۆ نموونە دەڵێ: (یەکەم شێعرم لە گۆڤاری گەلاوێژدا بە ناوێکی موستەعارەوە بڵاو کردەوە، شێعرێکی سیاسی ڕێك و پێك و ڕەوانە..... کەچی ئێستا خۆم لێ بێ ساحێب کردووە و نامەوێ کەس بزانێ ئەو شێعرە هی منە)[2]. بۆ ئەو مەسەلەیە دەتوانین

بلێین تا گۆڤاری (نیشتمان) یەکەمین ژمارەی لە (پووشپەڕی ١٣٢٢، تەمووزی ١٩٤٣) دەرچووە، (گەلاوێژ) سێ ساڵ و نیوێك تەمەنی كردووە و نزیكەی (٤٠) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە و بۆ دۆزینەوەی یەكەم شیعری بڵاوكراوەی هێمن، لەكاتی خۆیدا و هەم ئێستاش (٥٠) ژمارەی یەكەمی ئەم گۆڤارەم پشكنیوە و شیعرێكم بەو وەسف و تاریفەی هێمن باسی دەكات وەبەرچاوان نەكەوتووە! هیواداریشم كەوا من بەهەڵەدا چووبم، بەڵام باشە هێمن بۆ ناونیشانی شیعرەكە، یا ژمارەی گۆڤارەكە، یا چەند دێڕێكی لەو شیعرە بۆ ئاشكرا نەكردووین و خراپتریش لەمە، خۆیشی لێ بێ بەری كردووە؟. ئەنجا هەر لەوێدا دەڵێ: "دووەم شێعرم لە ژمارەی (٢)ی نیشتماندا نزیكەی (٣٣) ساڵ پێش چاپكراوە و لە لاپەڕە (٥٥)ی (تاریك و ڕوون)دا دووبارە چاپ كراوەتەوە". دەبێ دان بەوەدا بنێم كە مامۆستا دووچاری ئیشتیباه هاتووە و ڕەنگە پاساویش ئەوە بێت كەوا ژمارەكانی گۆڤاری نیشتمانی لەبەر دەستدا نەبووە.

سەبارەت بە یەكەمین شیعر و بەرهەمی بڵاوكراوەی هێمن بە بڕوای من ڕاستییەكەی هەر ئەوەیە، كە ئەوەڵین بەرهەمی بڵاوكراوەی شاعیر، دوو پارچە شیعرو وتارێكە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری نیشتماندا بڵاو بوونەتەوە[٣]. ئەنجا ئەم دوو پارچە هۆنراوەیە هیچ كامێكیان لە (تاریك و ڕوون)دا چاپ نەكراونەتەوە. ئەویش كە دەڵێ لە لاپەڕەی (٥٢)ی تاریك و ڕووندا چاپ كراوەتەوە، ئەوە پارچە شیعرێكی دیكەیە كە لە ژمارە (٣ — ٤)ی هەمان گۆڤاردا بڵاو بۆتەوە، ئەمەش بەگوێرەی ڕیزبەندی پارچە شیعری چوارەمێتی، چونكێ هەر لەو ژمارەیە پارچەی (آخافتنی خوشك و برایان) هەیە كە دواتر لە لاپەڕە (٥٠)ی تاریك و ڕووندا دووبارە و لەژێر ناونیشانی (وتووێژی كچ و كوڕ)دا بڵاو بۆتەوە[٤].

بۆ سەرنجی خوێنەرانیش نازناوی شاعیر لەسەرەوەی ئەو دوو پارچە هۆنراوەی دوایی لە گۆڤارەكەدا بەم شێوەیە تۆمار كراوە (آاڵ. ل ب: م. ش. هێمن)، كە دیارە ئەم ڕەمز و ڕازەش نازناو و ناونیشانی ڕێكخراوەیی هێمنە لە كۆمەڵەدا وژمارەكەشی (٥٥)ەمین بووە، پێویستی بە حەلكردن هەیە كە من سەرم لێی دەرناچێ!!

٢– ئەوەی کە من ئـەم هـەموو توولـو تەفـسیلاتەم لـە پێناویـدا داوە و ئـەم چەند لاپەڕەیەم ڕەش کردۆتەوە و سەری دۆستان و خوێنـدەوارنم پـێ ئێـشاندووە ئەوە نەبووە کـە باسـم لێـوە کـردوون بـەڵا ئەسـلی مەبەسـتم وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارەیە" کـە ئـاخۆ شـاعیری ئێمـە بـەر لـەوەی وەکـو (هـێمن) بناسـرێت و لـە گۆڤارەکەی کۆمەڵـەدا شـیعرو بەرهـەم بـڵاو بکاتـەوە، پێـشتر چ نازنـاوی شـیعری دیکەی هەبووە؟ ئەنجا ئەو وەکو خۆیشی ڕایدەگەیەنێ بەر لەو ڕۆژگارە تێکۆشـان و محاوەلاتی شـیعر دانـانی هـەبووە، بـەڵام مخـابن ئـەو شـتێکی ئـەوتۆی وەپـیش چاوان نەخستووین، هـەتا ئەوڕۆکـە ئێمـە مانـان لـە مێـژووی ڕەوتـی پێگەیـشتن و پەرەسەندنی شاعیرێتی ئەودا، شتێکمان زانیبا و باشتر حاڵیبابین؟

**قۆناغی بەرایی شاعیرێتی هێمن:**

لـە لاپـەڕە (١٥)ی تاریـك و ڕوونـدا شـاعیر سـەربردەی ئـەو دەفتـەرە سوورەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەوا شیعرەکانی ئەو سەردەمەی تیادا تۆمارکردبوون، چـۆن دەکەوێتـە دەسـتی بـاوکی و چارەنووسـیان بـەکوێ دەگـات، ئـەنجا دەڵـێ: (دەستی خۆش بێت، چونکە بێگومان ئێستا مابان بۆخـۆم دەمـسووتاندن، ڕاسـتە هەموو مەوزوون بوون و قافیـەیان هـەبوو، بـەڵام لاسـایی کرنـەوەی تـەواو بـوون و هەستی شاعیرانەی خۆمیان کەم تێدابوو، پاشـانیش زۆری وام فـڕی داون) دیـارە ئێمە هیوایەکمان بەوە نییە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە شیعر و هۆنراوەکانی دەفتە سووری گۆڕین شتێکمان چنگ کەوێتەوە!، بەڵام لەوانەی تر چـی کـە دەڵـێ: فـڕێم داون؟ بەڵێ ئەم ئەگەرە هەیە و جارێ تا مـاوەیێکی دیکـەش هـەر دەمـێنێ، ئەمـەش کـە لێرەدا باسی دەکەین، یەکێکە لەو مەسەلانە.

یـەکێك لـەو دەفتـەرە کـۆن و دەسـتخەتانەی خوالێخۆشـبوو (سـەید عوبەیـدوڵڵای ئـەیوبیان)، لـە سـاغکردنەوە و ڕاسـتکردنەوەی غـەزەل و قەسـیدە کوردییەکانی (دیوانی وەفایی)دا پشتی پێ بەسـتووە، کەشـکۆڵێکە لەمـەڕ (سـەید موحەمـەدی ئـەیوبیانی مەرکـەزی) بـرا گەورەیـەوە، ئـەم کەشـکۆڵە وەکـو سـەید عوبەیدوڵڵا ڕوونی کردۆتەوە لەنێوان ساڵانی ١٣١١ تا ١٣١٤ نووسراوەتەوە، لێرەدا مەبەستی شیعر و بەرهەمەکانی وەفاییە، بـەڵام دوای ئـەوەی دیوانەکـەی وەفـایی تەواو دەبێت، دەفتەرەکە لە نیوەی زیاتری ماوەتەوە، بۆیە خاوەنەکەی لـەکات و

شـوێنی جیاجیـادا شـیعر و بەرهـەمی شـاعیرانی دیکـەی تیـادا نووسـیوەتەوە، لەوێنەی مەلا مارفی کۆکەیی، پیرەمێرد، ئەحمەد موختار بـەگی وەسمـان پاشـای (جاف)، خاڵەمین، شێخ عەبدوڵڕەحمانی خالیسی تاڵەبانی، شێخ بابا سـەعید....، هەر ئەوەشە وای لە ئێمە کردووە کۆنە دەفتەرەکـە بـە کەشـکۆڵ نـاوزەد بکـەین، ئەنجا هەر لە ڕیزی شیعر و بەرهەمی ئەمانە، چوار پارچەی شاعیرێکی دیکە بـەدی دەکرێت، کە ئەگەر چیش بەسەر یەکەوە نـین و ژمـارە بەنـدی دەفتەرەکـەش لـەو ئاستانەدا بەهۆی لێ هەڵپچڕینی چەند پەڕەیەکی دروست و تەواو نین، بەڵام وەکـو دیـاریکردنێکی خاوەنەکـەی لەسـەرووی لاپـەڕەکان و لـە ئاسـت هـەر یـەکێ بـۆ ناسیاری نووسەر و شاعیرەکەی نووسراوە (اثر طبع م. ش. والـە). ئـەنجا نازنـاوی شـاعیریش وەکـو (تەخـەلوس) لـەدوا دێریـان دا هـاتووە، لێـرە تێکستەکان یـەك لەدوای یەکدا دەخەینەڕوو:

(١) – تێکستی یەکەم: پارچە غەزەلێکی (٥) بەیتی ئامال کلاسیکە، لەسەرووی لاپەڕەکـەی و بەخـەتێکی زۆر کـاڵ نووسـراوە (اثـر طبـع م ش والـە)، ئـەم زانیارییە لەوە دەچێت دواتر نووسرابێت، چونکێ مەرەکەب و پێنووسەکەی لەگەڵ هی تێکستەکەدا جیاوازە، ئەمەش دەقی غەزەلەکەیـە بـە ڕێنووسـی نوێ:

**زوڵفەینی لەســـەر گۆنە کە دانـــاوە لـــەدوولا**
**وەك بەختی من و قامەتی من تیرەن و دوولا**

**بۆ جەوابی ڕەقیب داوێتە سەر ئەلفی قەدی مـەد**
**بۆ جەوابی منی خەســـتە دەکا زوڵفی وەکو لا**

**میم نوختەی ناوی دەبـــێ خاڵی لەبی یـــارم**
**هێندە بمژم مەحـوی کەم ئەو نوقتەیی بێجـا**

**حەددی چییە وەك چاوی ڕەشی پڕ لە موژەی بێ**
**بەم چاوی سپی بێ موژەوە نەرگسی شـەهلا**

**مەجنوون وەکو من شێت نەبووە چونکە دەزانـم**
**وەك یاری ئەمن جوان نەبووە بێ شکە لەیلا**

**هەم دینن و هەم مەسەلەك هەم کێشن و هەم عەسر**
**وەك کوردی و نالـی بەخودا (والە) و شــــەیدا**

لەژێرەوەی لاپەڕەکەدا نووسراوە: (مورەخە ٢٠/٥/٢١ م ش والە) دیارە مەبەست ١٣٢٠ی هەتاوییە.

(٢) پارچەی دووەم تێکستێکی (٨) دێرییە و بە دەست و خەتێکی جیاواز و بە جەوهەری ڕەش، لە سەرووەی وەکو ناونیشان نووسراوە:

(بەند و باوی تازەی کوردی)، ئەمەش دەقەکەیەتی:

**ئەی جەوانانــی وەتەن مژدە بە ئێــوە شــاد بن**
**وەختی وەی هاتووە کە کوردان سەربەخۆ و ئازاد بن**
**ئەو چەڵە خدمەت بە موڵك و میللەتی خۆمان بکەن**
**عەیبــە بۆ ئێــوە غولامــی دژمـنی گـــەواد بـــن**
**سەییدی خەڵکێ بوون زەمانێ، من ئومێدم پێو هەیە**
**خەڵك نێچیــربی لەوەی پاش ئێوە هەر ســەییاد بن**
**قەومی ماد کورد بوون و شاهی چوار ئیقیلم بوون شــاد**
**غیــرەت و بێ کــوردەکان تا جێنشــینی ماد بـــن**
**بابو باپیرتان هەیان بوو عەدل و ویجدان و کەمــال**
**بۆیە ئوممێـــدم هەیــە دارایی عەدل و داد بـــن**
**جانی خۆ و قوربانی خاکـی موڵکی کوردســتان بکەن**
**کوڕگەلی کوردان هەموو ئازاد و مەرد و ڕاد بـن**
**شاخ و بەرد و موڵکی کوردان ڕووحی شیرینە توخوا**
**تیشەیێکی لێ مەدەن گەر فیلمەسەل فەرهاد بن**
**والە بۆ ئێوە دەکا دوعـــا هـــەتا دونیا هەبـــێ**
**یارەبی هەروا بەکەیف و بێ غەم و دڵشــاد بـــن**

(٣) ئەمەیان هۆنراوەیەکی درێژی (٦٠) دێری داستان ئامێزی جووت قافیە (مەسنەوی)یە، لەژێر سەرناوی (منظومە تأریخی بومباران)، چیرۆکی ڕۆژی بۆمبارانکردنی سابلاغ لەلایەن ڕووسەکانەوە دەگێڕێتەوە. ئەم مەنزوومەیە لەسەر خواستی کەسێك نووسراوە کە لەلاپەڕەی پێشووتری دەستنووسەکە بە پارچە

شیعرێك داوا لە (واڵە) دەکات کە ئەم ڕووداوە و مادە تاریخەکـەی لـە هۆنراوەیـەك جێگیر بکات.

بەداخەوە ئەو پارچە شیعرنامەیەی کە بۆ (واڵە) نووسراوە نە ناونیشانی هەیە و نە ناو و نازناوی شاعیرەکەشی بەسەرەوەیە، من وای بـۆ دەچـم هـەر هـی (سـەید موحەمەدی ئەیوبیانی مەرکەزی) خـاوەنی کەشـکۆڵەکەبێت، لێـرەدا تـەنیا بەنـدی یەکەمی نامەکە دەهێنمەوە:

برای خۆشــەویســـت ئاغایـی واڵە — کاغەزم نووسی بە ئیســـمی ئەڵڵا
چەند شیعرێکی خۆم بە هەدیە نارد — تەسحیحی بکە بەبێ کەم و کاست
لەپاش تەواوبوون بە حەرفی ئەبجەد — تاریخــی دانێ بومبارانـــی تەرك

دوای ئەوە لە (١١) دێـردا چـیرۆکی بۆمبارانەکـە بـاس کـراوە، دیـارە مەبەسـتی شاعیر ئەوەبوو کە (واڵە) ئەم پارچەیەی بۆ ڕێـك و ڕاسـت بکاتـەوە کـە سـەبارەت بەو ڕووداوە نووسیویە. بەڵام لە بری ئەوە (واڵە) هەستاوە خۆی مێـژوو نامەیـەکی شیعری بۆ ئەو ڕووداوە هۆنیوەتەوە بەم شێوەیە:

### مەنزوومەی تەئریخی بومباران

ڕەفیقانی عەزیز و میهرەبانم — هەموو گوێ ڕاگرن بۆ داستانم
لەبۆ ئێوە دەکەم نەقلێکی شیرین — وەکو چیرۆکەکەی فەرهاد و شیرین
سبەینێکی لەخەو هەستام بەیانی — ئەمن ڕۆییم لە بۆ یەك بووستانی
چ بیستانێکی خۆش و با سەفا بوو — میسالی باغی فیردەوسی خودا بوو
سەراسەر پڕ گوڵ و ڕەیحان و لالە — لەسەر گوڵ کەوتبوو ئاونگ و ژاڵە
دەهاتە گوێم لەسەر شاخە و چڵی گوڵ — غریوە و غولغول و ئاوازی بولبول
دەناڵی قومریی بێ چارە و زار — لەسەر سەرووی ڕەوان دایم بەهاوار
تەبیعەت هەر وەکو تازە عرووسان — هەمووی ڕازاندبۆوە باغ و بێستان
دەهاتە خوارێ ئاوی ساف و خاوێن — میسالی ئاوی کەوسەری خۆش و بێ بۆن
دەهات سۆزەی نەسیمێکی موعەتەر — هەوا پڕ عەتر و موشك ئاگین سەراسەر
بەبەردەمما دەڕۆیی جۆ گەلێك ئاو — لە مەشریق تازە هاتبۆدەر خۆر و تاو

تەلاّیی کردبوو داوێنی کۆسار
چ زیبا مەنزەرێک بوو جوان بوو یەکجار

خولاسە من گەلێکم کرد تەماشا
لەسەر بەردێکی دانیشتم لەپاشا

دڵم پڕ دەرد بوو حاڵم پەرێشان
لەبەر خۆمە و شروعم کرد بەگریان

بەسەد ڕێزە لەچاوم هاتە خوارێ
سریشکم بوو بەنەهر و جوێبارێ

دەناڵیم هەروەکو هەوری بەهاران
نەوەک بۆ حاڵی خۆم، بۆ حاڵی یاران

بە ئاوی دیدە گوڵزارم هەموو شوت
بە سۆزی دڵ بە ئاهیستە هەر ئەم وت

درێغا قەومی کورد ئەمڕۆ ئەسیرن
غەریب و بێ کەس و زارو فەقیرن

لەژێر دەستی عەجەم دان حەسرەت و
دەرد لەبۆ دەرمان نەیان ماوە دوو سێ مەرد

عەبا و عەمامە و شاڵ هیچ نەماوە
چرای ئومێد و دینی کورد کوژاوە

لە پێشخانەی دەوایر کوڕەکانمان
دەوەێستن یەک دوو ساعەت وەک غولامان

هەتا پێیان دەفەرموون وەرنە ژوورێ
بزانین کردووتانە چ قسوورێ

بەبێ جورم و خەتا و بێ سووچوتاوان
وەپیش خۆیان دەدەن بۆ حەپس و زیندان

هەزاران نەوجەوانی ساحێبی ناز
بە ئیجباری ئەوا بوونە بە سەرباز

بە نووکە شەپ تێیان ئەکوتن وەکو کەر
هەموو سەرجوغەو و سیتوان و ئەفسەر

بە پەتوییێکی لەسەر ئەرزێکی وەک بەرد
دەنوون بەخودا بە قەلبی پڕ غەم و دەرد

خوداوەندا هەتاکەی کورد وابن
هەتا کەنگی فەقیر و بێ نەوابن

نەجاتیان دە خودا بەسێتی ئاخر
هەتا کەنگی بکێشن جەوری کافر

لە قەیدی دژمنان ئازادیان کە
بە لوتفی خۆت خودایا شادیان کە

بەسەد سۆزی دڵ و بەسەد ناڵە و ئاه
ئەمن مەشغوولی دوعا بووم کە ناگاه

تەنین ئەنداز بوو دەنگێکی گەورە
لەگوێمدا ئەوەڵێ وەم زانی هەورە

لەپاش بەینێکی چاوم کرد دیارە
لە ئاسمانی دوو سێ نەڕە تەیارە

بەدەنگی موتوڕی وان گویی فەلەک کەڕ
دەبوو دیاربێ هەیانە ئارەزووی شەڕ

لەهیچ کوێ ڕانەوەستان ڕۆین یەکسەر
لەسەر شاری هەموو بەستیانە لەنگەر

دوو سێ بۆمبیان ئاوێشتە مهاباد
مهابادیان خراکرد وەک مهاباد

بەمەحزی ئینفیجاری بۆمب لەشاردا
نەما کەس پاکی بۆ دێهاتی غاردا

هەزار کیژ و ژنی زیباو و تەنناز
جوان و دلبەر و ڕەعناو و مومتاز

هەموو ناڵان و گریان و پەرێشان
هەڵاتن بێ کەڵاو و کەوش و عوریان

لەسەر ئەگریجە و زوڵفی ئەوان، گەرد دوو قامك كەوتبوو سەت حەسرەت و دەرد
نە ئەبرۆیان بەناز وەسمە كشابوو نە زوڵفیان ئەودەمی شانە كرابوو
نە پاڵتۆیان هەبوو نە كیف و پستان نە سورمەی تیٚ كرابوو چاوی مەستیان
نە جۆراب و نە كەوشی پانییە بەرز هەبوو دایان دەنا پێیان لەسەر ئەزر
بەسەد دەهشەت بەسەد میحنەت بەسەد دەرد وەبەر پێیان دەهات سەرگلمەت و بەرد
نەوازلینیان هەبوو نە پۆدر و ماتیك نەیان مابوو شنیل و مانتۆیی شیك
بلۆقی كردبوو پێیان سەراسەر ئەوەندە ڕۆیی بوون پێخواس و موزتتەر
هەزار ئاغای كراواتی و شۆخ و قۆز كە زۆریان بوو لەپێشدا دەعیەوە و پۆز
لەبیریان چووبۆوە پۆزی خیابان بەپیٚ خواستی دەڕۆیشتن شتابان
ڕەئیسان و تەواوی كارمەندان دەیان ناڵاند میسالی دەرد مەندان
هەموو برسی و ڕەش و ڕووت و پەرێشان هەموو موویە كونان و زار و گریان
بەجێیان هێشتبوو ئەموال و ماڵیان دەگەڵ خوشك و كچ و پوور و عیالیان
جەوانانی جوان و شۆخ و دڵبەر ئەوانی نێوی خۆیان نابوو ئەفسەر
بەبیٚ چەكمە و بەبیٚ مەهمیز و شمشێر هەڵاتن تاكو نەبنە دیل و یەخسیر
لەپاش بۆمباردومانی شار پەیا بوون بەبیٚ پەروا و دیهشەت ڕۆژێكی ڕوون
هەزار سوێندت دەخوارد دەچنە عەرووسی بە موتووڕیزە سەربازانی ڕووسی
وەژوور كەوتن لەسەربازخانە بیٚ بیم تەواوی ئارتەشی ئێمە بوو تەسلیم
بەڵیٚ دیارە زولم ئاخری وەخیمە خودای ئێمە خودایێكی ڕەحیمە
ستاندی تۆڵەیی ئێمە لەوان زوو شوكور ئەو دەوڵەتە یەكجاری تێكچوو
بەچاوی خۆم ئەمن دیتمن عەجەم وا پەرێشان و فەقیر و حیز و ڕسوا
بەسە توخوا مەڵیٚ چیدیكە (والە) بڵیٚ تاریخی ئەو جەنگو جیداڵە
هەزار و سیٚ سەد و شەست ساڵو هەشت ماه لە هیجرەت ڕۆیبوو یاران كە ناگاه
وەكو فتنەی مەغۆلان موڵكی ئیران بە دەست رووسو ئینگلیسان بوو وێران

لەخوارەوەی دێری کۆتایی تێکستەکە نووسراوە: (أثـر طبـع م ش والـه) (روز پێنجشەنبە چوارم شعبان برابر ٦ شهریورماه ١٣٢٠ سەساعت در دوشنبە گذشته بمباران شروع شد).

(٤) پارچەی چوارەم تێکستێکی ماتەمنامەیە، لە سەرووی لاپەڕەکەیەوە بە خەت و مەرەکەبێکی ڕەش نووسراوە: (ئەثری طبعی م. ا. شێخ الاسلامی والە) ئەنجا لەژێرەوە ناونیشانی پارچەکە بەم جۆرە تۆمار کراوە: "شین و مادە تاریخی جەنابی شیخعلی شمس برهان"

**ڕۆژی گریان و فیغانە ئیمڕۆ — شێخ عەلی ڕۆیی لەدنیا هەی ڕۆ**
**دیٚ لەچاوم لە غەمانی ئەسرین — دیٚ لەجەرگم لە فیراقی بۆ سۆ**
**بۆ ئەوەی من وەسەری خۆمی کەم — خاکی ئەم دەشت و دەرەم کرد کۆکۆ**
**وەنییە هەر من بەتەنیٚ غەمگین بم — عالەمێك بوو لە غەمی دەستە و ئەژنۆ**
**لەغەم و حەسرەتی ئەم ڕۆڵە دەکا — مادەری دەهر فیغان و ڕۆڕۆ**
**ئاسمان شینیٚ ئەکا خۆی شین کرد — بوو بە فرمێسکی فەلەك سوور ئاسۆ**
**شێخی بورهانی وەجاغی کوێر بوو — پاشی ئەم زاتە وەباڵم بەستۆ**
**سێی رەجەب بوو کە وەفاتی فەرموو — کاتی ئێوارەی ڕۆژی شەممۆ**
**ساڵی تەئریخی وەفاتی، بیٚ یەك — بۆتە "دەك داخی گرانم بۆ تۆ"**
**(والە) ڕەنگە لە غەما تا دەمری — قوڕ بپێوی بەشەو و ڕۆژ بگری**

مادە تاریخەکە لە ژێرەوەی دێری پێش کۆتایی بەم جۆرە نووسراوە:

١٣٦٤ – ١ = ١٣٦٣ کە بەرابەر ١٣٢٢ی هەتاوی و ١٩٤٣ی زاینییە، بەڵام لە داوێنی لاپەڕەکە نووسراوە: "پوشپەڕی ١٣٢٣"

ئەنجا بۆ زیاتر دڵنیابوون لەوەی کە (والە) سەید محەمەد ئەمینی شێخەلئیسلامی (هێمن) بووە، لە لاپەڕەکانی دوایی دەستخەتەکەدا چەند دێرە شیعرێکی فارسی هەیە، کە نەقلێکیان هەیە و لەشوێنی دیکەدا لەناو شوێنەوار و دەستنووسەکانی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبیاندا وەبەرچاوم کەوتووە، ئەم دێرە شیعرە فارسییانە کە لە پەیوەست بەو نەقلەوە نووسراون لێرەدا فریامان دەکەویٚ و هەموو شك و گومانێك دەڕەوێننەوە. سەید عوبەیدوڵڵا لە ساتەوەختی هاتنی لەشکری ڕووس بۆ سابلاغ لە تەمەنی (١٥ – ١٦) ساڵی دابووە و واتە تازە جەوان بووە و لە یەکێك لە مەدرەسەکانی دەوڵەتی لە سابلاغ شاگرد بووە. دیارە دەمیشی لە شیعر و هۆنراوە دانان کوتاوە. لەدەرسی ئینشادا چەند دێرە

شیعرێکی فارسی دەهۆنێتەوە و لەپاشان بە مامۆستاکانی پیشان دەدات، لەسەر ئەوەی پاداشت دەکرێت. ئەو مەسەلەیە لەناو خانەوادەکەیاندا بڵاو دەبێتەوە و دەبێت بە قاو، کە سەید عوبەیدوڵڵا بووە بە شاعیر! . بەو بۆنەیەوە کەسێکی بنەماڵەکەیان بەنێوی (سەید قادری ئەیوبیانی مەرکەزی)، کە وێدەچێت یەکێك لە برا گەورەکانی بووبێت، وەکو نوقلانەی دەستخۆشی و پیرۆزبایی ئەم دوو دێرە شیعرەی پیشکەش دەکات:

**عبیدالله**

**امیدی هست اشعاری سراید**

**که از سعدی وفردوسی برآید**

**بگو تا واله و شیدا بدانند**

**زطبع و شعر او حیران بمانند**

سید قادر ایوبیان مرکزی ۱۳۱۹

ئەنجا لە ژێرەوە نووسراوە:


(واله نام و تخلص شاعرانه سید محمد امین شیخ الاسلامی مکری، شیدا نام وتخلص شاعرانه رحمان شرفکندی است)

لێرەدا سەیر لەوەدایە (والە) و (شەیدا) لە ڕووی واتای زمانییەوە هەر یەکن، ئەنجا لەوەش سەیرتر ئەوەیە نە هێمن و نە هەژاریش، لە سەربردە و بیرەوەرییەکانیاندا، لە کۆڕ و مەجلیس و کتێب و نووسین و گوتارەکانیاندا، ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێکی لەو بابەتەیان نە درکاندووە. خۆ دەبا هەر هیچ نەبێ هێمن لە گێڕانەوەی ئەزموونی شاعیری خۆیدا لایێکی لەم قۆناغەی بەرایی شاعیریتی خۆی کردبایەوە و هەندێ ڕۆشنایی خستبایە سەر، بۆ ئێمەش کاروانی ژیانی ئەدەبی ڕازاوەتر دەبوو، خۆ ئەمە شتێك نییە نەنگی و شەرمەزاری بەدواوە بێت؟.

مایەوە ئەوەی سەبارەت بەم دەستە هەڵبەستەی شاعیرەوە بگوترێت ئەوەیە، پارچەی یەکەم وەکو گوترا تێکستێکی ئاماڵ کلاسیکە و ڕێك و ڕەوان چاولێکەری و لاسایی کردنەوەیەکی ساکاری شاعیرانی کلاسیکی کورد و فارسی پێوە دیارە. لەند و لۆریشی تێدایە، من وای بۆ دەچم هی قۆناغێك بێت بەر لەوەی هێمن ببێتە ئەندام و هەڵسووڕاوی کۆمەڵە.

پارچەی دووەم هی ڕۆژگارێکە تازە هەستی نیشتمان پەروەری بە فیعلی تێیدا چووزەرەی کردووە. بەڵام زمان و شاعیرێتی کوردانەی تێدا مشتومالْ نەبووە. دەستی لە کلاسیك بەرداوەو سەر ناوی (بەند و باوی کوردی) کە ئیدیەمێکی خۆماڵی کوردییە بۆ شیعرێکی تازە بەکار هێناوە و ئەمەش لەڕیزی ئەم پارچانەیەتی کە لە ژمارەکانی بەرایی گۆڤاری نیشتمان دا بڵاوە بوونەتەوە. مەنزوومەکەی، ڕۆژگار و سەردەمی دیارە، هۆنراوەیەکی داستانییە و لە هەڵە و پەڵەی کێش و ناڕێکی سەرواو وشە ئارایی بەدوور نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ دێر و بەندی وەسف ئامێزی جوانی تێدایە، ئەوەش کە لە شینی شێخ عەلی خزمیدا هۆنیویەتەوە، ڕەنگە لە ڕووی هونەری شیعرەوە پێیەك لەوانی دیکە لەپێشتربێت، ڕەنگوبۆی سەبکی هیندی شیعری فارسی پێوە دیارە. ئەم لاپەڕەیە لە ئەزموونی شاعیری هێمن بۆ مێژوو نووسیی ئەدەب بایەخی هونەری و زانستی خۆی هەیە.

(١) پاشەرۆك، هێمن، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٦٢.
(٢) هەر ئەو سەرچاوەیە: ل ١٩٣.
(٣) گۆڤاری نیشتمان، جەمال نەبەز، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.
(٤) سەرچاوەی پێشوو: ل ٨٠.
– تاریك و ڕوون، هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧٤.



(١)

زلفێ لە سەرگوڵە کە دانا وە لە دوولا [illegible]

وک بخت من وقامت من بوون ودولا

لو جواب رقیب داویتیە سر الف قدند [illegible]

لو جواب منی خستە دکا زلفی وکولا

میم سحنە تاوی دلی خال لبی یارم

هێندە بەرشم محوکم او نقطە بیجا [illegible]

هندی حب وک چاوی رشی [illegible] بی [illegible]

ئم چاوی سیی بێ مژە نرگس شهلا


مجنون وکو من سست سزە هوکە درانم

وک یار دمن حیران سزە بیکی گڵ لیلا

هم دینی دل سلك وم کشتن دم عصر [illegible] شید

وک کوردی و نالی لبندا (والد)

[illegible] ٢١ / ٥ / ٢٠ [illegible]


٦٧٤

٧

بەرهەم و بادی تازەی کوردی

ای جوانانی وطن مژدە بێ ئەوەش دێن | وەختی وەی هاتوە کە کوردان سەربەخۆ و ئازادبن

ئەو صلەیە ضربەتە بە ملک و بەتە خوێنمان بکەن | عەیبە بۆ ئێوە علاجی دەردی ئێمە گۆ ئادبن

صەیدی ملک بون رەنگە و ئیسلام بۆ ئێوە | ملک بێ خێر بالەوی پێش ئێوە ئەی صەیادبن

قومی دکوردبن دەستی ئەوار ئیمە بێ | غیرتو بۆ دڵان تا حەی گسین بادبن

بابێ وە بەرتان ئێمان و عەدل و دوصەلان کەمال | بۆ ئیسلام ئەمە دارای عەدل و دادبن

جانی خود فەوت بە جاڵی ملکی کوردستان بکەن | گەر گا کوردان ئەمو ئازاد و مەرد و رادبن

شیخ دبێ دی ملکی کوردان روحی شیرینە نوخوا | تیرێکە لەبن رەنگی ئەشتی فەهادبن

(والە) بۆ ئێوە دکا عەرایض دەب ئەهی

یارێ ئەمردا بکەن وەبێ غەم و دڵشادبن

گوڵی ئەمردی گەڵاوێژ بوەوە
سوورێ دەدەن بەدەستم ئەوەوە
کوردی راست دەکەی دەمەو بێ لا
ئەوی رنادردی خوێنم دێن بێ بوەوە
عومید

چ دڵم ای چاوەکەم تۆم ئیتر چوانە بێنی
بێ هیچ جلیەی پیاوێتی متیالە چاوەدەوە ادەوا

ڕای خۆشەویست ئاغای والا — کاغەزم نوسی باسم نامە
چەند شێعرێکی خۆم بە دیاری نارد — تصحیحی بکە بە کەم و کاست
دەپاڕێی تواو دەبێ بە حرف ابجد — تاریخی داخی بۆمباران ترگ

I

ڕۆژی پێنجشەممە چوارم شعبان — طیارە فڕین کوتنە ئاسمان
خوا ڕەحمی کرد چوار ئێگران — شاران ئارانی بمباران گران
یەکیان لوانە چوار بارە — ثبت کی تا بکوژێتە جملە
ترا و حلقی شار بلەو بوبوە — کوتنە ناح و کوبا گیت دەبوو
دەبانی شەو و ڕۆژ لێکەوتن — موتورێزە هات شابەغی داگرت
ترماک ترمارێ بە ١٢ صلح — خوێن ئێمە کرد کوشتە و شتومە
ئێران لەشکر یاک تخصیص کران — ئەبار نظام و جفوعن کران
لە ئان واحد ئیدارە داوران — باگوێن لە سەرشێن یاک جلد کران
ئێران شاری پاکی ونە حال — ئارندەی ئاشی بون بە سەروسپال
دزدی شادی چونی هەموو پێ بار — نەتوانی زیاتر بکێم با ئەشعار

چەلاقو ما داوەر و ڕۆژرتی
بانکە ملتی حقیرد شرار

[redacted] منظومە تازەیکی بو بهاران

رفیقان عزیز و مهربانم — همو گوێ راگرن بو داستانم
لەبو ایوە وکو تعلیک شیرن — وکو چیروکەکەی فرهاد و شیرین
سبەینیکی لە خەو هستام بیانی — انە رویم لەبو سیری بوستانی
چە بستانیک خوش و باصفا بو — مثال باغ فردوس خدا بو
سراسر پر گل و ریحان و لالە — لە سر گل کو تو بو آونگ و ژالە
دەهات گوێم لە سر شاخ و چل گل — فریو و غلغل آواز بلبل
دنالی قمری بیچارە زار — لە سر سرو روان دایم بە ها دار
طبیعت پر وکو تازە عروسان — همو رازان دبوه باغ و گلستان
دەهات خوار آوی صاف و خاوین — مثال کوثر خوشو بی برین
دهات بوزەی نسیم کی معطر — هوا پر عطر و مشک اگین سراسر
بە بردەدا در وی جو کلیک آو — لە شرق تازە ها تبو در خورەتاو
طلای کرد بو داوینی کوشار — چە زیبا منظرێک بو جوانی بوکی چار
خلاصە من گلێکم کرد تماشا — لە سر بردکی دانیشم بە پاشا
دلم پر درد بو حالم پریشان — لە بر خویو شروعم کرد بگریان
لە صد رێژە لە چاوم هاتە خوارێ — سرشکم بو بە نهر و جویباری
دنالیم هر وکو هوری بهاران — نە وک بو حال خوم بو حال یاران

بە آوی دیدە گلدرام هەموو نوت — بە سوز دل بە آهستە هرام وت

درنیا قوم کرد امیر و اشرن — غریب و بی کس و هژار و فقیران

لە ژێر دست عجم دان حسرت و دردا — لعبو درمان نیان ماوە دووشە مرد

و دنیان ویکدا اوە

صبا حمامە و شال هیچ ناوە — چرای ایسە و دنیا بڕد گیراوە

لە هشتمانە دوایی گورگان تاان — دو لیشتی یک دو ساعت وک غلامان

هتا پیان دفریون ورئە زورە — بزانن کرد و تا نە چی قصوری

بە بێ جام و خطا و بێ پوچ و تاوان — و ویشتی خوێنان دڵی بوچس درمان

هزاران نوجوان صاحب ناز — باجباری آدابونە بیر باز

بە نوکە شب تیان الوتن وکوکز — هموسر جو غنە و شتران و اختر

بە هیتو یکی لە سراز یکی وکی برد — دئون بخدا لقلب پرغم و درد

خداوندا هتاکی کرد و ابن — هتا کنگی فقیر و بی نوابن

نجاتیان دە خدا بسیتی آخر — هتا کنگی لە دشن جورساز

لە قسە دژمنان آزادیان کە — بلطف خوت خدایا شادیان کە

لە صد سوز دل و صد نالە و آە — آمن ئمتوول دعا بوم لە ناگاە

طنینی ئەنداز بو دنگیلی گورە     لە گوێم دا ئەولە دەم زانی هورە

لە پاشی بنکێ چاوم کرد دیارە     لە ئاسمانی دووسە نەرە طیارە

بە دەنگ موتوری وان گوێی فلک کر     دەبو دیار بو هیانە ئارەزوی شر

لە هیچ کیو رانە و بیستان ردی نەکیر     لە سەرشاری هەموو بستانە لنگر

دووجە بو بیان ئاویشتە جێی     مهاجرانی فرا کرد وک ~~[illegible]~~ مهاباد

بحیض انفجاری بومب لە شاردا     نەکس باکی بوو دەقە غاردا

هزار کیژە و ژنی زیبا دلنواز     جوان و دلبر و رعنا و ممتاز

هەموو نالان دگریان و پریشان     هەلاتن بێ کەلاو کوشو عریان

لە سرا گەرچە درنگ ئاوان گرد     دوتا ملک گوتو بو صد حسرت و درد

نە ابرویان بناز و عشوەکش بو     نە زلفیان اودەمی شانە کرابو

نە پالتویان هەبو نە کفشی دەستان     نە سرپوشی کرابو چادرستیان

نە جوراب و نە گوشی پانیە بزن     هەبو دایان دناچی پای لەسرا زن

لەصد وشبت لەصد حفت لەصد درد     و برسیان وەهات صد گلت و برد

١٨٠/١٠ ⑦

نه‌واز لیف یان هه‌بووه پووردباتیک    نیان ما بو شنیل و مانتوی کاشکیک

بلوته گرد و پیان سراسر    اونده روی بون پی خواص دسفطر

هزار آغای گراوات و شوخ و قوز    که زوریان بو له‌پیش دا دعیه و پوز

له بیریان چووه بوزی خیابان    به چی خواهی دروشتی شتابان

ریتا فو تواوی گارسدان    دیان نالاند شال و ردسدان

هه‌مو برسی و ئاشی دولت و پرشان    هه‌مو بوینه کن ن دراز و گریان

به جیان هشتبوو ارال و پایان    دگل خو شکو دکج و پیر و عیالان

جوانانی جوان و شوخ و دلبر    اوانی فنیوی خوبان نابو افسر

به بی چکمه به بی فهنیز و شمشیر    هلاتن تا کو نبنه دیل و زنجیر


له پاش بومباردمانی شار پایون    به بی پروا و دشت روژیکی رون

هزار بو نیدت دخوارته دچنه عربی    هموتور تیزه سربازان روسی

و شه‌ور کوتن له سرباز خانه به بیم    تواوی ارتش ~~ایمه~~ ایران بو تسلیم

بلی دیاره ظلم آخری وخیمه    خدای ایمه خدایکی رحیمه

ستاندی توله ایمه لوان زو    شکر او دولته یکجاری تیک چو


۱۸۱۰

بیرەوەری کابورەکە

بردرایز

بجادوی خوم ابن یتیمین عجم را   پرشیف وفقیر وحیر درسو ا

لە توخدا طلی چی دکله واله   بلی تاریخ اوخبگو حبدا له

هزاروسید وشصت سال ونت ماه   له هجرت روی بو یاران که ناگاه

وتوفیته بعزان ملک ایران   بدست روس وانگلیسان بویران

[illegible]

اثر طبع ... والله [illegible]

یادەوەری

روز پنجشنبه چوارم شهر برابر ۶ شهریور ماه ۱۳۲۰ - ۱۳۶۰

ره یبت در دستم گذشته ببیران ترویج ش

ما باید بدبختی کردان فقط برج وردین

رادەستی نەبا رادەمان تر ستینن   ههلوه نەدری چهو دیاو ژین یده ویستینن

نشهوه ی کوردی ز بنه دەستینی

دەست بگرادە

۱۳۲۰/۶/۱۶

شهوی وهردی دووشەممەی چواردەهی

١٨٤

٩

ئەثەری لطفی ج. ا. شێخ الاسلامی واله

«شیین و مادە تاریخی جەنابی شێخ عەلی شمس برهان»

ڕۆژی گریان و فغانە ئیمڕۆ ... شێخ ڕوی کەی لە دنیا هەی ڕۆ
دی لە چاوم لە غەمانی ئەسرین ... دی لە جەرگم لە فراقی بۆ شۆ
بۆیە وی من وەشاری خونی کەم ... خاکی ئەم ڕشتووەیەم کرد کو کو
وە بنیە هەر ڕەس بە تەئی غەم گێنیم ... نەمالە مسکی بو لە غەمی دەستی ئەرتۆ
لە غەم و حەسرەتی ئەم ڕۆڵە دکا ... مادەری دەهر فغان و ڕۆ ڕۆ
ئاسمان شینی لەکا خوی شین کرد ... بو بە فرمێسکی فەلەک سوور ئاسۆ
شێخی برهانی وەبابی کوڕی بو ... پاشی ئەم ذاتە وەبابم لە بەستو
سێی ڕەجەب بو کە وەفاتی فەرمو ... کاتی ئێوارەی ڕۆژی شەممو
سالی تاریخی وەفاتی بێبەک ... بو تەوادەکی لافی گرانم لوو لوو »

١٣٦٤ -- ١ -- ١٣٦٤

واله ڕەنگە لە غەما تادە مری
قور بە پێوی لە شەو و ڕۆژ بگری

واله
بوی بەهاری ١٣٢٤



View publication stats